# ئەردۆگان

## و کەواسوورەکانی لە کوردستان و جیهان

نوسینی : محەمەد هەریری



چاپی یەکەمی ئەلکترۆنی
حوزەیران / ٢٠٢١

# ئەردۆگان و کەواسورەکانی

# لە کوردستان و جیهان

نوسینی : محەمەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم

حوزەیران / ٢٠٢١

# دەروازەیەك

ئەگەر بێ ترس وبێ موجامەلە بڕوانیتە بوونی ئیسلامییەکان و حزبە ئیسلامییەکان، لە هەر بوارێك لە بوارەکان، تەنها زەرەر و زیانەکانیان دەبینیت.
تۆ بڕوانە سەرەڕای ئەوەی دەزانن کە کورد چەندە ستەمی لێ دەکرێت بە دەستی دوژمنانی، بە تایبەتی ئەردۆگانی تورك، کە هەتا خەڵکی بێگانە ترامپ و زۆر لە سیاسەتمەدارانی جیهان، هەستیان پێکردووە وبە نوکتە باسی ڕقی ئەردۆگان لە کورد دەکەن، هەتا بەو دوایە دیتتان کوڕی نەتانیاهۆی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل، بۆ وەڵامدانەوەی لێدوانە عەنتەریە بێ کردەوەکانی ئەردۆگان، تەنها ئاڵایەکی کوردی لە ئەکاونتەکەی بڵاوکردبووەوە، و ئەردۆگانیشی تاگ کردبوو! کەچی هێشتا ئیسلامییەکان بەوپەڕی بێ شعورییەوە پشتگیری ئەردۆگان و سیاسەتە دوژمنکارەکانی دەکەن، تەنها لەبەرئەوەی ئیسلامییەکان ختوکە دەدات بە قسە و هەندێ کردەوەی دۆنکیشۆتی بێ ناوەرۆك.

سەدان وتار بە هەموو زمانەکانی دنیا و هەزارەها بەڵگە هەیە لەسەر پەیوەندی پتەوی ئەردۆگان و ئیسرائیل وزایۆنیزم، کە بەشێکی لەو کتێبەش باسکراوە، کەچی هیچ کار لە وەلائی ئیسلامییەکان ناکات بۆ ئەردۆگان!

وڵاتەکەی لە بازرگانی لەشفرۆشی پێش هەموو ئەوروپاش کەوتۆتەوە، کەچی مێشێك مێوانی ئیسلامییەکان نییە!

بە ئاشکرا هاوپەیمانی لەگەڵ حزبێکی گڵاوی فاشیستی وەك حزبەکەی باخچەلی دەکات، کەچی موێك لە سمێڵی ئیسلامی سیاسی ناجوڵێنێ!

دڵسۆزانی نیشتیمان وگەل پێکەوە، توانیمان تا ڕادەیەکی باش ئارەقەی شەرمەزاری بە خۆفرۆشە زلەکانیان بکەین، بڕوبیانوو بهێننەوە بۆ خۆسوك کردنیان و خۆفرۆشیان، کەچی ئێستاش بەردەوامن لەسەر بەرهەمهێنانی ڤێرژنی نوێ لەو خۆفرۆشانەی بە تایبەتی ناو ئیخوانیە کوردییەکان، تازە بەو درەنگانە ڕۆژانە بە شان و باڵی ئەردۆگان هەڵدەدەن!

ئەوە چ نەگبەتیەکە بۆ کورد، کە هەتا مافیا و پیاوکوژ وموجریمەکانی تورك نیشتیمان وگەل پەروەرتر بن، لە کوردە ئیسلامییەکان!
ئەو کتێبە زۆربەی ئەو بابەتانە بەخۆ دەگرێت، کە لە دژی ئەو خۆکردنە بە کەوا سووری بەر لەشکری ئەردۆگان نووسراوە. ئەوانە هێشتا نمونەن، دەنا ئەگەر لەسەر هەموو خۆفرۆشییەکانیان بوەستاباین، بە چەندین موجەلەد تەواو نەدەبوون.

ئەو بێ سوودیەی ئیسلامییەکانی کورد بەرەوە ئەو پرسیارەت دەبا: سوودی ئەو حزبە ئیسلامیانە، کە ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ پشتگیری دوژمنانی کورد و پشتگیری توندڕەوی و تیرۆریزم و برەودان بە بیری توندڕەوی و تیرۆریزم دەدەن چییە؟! دەمەوێ یەکێک تەنها یەک خاڵی پۆزەتیڤی بوونی ئەو حزبە ئیسلامیانەم پێ بڵێ؟!

لە ڕووی دینداریەوە، ڕوحی دینداری کوردەواری پاک وبێگەردیان کوشت، بۆ دینداری بە ڕوحیەتێکی سیاسی ئایدیۆلۆژی ڕقن و بوغزن، کە تەنها جێگای خۆشەویستی گروپی خۆیانی لێدەبێتەوە.

لە ڕووی کوردایەتییەوە گەنجانی کوردیان وا لێکرد هێندەی خەمی ئەردۆگان و بۆرما وفەڵەستینیان بێت، هێندە خەمی کوردی خۆرهەڵات و خۆرئاوا وباکووریان نەبێت.

لە ڕووی سیاسیشەوە، ئەوان یەکێکن لە پایەکانی مانەوەی دەسەڵاتی گەندەڵ، کە بە چاوپۆشی لە ڕشتنی ژەهری تووندڕەویان، ئەوانیش چاو لە گەندەڵی و تاڵانیەکانی دەپۆشن.

لە ڕووی مەدەنیەتەوە کوردستانی ئەمڕۆ لە زۆر بواری مرۆییدا زۆر دواکەوتووترە لە کوردستانی حەفتاکان و هەشتاکان، خەریکە دین دەست دەخاتە بینەقاقای هەموو لایەنێکی ژیان لە کوردستاندا.
چۆن دەبێ گۆڕەپانی سیاسی لەو سەردەمە جێگای حزبێکی دینی و پەرتکەری کۆمەڵگای لێ بێتەوە؟!

با پێوەری حزبێتی ئەوە بێت، حزبێک نەتوانێ جێگای موسڵمانێک و مەسیحیەک وئێزدیەک و عەلەویەک وتا دوایی لێ نەبێتەوە، نابێ ڕێگا بە یاسایی بوونی بدرێ.

ئەو حزبە ئیسلامیانە هیچ خێر وچاکەکیان بۆ نیشتیمان نییە، جگە لە پتەوکردنی ژێرخانی بیری تووندڕەوی و دینی و پەرتکەری کۆمەڵگا.

کاریگەری تێکدەرانەی ئەو حزبانە لەو ڕۆژگارانە دەردەکەوێ کە بەشێک لە کورد لێیان دەقەومێ. ئێستاشی لەگەڵ بێ دەبینین چۆن ئیسلامییەکان و هەتا موسڵمانانی ئاساییش، لە ژێر کاریگەری وتاری ئەو حزبە ئیسلامیانە چۆن هەڵوێستیان خراپە دەرهەق بە ئێزدییەکان. دەبینین چۆن ئەوەی بە دەوڵەتی شەریعەت ودین ڕازی نەبێت، بۆ حەوت پشت کافری دەکەن. دەبینین چۆن لە هەر دۆزێکی ئافرەت لایەنگری دژایەتی ئافرەت و مافەکانی دەکەن، بە پشتگیری ڕاشکاو و بێ دەنگی وچاونوقانی حزبە ئیسلامییەکان!

دیتمان لە کاتێکدا کە کرێکار تەکفیری کورد وپێشمەرگەی کرد بێ دەنگ بوون، کە فەتوای پشتگیری داعشی دا شەرمنانە وەڵامیان دایەوە، کە چی ئێستا پاش گیرانی، هەڵوێستی پشتگیری دەردەبڕن بۆ کرێکار!
ئەوانە لە ناو قەوارەیەکی یاسایی ڕێزداربان، هەر سێ حزبە ئیسلامییەکە هەڵدەوەشێنرایەوە و سەرکردەکانیان دەدرایە دادگا بە تۆمەتی پشتگیری کردن لە تیرۆریزم و لە کەسێک بە ئاشکرا پشتگیری داعشی کرد، و بە ئاشکرا شەرعیەتی دینی بە داعش داو، و داوای لە گەنجانی کورد کرد بچنە ناو ڕیزەکانیان.

چۆن ئەو کۆڕنا و کەرەنتینەیە سەلماندی زۆر شتی زیادە وبێ کەڵکمان هەیە لە ژیانماندا، هەبوون ونەبوونیان وەک یەکە، ئەو حزبە ئیسلامیانەش بەڕای من نەک هەبوون و نەبوونیان وەک یەک نییە، بەڵکو هەبوونیان زۆر زیانبەخشترە لە نەبوونیان. بەڵام بەداخەوە لە نەبوونی دەسەڵاتێکی نیشتیمانی ئەستۆ و دەست پاک، دەسەڵات ناتوانێ دەستبەرداری ئەو حزبانە بێ، کە دیکۆری دیموکراسیەتی بۆ تەواو دەکەن لەلایەک، لە لایەکیتریش ئەو حزبە ئیسلامیانە پشتگیری مانەوە و بەردەوام بوونی خۆیەتی.

محەمەد هەریری
٢٠٢١/٦/١٠

# بەشی یەکەم

## ئەردۆگانی ئیسلامی عەلمانی ئەتاتۆرکی ، دۆستی جوو و ئیسرائیل!

# *ئەردۆگان: ئێمە ڕۆڵەی ئەتاتۆرکین!

**ئەوە قسە و بروباوەڕی ئەردۆگانە کە تا سەرئێسقان تورکچیاتی دەکات!**

**سەیر لەوەدایە دوو برایەکەی ئیخوانی کوردی کوڕانی نەوزەر جوێنیان بە هەدەپە دەدا گوایە لەگەڵ ئەتاتۆرکچیەکان هاوپەیمانیانیان بەستوە، ئەوەش درۆ بوو، بەڵام ئەی بۆ چاو لەو وتارە ئەتاتۆرکییەی ئەردۆگان دەپۆشن کە بە ئاشکرا دەڵێت: ئێمە ڕۆڵەی ئەتاتۆرکین؟! بەرلەوە بۆ چاو دەپۆشن لە هاوپەیامنیەتی ئەردۆگان لەگەڵ فاشسترین حزبی هەموو دنیا مەهەپەی باخچەلی؟!**

**بەخوا مرۆڤ دەبیت گومان لە پێغەمبەرایەتی مرۆڤێک بکات دەستی بخاتە ناو دەستی باخچەلی و بڵێت ئێمە ڕۆڵەی ئەتاتۆرکین. بەس بۆم دەرکەوتووە ئیخوان تەنها ئەوە دەبینێت کە بە دلیەتی و دەیکاتە کوردی و پڕوپاگەندەی بۆ دەکات، بەڵام ڤیدیۆی وا نابینن یان خۆیان لێی گێل دەکەن!**

**هەموو ساڵێ لە ١٠ ی مانگی نۆڤەمبەر هەموو تورکیا بە حوکمەت و مزگەوت وکەنیسەکان و میدیا وشەقامەکانەوە، لە سەعات ٩ و پێنج خولەکی بەیانیدا یادەوەری کۆچکردنی ئەتاتۆرك دەکەنەوە لەو ڕێکەوتە لە ساڵی ١٩٣٨.**

**ئەردۆگان وەك کەسێکی خاوەن خەون وخەیاڵاتی گەورەی زەعامەت و خەلافەت، لە ناخیەوە ڕقی لە ئەتاتۆرکە، چونکە ئەتاتۆرك سەرەڕای ئەو هەموو ساڵەی بڵاوکردنەوەی چەمکەکانی ئیسلامی سیاسی، ئەتاتۆرك هەر سەرکردەیەکی ئەفسانەییە بۆ زۆرینەی تورکییەکان! ئەردۆگان زۆر شتی گۆڕی لە تورکیا بە بەرژەوەندی خۆی و حزبەکەی و ئایدیۆلۆژیەکەی کە تێکەڵەیەکە لە خەباسەتی ئیخوانی و تورک لەگەڵ بیری نەتەوەپەرستی تورکی شۆڤێنی، بەڵام نەیتوانی لە ئەتاتۆرك وەك سەرمایەکی ڕەمزی مێژوویی نزیك بکەوێتەوە.**

**بۆیە هەموو ساڵ ئەردۆگان دەبێ یادەوەری ئەتاتۆرك بکاتەوە، لەبەر ئەوەی شوێنکەوتوانی خۆی ئاراستە دەکات بە چەمک وبیری ئیسلامی سیاسی ئیخوانی و تورکی، هەتا بنکەی جەماوەری خۆشی لە بێ ئاگاکان لێی تورە دەبن لەو ڕۆژە، دەزانن ئەگەر ڕاست بکات ئەوە**

کافر دەبێت، ئەگەریش نیفاق و دووڕوویی دەکات، ئەوە کێ لەو گەورەتر هەیە و هەبووە لە تورکیا، کە هەموو دەسەڵاتە سیاسی و میدیایی وعەسکەریەکانی لە دەست بێت، لە کێ دەترسێت؟!

بۆ نمونە لە تویتێکدا پار لە یادی ئەتاتۆرکدا، ئەردۆگان بە عەرەبی نووسیبوی:

یادی سەرکردەی جەنگی سەربەخۆیی بە شکۆمەندی و داوای ڕەحمەت بۆکردن بۆ یەکەم سەرۆك کۆمارمان مستەفا کەمال ئەتاتۆرك دەکەمەوە، بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٨١ ساڵ بەسەر کۆچی دویی، دەمەوێ سوپاسگوزاری و پێزانینی خۆم دووپات کەمەوە بۆ هەموو شەهید و جەنگاوەرەکانی کە لەگەڵ مستەفا کەمال ئەتاتۆرك پەڕینەوە بۆ ماڵی ئاخیرەت!

"أستذكر بالرحمة والتعظيم قائد حرب الاستقلال، وأول رئيس لجمهوريتنا مصطفى كمال أتاتورك في ذكرى مرور ثمانين سنة على وفاته .وأود أن أعرب عن امتناني لكافة الشهداء والمحاربين الذين انتقلوا إلى الدار الأخرة مع مصطفى كمال أتاتورك."

ئەو ساویلکانەی لە ئیخوان و کەسانی تری ئاسایی ئەردۆگان ناناسن، زۆر بە توندی وەڵامی ئەردۆگانیان دابوویەوە بەو جۆرە:

"چۆن ڕەحمەت دەنێریت بۆ ئەو کەسەی حیجابی ژنانی داماڵی، مزگەوتەکانی کردە لەوەڕگەی ئاژەڵان، بانگدانی قەدەغە کرد، یان تۆ ڕازیت بە کردەوەکانی

یەکێکیتر لە کۆمێنتێکدا دەڵێت: "نەفرەتی خوای لێ بێت بۆ دۆزەخ، ڕەحمەت مەنێرە بۆ یەکێك کە مزگەوتەکانی ڕوخاند، جەنگا لە دژی ئیسلام! ئەتاتۆرکی تۆپیو تورکیای بە عەلمانی کرد، ئەو نووسینی عەرەبی گۆڕی بۆ تورکی تا قورئان نەخوێنەوە! بەڵام وادیارە بەڕێزتان شانازی پێوە دەکەن؟!"

ئیخوانیە مێشك شۆراوەکان دەیان عوزریان بۆ ئەردۆگان هێنابوویەوە وەك:

"یەقینتان بێت کە ئەردۆگان شانازی بە ئەتاتۆرك ناکات، هەموومان ئەوە دەزانین، بەڵام سیاسیەکی کارامەیە، دەزانێ چی دەنووسێ، وکەی دەینووسێ، لەبیرمەکە بەشێك لە گەل عەلمانییە، باوەڕی بە ئەتاتۆرك هەیە، بۆیە ئەو ناتوانی بچێتە ڕەوتی پێچەوانەیان، بەڵام کە ساتی گونجاو دێت، وێنەکانی ئەتاتۆرك لە دار ودیوار لێدەکرێنەوە، تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی ئیسلامی عوسمانی!"

وادیارە ئەو برادەرە عەرەبە گوزارش لە گۆشەنیگای ئیخوانی جیهانی عەرەبی دەکات، بە جیهانی کوردیشەوە، جونکە زۆر لە ئیخوانییە کوردیەکان بەو شێوەیە لە ئەردۆگان تێدەگەن، کە زۆر دژی ئەتاتۆرکە، تەنها بۆ سیاسەت وا ستایشی ئەتاتۆرك دەکات! دوێنێ لەگەڵ کوردێکی ڕێکانی تێکگیربووین، ئەردۆگانی زۆر پێ دیموکراتی بوو، داوای بەڵگەی لە من دەکرد بۆ سەلماندنی کە ئەردۆگان دیموکراتی نییە!

کەسانێکی وریا و زرنگیش، دیارە باش لە ئەردۆگان تێگەیشتبن بەو شێوەیە وەڵامیان نووسیبوو:

"ئیخوان هەمیشە عوزر وبیانوو بۆ ئەردۆگان دەدۆزنەوە هەرچییەك بکات، بەڵام غەیری ئەردۆگان لە یەکەم هەڵەی بچوک لە مێژوویدا وردوخاشی دەکەن!"

یەکێکیتر نووسیبوی: " ئەردۆگان ئاغا بەرلەوەی بخەوێ خەون بە خەلافەت دەبینێ، کە لە خەو هەڵدەستێ کۆنگرەیەك دەبەستێ بۆ ڕەحمەت ناردن بۆ ئەو کەسەی خەلافەتی ڕوخاند! با هەندێ پرسیاری گرنگ بکەین: ئایە ئەتاتۆرك شەهیدە و موستەهەقی ڕەحمەتە، ئەوە ئیخوانە درۆزنە و مێژوویان شێواندوە؟! یان ئەتاتۆرك مەلعون و دوژمنی ئیسلامە، بەڵام ئەردۆگان فریودەر و مونافیقە؟!"

بەڕای من لێکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان ئەردۆگان و ئەتاتۆرك، ئەردۆگان نوسخەیەکی تورکی ئیسلامی ئەتاتۆرکە، ولەناخەوە پێی سەرسامە، چونکە ئەگەر هیتلەر و مۆسۆلینی ئەتاتۆرك بە مامۆستای خۆیان بزانن لە نازیەت وفاشیەتدا، لە توانەوەی گەلانی ناو تورکیادا، ئەردۆگان هیچی کەمتر نییە لە فاشیەتی ونازیەتی ئەوان، لە ئەتاتۆرك خراپتر دژایەتی کورد دەکات لە هەر چوار پارچە سەرەکیەکەی کوردستاندا، بۆتە سپۆنسەری ئێران وعێراق و سوریا بۆ دژایەتی هەر خەونێکی کوردی. کەواتە لەو بوارەدا چۆن یەکن.

ئەتاتۆرك بە یارمەتی کورد دەسەڵاتی خۆی چەسپاند و کوردێکی زۆری فریودا بە پێدانی مافیان تا گەیشتە ئامانجی، دوایی لێیان هەڵگەڕایەوە! ئەردۆگانیش تا بێ دەسەڵات بوو، هێندە باسی دیموکراتی ومافەکانی کورد وغەیری کوردی دەکرد، گەورەترین سیاسەتمەداری چەکدار وبێ چەکی کوردی فریودابوو! کە گەیشتە لوتکەی دەسەڵاتی خۆی بە کۆنترۆڵی دادگای باڵا و دەزگای سوپا، ئیتر لە کورد هەڵگەڕایەوە.

ئەتاتۆرك تورکچێتی وعەلمانیەتی کردبوە دروشمی سەرەکی، بەڵام لە هەمان کاتدا خەڵکانێکی فریودابوو کە ڕێزی زۆری هەیە بۆ نەتەوەکانی تر و دین و داب ونەریتی کۆمەڵگای تورکی، ئەردۆگان تورکچێتی و ئیسلامیەتی دروشمی سەرەکیەتی، بەڵام زۆر ڕوپامایی بۆ عەلمانیەتیش دەکات، دەڵێ ڕێز لە مافی نەتەوەی کورد، ویاسا عەلمانیەکانی تورکیا دەگرێت! بەڵام هەردووکیان توانیاویانە زۆرینەی تۆرك لە خۆیان کۆبکەنەوە!

ئەتاتۆرك و ئەردۆگان، هەردووکیان دەسەلاتخوازی تاك و ڕەها بوون، دژی دیموکراتیەت بوون. ئەردۆگان لاسایی ئەتاتۆرك دەکاتەوە، کە سەرۆکێکی خاوەن دەسەڵاتێکی گەورە وفراوان بوو، وەك ئەو بەرگەی مونافیس و نەیاری سیاسی ناگرێت، هەردووکیان بەرگەی حوکمێکی هاوپەیمانی ناگرن. ئەتاتۆرك کورد و باقی نەتەوەکانیتری سڕیبووەوە، ئەردۆگانیش بە تەنها شەڕی هەموو کوردی جیهانی خستۆتە ئەستۆی خۆی زۆر لە ئەتاتۆرك خراپتر!

ئەتاتۆرك هەموو سێکیولارەکانی جیهانی ئیسلامی فریودا بوو بە خۆی، تەنها ئیسلامیەکان، کە ئەو کاتە کەمینە بوون ڕقیان لێی دەبووەوە، ئەردۆگان زۆرینەی زۆری ئیسلامییەکانی جیهانی فریوداوە، تەنها کەمینەیەک لە عەلمانیەکان لە سەرانسەری جیهان ئاگاداری مەترسیەکانی ئەون ودژایەتی دەکەن!

لە هەردوو حالەتیشدا دوو کەسایەتی تورکی توانیان جیهانی ئیسلامی بەخۆیانەوە خەریك بکەن، بەکاریان بهێنن، بەبێ مونافیس!

تەنها جیاوازیەك ببینم لە نێوان ئەتاتۆرك و ئەردۆگان، وەك کوردێك ئەوەیە هەندێ لە عەلمانیەکانی کورد کاتی خۆی بۆ ماوەیەکی کورت فریویان خوارد بە ئەتاتۆرك، زۆر زوو لێی پەشیمان بوونەوە، بەڵام فروخواردوە ئیسلامییەکانی کورد لەسەر ئاستی سەرکردەکان سەرەڕای ئەو هەموو دژایەتیەی ئەردۆگان بۆ کورد، خۆیان لە گێلی داوە هەر ستایش وحەمدوسەنای ئەردۆگان دەکەن، ئەوەش جیاوازییە لە نێوان تلیاکی ئەسڵی دینی و تلیاکی عادی نادینی، لەوە دەچێت تلیاکی دینیش سەرچاوەکەی ئاسمان بێت!

٢٠٢٠/٧/٨

## *هیتلەر: ئەتاتۆرك مامۆستای من و مۆسۆلینی بوو! مامۆستای ئەردۆگانیشە!

هیتلەر وەک مرۆڤێکی نازی عاشقی هەموو ئەزمونێکی توندوتیژ بووە، جا ئەو ئەزموونە لە دین بێت یان لە نادینی هیچ جیاوازیەکی نەبووە لای ئەو! زۆرجار سەرسامی یەکێک ودژەکەشی دەبوو !

هیتلەر و دەستەبژێری نازی زۆر سەرسامی لایەنی جەنگاوەری و جیهاد بوون لە ئیسلامدا. زۆر ستایشی ئەو وتارە جەنگاوەرییەی ئیسلام دەکەن بۆ جەنگاوەری و موژدەی بەهەشت و ڕوباری شیر و هەنگوێن و ئافرەتی حۆری جوان! هیتلەر چەندین جار وتویەتی: ئێمەی ئەڵمان دووچاری دینێکی هەڵەی وەک مەسیحیەت بووین، دەبوایە ئیسلام دینی ئێمە بایە! هەتا هیملەر کە سەرکردەیەکی نازی هەرە نزیکی هیتلەر بوو دەڵێت: دینی جەنگاوەران دەبێ وا نێر بێ و بە زمانی دنیا قسە بکات، نەک وەک زمانی پڕ ترسنۆکی وتەمەڵی مەسیحیەت! وتارێکی تەواوم لەسەر ئەوە دەبێت!

ئەو هیتلەرەی کەوا سەرسامی جەنگاوەری ئیسلام بوو، لە هەمان کاتدا سەرسامی کەسێکی فاشیستی دژەدینی وەک ئەتاتۆرک بوو، ئەویش لەبەر هەوڵە بەرجەستەکانی لە دامەزراندنەوەی ئومەتی تورکی لەڕێگای سڕینەوە و لەناوبردن و سەرکوتکردن و بەتورککردنی ئەرمەن ویۆنانی و کورد و نەتەوەکانیتر!

هەموو خەڵکی کەمێ ئاگادار بە مێژوو سەرسامی هیتلەر بە مۆسۆلینی فاشیست دەزانن، بەڵام کەم کەس ئاگاداری ئەو چیرۆکە نەوتراوەیە، کە هیتلەر تا سەرئێسقان سەرسامی ئەتاتۆرک بووە! بەڵکو دەڵێت ئەتاتۆرک مامۆستای من و مۆسۆلینیشە! ستیفان ئیهریگ لە کتێبی: ئەتاتۆرک لە ئەندێشەی نازیدا Ataturk in the Nazi imagination

ئەو چیرۆکی سەرسامییە بە دوورودرێژی باس دەکات.

هیتلەر هەر زوو لە ١٩٢٠وە دەڵێت ئەتاتۆرک ئەستێرەی گەشاوەی ئەوە لە ئاسمانێکی زۆر تاریک! هەر لە ١٩٣٨ دەڵێت قوتابی یەکەمی ئەتاتۆرک مۆسۆلینی یە، و قوتابی دووەمی هیتلەرە منم!

ئەوەی سەیرە ئێستا لە ئەڵمانیا ناوهێنانی هیتلەر و ستایشکردنی نایاساییە و مرۆڤی لەسەر سزا دەدرێ، کەچی ئەو ئەتاتۆرکە فاشیستە بۆتە بتێکی بەردەوامی ناو سیاسەت و دەوڵەتی تورکی. ناکرێ بە بیانووی سێکیولاربوونی ئەو فاشیستە قبوڵ بکەین کە دەستی سوورە بەخوێنی ملیۆنەها کورد وئەرمەن و خەڵکانیتر. بەر لە هەموو کەسێک دەبێ سێکیولارە دیموکراتخوازەکان ئەو بتەی ئەتاتۆرک بشکێنن، ئەخر ناکرێ مامۆستای هیتلەر و مۆسۆلینی بە یاسا و دەستووریش پەسند بکرێت! شتێکیتر ئەردۆگانیش خۆی بە قوتابیەکی ئەتاتۆرك دادەنێ، هەموو ساڵێ یادی دەکاتەوە، وەک ئەویش دژایەتی گەلی کورد و گەلانیتری نا تورك دەکات لە تورکیا.

٢٠١٩/٤/١٥

# *تورکیا و ئیسرائیل دوو نەتەوەی چۆن یەك!

ئەوە دەیەها ساڵە ئیسرائیل زەبر بەدوای زەبر دەوەشێنێتە عەرەبی فەلەستین وبەوپەڕی گوێنەدان بە هیچ نارەزاییەک بەردەوامە لەسەر پرۆژەی تەواوکردنی داگیرکردنی بست بە بستی خاکی فەلەستین، سەیر لەوەدایە ئیسرائیل هەر قسە ورەخنەی نەیارەکانی پشتگوێ ناخات بەڵکو گوێ بە رەخنەی دۆستەکانیشی نادات لە نێو ئەوانەش ئەمریکا وولاتانی ئەوروپای رۆژئاوا .
دەیەها ساڵە ئیسرائیل بە هەوەستی خۆی دەکوژێت ودەبرێت بێ گوێدانە بریارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان وهیچ دامەزراوەیەکی تری نێودەوڵەتی. ئەو ئیسرائیلە هێشتاش ماندوو نەبوە وئامادە نیە دەستبەرداری لە ٣% خاکی فەلەستین یان ئیسرائیل بێت بۆ فەلەستینیەکان تا دەوڵەتۆکەیەکی لەسەر دروست بکەن!
ئیسرائیل بە بیانووی هیستیریای مێژوویەوە دەیەوێت هەموو شتێکی سەر ئەو خاکە هەستیارە بسرێتەوە یان مۆرکێکی جولەکایەتی لێبدات، هەر بەو بیانوە مێژوویانەشە ئەوە بۆ چەندین ساڵە ژێر مسجد الاقصی هەڵدەکۆڵێت. دوا هەنگاوی پڕ لە فیز وعونجوهیەتی ئیسرائیل ئەو هێرشە درندانەی بوو بۆسەر (فلوتێلای ئازادی) (کاروانی دەریایی ئازادی) وبێ گوێدانە هیچ پێوەرێکی سیاسی ودیبلوماسی ومرۆیی، بەبێ سڵکردنەوە لە هاوڵاتیەکانی ئەو وڵاتانەی کە تەنها بە مەبەستی شکانی گەمارۆ نامرۆییەکەی غەزەدا هاتبوون.
بێگومان ئیسرائیل بەو کارە نامرۆییانە وگەلحۆیانەی بە شایەدی دۆستەکانی پێش دوژمنانی هەلەیەکی گەورەی کرد وهەلێکی گەورەشی دایە دەستی ئەردۆگان بۆ زیاتر بەدەستهێنانی شەعبیەت وناوداری لە سەرتاسەری وڵاتانی عەرەبی وتورکیادا. لێدوانە ئاگرین وتوندەکانی ئەردۆگان دوبەدوای ئەو رووداوە سەرتاسەری جیهانی عەرەبی وروژاند وتورکیاشی جۆشدا وشەعبیەتی ئەردۆگانی گەیاندەوە چڵە پۆپە !

تورکیا وئەردۆگان وەک ئەو شێرکوژەیە کە هەموو وڵات گەڕابوو بەدوای ڕاوکردنی شێرێک کەچی شێرەکە بەرداوێژێک لە دواوەی ماڵەکەی خۆیان بوو!! ئەو کێشەیە گەورەیەی کورد کە بە هەموو پێوەرێکی دونیایی وئاسمانی گرنگترین کێشەیە ولەکاتێکدا هەزاران منداڵی هەرزەکار لە باوەشی گەرمی دایکیان دەرهێندراون ولە زیندانەکان ژیانیان دەگوزەرێنن وڕاپۆرتەکەی بی بی سی لەو بارەیەوە بەردی بە گریان دەهێنا، کەچی ئەردۆگان سەرگەردانی عەدالەتە لە دووری هەزاران کیلۆ مەترەوە بۆ فەلەستینیەکان، ئەوە لە کاتێکدا ئەردۆگان دەتوانێ لە پەنجەرەی ئۆفیسەکەی دەیان منداڵی کوردی بۆیاغچی پیڵاو ببینێت کە چۆن بە دەستی جەندرمەکانی ئاوارە وسەرگەردان کراون وچۆن شیرازەی سەرتاپای ملیۆنەها خێزانی کوردیان لێکترازاندوە.

ئەوەی جێگای پرسیارە دەبێت بۆ ئیسرائیل دەیەها ساڵە بە هەوەستی خۆی یاری تۆپتۆپێن بە جەستە وخاک وویژدان وئەعسابی عەرەب وموسڵمانان دەکات بێ ئەوەی لە هیچ بترسێت یان سڵ بکاتەوە؟! ئیسرائیل لە کێ بترسێت بەر لە هاتنە سەرهێڵی تورکیا؟ لە میسر ؟! ئەخر ئیسرائیل چۆن لەو میسرە بترسێت کە بونەتە ئێشکگری ئەمنی سنوری ئیسرائیل ولەوانیش توندتر تاڵاو بەدەمی فەلەستینیەکان دەکەن؟ لە ئوردن؟! کە بە دوو سآ سەعات دەتوانێت هەمووی داگیر بکات؟ لە سوریای ماڵباتی ئەسەدی ناوەوە وڕێوی بەردەمی ئیسرائیل؟!

سوریا بەس بۆ گیانی نەتەوەیەکی بێ دەرەتانی وەک کورد ئازایە بۆ گیانی گەلی سوریای بارمتە ئازایە بۆ گیانی لوبنانیەکان ئازایە، وسنوریشی لەگەڵ ئیسرائیل لە تەقەی خۆشی ژن وژن گۆڕینەوەی هەردوو لای سنور هیچی تری لێ نیە.

لە عەرەبستانی سعودی کە لە فەلەستینیەکان زیاتر سواڵی ئاشتی دەکات لە ئیسرائیل؟! ئەوەی لەسەر ئاستی عەسکەری کەمێک ئیسرائیلی هەژاندبێت حزب الله یە ولەدواوەش ئێران، بەڵام هەموو گەفوگورەکانی ئێران بەقەد ئەو هەڵمەتە سیاسی ودیبلۆماسیانەی ئەردۆگان وتورکیا کاریگەری نەبوو بەسەر ئیسرائیل، بەڵکو ئیسرائیل هەڕەشەکانی ئێرانی وەبەرهێناوە بۆ بەرژەوەندی خۆی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. ئەوەی ئەردۆگان وتورکیا

پێیان کرا لەگەڵ ئیسرائیلی بکەن کەس پێی نەکراوە، ئەوەش سەرەڕای لێزانی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ هۆیەکی سەرەکی:

ئەویش وەک چۆن جووە توندڕۆکان خۆیان پێ گەلی هەڵبژاردەی خوایە، تورکەکانیش بە پێی کلتوری سیاسی کەمالیستی وکلتوری ئیسلامی عوسمانیش ئیدیعای ئەو نوخبەویەتە دەکەن وتوێژینەوەیەکی زۆر لەو بارەیەوە هەیە، بۆیە تاکی تورک هەست بە عونجوهیەتێکی زۆر سەیر دەکات لە سۆنگەی ئەو پەروەردە دوو سەرەی کەمالیی وتاڕادەیەکێش عوسمانیەت.

چونکە ئەگەر تورک هێندە ئاشتیخوازن نە دەبوایە بەو جۆرە دڕەندایەتیە هەڵسوکەوت لەگەل میللەتێکی گەورەی وەک کورد بکات، ئێمە هەر باسی ئاستی سیاسی وحکومی ناکەین بەڵکو باس لەسەر ئاستی کەسێتی وشەخسی دەکەین، لە شاگردێکی تورکی ڕێستورانەوە بگرە تا پرۆفیسۆرێک هەمان خۆبەزلزان وعونجوهیەت وخەڵک بەهیچ نەزان.

هەر خۆم جارێکیان لە ڕێستورانێکی تورکی کە زۆربەیان کوردی تورکیا بوون لە یەکێکیانم پرسی جەنابیشت کوردی! گوتی نا، (نا) یەکی هێندە گەورە وقەڵەو وهێندە ڕوخساری تێک چوو وەک بڵێی پێم گوتبێت جەنابت دزی یا گەوادی؟!

ئەزموون زۆرن لەگەڵ شوفێری تاکسی ورۆشنبیر وسیاسی وئیسلامی وعیلمانیەوە هەموویان یان زۆربەی هەرە زۆریان هەمان گیانی گەلی هەڵبژاردەی خوایان تێدا دەخولێتەوە، جا وەک چۆن عەرەب دەڵێن (تەنها ئاسن ئاسن دەچەمێنێتەوە) بۆیە ئەو عونجوهیەتەی جولەکەکان پێویستی بەو عونجوهیەتەی تورکان بوو، ڕۆژئاواش زۆری پێخۆشە بەڕەی حەماس وفەلەستینیەکان لە ژێر پێی ئێران دەربهێنێت وبیخاتە ژێر پێی نیوعوسمانیەکان کە زۆربەی کات لە میکیاڤیلیانەتر ڕەفتار دەکەن وڕەهەندێک هەیە بۆ عەقڵ وگفتوگۆ.

٢٠١٠/٦/٢٢

## *من دڵنیام یاریەك دەگوزەرێ لە نێوان ئەردۆگان و ئیسرائیل!

دەمنادەم ئەردۆگانی دەجال پڕ بەدەم جنێو بە ئیسرائیل و هێماکانیان دەدات، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی ئیسرائیل نابینرێت جگە لە یەک دوو وەڵامی شەرمن!
ئەگەر ئەو هاندان و جوێندان و سوکایەتیەی ئەردۆگان دژی ئیسرائیل تۆزێک هەقیقی با، تورکیا نەدەبا هیچ پەیوەندیەکی سیاسی و بازرگانی و هەر پەیوەندیەکیتری بە ئیسرائیل بمێنێ!

ئەگەر ئەو هاندان و جوێندان و سوکایەتیەی ئەردۆگان بە ئیسرائیل تۆزێک هەقیقەتی تێدابا، ئیسرائیل وا بێ خەم دانەدەنیشت بەدیار وڵاتێکی پڕ لە ستەم و چەوسانەوەی وەک تورکیا، وبێ دەنگ نەدەبوو لە موغامەراتە سەربازیەکانی لە سوریا وعێراق و هاندانی تیرۆرستانی حەماس لە فەڵەستین! خۆ سەدام بە نیوەی ئەردۆگان هەڕەشە و جوێنی بە ئیسرائیل نەداوە؟ !

ئیسرائیل بە ڕاستی وجدی تەنها پشتی کورد بگرێت لە سوریا و تورکیا، تورکیا لێک هەڵدەوەشێنێ! بەڵام بەسکردنی بە دوو لێدوانی ئیستهلاکی هەر بۆ بەرزکردنەوەی ڕەسیدی ئەردۆگانە و بۆ فریودانی موسڵمانانە پێی، چونکە ئەگەر ئەردۆگان هی خۆیان بێت، با هەموو ئیسلامییە ساویلکەکانیش هی ئەردۆگان بن.

ئەربەکانی مامۆستای ئەردۆگان زۆر جوان وەسفی ماهیەت و ناوەرۆکی ئەردۆگانی کردوە و بە خزمەتکاری پلانی ئیسرائیلی مەزن وەسفی دەکات دەڵێت بەرلەوەی ببێتە هیچ لە ئەمریکا سەرۆک بۆش ئەو ئەرکەیانی پێ سپارد! و ئاماژە بە خەڵاتەکانی جووەکانیش دەکات بۆ ئەردۆگان، و دەڵێت: زۆر دڵخۆشە ئەو قەمیسە سورەی لەبەر کردوە کە ئەگەر

**دەزانن ئەو ڕەمز و لۆگۆ و هێمایانەی سەر قەمیسەکە چین دەگرین! وابزانم ئاماژە بۆ ماسۆنیەتی ئەردۆگان دەکات!**

**لەوانەیە کە یەکەم سات گوێت لەو قسانەی ئەربەکان دەبێت باوەڕ نەکەیت، بەڵام کە موتابەعەی وردی شانۆگەریەکانی ئەردۆگان دەکەیت لە دژی ئیسرائیل و بۆ فریودانی گەمژە ئیسلامیەکان و دیندارەکان، دەزانیت قسەکانی ئەربەکان چەند لە ڕاستیەوە نزیکە!**

**٤/٤/٢٠١٨**

# *ئەردۆگان و غەزەلی سەریح لەگەڵ ئیسرائیل!

سەرچاوەکانی هەواڵ لە تورکیا وسوریا وئیسرائیل، هەواڵی بەرەڤانی کردنی رەجەب تەیب ئەردۆغان لە نێوان تورکیا و ئیسرائیل دوو پات کردەوە. ئەردۆگان دەستی بەو هەوڵانە کرد پاش ئەوەی جووە نیشتەجێکانی جۆلانی سوریای داگیرکراو، نامەیەکیان بۆ ئەردۆگان نارد، تێیدا داوایان لێکردبوو هەوڵی ئاشتبوونەوە بدات لە نێوان ئیسرائیل وسوریا بەڵام بەبێ مەرجی گەڕاندنەوەی جۆلان بۆ سەروەری سوریا.
وادیارە ئەردۆگان لە پاش ئەو فشارە زۆرەی نێوەندی عەلمانیەت ودەزگای سوپا ودادگای تورکیا بەدوای ڕۆڵێک دەگەڕێت لە ڕۆڵی عەلمانیە سەرەڕۆکانی تورکیا دڵسۆزانەتر بێت بۆ ڕۆژئاوا وتاقانەکەی کە ئیسرائیلە.
خۆش لەوەدایە کە نێوەندی تورکە ئیسلامیەکان. وتاڕادەیەکیش نەتەوەپەرستە گورگە بۆرەکانیش کوردستانی عێراق بە دۆستایەتی کردنی ئیسرائیل تاوانبار دەکەن، وناوە ناوە لە ڕۆژنامەکانیان ڕاپۆرتی پڕ لە بێسەروبەری وچەواشەکار بڵاودەکەنەوە لە بارەی ئەو پەیوەندییە ئەگەر هەشبێت ناگات بە سەدا دەی ئاستی پەیوەندیەکانی تورکیا وئیسرائیل. تورکمانێکی ئیسلامی عەرەبی زان هەیە (ئۆرخان محمد عەلی) کە کاتی خۆی هەر خەریکی ئەو کتێبانە نازانستیانە بوو کە تیۆری داروێنی پوچەڵ دەکردەوە، ئێستا بەردەوام لەسەر کەناڵە ئاسمانیەکان هەر باسی نێردە تەبشیری مەسیحیەکان وپەیوەندی کوردستان وئیسرائیل دەکات.
ئەردۆگان وحزبەکەی ئەو غەزەلە ئاشکرایە دەکەن لەگەڵ ئیسرائیل کە نەفرەت لێکراوە لە نێوەندی ئیسلامیدا لە کاتێکدا فرۆکەکانیان هەڵمەت دەکەنە سەر کوردستانی عێراق، ئەوەش جۆرێکە لە سیاسەتی خەواریجی مۆدرن، چونکە پێغەمبەر (د. خ) لە فەرمودەیەکی گوایە وەسفی خەواریجەکان دەکات ودەڵێت: "یقتلون اهل الاسلام ویدعون اهل الاوپان".

ئەگەر کۆنە خەواریجەکان وایان کردبێت لەبەر ساویلکەیی وسەتحیەتی ئیمانیان وەک لە هەمان فەرموودە دەربارەیان هاتوە "يقرأون القرآن ولا يتجاوز حناجرهم" قورئان دەخوێنن و لە گەروویان تێپەڕ ناکات! بەڵام ئەو خەواریجە مۆدرنانە (ئەردۆگان وحزبەکەی) لە ساویلکەیی ئەو کارە ناکەن، بەڵکو لەوەتی هەن هەموو ڕێوشوێنێک دەگرنە بەر بۆ گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات وڕازیکردنی هەموو لایەک بە مانەوەیان لە دەسەڵاتداری تورکیا.

ئەو تورکچێتیەی ئەردۆگان وحزبەکەی دەیکات زۆر لە تورکچیەتی نەتەوەییە توندڕەوەکان وحزبە عیلمانیەکان وسوپای تورکیا ترسناکتر وکاریگەرترە، چونکە ئەردۆگان وگویل دەیانەوێت لەسەر یەک شانۆ ولەیەک سات وکاتدا (دارالاسلام ودارالكفر) کۆبکەنەوە، ئەو جۆرە سیاسەتە بێ سەوابتەی ئەردۆگان کەسێکی وەک نەجمەدین ئەربەکانی مامۆستای ناچار کرد بە سەریحی عیبارەت بڵێ ئەردۆگان مونافیقە دەرهەق بە ئیسلام!!

بێنە بەرچاوی خۆت ئەگەر خەڵکی دیاربەکر نامەیەکی لەو شێوەیە بنێرن بۆ ئەردۆگان وداوای ڕزگار کردنی برایەتی ئیسلامی کورد وتورک بکەن وچارەسەرێکی ئیسلامی یان دیموکراسی بۆ دۆزی کورد بدۆزێتەوە، بڵێی وەک ئەو داوایەی جولەکەکانی جۆلان بە پیریەوە بچێت بەو دڵسۆزیەی کە یەکسەر بەرەو دیمەشق بێت بۆ گەیاندنی ئۆفەری ئیسرائیل بۆ سەرۆکی سوریا بەشار ئەسەد؟!

بێگومان دوژمنانی کورد وناحەزانی کاتێک فشاری واقیعی کوردیان بۆ دێت هەموو کارێک دەکەن بۆ بەربەست خستنە ڕێگای کاروانی کوردی، وەک چۆن سەدامی گۆڕ بەگۆڕ نیوەی شەتی عەرەب وچەندین ناوچەی سنوری بەخشیە ئێران، لە پێناو لەناو بردنی کورد، لە کاتێکدا ئامادە نەبوو نیوەی ئەو تەنازولاتانە بۆ کورد بکات. ئەردۆگانیش لەو هەوڵەیدا سەرەڕای خۆشیرین کردنی خۆی لەلای ڕۆژئاوا بۆ کەمکردنەوەی فشاری ناوەخۆ، ئامانجێکی تری زیان بەخشینە بە کورد! چونکە سوریا ئەمڕۆ ڕژێمێکی مەنبوزە لەلایەن ڕۆژئاوا وهەتا ڕژێمە عەرەبیە میانڕەوەکانیش یان پرۆ ئەمریکایەکان!

لەبەر ئەو هەموو کێشانەی لە لوبنان وعێراق دروستی کردون، سەرەڕای کێشەی ئاشکرابوونی هەوڵی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی بە هاریکاری کۆریای باکوور،

وپەرەسەندنی دۆزی کورد لە سوریا وچەندین پرسی گرنگتر. کەچی ئەمڕۆ ئیسرائیل لە ڕێگای برای زۆر موسڵمان ئەردۆگان پەتی نەجات بۆ ڕژێمە دارِزیوەکەی ئەسەد هەڵدەدات بۆ ڕزگارکردنی لە ڕوخانی مسۆگەر. چونکە ئیسرائیل لەوەتەی ساڵی ١٩٦٧وە جۆلانی داگیرکردوە کە دەکاتە ٤١ ساڵ، کەچی ئەو ڕژێمە تۆقینەرەی لە ناوەوە تا ئێستا لە گوڵێک زیاتر بە ئیسرائیل ناڵێت. هەتا بە جۆلان دەڵێن هێمنترین بەرەی جەنگ لە جیهاندا!!

ئینجا جیمی کارتەر سەرۆکی پێشوی ئەمریکا بە ڕاشکاوی گوتی "بەشار ئەسەد زۆر بە پەرۆشی بەیەک گەیشتنە لەگەڵ ئیسرائیل" بەڵکو ڕژێمەکەی لە ڕوخان ڕزگار دەکات، بەڵام بەشار وادیارە چارەنوسی ساداتی لە بیر نییە، کاتێ ئەمریکا وئیسرائیل لە ناسکترین کات پشتیان لێیکرد. ڕژێمی سوری هەموو شەرعیەتی خۆی لەسەر بنچینەی دژایەتی ئیسرائیل بنیات کردوە، بۆیە بەو هەنگاوەی ئەو شەرعیەتەش لە خۆی دادەماڵێنآ. کاتی خۆی ێدام دروشمێکی هەبوو دەیگوت "هەموو شتێک لە پێناو سەرکەوتن" بەڵام وادیارە دروشمەکە لای ئیسلامی وعیلمانیەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بۆتە "هەموو شتێک لە پێناو چەوساندنەوەی کورد!!" ئەگینا ئەردۆگانێکی ئیسلامی چی دەیبەستێتەوە لەگەڵ ئیسرائیل وڕژێمێکی عەرەبی فاشیستی وەک سوریا تەنها بەرژەوەندی گشتی نەبێت، کە ئەمڕۆ زیاتر خۆی بەرجەستە دەکات لە پوچەڵ کردنەوەی هەوڵەکانی کورد بەرەو ڕزگاری وئازادی.

٢٠٠٨/٧/٢٤

# *ئێوەش وەستان لە کوشتندا جەنابی ئەردۆگان!

ئەوەی لە نێوان ئەردۆگان وسەرۆکی ئیسرائیل پیرێز ڕویدا، پێویستی بە هەڵوەستە کردن هەیە. ئەردۆگان وانەیەکی ڕەوشتی بە پیرێزدا گوایە ئەوان خەڵکی بێتاوانی فەلەستینیان کوشتوە، ولە نێو ئەو قسانەی لە وانەکە هات، گوتی:"سەرۆکی بەڕێز کە کار دەگاتە سەر کوشتن ئێوە لە هەموو کەس چاکتری لێدەزانن، دەزانم چۆن دەست دەوەشێنن ومنداڵان دەکوژن لەسەر کەنارەکان!!... بەبیرت دەهێنمەوە کە تەورات دەڵێت خەڵک مەکوژن، بەڵام ئێوە دەیانکوژن!!"

بەڕاستی ئەو هەڵوێستەی ئەردۆگان بۆی هەبوو ببێتە بوێرترین هەڵوێستی سیاسی ومرۆیی لە جیهاندا بەرامبەر لوتبەرزی وغەترەسەی ئیسرائیل کە گوێ بە هیچ کەس نادات لە جیهاندا لە پێناو جێبەجێ کردنی مەرامەکانی، وجیهانیش سەرتاسەر هەڵوێستێکی نێگەتیڤ وترسنۆکانەیان هەیە بەرامبەر ئەو پێشێلکارییە نامرۆییانەی کە ئیسرائیل دەیکات، بەڵام ئەگەر زۆربەی سیاسیەکانیش خۆپەرست وترسنۆک بن ئەوە جەماوەری سەرشەقام زۆر ئازایانە دژی ئەو قەسابخانانە وەستان ( خۆزگە بۆ هەموو کێشەکان وابان). سیاسەتمەداری وەک شافێزیش هەر زوو ئەو پێشێلکاریانەی ئیسرائیل ڕەتکردەوە، بەڵام هەڵوێستی ئەردۆگان لەبەر ڕوبەڕوویی لەگەڵ سەرۆکی شەمعون پیرێز گرنگیەکی گەورەتری پێدرا بە تایبەتی لە شەقامی عەرەبی وئیسلامیدا.
ئەردۆگان هەر لەپاش هەڵوێستەکە گوتی:" من شوێنەکەم جێ نەهێشت لەبەر ناکۆکیم لەگەڵ پێرێز، بەڵام لەبەر ئەوەی کاتێکی کەمترم پێدرا بۆ وەڵامدانەوەی قسەکانی پێرێز" هەروەها لەبەردەم جەماوەری تورکیدا پاش گەڕانەوەی گوتی:" دەبوایە کارێک بکەم بۆ بەرگری کردن لە کەرامەتی تورکیا وگەلی تورک، من سەرۆک هۆز نیم بەڵکو سەرۆک وەزیرانی تورکیام، دەبێ بەپێی ئەوەشەوە هەڵسوکەوت بکەم"!!

ئەگەر سەرۆکی ئیسرائیل پیرێز زیاد لە حەد دیبلوماسی نەبا وکەمێک مرۆڤ دۆست بان، وتاوانبار نەبان بە یارمەتی دانی تورکیا لە دژی دۆزی کورد، ئەوە دەیتوانی بەو شێوەیە وەڵامی شانۆکارییەکەی ئەردۆگانی بدابایەوە:

"جەنابی باشبەکانی تورکیا، ئێوە لەسەر سنورێکی دوور لە ئەستەمبۆل وئەنقەرە کە چەند سەربازێکتان دەکوژرێ، هەڵمەتی سەربازی گەورە دەکەن نەک هەر بۆ خاکی کوردستانی ژێر دەستی تورکیا، بەڵکو بەو بیانوە دەتانەوێ خەونی کوردانی عێراقیش لەبار بەرن، بە بیانوی بەرگری کردن لە سەروەری تورکیا، ئێمە رۆکێتەکانی حەماس بە شارەکانمان دەکەوێت ئەوەی ئێوە بە هێزە سەربازییەکانتان دەکەوێت، کەچی هەڵمەت وهەڕەشەکانی ئێوە گەورەتر وسەرەڕۆترن. ئێمە بۆ لێدانی حەماس لە غەزە دەدەین، چونکە حەماس لەوێ خۆیشاردۆتەوە، کەچی ئێوە لە جیاتی (پ.ک.ک) لە خەڵکی گوندنشین لەڕوماڵاتەکانیشیان دەدەن"

گەورەم ئێمە لە هیچ شوێنێک زمانی عەرەبیمان لە خەڵکی عەرەب قەدەغە نەکردوە، دەیەها دەزگای میدیای عەرەبی بیستن ودیتن ونوسراو هەیە لە ئیسرائیل کەچی ئێوە تازە پاش هەشتا ساڵ تەلەفزیۆنێکتان بۆ کوردەکان کردۆتەوە پاش چەندین تۆن لە فشاری سیاسی وتیرۆریستی! ڕاستە تۆ بە من دەڵێت تەورات دەڵێت خەڵک مەکوژن، بەڵام ئایە قورئانیش ناڵێت، زمانە جیاکان موعجیزەیەکی خوایە!

هەرگیز بیریشمان لە تەهویدکرنی عەرەب نەکردۆتەوە، کەچی عیسمەت ئینۆنۆ دەستەڕاستی ئەتاتۆرک ویەکێک دامەزرێنەرانی دەوڵەتی تورکیا بەر لە هەشتا ساڵ گوتی: ئەرکی ئێمە بە تورک کردنی هەموو کوردە دەسبەجێ وبەبێ دواخستن" ڕاستە دیندارەکانی ئێمە دەڵێین:"جوو گەلی هەڵبژێردراوی خوایە" بەڵام باوکی تورکیای نوێ کە کەسێکی بێدین بوو تا سەر ئێسقان قسەیەکی لەوەی ئێمە پوچتر دەکات کە دەڵێت"چەندە بەختیارە ئەوەی دەڵێت من تورکم"!!

بەڕێز کە باسی تەورات دەکەیت، ئەی قورئانیش دان بە هەقیقەتی فرە ڕەگەزی وفرە نەتەوەیی نا نێت (وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا) ئەی بۆچی ئەو هەموو دژایەتییە میللەتێکی وەک کورد دەکەن هەر لەبەر تاوانی کورد بونیان، ودەڵێن نا هێڵین قەواریەکی کوردی لە ئەفریقیاش دابمەزرێت!!" ئێمە پەرلەمانتاری عەرەبی وامان هەیە لە کەنیسەت (پەرلەمان) بەردەوام هێرش دەکەن سەر ئیسرائیل، کەسیش هیچیان لێناکات! کەچی ئێوە چەندین پەرلەمانتاری کوردتان بۆ چەندین ساڵ زیندانی کرد چونکە سوێندی یاساییان بە کوردی خوێندەوە!

ولە وەش سەیرتر ئێوە لە ١٩٨٢ سیاسەتمەدارێکتان بەناوی شەڕەفەدین ئێڵچی سزادا بە زیندانی چوار ساڵ وحەوت مانگ، نەک لەبەر ئەوەی وەک پەرلەمانتارە عەرەبەکانی ئێمە هێرشیان کردبوو بۆ سەر تورکیا وئیهانەی سوپا ونەتەوەی تورکیای کردبێت، بەڵکو تەنها لەبەر تاقە ڕستەیەک بوو کە گوتبووی:"کورد لە تورکیا هەن ومنیش کوردم"!!!

جەنابی باشبەکان ئەوە باسی کوشتننت کرد کە گوایە ئێمە چاکی لێدەزانین، من دەڵێم دەبا ئامارێک بکەین لەوەتی ئیسرائیل وتورکیا دامەزراوە بزانین ئێمە عەرەبمان زیاتر کوشتوە یان ئێوە کوردتان زیاتر کوشتوە! گرفتەکە لە کوشتنەکە نییە، بەڵکو لەو عەقڵیەتەیە کە پێی وایە کوشتنی موسڵمانانی کورد بە دەستی موسڵمانانی تورک وعەرەب وفارس هیچ نیە لە بەراوردا لەگەڵ کوشتنی موسڵمانێک بە دەستی جولەکەیەک یان مەسیحییەک، ئێوەی موسڵمان خەم داتان ناگرێ بۆ کوشتنی موسڵمانان بە دەستی موسڵمانان، بەڵام تەنها کوشتنی دەستی زایۆنیزم وخاچپەرستانتان لێبۆتە کێشە!! بەڕاستی عەقڵیەتێکی نەخۆشە، دەنا دەبوایە ئەو هەرایەی لەسەر ئێمە کرا، زیاتر لەسەر ئێوە کرابا!!

دوا قسەم ڕاستە تۆ دەڵێی تەورات دەڵێت خەڵک مەکوژن - بێگومان ئەوەش ڕاست نییە،

ئەردۆگان نەزانە لەوبارەوە -بەڵام قورئان لەوە زیاتر دەڵێت کاتێ کوشتنی نەفسێک بە قەڵاچۆکردنی هەموو خەڵک دەشوبهێنێ (من قتل نفسا بغير نفس او فساد فی الارض فكانما قتل الناس جميعا ومن احياها فكانما احيا الناس جميعا)

جەنابی باشبەکان ئەوە هەر ئێمە لە کوشتندا شارەزانین، ئێوەش وەستان لە کوشتندا!!

٢٠٠٩/٢/٧

## *دەبێ ئیسرائیل گەورەترین پەیکەر بۆ ئەردۆگان بکات!

ئەگەر ئیسرائیل بیر لە کردنی پەیکەرێکی گەورە بکاتەوە، بۆ ئەو کەسایەتیەی زۆرترین خزمەتگوزاری پێشکەشی ئیسرائیل کردبێت، ئەو دەبێت پەیکەری ئەردۆگان بێ لەناو جەرگەی تەلئەبیب!

ئەوە قسەی جێگری سەرۆکی موخابەراتی ئیسرائیلە، کە ژورنالستی ناودار تۆماس فریدمان لە چاوپێکەوتنێکدا گواستیەوە!

فرێدمان دەڵێت ئەردۆگان گەورەترین درزی خستە ڕیزی عەرەبی بە پشتگیری کردنی ئیخوانەکان لە دەوڵەتە عەرەبیەکان، و تۆخکردنەوە ناکۆکی عەرەبی وقەتەری. هەروەها ئەردۆگان دەوڵەتی سوریای لەناوبرد لە ڕێگای یارمەتی دانی گروپە تیرۆرستەکانی وەک نوسرە وداعش، هەڵبەتە ئۆپۆزسیۆنی سوری مریشکدزەکانیش!

هەروەها ڕۆڵێکی زۆر خراپی هەبوو لە ناردنی داعش بۆ عێراق.

لە هەمووی سەیرتر فریودانی خەڵکی غەزە وفەڵەستین بوو کە لە ڕواڵەت یارمەتی دەدان ولەلایەکیترش لە ژێرەوە دەیەها ڕێکەوتنامەی سیاسی و بازرگانی زەبەلاحی ئیمزا دەکرد لەگەڵ ئیسرائیل.

فرێدمان دەڵێ موخابەراتی ئیسرائیل مۆساد گەورەترین هاریکاری ئەردۆگانی کرد لە کاتی کودەتا لێڵەکە لە ٢٠١٦! هەروەها بە بەرەوانی ئیسرائیل ناکۆکی ئەردۆگان و ترامپ چارەسەر کرا!

بە ڤیدیۆ و بەڵگەی نووسراو هەیە، چۆن ئەردۆگان ٦٥ ملیۆن دۆلار دەداتە ڕێکخراوە جووەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە زۆر دڵسۆزە بۆ جوو و ئیسرائیل...من خەریکە باوەڕدەکەم کە ئەو پیاوە ئەگەر لە بنەڕەتدا جوو نەبێ وەک وای لەسەر نووسراوە لە کتێبێکدا و خۆشی کە لێیان پرسی ڕەتی نەکردەوە، یانیش لەگەڵ سیاسەتی ئیسرائیلدایە لە پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی نوێ. چونکە سەبر وئارامی ئیسرائیل،

لەسەر ئەو کابرایە بێ سنووره ، و ئەگەر بەڕاستی لێی نیگەران بان دەبوایە ئێستا دەمێک با کارێکی پێچەوانە زۆر توونديان کردبا دژی ئەو کابرایە، نەشیان کردبا دەیانتوانی ترامپی پرۆ ئیسرائیلی خۆیان هاندەن بۆ کردنی کارێک...

هەر ئەو ئەردۆگانە، فس فس پاڵەوانەکەی شەقامی ئیسلامی بوو، کە وەك ئەکتەر لەبەرچاوی کامێرا قسەی بە شەمون پیریز بڕی و گووتی ،ئێوە زۆر کارامەن لە کوشتنی ژن و منداڵی فەلەستینیەکان! کە ئەو کاتە هەرایەکی گەورەی شەقامی دەبەنگی ئیسلامی نایەوە، بە پفکردنی ئیخوان و قەرەزاوی و قەرەداغاوی. من لەو رۆژگارە وتارێکم نووسی بە ناونیشانی: ئێوەش وەستان لە کوشتنی ژن و منداڵاندا جەنابی ئەردۆگان!

ببین چۆن ئێستا سواڵی چاکبوونەوەی پەیوەندی تورکیا و ئیسرائیل دەکات، بە بێ گوێدانە شەقامی دەبەنگی ئیسلامی! چونکە ئەگەر دەبەنگ نەبان ئێستا دەبوایە خۆپیشاندان یان لە دژی ئەو دوو ڕوویەی و دژی فریودانی چەندین ساڵەیان کردبا[١].

بەو شێوەیە ئەردۆگان زیهنیەتی هاوڵاتی عەرەبی ناسیوە وفریو داوە، بە وتار و دروشمی بەهێز فریوداوە وياری بە هەست وسۆزی دەکات، لە کاتێکدا لە واقیعدا هەموو دۆزە گرنگەکانی فرۆشتوە لە پێناو بەرژەوەندی شەخسی ونەتەوەیی تورکی!

٢٠١٩/١٢/١٥

[١] أردوغان: تركيا بحاجة إلى إسرائيل | أخبار سكاي نيوز عربية(skynewsarabia.com)

# *ئەردۆگان و ئازەربایجانی ئیسرائیلی!

هەموو ئەوانەی کەمێک شارەزان لە سیاسەت، دەزانن پەیوەندیەکی زۆر توووند وتۆڵ و نائاسایی هەیە لە نێوان ئازەربایجان و ئیسرائیل، لە وەتی ١٩٩٢ وە. سەدان ڕێکەوتنی سەربازی و ئابووری و بازرگانی لە نێوانیاندا واژۆکراوە.

لەوەدەچێ کۆماری ئازەربایجانی بە تورککراو، چونکە تورک نین وگەلێکی ئارياين، بەداخەوە تەتریک کراون، هێندە کێرڤی تورکچیەتیەکەیان بەرزی کردبێت، لە هەموو کارێک و هەنگاوێک شوێنپێی کۆماری تورکیای شۆڤێنی هەڵگرنەوە!

ئەو پەیوەندییەیان لەگەڵ ئیسرائیلیش ڕەنگدانەوەی پەیوەندی پتەو وتوندوتۆڵی تورکیا وئیسرائیله، هەرچەندە ئەردۆگانی دووڕوو بۆ چەواشەکاری پەزانی ئیسلامی یان خرفان المسلمین ڕۆژانە نمایشکاریەک دەکات بۆ ئەوەی خۆی وا نیشان دات دژی ئیسرائیله! بەڵام من چەند جار گوتومە ودەیڵێمەوەش: یاریەکی زۆر قێزەون لە نێوان تورکیا وئیسرائیل دەگوزەرێ، هەردووکیان تەواوکەری یەکترن لە چەواشەکردنی گەلانی موسڵمانی ساویلکەی ناوچەکە، قازانجیشیان بە نیوەییە! تا ئەو پەیوەندیەش هەبێ، کورد هەمیشە زەرەرمەندە!

لەبیرتانە کاتی خۆی چەند نەفەرێکی کوردی ساویلکە وئیسرائیلی مەعلان چەند ئاڵایەکی ئیسرائیل و کوردستان یان پێکەوە دەشەکاندەوە لە کاتی ڕیفراندۆمەکە، ئەردۆگان چۆن بۆ چەواشەکاری هەڕەشەی لە کورد کرد کە چۆن کوفرێکی وادەکەن وپشت بە ئیسرائیل دەبەستن، با ئیسرائیل بگاتە هاناتان!

دەی ئێستا ئازەربایجان بە فڕۆکەی درۆنی هارپی ئیسرائیلی خەریکی گڕ تێبەردانی عەمبارەکانی چەکی ئەرمێنیەکانە، وخەریکە قڕیان تێدەخا. ئینجا گەلی ئازەربایجان لەسەر شەقامەکان بە سەدان ئاڵای ئیسرائیل لە تەک ئاڵای تورکیا دەشەکێنەوە بۆ دەربڕینی سوپاسگوزاریان بۆ دوو دۆستی بە وەفایان ئیسرائیل وتورکیا! بڕوانە ڤیدیۆی هاوپێچ.

ئەخر ئەوەی دەبەنگ نەبێت، دینداری دینی نەکردبێت، دەبێ لەخۆی بپرسێت چۆن ئەردۆگان بە یەک دوو ئاڵای ئیسرائیل لە کوردستان دەوروژێت، بۆ بەو هەموو هەزار ئاڵایەی ئیسرائیل و بەو پەیوەندیە ستراتیژیەی ئازەربایجان وئیسرائیل ناوروژێت؟!

٢٠٢٠/١٠/٤

# بەشی دووەم

# ئەردۆگان و ئەوانەی دەیناسن!

# *ئەو پیاوە زۆر زوو پێشبینی دیکتاتۆریەتی ئەردۆگانی کرد!

محمد علی بیراند زەنگی مەترسی ئاک پارتی زوو لێدا! ئەوەتە پێشبینیەکانی هەمووی بە زیادەوەش هاتە دی. ئەمڕۆ ئەردۆگان دوا قۆناغی دیکتاتۆریەتی خۆی لە ڕاپرسی سیستمی سەرۆکایەتی دەهێنێتە دی، دوای لەناوبردنی هەموو بەربەستەکان.
نوسەری تورکی بەناوبانگ، خوا لێ خۆش بوو، محمد علی بیراند، لە ٢٠٠٨ بەو شێوەیە دوا سەبارەت بە ئەردۆگان وحزبەکەی، لە وتارێکیدا بە ناوی:
( ئامادە بن بۆ تورکیایەکی سەرتاسەر گۆڕاو) "Get ready for a completely transformed Turkey " کە لە ٢٠٠٨/٢/١٢ لە ڕۆژنامەی Turkish Daily News بڵاوی کردۆتەوە تێیدا ترس ودڵەڕاوکێی نێوەندی سیاسی ودەزگای سەربازی تورکیا دەردەبڕێت بەرامبەر ئەو هەنگاوەی ئەو دوایەی حزبی (AKP)... چونکە ڕێژەی ٤٦,٦% دەنگدەرانی ئەو بوێریەی بەو پارتە بەخشی ولە هەمان کاتدا ترسی خستە دڵی نەیارانی...
بە پاڵنەری ئەو ڕێژەیە وبە پاڵپشتی حزبی بزوتنەوەی نەتەوەیی (توندڕەو) MHP، حزبی (AKP) داری خستە نێو شانەی زەردەواڵە، کاتێ بە هۆشیاریەوە دەستی کرد بە ئەنجامدانی گۆڕان لە نێو ئەو دامەزراوانەی کە تورکیا بەڕێوە دەبەن، ئەویش لە ڕێگای دامەزراندنی ئەو فەرمانبەر وکارمەندانەی هەڵگری هەمان بیروڕای خۆیانن لە پۆستە ئیداریە گرنگەکان.
" "گۆڕان بەرکارە لە دادگای دەستوری ولە بۆردی خوێندنی باڵا Higher Board Education (YÖK) وسەرۆک وڕاگری زانکۆکانیش دەگۆڕدرێن، هیچی تر زمانەی ئەمان لە شوێنی خۆیدا نەماوە. ئەو گۆڕانانە تەنها لە سنوری کارمەندەکان ناوەستێ، بەڵکو عەقلیەتێکی نوێ A new mentality هاتۆتە نێو بواری خوێندن و پەروەردەوە..." لەڕووی مالیەوەش وەک بەزمەکەی دوو حزبەکەی خۆمان، دەڵێت:

"پارە دەستاو دەست دەکات. ئەندامانی حزبی AKP بە بەردەوامی دەوڵەمەند دەبن. ئێستا لە هەموو شوێنێکن وهەموو تەندەرەکان (موقاوەلاتەکان) دەبەنەوە...هەروەها کارمەندانی کاروباری دراویش گۆڕاون، ولە بانکی سێنترڵەوە دەستیان پێکردوە" دەربارەی میدیای حزبیشەوە دەڵێت: " هەروەها میدیای AKP بەردەوام لە گەشەسەندنە، لە کاتێکدا میدیای عەلمانیەکان (سێکیولارەکان) گەشەی کەمتر بەخۆوە دەبینن. میدیای ئاینی لە بڵاوبونەوە وپەرەسەندن دایە." "لە کۆتاییدا حزبی AKP کاریگەریەکی زۆرتر دەکاتە سەر ژیانمان لە ڕێگای فەرمانڕەوایی شارەوانیەکان.

جلی تایبەتیان [قەمسەلەی ئەفغانی بۆ نمونە]، وشێوازی قسەکردنیان [پڕی دوعا و زاراوەی دینیە!]، وبۆن وبەرامەیان [عەتری سعودی عەرەبیە ناخۆشەکان!] هەموو دام ودەزگاکانی تورکیای داگیر کردوە.

پێویستە خۆمان ئامادە کەین بۆ ژیان لە نێو تورکیایەکی سەرتاسەر گۆڕاو لە سنوری ٥ تا ١٠ساڵی داهاتودا." ببینە بلیمەتی ئەو بیرمەندە و نووسەرە گەورەیە کە لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا زانیمان کوردە، تا دوا ڕۆژی هەوڵی خزمەتکردنی رەوشی دیموکراسیەت ومافی کورد ومافی مرۆڤی دەدا، ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی حەوت ساڵ هەموو هەنگاوە قۆرخکارەکانی ئەردۆگان وحزبەکەی دەردەکەوێت،پاشگەزبوونەوەش لە زۆر بواری گرنگ ڕوودەدات، کە گرنگترینیان دۆزی کوردە.

٢٠١٧/٤/١٧

# *گوڵەنیش جاروبار ڕاست دەکات!

هەرچەندە من متمانەم بەو فتح الله گوڵەنەش نییە، لەو قسە باشانەی کە دەیکات بەرامبەر کورد، چونکە ئاپۆ دەڵێت هەر کاتێ وەزع هێمن بایەوە لە نێوان کورد و حکومەت، جەماعەتی گوڵەن تێکیان دەدا لە ڕێگای پیاوەکانیان لەناو دەزگاکانی دەوڵەت. بەڵام ئەو تەوسیفەی بۆ ئەردۆگان کە دەڵێت وەک ئەمیری ئیماندارانی جیهانی ئیسلام خۆی دەبینێت زۆر ڕاستە..

کە دەڵێت باوەڕی بە دیموکراتی نییە لەناخەوە ڕاست دەکات، چونکە من دەمێکە لە نەوەتەکانەوە چاودێری کارەکان و هەنگاوەکانی دەکەم! ئینجا باسی شتێک دەکات ئەو تێڕوانینەی من دەسەلمێنێت کە لە زۆر وتاردا ئاماژەم پێی داوە، ئەویش ئەوەیە ئەردۆگان لە یەکەم ڕۆژیەوە باوەڕی بە دیموکراتیەت نەبووە، و فریودانی دەزگای سوپا و دادگا و کورد و هێزە سێکیولارەکان، قۆناغێکی کاتی بوو، تەنها بۆ ئەوە بوو تا دەگات بە دەسەڵاتی ڕەها!

ئەو کودەتایەش هەر نمایشێکی ساختە بوو بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی ڕەها. گوڵەن دەڵێت هێشتا ئەردۆگان سەرۆک شارەوانی ئەستەنبۆڵ بوو، کە هاتە لام ڕاوێژی جیابوونەوەی لە حزبی ڕەفاهی ئەربەکان بە من کرد، چونکە من پشتگیریم نەکرد لەو جیابوونەوە، و ئامۆژگاریم کرد دان بەخۆیدا دابنێ، کە منی بەجێ هێشتبوو، بەو کەسەی نێوانمانی گوتبوو، ئەگەر دەسەڵاتی تورکیا کەوتە دەستم یەکەمجار ئەو گوڵەنە و جەماعەتەکەی لەناو دەبەم!

جا ببینە ئەو ئەردۆگانە چۆن بە پلان و بە یادەوەری پڕ لە حیقدەوە کارەکانی بە هێمنی و بە پیلان بۆ دارێژراو دەکات، بە جۆرێك خەڵک و سیاسەتوان و چاودێری سیاسی نەماوە، ڕۆژێك لە ڕۆژان بە هەنگاوەکانی فریویان نەخواردبێت!

من دڵنیام لە ڕاستی ئەو قسەیەی گوڵەن دەربارەی هەڕەشەکەی ئەردۆگان، چونکە ئەردۆگان زۆر بلیمەت و وریایە لە قینە هەڵگرتن وشەڕدا، دڵنیام کاتێ خۆشی لە کورد نزیك کردەوە، هەروای گووتبوو: "با جارێ لەگەل کورد یاری بکەم تا ڕزگارم دەبێت لە فشاری عەسکەر، و دادگا و دەزگای کەمالیزم ئینجا ئیشیان دەبینم.!" ئاخیری خێر بێت ئەو ئەردۆگانە چاوەڕوانی شەڕی زیاتری لێ دەکرێت، ئینشاڵلا هەر وا خۆبەخۆیی خەریك بن، تا کورد کەمیك دەحەسێتەوە!

٢٠١٦/٨/٤

# *محەمەد عەلی کلایی

## بە مردوویش زەربە قازی خۆی لە ئەردۆگان دا!

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی کلایی، وەك دەڵێن: بە زیندوویی و مردوویی هەر جوان بوویت [طبت حیا و میتا!]

هەزار ئافەرین بۆ خێزانە بە ڕێزەکەی کلایی کە هەلی خۆ نمایشکردنیان بە ئەکتەرە دەبەنگەکەی تورکیا نەدا، ڕەسیدی خۆی پێبەرز کاتەوە لای ئیسلامیە گەمژە و ساویلکەکان، لەسەر حیسابی تەرمی کەڵە پیاوێکی وەک کلایی.

کلایی مرۆڤ دۆست لە وەسیەتنامەیدا داوای لە براکەی کردبوو لەسەر قەبرەکەی وتەیەکی ناوداری مارتن لۆتەر کینگ بنووسن: "هەوڵم دا هەموو مرۆڤایەتیم خۆش بوێت و خزمەتیان بکەم، هەوڵم دا بەڕاستی برسیەکان تێر بکەم و بێ بەرگەکان بپۆشم"

ئەردۆگان بەر لە نوێژی مردوو هەوڵی دا نزیک بێتەوە لە تەرمی کلایی بەڵام پۆلیس و شێخ زەید سەلیم شاکر ئەردۆگانیان بەپاڵ دوورخستەوە، ئەوەش ئەردۆگانی زۆر تورە کرد، هەتا پاش نوێژەکە، الله اکبرەکانی نەدەوتەوە، رووی وا گرژ و بێ گوزارش بوو دەتگووت پەیکەرێکە لە مۆم!

ئەوەی زیاتریش ئەردۆگانی تووڕە کرد، پاسەوانە کەسیەکانی ئەردۆگان یش لەگەڵ کارمەندانی دەزگای ئاسایشی نهێنی بوو بە شەڕیان، کێشەکەیان لێیان گەورە کرد تا بەرپرسی یەکینەکانی تایبەت هاتنە ناو کیسەکەوە و چارەسەریان کرد.! هەر ئەوەش وای لە سەرۆك ئەردۆگان کرد تورە بێت و بەخێرایی شوێنەکە بەجێ بهێڵێت!

وایزانی خێزانی کلاییش وەك عەرەب ساویلکەن بە نواندنێك هەموویان لە خشتە دەبات! نە هێشتیان ئەو دەجالە قورئان بخوێنێت لەسەر تەرمی کلایی، و نەهێشتیان پارچە پەڕۆیەکی کەعبە بخاتە سەر تەرمی ، و دەریشیان خست لە لیستی وتەبێژان.

موسڵمانی وا شەریف و هەقویست بەسەرچاوم

٢٠١٦/٦/١١

## *ترامپ بۆ ئەردۆگان: پیاوێکی کەلـلەڕەق و دەبەنگ مەبە!

لەو ڕۆژانە چەندین تویتم کردوە بە ئینگلیزی لەسەر بێ ڕەوشتی ترامپ لە سووکایەتی کردن بە کوردا، لە جیاتی پۆزش هێنانەوە بۆ ئەو خیانەتە گەورەیەی کە لە کورد و ئەمریکاشی کرد...ئەو گەمژەیە وا نیشان دەدات کە کورد زۆر ترسنۆک وبێ دەسەڵاتن پێمویستیان بە خەڵکیترە بەرگریان لێبکات! هەر ئەو گەمژەیە دەزانێت کورد دڕندەترین شەڕکەری ئەفسانەیی داعشیان تێکشکاند، و ١١ هەزار شەهید و ٢٥دهەزار زامداریان دا لە شەڕیان دژی خەلافەتی داعش! دەشزانێ ئەگەر کورد نەبان ئەمریکای تێوەگلاو دەبوایە زیاتر لە ١١ هەزار سەرباز بکەنە قوربانی، هێشتا دەڵێت باکێ دەیەوێ بەرگری لە کورد بکات بیکات، ڕووسیا بێ، سوریا بێ، یان هەتا ناپلیۆنیش!

دوێنیش لە تورک خراپتر باسی کوردی دەکرد وچوارجار زیاتر گووتی کوردیش فریشتە نین، پەکەکە لە داعش خراپتر نەبن چاکتر نین!

بەڵام کاتێ نامەکی فەرمی ترامپم بۆ ئەردۆگان خوێندەوە، ئەو ڕقەم تۆزێ ڕەویەوە، چونکە ئەو پیاوە وەک کەڵەگای جیهان و قارەمانە تاک وتەنیاکانی فیلمی هۆلیۆد ڕەفتار دەکات، نەک وەک سەرۆکێک بزانێ ڕابردوو و ئێستا چی ڕوویداوە و چی ڕوودەدات..

لە نامەکەیدا کە لە ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ ناردوویەتی بۆ ئەردۆگان دەڵێت: با مامەڵەیەکی چاک بکەین تۆ ناتەوێ ببیتە بەرپرسیار لە کوشتنی هەزاران کەس، منیش نامەوێ ببمە بەرپرس لە ڕوخاندنی ئابووری تورکیا، ودەشیکەم!

من زۆر هەوڵم داوە هەندێ لە کێشەکانت چارەسەر بکەم، جیهان نائومێد مەکە! دەتوانیت سەودایەکی مەزن بکەیت وببەیتەوە .جەنەڕاڵ مەزڵوم ئامادەی دانوستانە لەسەر زۆر بابەت کە لە پێشوودا ئامادەیی نەبووە سەودای لەسەر بکات، ئەوە کۆپیەک لە نامەکەی مەزڵوم بۆ دەنێرم کە ئێستا بە دەستم گەیشتووە.

مێژوو بە چاوێکی چاک سەیرت دەکات ئەگەر ئەو کارەت بە شێوەیەکی دروست و ئینسانیانە ئەنجام دا. ئەگەریش بەچاکی ئەو کارە نەکەیت ئەوە مێژوو وەک شەیتان لێت دەڕوانێ.


پیاوێکی سەخت و پیاوێکی دەبەنگ مەبە!

دوایی زەنگت بۆ لێدەدەم

ئیمزا

ترامپ

بەڕاستی وادیارە ئەو کەرامەت وشۆڤێنیستیەی تورک تەنها بەرامبەر کوردی هەژارە، کە تورک بە کۆیلەی خۆیان لێیان دەڕوانن؟! دەنا گوزارشێکی وا دەرهەق بە سوڵتانی نیو عوسمانی وخەلیفەی ئیخوان وئیسلامی سیاسی بگووترێت، دەبوایە گەورەترین تەنگژەی دیپلۆماسی لیکەوتبایەوە! بەڵام تورکی فاشیست هەر بۆ کورد ئازان، ئەگەر کوردیش وەک ئەوان وڵاتێکی زلهێزی بە ڕاستی لە پشت دەبوو، ئەو کاتە دەمانزانی چۆن لەسەر ئەرز وەک مشک لە دەست کورد ڕایان دەکرد!


1 of 1

THE WHITE HOUSE
WASHINGTON
October 9, 2019

His Excellency
Recep Tayyip Erdogan
President of the Republic of Turkey
Ankara

Dear Mr. President:

Let's work out a good deal! You don't want to be responsible for slaughtering thousands of people, and I don't want to be responsible for destroying the Turkish economy—and I will. I've already given you a little sample with respect to Pastor Brunson.

I have worked hard to solve some of your problems. Don't let the world down. You can make a great deal. General Mazloum is willing to negotiate with you, and he is willing to make concessions that they would never have made in the past. I am confidentially enclosing a copy of his letter to me, just received.

History will look upon you favorably if you get this done the right and humane way. It will look upon you forever as the devil if good things don't happen. Don't be a tough guy. Don't be a fool!

I will call you later.

Sincerely,

# *زۆرانبازێی ماکرۆن و ئەردۆگان جیۆسیاسیە نەك دینی!

بە کورتی فەڕەنسا تەنها هێزێکە زۆر بە جیدی لە ڕووی ئەردۆگان ڕاست بۆتەوە. نەک وەک ئەمریکا و وڵاتانی تری ئەوروپا هەر خەریکی بەرتیلدان و گونشێلانی ئەردۆگان بن. فەرەنسا لە لیبیا دژی ئەردۆگانە وخەریکی لێتێکدانی سەرکێشیەکانیەتی، فەرەنسا لە دەریای سپی ناوەڕاست خەریکی تێکدانی پلانەکانی ئەردۆگانە کە دەیەوێ ببێتە کەڵەگای دەریاکە، وفەرنسا بە هێز و هاریکاریەوە پشتگیری لە یۆنان دەکات.
لە ئازەربایجان هەر فەڕەنسا بوو دژی ناردنی هێزی گەندەخۆر ومورتەزیقەی سوری ئەردۆگان وەستایەوە، لە کوردستانی ڕۆژئاوا وباشوریش فەرەنسا دژی سیاسەتی تورکیایە. کەوابوو فەرەنسا ڕێگرێکی گەورەیە لەبەردەم پلانە گڵاوەکانی ئەردۆگان، کێشەکەی نێوان ئەردۆگان و ماکرۆن دینی نییە بەڵکو جیوسیاسییە.

بەڵام چۆن یەکێ بە هینی خۆی فێربێ، وا ئەردۆگان بە شەقامی ئیسلامی دەبەنگ و فەوزەوی فێرە، هەر پلانێکی هەبێت لەگەڵ دین تێکەڵی دەکات تا ئەو دەبەنگانەی ئیسلامی سیاسی و ئیخوانییەکانی بەکرێگیراوی خۆی بەکاربهێنێت لە هەڵمەتە سیاسیەکانی! ماوەیەکە لەسەر فەرەنسا وماکرۆن کاردەکات، ئیتر پاش لێدوانەکەی ماکرۆن دژی ئیسلامییە جیاخوازەکان، ئەردۆگان زۆر بەجوانی وەبەریهێنا و بە سەرۆکی فەرەنسای گووت بێ ئەدەبە ودەبێ بچێ عەقڵی خۆی بپشکنێ بزانی تەواوە!

ئەو لێدوانانەش خۆی لەخۆیدا بانگەوازە بۆ گایەلە ئیخوانییەکانی، تا دەست بە هێرش وهەڵمەت بکەن بە دەست و بە دەم و میدیا. گایەلیش هەمیشە ئامادەیە کێشەی نییە هێزی لە خشتەبردنی ئەردۆگان بۆ ئەو گایەلە ئیسلامییە تا ڕادەیەکە گەورە وبچوکیان پشتگیری لە شەڕی ئازەربایجان دەکەن لە دژی ئەرمێنیا!

لە کاتێکدا ئەو دەبەنگانە ڕۆژانە جوێن بە ئیسرائیل و شیعەگەرێتی دەدەن، بەڵام کوێرن لە ئاست بینینی کە ئازەربایجان دەوڵەتێکە زیاتر لە ٨٥ %خەڵکەکەی شیعەیە، ومەزهەبی شیعە زاڵە لەوێ، هەروەها دەوڵەتێکە دۆستایەتیەکەی لەگەڵ ئیسرائیل هێندە پتەو وتوندوتۆڵە تورکیاشی تێپەڕاندوە، ئیسرائیل دەیان بنکەی موخابەراتی لەوێ هەیە، هەتا ئێرانی شیعەش تۆقیوە لەو پەیوەندییەی ئازەربایجان وئیسرائیل، بۆیە پشتگیری لە ئەرمێنیا دەکات لەو جەنگە!

ئافەرین ئەردۆگان ئەو ڕۆژەی گایەلی ئیسلامی بە دژی شیعە بجوڵێنیت لە سوریا و شوێنیتر بتوانیت، کەپی هەمان گایەل بە بەرژەوەندی شیعەی دۆستی ئیسرائیل بجوڵێنیت بتوانیت!

ئەو جەماوەرە ئیسلامییە دەبەنگەش ئەمڕۆ ئەردۆگان بە دژی فەرەنسا وماکرۆنی دەجوڵێنێ، لە پێناو بەرژەوەندی سیاسی خۆی وتورک، گایەلی ئیسلامیش لەخۆی ناپرسێ بۆچی من ببمە ئامرازی دەستی ئەردۆگان؟! ئەوە مەغریبیەک و پاکستانیەک وسۆماڵیەک پێی فریویان خوارد لە ڕێگای ئیخوانی و گروپە ئیسلامییەکاتیتر، باشە تۆی کوردی ئیسلامی ڕۆژانە زەبری ئەردۆگان دەبینیت بە کورد دەکەوێت، ئەخر هەی دەبەنگ هەی گایەل تۆ بۆ شەڕی فەرەنسای بۆ دەکەیت؟!

ئەخر تۆی بەناو سەلەفی هەی دەبەنگ، کە لە ڤیدیۆکان باسی کەون وکائینات دەکەیت، لە شۆڕشی پیشەسازیەوە هەتا باسی خێزانی شاهانەی شاژنی بەریتانی، بۆ هێندە دەبەنگ وبێ ئاگایت، دێی خوێنەرە لە خۆت دەبەنگترەکانت هان دەدەیت بۆ پشتگیری ئەردۆگان و دژایەتی فەڕەنسا، گوایە فەڕەنسا شەڕی دینی دەکات و کچی کاسۆلیکیەتە بەرلەوەی دایکی عەلمانیەت بێ!

من نەمزانیوە سەلەفی بیت وخۆت بە سەلەفی بزانیت پشتگیری گەمبۆرەکی وەک ئەردۆگان بکەیت، کە ئەگەر دینیشی هەبێت بێ گومان سەلەفی نابێت!

٢٠٢٠/١٠/٢٥

# *عەبدوڵڵا گول هەڵوێستی ئازاد و هەڵوێستی کۆیلە

عەبدوڵلا گول هەڤاڵی ڕێی ئەردۆگان و دامەزرێنەرێکی ئاک پارتی و سەرۆک کۆماری پێشووی تورکیا، زۆر دەمێکە لە ململانێدایە لەسەر ئەو نەزعە دیکتاتۆرەی ئەردۆگان ئاراستە دەکات.
هێشتا خەڵك زۆر شارەزای ئەو لایەنە نهێنیەی ئەردۆگان نەببوون، ئەو لەو کاتەوە هەواڵی ناکۆکیەکانی لەگەڵ ئەردۆگان لەسەر مەیلی دیکتاتۆریەتی دزەیان دەکرد بۆ میدیا.
ئەو پیاوە سەلماندی کە کەسێکی ئازاد و ڕێزدارە، کاتێ لەو کاتە ناسکەدا ئەو بۆمبە بەهێزە لە ڕووی ئەردۆگان دەتەقێنێتەوە، وهەموو بەربەستی تورکیەتی و ئیسلامیزمی دەبەزێنێت و سەرکەوتنی هەدەپە بە پێویست دەزانێت بۆ سەقامگیری دیموکراتیەت لە تورکیا .لە هەمان کاتیشدا ئەردۆگان بە مەترسی بۆسەر دیموکراتیەت دەزانێت.
بڕۆن بەراوردی ئەو هەڵوێستە ئازادەی کەسێکی ئازاد بکەن بە هەڵوێستی کۆیلە ئیسلامی و ئیخوانچی و کوردچیەکانی کورد بۆ پێڵاولیستنەوەی ئەردۆگان، کە لەو کاتانەدا ڕاپۆرت لەسەر هەدەپە و دەنگدانی گەیەکان و هاوڕەگەزبازەکان بۆی دەکات، لە جیاتی ڕاپۆرت لەسەر ئەو هەموو تاوان و کوشتار و گرتن وڕاوانانەی ئەردۆگان بکات!
ئەوە ئەو شتەیە کە فەیلەسوفەکانی گریک باسیان دەکرد لە جیاوازی نێوان ڕەوشتی مرۆڤی ئازاد و مرۆڤی کۆیلە.

٢٩/١٠/٢٠١٥

# بەشی سێیەم

# ئەردۆگان دیموکراتێکی دوو ڕووی چەواشەکار

# *ئەردۆگان و حزبی دادو گەشەپێدان لە سێکیولاریزمی بۆ ئیسلامیزم!

ئەمڕۆ جیهانی ئیسلام هەمان جیهانە یەکڕەنگ‌و ئاساییەکەی پیش هاتنی ئیمپریالیزم‌و پاش ئەو گەشەکردنە زانستی‌و تێکنۆلۆژی و مەعریفییە نییە. بمانەوێت، یان نا ئەمڕۆ چەندین بیروبۆچوون‌و ئایدیۆلۆجیاو ئایین‌و ئاڕاستەی جۆراوجۆر لەو جیهانە پان‌و بەرینەی ئیسلامدا دەژین. دەبێت بزانین چۆن سەرکەوتوو دەبین لە هونەری لەگەڵ یەکتر ژیاندا، نەك هەر خەریکی فریودانی یەکترو کودەتا لە یەکتر کردن‌و چەوساندنەوەو دەمکوتکردنی یەکتر بین.

ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامدا چەندین بزاڤی ئیسلامی لە ئارادان لەوپەڕی توندڕەویی جیهادییەوە بۆ ئەوپەڕی میانڕەوەوە، ئەگەر میانڕەوی مانای ون نەکردبێت! هەموو لایەك دەزانن بزاڤە توندڕەوەکان چ گورزێکیان لە ئیسلام‌و موسوڵمانان‌و ئاسایشی تاك‌و کۆمەڵ داوە.

لە بەرانبەریشدا رژێمە سێکیولارە فاشیستەکان تەنها بە عەقڵییەتی ئەمنی دەیانەوێت چارەسەری قەیرانەکە بکەن بێ ئەوەی ماندوو بن لە بەکارهێنان‌و بەکارهێنانەوەی ئەو چارەسەرە ئەمنییەو بێ ئەوەی سەریشبکەون تیایدا، لەو نێوە ئەوەی زەرەرمەندە کۆی گەلانی موسوڵمانە، کە لەبەر ئەو کێشە نەزۆکەی دوژمنایەتی نیوان دەسەڵاتی بەنێو سێکیولارو گرووپ‌و حزبە ئیسلامییەکان، گەورەترین باج دەدەن لە ژیان‌و وزەو تواناو دەرفەتی پێشکەوتنیان‌و لە دواکەوتنی ژیاریدا.

لەو بارەیەوە بزاڤە ئیسلامییە میانڕەوەکان سەرەڕای ئەوەی هەوڵدەدەن بیسەلمێنن کە ئەوان نزیکترن لە چەمکە دیمۆکراسییەکان و هەردەم نمونە بە ئەزموونی وەک ئەزموونی میسرو تونسی بەهاری عەرەبی و بەرلەوەش بە ئەزموونی دادو گەشەپێدان لە تورکیادا دەهێننەوە، و دەڵێن کە سەرانیان کە باگراوندێکی ئیسلامیان هەیە تا رادەیەکی زۆر

سەرکەوتنیان بەدەستهینا لە پاراستنی یەکڕیزیو ئاسایشی نەتەوەییو ڕێزگرتن لە ڕەنگە جیاوازەکان! کەچی لە ژێر دەسەڵاتی سوپادا، تورکیا ببووە کێڵگەی کودەتاو سڕینەوەی نەیارو هەڵوەشاندنەوەی حزبەکانو زیندانیکردنی کەسایەتییەکانو قەدەغەکردنی رواڵەتە دیینییەکانی وەک حیجابو ریشو گەلێك شتیتریش، هەروەها لە پاش کودەتاکەی میسریش بە سەر دەسەڵاتی هەڵبژێردراوی سەرۆك مورسی و بە سەر ئیخواندا.

لەو نێوە حزبی دادو گەشەپێدان، لە نێو ئەزموونی ئەو هەموو کودەتا سەربازییەو ئەو هەموو چەوساندنەوەو قەدەغەکردنی ئازادی دەربڕینو پۆشیندا، لە ساڵی ٢٠٠٠دا سەریهەڵدا پاش جیابوونەوە لە حزبی فەزیلە، بە رابەرێتی ئەردۆگانو گویلو ئەحمەد داود ئۆغلۆ بە ئایدیۆلۆجییەتێکی دیمۆکراسی موحافیزکارانە، کە بە پێی خۆناساندنیان لە سەر بیرۆکەی یەکتر قبوڵکردنو تەبایی دامەزراوە، نەك لە سەر بنچینەی کیشمەکێشو بەگژیەکترداچووندا، و دەشیانگووت سیاسەت دەکەن بێ ئەوەی دینیش بەکاربهێنن لە کێشەی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا.

لە سەرەتادا ئەو حزبە توانی جۆرێك لە تەوافوقیو تەبایی پیشکەشی کۆمەڵ بکات لە سەر بنچینەی چارەسەری مام ناوەندی مێژوویی لە نیوان توندڕەوی سێکیولاریستو توندڕەوی ئایینیدا. توانی خۆی وا دەرخات کە ڕێز لە بیروباوەری ئیسلامییەکان دەگرێتو مافیان لە ئازادی دەربڕین و پۆشیندا دەگرێت. و لە هەمان کاتیشدا ریز بگرێت لە بنچینەکانی دیمۆکراسییەت و پلورالیزم. ئەو ریزگرتنە لە پلورالیزمییە لە سەرەتای دەسەڵاتی داد و گەشەپێدان دەگەیشتە مافی کوردیش، بە جۆرێك لە سەردەمی هیچ حکومەتێکی تورکیدا کێشەی کورد هێندە بایەخی میدیایی وسیاسی بە خۆییەوە نەدیتبوو.

بەڵام دوایی دەرکەوت کە ئەردۆگان بە نۆرە خەریکی سەرکوتکردنی هێزەکانی تورکیا بوو، هێشتا نۆرەی کورد نەهاتبوو، بۆیە ئێمە فریومان پێی خواردبوو! ئاك پارتی لەو سیاسەتە بەراییەیدا سەرکەوتنێکی زۆری بەدەست هێنا لە بوارە جیاجیاکانی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیدا، کە ببوە هۆی قەڵسبوونی هەندێک نوخبەی سێکیولارو بەڵکو دینیش لە

ناوەوە، وەک کۆمەڵی (خزمەتی) گوڵەنەکان، دیارە گوڵەنیەکان زووتر هەستیان بەو نەزعەیە دیکتاتۆریەی ئەردۆگان کردبوو، بۆیە وردە وردە لێی دووردەکەوتنەوە.
ئەردۆگانیش گوڵەن‌و جەماعەتەکەی تاوانبار کرد بە دروستکردنی دەوڵەتێکی هاوتەریب لە نێو دەوڵەتدا، کە تەحەدای دەسەڵاتی حکومەتی هەڵبژێردراوی ئەوان دەکەن‌و ئامادەکاری دەکەن بۆ ئەنجامدانی کودەتایەك لە دژیدا. حزبی دادو گەشەپێدان هەر لە یەکەم رۆژییەوە جەختی لە سەر ئەوە دەکردەوە، کە هەرگیز نابێتە بەدیلی حزبە ئیسلامییە ئایدیۆلۆژیە کلاسیکییەکان، پشت ئەستوور بوون بە ئەزموونی خزمەتکردنیان لە شارەوانییەکانی ئەستەنبوڵ و شارە گەورەکانیتر.
ئیدیعای دەکرد کە چارەسەری ئەو قەیرانە توندڕەوییە لە هەردوولا (ئیسلامی‌و سێکیولار) لە پێناو تەبایی کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا، دەبێت بە روحیەتێکی نوێی تەواو دیموکراتی‌و بێ هەڵاوێردن کاری سیاسی بکەن‌و تا بکرێت لە شەڕی ئایدیۆلۆجی دووربکەونەوەو رێز لە جیاوازییەکان بگرن.
ئایە حزبی دادو گەشەپێدان دەرچوو لە ژێر کەوای ئیسلامی سیاسی؟!
حزبی دادو گەشەپێدان لە یەکەم رۆژی هاتنیدا بۆ سەر دەسەڵات ۲۰۰۲و پاش جیابوونەوەی لە حزبی فەزیلەی ئەربەکان هەوڵیدەدا بە هیچ جۆرێك وتاری تەقلیدی ئیسلامی سیاسی عەرەبی پەیڕەو نەکات. هەر لە یەکەمین ڕۆژەکاندا ئەردۆگان دەیگووت: "زۆر هەڵەیە حزب یەکسان بکەین بە ئایین‌و ئایین بە سیاسەت.
ئێمە ئامانجمان دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی نییە، حزبێکی تیۆکراسیش نین، بەڵام لە حاڵەتی هاتنە ناوەوەی خەڵکی ئیندار بۆ نێو ژیانی سیاسی لەگەڵ نەکردنە پێوەری ئایینی بە مەرجەعیەتی خۆیان. ناکرێت لەو حاڵەتەدا باسی ئیسلامی سیاسی بکەین"، هەروەها عەبدوڵلا گویل لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (شرق الاوسط)دا گووتی: "ناومان مەنێن ئیسلامی، ئێمە حزبێکی ئەوروپی موحافیزکاری نوێین.
دەکرێت وەسفمان بکەن وەک دیموکراسە موسوڵمانەکان، بە هەمان شێوەی دیموکراسە مەسیحییەکان لە وڵاتانی‌تری ئەوروپا. تێکەڵکردنی ئایین بە سیاسەت زیان بە

هەردووکیان دەگەیەنێت، چونکە پرنسیپی ئایینی پارێزراوە بە سروشتی خۆی بەرانبەر هەر گۆڕانێك، بەڵام سیاسەت بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە، وەك وەڵامدانەوە بۆ واقیع

." حزبی دادو گەشەپێدان وەک خاوەن درێژترین ماوەی دەسەڵات لە تورکیادا بێ مونافیسێکی وەها، زۆرجار لە لایەن نوخبەی فەرهەنگی سێکیولاری تورکیو دەرەوەی تورکیاش، گومانی دەخرایە سەر نیازی، بە هۆی بە سوك رووانینە خواردنەوە کهولییەکانو برەودان بە خوێندن و پەروەردەی دینیو چەندین سیاسەتی دینی تر.

بۆیە پرسیاردەکرێت، ئایا بڵێی رۆژێك ئەو حزبە دەسەڵاتو باڵادەستی خۆی بەکاربهێنێت بۆ جێبەجێکردنی شەریعەت و هەڵگەڕانەوە لە پەیمانە دیموکراتیەکان لە ژێر کاریگەری ئیسلامی سیاسی تەقلیدی لە تورکیادا؟ جەیمس جیفری و سۆنەر کاگپاتی James F. Jeffrey و Soner Cagaptay لە پەیمانگای واشنۆتن دەڵێن: "وەڵامی ئەو پرسیارە نەخێرە، چونکە ئەدگاری مێژوویيو سیاسی دەگمەنی تورکیا دەیکاتە خاکێکی نەگونجاو بۆ پیادەکردنی شەریعەت، یان دەرکەوتنی ئیسلامێکی رادیکاڵی."

جیاواز لە وڵاتانیتری عەرەبیو هەتا کوردیش وشەی پیادەی شەریعەت ئەو شەوقو زەوقەی نییە لە نێو خەڵکی تورکیادا هەتا دینداره‌کانیش، چونکە لە رێگای میراتی سێکیولاری تورکیاو ئاوێتەبوونیان بە شیوازی ژیانی خۆرئاوایی لە سەردەمی کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە، ئەو دەستەواژەیە (پیادەکردنی شەریعەت) ئیحائێکی نیگەتیڤی وەرگرتووە وەک هاکان یافوز، پسپۆر لە کاروباری تورکیا ئاماژەی پێکردووەو وتوویەتی: پرۆسەی بەئیسلامیکردن لە سەر چەقی پیادەکردنی شەریعەت ناسوڕێتەوە، بەڵکو زیاتر لە سەر ئیسلامی ئەخلاقیو رەوشتی دەخولێتەوە.

لە کاتێکدا بە پێی راپرسییەك، کە پرۆژەی پیو بۆ توێژینەوەکانی ئاڕاستەی جیهانی Pew Research Global Attitudes Project زیاتر لە ٨٠% پاکستانيو میسری پشتگیری لە پیادەکردنی شەریعەت دەکەن بەوپەڕی توندییەوە، بەڵام ئەو رێژەیە لە تورکیا لە ١٦% تێناپەڕێت بەر لە هاتنی حزبی دادو گەشەپێدان بۆ دەسەڵاتو تا ئەمڕۆش ئەو حزبە لە ٢٠٠٢ هەتا ئەمڕۆ لە سەر دەسەڵاتە.

زۆرجار کەسانێک کاتی خۆی وەسفی ئەردۆگانیان دەکرد بە ئیخوانی، یان دەرچووی قوتابخانەی ئیخوان، یان دەیانگووت کەوتۆتە ژێر کاریگەریی تێزەکانی راشد غەنوشی، بەڵام وەک چاودێرێکی بەردەوامی گۆڕەپانی ئیسلامی سیاسی و میژووەکەی، بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەردۆگانو حزبی دادو گەشەپێدان لە رووی بونیادی فیکریو سیاسییەوە لە بەراییدا، بە تەواوی جیابوو لە ئیخوان و چەندین قۆناغ پێش ئیخوان کەوتبووەوە لە خوێندنەوەی واقیعو تێگەیشتنیو رەفتار لەگەڵ کردنیدا، ئینجا راشد غەنوشیش بە چەند قۆناغێکی کەم لە پێش ئیخوانی تەقلیدییەکە بوو لەو بوارەدا، بەڵام دەبوایە غەنوشیو ئیخوان وەک قوتابی دابنیشن بۆ فێربوون لە ئەردۆگانو حزبی دادو گەشەپێدان، ئەگەر نەیگۆڕیبا!

حەیفە ئەردۆگان و ئاك پارتی پاش ئەو هەموو دەسکەوتە سیاسیانەی لە تورکیا بەدەستیان هێنا، خیانەت لە پرنسیپی دەوڵەتی یاسا و دیموکراتیەت بکات، و بکەوێتەوە ژێر کاریگەریی ئیسلامی سیاسیدا. ئەوەی زیاتر بە روونی ئاماژەی دەکرد بەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان عەقڵییەتی ئەردۆگانو حزبی دادو گەشەپێدان لەگەڵ عەقڵییەتی ئیخوان لە نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠١٢ کاتێك ئەردوگان سەردانی میسری کرد، هەر بەو وەهمە جەماوەری ئیخوان بە گەرمی پێشوازییان لە ئەردۆگان کرد بە دروشمی ئایینیو هیتافی پڕ لە جۆش و خرۆشی دینییەوە، بەڵام کاتێك ئەردۆگان وتاری بۆ دان، گوتی: "زۆر پێویستە حکومەتێکی سیکیولاری دیمۆکراسی پێکبهێنن، کە ئازادییە دینییەکان دەستەبەر بکات بۆ هەمووان" جەماوەری ئیخوان زۆر تووڕەبوون لێیو دەیانگووت پێویستمان بە ئەردۆگان نییە ئێمە فێری چۆنییەتی سیاسەتکردن بکات.

بەڵام بەڕاستی پێویستیان بوو، کەچی بەداخەوە لە جیاتی ئەوان لە ئەردۆگان فێری حوکمی دیموکراسی بن، بە پێچەوانەوە ئەردۆگان پەتای ئیسلامی سیاسی مێژوویی زەفەری پێ برد، بە قەرەزاوی و قەرەداغی و ستایشەکانی ئیخوان، بە تایبەتی پاش لادانیان لە حوکمی میسر، فریوی خوارد، هەنگاوی خێرای بۆ دواوە نا، بۆ دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ دزێوترین فۆرمی ئیسلامی سیاسی وەك داعش و توندڕەوانیتر!

هەوڵێك بۆ دۆزینەوەی چارەسەر

بەر لەو گۆڕانکاریە نێگەتیڤە کارەسات ئامێزانە، ئەردۆگان‌و حزبی دادو گەشەپێدان نەدەکرا لە خانەی ئیسلامی سیاسی حسێب بکرێن، بە رای ئێمە ئەردۆگان‌و حزبی دادو گەشەپێدان توانیبوویان تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر عەبای ئیسلامی سیاسی بە هەموو مەقولاتە تەقلیدییەکانی‌و تا ڕادەیەکی باشیش لە ژیر چەتری سێکیولاریەتی توندڕەوی شەرقی، بە هەموو بۆچوون‌و رەفتارە ناقۆلاکانی دەربچن، و هەوڵێك بدات بۆ دۆزینەوەی رێگای سێیەم بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەو شەڕە دوانییەکانی وەك ئیسلام و سیکیولاریزم، موحافیزکاری و مۆدرینیزم، هەق‌و ناهەق‌و تاریکی‌و رووناکی.. هتد .

بە رای من ئەو رێگایەی سێیەم، گوزارش لە ئامانج و ئاواتی زۆربەی هەرەزۆری گەلانی موسڵمانی جیهانی ئیسلام دەکات، هەر بۆیەش ئەردۆگان بەردەوام ئەو هەموو دەنگەی دەهێنا، چونکە خۆی وەك هەڵگری ئەو پڕۆژەیە نیشان دەدا! بەڵام بەداخەوە دەرکەوت کە ئەو پیاوە لە ئاستی ئەو پڕۆژە مەزنەدا نییە، و ئەو ڕێگایە کەسایەتییەکی بوێرو بلیمەت و دامەزراوی، هاوسەنگی دەویست بۆ بە دامەزراوکردنی و هێنانەدی، نەك بەستنەوەی بە کەسێکی هەڵگری هەموو ڤایرۆسەکانی نەتەوەپەرستی ئەتاتۆرک و تۆڕانیەت و ڕوحیەتی شەڕانگێژی ئسوڵیەتی دینی، سەرەڕای تێزە نوشوست هێنەرەکانی ئیسلامی سیاسی، کە دەرکەوت ئەردۆگان لێی ڕزگاری نەبووە، بەڵکو چاوەڕێی قۆناغی دەستباڵایی یان بە زاراوەی ئیسلامی سیاسی حەرەکی، تەمکینی دەکرد بۆ دەرکەوتنی.

ئەردۆگان، لەبەر ئەو هۆکارە فیکریانە بوو نەیتوانی وەك هەر سەرۆکێکی دیموکرات واز لە دەسەڵات بهێنێت و پاش ئەو هەموو ساڵەی حوکم، کەسێکی تری نەدۆزیەوە درێژە بە کاروانەکە بدات، وبەو ئەنجامە گەیشت بەو شێوەیە هەڵگەڕێتەوە لە بەهاکانی دیموکراسیەت و جەوێکی پڕ لە توندوتیژی وتۆقاندن و دیکتاتۆریەت و گەندەڵی لە تورکیا دروست بکات !

ئەو ڕێگایەی سێیەمەش چاکترین چارەسەرە بۆ دەربازبوونی ئیسلامی سیاسی لەو چاڵە مێژووییەی، کە تێیکەوتووە و بە سەدان هەزار قوربانی دەبەخشێت لە پێناو بیروڕایە کێشەدارەکانیو بێ ئەوەی پێداچوونەوەیەکی جیدی بکات بە کۆی میراتی دینیو سیاسیدا.

دەکرا ئەزموونی داد و گەشەپێدان ئەگەر هەڵنەگەڕابایەوە لە پەیمانەکانی، ببێتە نموونەی ئەو حزب و دەسەڵاتەی کە دەیەوێت خزمەت بکات بە دەوڵەتو بە میللەتان، رابەرانی بە شێوەیەکی هاوسەنگ و عەقلانی رەفتار لەگەڵ دینو دەوڵەتو ئازادییەکاندا بکەن. خەونو دڕدۆنگی بە خەڵك نەفرۆشنەوەو دەست بە توێکڵەکان نەگرن لە بری کرۆك، و ئیلهام لە رۆحی سەردەم وەرگرێت.

دەرکەوت ئیسلامی سیاسی ئەمانی نییە!

ئەو پێست گۆڕینەی ئەردۆگان و ئیسلامیەکان بەو خێراییە پێوانەییە لە ئیسلامی سیاسی ئەربەکانیەوە بۆ دیموکراتیەکی هاوسەنگی ئەنگلۆساکسۆنی بۆ فاشستی دینی، وا لە نێوەندی سیاسی و مرۆڤی دیموکرات و مەدەنیخواز دەکات، هیچ هەست بە ئەمان نەکەن، لەگەڵ هەر فیگەرێکی ئیسلامی سیاسی، هەتا ئیدیعای ئەوپەڕی دیموکراتیەتیش بکات .

چونکە ئەزموونی ئەردۆگان و ئاك پارتی هەموو هۆکارێکی مێژوویی و بابەتی و جوگرافیشی بۆ لەبار بوو، بۆ ئەوەی ئەزموونێکی سەرکەوتووی لێ دەربچێت! بەڵام لەبارچوونی ئەو ئەزموونە لە لوتکەی هێزیدا، و پاشگەزبوونەوەی لە پاراستنی بەها دیموکراتیەکانی کۆمەڵگای تورکیا، دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ دڕندەترین و تیرۆرسترین هێزی دینی ئیسلامیدا، مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی کە ئەستەمە متمانە بکەیت بە کەسێکی ناو بازنەی ئیسلامی سیاسی یان لە ژێر کاریگەری ئەو بازنەیە، بتوانێت کۆمەڵگایەکی دیموکراتیت بۆ بنیات بنێت .

من چاوەڕوان بووم لەگەڵ قۆناغی ئاك پارتی و دیاردەی ئەردۆگان، قۆناغی پۆست ئیسلامی سیاسی [ما بعد الاسلام السياسي] دەست پێبکات و زۆربەی مەقولات و

پرنسیپە نامرۆیی و نائینسانیەکانی ئیسلامی سیاسی تێپەڕێنێت، نەك پاش بڕینی نیوەی ڕێگا هەڵگەڕێتەوە بۆ ختوکەدانی هەستی شۆڤێنیزمی دینی و نەتەوەیی !
سێکیولارەکانی جیهانی ئیسلام هەردەم بە گومان بوون لە هاتنە سەر دەسەڵاتی ئیسلامیەکانەوە، بۆیە هەموو شتێکیان دەکرد بۆ بەربەست دروستکردن لەبەردەمیان! هەرچەندە ئەوانیش فریشتە نەبوون، بەڵام دەرکەوت ڕاستیان دەکرد لە گومانەکانیان! کاتی خۆی ئیمە زۆر پەست دەبووین بەو بەدگومانی و ستەمانەی لە گروپەکانی ئیسلامی سیاسی دەکرا، هەر لە سۆنگەی ئەو ستەمانەوەش، باوەڕمان بە دیموکراتیان نەبوو .

کاتێك بەرەی ئینقازی ئیسلامی جەزائیر لە دیسەمبەری ١٩٩١ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی بە ڕێژەیەکی بەرز بردیەوە، کە دوایی نوخبەی عەلمانی و جەنەرالەکان ئەنجامەکەیان بەتاڵ کردەوە و بەرەی ئینقازیشیان هەڵوەشاندەوە. لە بیرمە خەڵکانێکی سێکیولاری زۆر خۆشحاڵیان نیشان دەدا بەو کودەتایە، ئێمە وەك حالەتێکی نا دیموکراتی و نا تەندروست سەیری ئەو کەسانەمان دەکردن، کە چەندە دژی دیموکراتیەتن!

لە بیرمە لە ساڵی ٢٠٠١ بوو لە کەناڵی میدیا لە بروکسڵ لە بەرنامەیەکی کاک جەبار قادر میوان بووم، لەسەر کێشەی عەلمانیەت وئیسلامیەت، کاتێ من ئاماژەم بە ساختەیی دیموکراتیەت کرد و نمونەی بەرەی ئینقازم هێنایەوە، کاک جەبار گووتی: بەڵام خەڵکانێك دەڵێن ئەگەر دەسەڵاتیان گرتە دەست جارێکیتر بەری نادەن، و دیموکراسیەت دەسڕنەوە! من گووتم ئێوە بۆ گومانی خراپ دەکەن بەرلە ڕوودانی؟!

ئەو کاتە زۆر قەناعەتم بەو ڕایەم هەبوو! بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا تا دەهات باوەڕم بەو وەڵامەم کز دەبوو، چونکە چەندە زیاتر شارەزای دید ومەزاجی ئیسلامی سیاسی دەبووم زیاتر باوەڕم بەو ڕایەم لاواز دەبوو، کە زەحمەتە ئیسلامیەکان لە ڕێگای دیموکراسیەت دەسەڵات وەرگرن، ئاواش ئەگەر لە ڕێگای دیموکراسیەتەوە ئەگەر سەرنەکەوتن، دەسەڵات ڕادەستی سەرکەوتوو بکەنەوە! ئەوەش لەسەر هێزە

سێکیولارەکانی جیهانی ئیسلامیش جێبەجێ دەبێت، بەڵام قۆرخکردنی دەسەڵات بە هێزی وتار و ئاڕاستەی دینی، زۆر ترسناکتر و درێژخایەنتر و بەزیانترە لە دەسەڵاتێکی نادینی نا موقەدەسکراودا.

ئەوەشی قەناعەتی پتەوکردم بەو تێزە، ئەگەر کەسێکی وەك ئەردۆگان لە وڵاتێکی نیمچە ئەوروپی و ڕابەری حزبێکی نیمچە سێکیولار و دیموکەاتخواز، کە رۆژێکیش داوای حوکمی ئیسلامی نەکردبێت، وا دوچاری هەڵاوسانی گرێی خۆپەرستی و دیکتاتۆریەتی دینی ببێت لە کار و ڕەفتارەکانی، کەوابوو سێکیولارەکان و دیموکراتخوازەکان تاڕادەیەکی زۆر لەسەر هەق بوون، کە ترسێکی هەمیشەییان هەبوو وهەیە لە هەر کەسێك لە بازنەی ئیسلامی سیاسیدا بێت، یان هەتا تەنها باگراوندێکی ئیسلامی سیاسی هەبوو بێت وەك ئەردۆگان، هەرچەند هەوڵیشیدا دیکۆرێکی سێکیولاری و دیموکراسی بۆ خۆی چێ بکات. حاڵەتی ئەردۆگان گومانەکانی من و خەڵکیتریشی زیاتر بەهێزتر کرد، چونکە بەر لە چەندین ساڵ وتارێکی محەمەد عەلی پیراندی ڕەحمەتیم خوێندەوە، کە باسی دیاردەی ئیسلامیزە کردنی کۆمەڵگا و دام ودەزگاکانی دەوڵەتی تورکیای دەکرد، دەیگووت هەموو ڕوخسارەکان و ڕەفتارەکان وردە وردە ڕۆژانە دەگۆڕێن، هەتا ئەو بۆن و پێرفیومەی لێشی دەدەن جیایە لەوەی پێشوو!

ئەمڕۆ ئەو ئیسلامیانە و ڕەفتار داعشیانە پڕبوونەتە ناو دامودەزگا مەدەنی و دادگاکان و پۆلیس و ئاسایش و سەربازیەکانی دەوڵەت، هەتا ئەو هێزە سەرکوتکەرانەی ئەردۆگان ڕەوانەی کوردستانی باکووری کردوە هەمووی ڕیشنی داعشین، بە ڕوحیەتی بەرگری کردن لە دەوڵەتی ئیسلامی سوڵتان، دژی کوردی پلانگێڕی بێ ئیمان دەجەنگن، وبەو پەڕی قەسوەتی داعشیەوە دەست لە منداڵ و پیر و ژنیش ناپارێزن !
ئەو ئیسلامیزەکردنەی کۆمەڵ میزاجی شەقامی تورکی گۆڕیوە لە میزاجێکی کەمالیستی شۆڤێنی بۆ مەزاجێکی ئیسلامی شۆڤێنی تێکهەڵکێشراو بە شۆڤێنیەتی کەمالی تۆڕانی. ئێستا دەزانم کاتی خۆی دەسەلاتی جەزائیر لەو بۆ چوونەیان ڕاست بوون، کە مەترسیە

دەسەڵات بکەوێتە دەستی ئیسلامیەکان، کە دوایی چەندین وتار و سمینارەکانی پیاوانی بەرەی ئینقازم بیستەوە کە چۆن هەڕەشەیان دەکرد لە سوپا وهێزەکانی تر بە سڕینەوە، و دەیانگووت جارێکیتر چاوتان بە دەسەڵات ناکەوێتەوە، ئێمە دینی خوا ناخەینە بواری هەڵبژاردن و ڕای خەڵکەوە!

بۆم دەرکەوت کە ناهەقیان نەبوو نەیان هێشت دەسەڵات بکەوێتە دەستیان، چونکە دیار بوو دەیانویست دیموکراسی بۆ تەنها جارێك بەکاری بهێنن، ئەویش تا پێی دەگەن بە دەسەڵات. دڵنیام ڕۆژگار ڕاستی سیسی میسریشمان بۆ دەسەلمێنێت، ئاماژەکان و دەرەنجامە لۆژیکییەکان دەڵێن ئیخوان کە مامۆستای ئیسلامی سیاسی ئێرانی وتورکییە، وئیلهام بەخشیانە، لە حوکمی ئێرانی شیعی و لە ئەردۆگانی خراپتریان دەکرد پاش خۆ دامەزراندن.
باوەڕناکەم لە ئەردۆگان دیموکراتیتر بن لە هیچ ئەحواڵێك؟! چونکە ئەردۆگان کە کوڕی وڵاتێکی سێکیولاری دیموکرات وا بکات، کە داب ونەرێتی سێکیولاری دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکای دەوڵەتی عوسمانی، و ئەوەی کە ئامۆژگاری ئیخوانەکانی دەکرد میانڕەو و دیموکرات بن ئەو دراگۆلایەی لێ دەربچێت، دەبێت ئیخوان چی لێدەرچێت !!!
باشە ئەگەر ئیخوانێك بەو بیرە داخراوەی حەسەن بەنا کە لە بنەڕەتدا سەرسام بوو بە شۆڤێنیزم و ستایشی مۆسۆلینی دەکرد! و بەو فەرهەنگە هەژارەی دوور لە دیموکراتیەت و تۆلەرانسەوە، بە تەواوی دەستی بەسەر حوکم داگرتبا دەبوایە چ وەحشێکی لێ پەیدا ببا و چی کردبا؟!

چ جیاوازیەك هەیە لە نێوان دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی، و هێما پەنهانەکانی وەك ئەردۆگان، لەگەڵ دەسەڵاتە تورکچیە بەناو سێکیولارە گەندەڵە و دیکتاتۆر و ستەمکارەکان؟! دەبێت جیاوازی ئەردۆگان چ بێت بۆ کورد لەگەڵ هەر حکومەتێکی تری تورکی تۆڕانی؟! لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی سەلماندیان کە پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی لە کاڵترین و میانڕەوترین فۆرمیدا نەیتوانی چارەسەریەکی جیاواز بۆ کێشەکانی

خەڵك و میللەتان پێشکەش بکات، ئەوەش ئەگەر هیچ سودێکی نەبێت، سوودی ئەوەیە کە سیحری ئیسلامی سیاسیش بەتاڵ بوەوە، هیچیتر ناتوانێت خەڵك فریوبدات بە دروشمی ئیسلام چارەسەری هەموو دەردانە، و سێکیولاریزم بنچینەی دەردەکانە، چونکە لێك دەچن لە ڕووی گەندەڵی و نشوستی و تۆتالیرزمی و خوێن هەڕاج و هەرزانکردنی ئادەمیزاد.

بەڵام سێکیولاریزم هەر تای تەرازووی سەردەکات بەسەر ئیسلامیزمی سیاسی، چونکە چاکترین نمونەی ئیسلامی سیاسی ئەردۆگانی لێکەوتەوە، بەڵام چاکترین نمونەی سێکیولاریزم سیستمە پێشکەوتوەکانی خۆرئاوا و ئەوروپا و ئەمریکای لێکەوتەوە، کە مرۆڤەکان سەرەڕای جیاوازی دینی و ڕەگەزیان، بە درێژایی مێژووی هێندە ڕیز و کەرامەت و ئازادی و مافی نەپارێزراوە. مستەفا مەحمود دەڵێت: "دوژمنان لە پێناو بردنەوەی جەنگەکەیان پێش دەستپێکردنی، ئیسلامی سیاسییان کردە دوژمنو ناحەز بە دیمۆکراسیەت. کەسانی سادەو ساویلکە لە موسوڵمانان کەوتنە تەڵەکەوە، لەگەڵ ئەوان وتیانەوە دیمۆکراسییەت کوفرە، ئەوەش ئەوپەڕی ئاواتی ئەوانە." بەڕای من ئەگەر ئەوە ئاواتی دوژمنانی ئیسلام بێت ئیسلامی سیاسی بکاتە دژی دیموکراسی، ئەوە ئەردۆگان گەورەترین خزمەتی مێژوویی بە دوژمنانی ئیسلام و دیموکراتیەت کردوە !

# *ئێرە سەڵتەنەتی ئەردۆگانە دەوڵەتی داعش نییە!

ئێرە دەوڵەتی خەلیفە بەغدادی نییە، ئێرە نە موسڵە ونە ڕەقە. ئێرە ئەستەنبۆڵی سوڵتان ئەردۆگانی میراتگری هەموو نەگریسیەکانی مێژووی تورکە. ئەو وێنەیە پێمان دەڵێت: سێکیولارەکان و دیموکراتخوازەکان لەسەر هەقن کە ترسێکی هەمیشەییان هەیە لە هەر کەسێك درماوی بووە بە ئیسلامی سیاسی، هەرچەندە دیکۆرێکی سێکیولاری و دیموکراسی بۆ خۆی چێ بکات.

ئەمڕۆ ئەو داعشیانە پڕبوونە ناو دامودەزگاکانی دەوڵەت، هەتا ئەو هێزە سەرکوتکەرانەی ئەردۆگان ڕەوانەی کوردستانی باکووری کردوە هەمووی ڕیشنی داعشین، بە ڕوحیەتی بەرگری کردن لە دەوڵەتی ئیسلامی سوڵتان، دژی کوردی پلانگێڕی بێ ئیمان دەجەنگن دژی کوردان.

ئێستا دەزانم کاتی خۆی دەسەڵاتی جەزائیر ڕاست بوون، کە نەیان هێشت دەسەڵات بکەوێتە دەستی بەرەی ئینقازی ئیسلامی، کە دەیانویست دیموکراسی بۆ جارێك تەنها بەکاری بهێنن، ئەویش تا پێی دەگەن بە دەسەڵات. دیارە ڕۆژگار ڕاستی سیسی یشمان بۆ دەسەلمێنێت، چونکە ئەردۆگان وا بکات، کە ئامۆژگاری ئیخوانەکانی دەکرد میانڕەو بن!!!

باشە ئەگەر ئیخوان بە تەواوی دەستی بەسەر حوکم داگرتبا دەبوایە چی کردبا؟! بە تایبەتی کە ئیخوان لە سەردەمی حوکمی مورسیدا، پاش سەردانەکەی ئەردۆگان دەیەها ڕەخنەی تووندیان ئاڕاستەی میانڕەوی وتەنازولاتی ئەردۆگان کرد!

٢٠١٥/٨/٩



# *کێ یەکەم کەس بوو
# هەوڵی چارەسەری دیموکراتیانەی کێشەی کوردی دا لە تورکیا؟!

لەبەر نەفەسی ئایدیۆلۆژی سیاسی دینی کەسانێکی ناو زل کە خۆیان بە مێژوو نووسی گەورە دەزانن، رۆژانە وەك منداڵە بێ ئەزموون و تووتی ئاساکانی ئەحزابی دینی ئیسلامی، بە هاندانی وتارە ساویلکەکانی گەورەکانیان ستایشی رۆڵی زۆر گرنگ و بێ وێنەی ئەردۆگان دەکەن، کە گوایە یەکەم کەس بووە دەستی بە پرۆسەی چارەسەری کیشەی کورد کردوە!

ئەو لۆژیک و وتارە ساویلکەیە بە ڕوحیەتێکی پڕ منەتباریەوە شەو و ڕۆژ لە بابەتە کاڵ و کرچە ئیسلامیە سیاسیەکان، و پۆستی سۆشیال میدیا و کۆمێنتی هەرزەکارانە دووبارە دەبێتەوە... دواهەمین کەس کە ئەو بانگەشە بێ بنەمایەی دووبارە کردوە کاک سەلام ناوخۆشی نووسەری شارەزای مێژوو بوو!

سەیرە مرۆڤ شارەزای مێژوو بێت کەچی مێژوویێکی هاوچەرخی خۆی بەسەردا تێپەڕێت!

من و ئەو وەك دوو برادەر وا هەست دەکەم دوێنێ بوو ئۆزالمان دەدیت، چ هەولێکی ڕاستگۆیانەی دەدا لە پێناو چارەسەرکردنی دۆزی کورد، و وەك لەو بەرنامەیەش دەردەکەوێت کە چۆن داهێنەری چارەسەری هەقیقی مەدەنی دیموکراتی ئۆزال بوو گەر فاشیستەکانی تورك بواریان پێدابایە و ڕەشکوژیان نەکردبا.

هەروەك دەمێکە ئاماژەم بەو ڕۆڵەی ئۆزاڵ دا:

[جاری وەهمێك هەیە لای ئیسلامیەکانی کورد بە گشتی کەوا ئەردۆگان پرۆسەی ئاشتی دەست پیکردوە لەگەل کورد! لە ڕاستیدا تورگوت ئۆزال ١٩٢٧ -١٩٩٣یەك سەرۆکی تورکیا بوو، لە حزبی نیشتیمانی دایك [ئەنا پارتی] کە سیاسەتی کرانەوەی کوردی دەست پیکرد لە نەوەدەکان، لە پاش یەکەم دانیشتن لەگەڵ پ ك ك، بڕیاری ئاگربەستی پ ك

ك دەرچوو ١٩٩٣/٣/٢٠، ئۆزال کە نیوەی کورد بوو، تا سەر ئێسقان حەزی بە چارەسەری ئەو کیشەیە دەکرد و هەوڵی زۆریشی بۆدا.

ئەو مرۆڤێکی تا بڵیی دیموکراتی هەقیقی بوو، بە هانای کوردیش هات لە کۆڕەوە گەورەکە، هێندەی نەبرد لە بارودۆخێکی تەم ومژاویدا گیانی لە دەستدا، زۆربە سیاسەتوان و بیرمەندان و نووسەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەو پیاوە بە دەستی ناحەزانێ ئاشتی ڕەشکوژ کرا، من گومانم نییە ئەگەر تەمەن بواری تورگوت ئۆزالی دابایە، دەمێك بوو کیشەی کورد چارەسەر کرابوو، خەڵکی تورکیش ناچار نەدەبوون متمانەی خۆیان بدەنە دەست ئەردۆگانێک کە تەنها یاری بە کات دەکات، و هێزەکانی کۆمەڵگای تورکیا یەك بە دوای یەك سەرکووت دەکات بە نەزعەیەکی ئیسلامی پەنهانی و لە ژێر پەردەیەکی تەنکی دیموکراسیدا، کە هەموو عەورەتی دیکتاتۆریانەی لێوە دیارە .

ئەردۆگان بیرۆکەی ئۆزالی برد، بەڵام لە ناوەرۆکی خۆی بەتاڵیکردەوە، ئەردۆگان کارتی کوردی بەکارهێنا دژی سوپا و دادگای باڵای دەستوری تا توانی ئەوان کۆنترۆڵ بکات، بەڵام کە ئەوانی لە پەل و پۆ خست، بایداوە لای کورد ولێیدان، ئێستا دەستی لەگەڵ تاریکپەرسترین هێزی جیهان کە داعشە تێکەڵ کردوە، لە پێناولێدانی کورد لە سوریا و تورکیا! ئەو پیاوە دەساڵ زیاترە مێشکی کاس کردووین بە باسی چارەسەری کێشەی کورد، کەچی یەك هەنگاویش نە چۆتە پێش، بەڵکو گەڕانەوەیەکی خێرا هەیە بەرەو خاڵی سفر! کێ فریو دەخوات بە پرۆژەی چەواشەکارانەی ئەردۆگان جگە لە فریوخواردوە خۆبەخشەکان نەبێت؟!. "

تکایە هیچیتر قەوانی ئەردۆگانمان بۆ لێمەدەن ئەو منەتەی دەتان کرد لە سایەی ئەو هەموو کوشتارەی کورد و ماڵوێرانکردنەی کورد بە دەستی ئەردۆگان، ئەگەر ڕاستیش بێت، کە ڕاست نییە، تازە بەتاڵ بوەوە، هیچیتر بێ ڕوویی و بێ شەرمی مەکەن لە ئاست ئازار و ناسۆری میللەتەکەتان، ئەگەر بیروباوەڕێکی دینی سیاسی بێ سوود وبێ کەڵکی کردوون بۆ میللەتەکەتان، هەرنەبێ بێ دەنگ بن و دەمتان داخەن.[٢]

---

[٢] ئەوەش ڤیدیۆکەیە:
https://vimeo.com/١٥٧٥٧٧١٧٦

# *ئەردۆگان یەکەمی سەرەتایی لە دیموکراسیدا!

لە هەفتەی ڕابردوو  بە پێی هەواڵی ئاژانسەکانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئۆرودوگان سەرەک وەزیرانی تورکیا، لە دیاربەکرەوە لە کاتی کۆبونەوەیەک لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، رایگەیاند ئەگەر هاتوو حکومەتی تورکیا مافی ئەوە بدەنە کوردەکان بە زمانی کوردی پەروەردە وخوێندن بکەن، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی (لاز وچەرکەسیش) داوای هەمان ماف بکەن، ئەوەش هەڕەشەیەک دەبێت بۆ سەر یەکگرتوویی خاکی تورکیا!!

هەر لەو سیاقەوە کۆکسال تۆپتان سەرۆکی پەرلەمانی تورکیاش پاش ماوەیەکی کەم هەمان قسەی دوبارە کردەوە بە بیانوی ئەوەی ئەو هەنگاوە دەبێتە هۆی دابڕانی کۆمەڵگای کوردی لە تورکیا، هەروەها گوایە دەستوری ساڵی ١٩٨٢ وهەروەها دەستورەکانی بەر لەوەش جەخت لەسەر یەکسانی هەموو هاوڵاتیانی تورکیا دەکەنەوە .

ئەردۆگان وحزبەکەی تەنها، تەنها وبەس لە سایەی دیموکراسیەتی تورکیاوە توانیان لەو هەموو حزبە نەتەوەیی وعەلمانیانیانە تێپەڕن، وهەموو تابۆکانی دامەزراوی عەسکەری ببڕن، وحوکمی هەموو تورکیا بگرنە دەست، هەر کاتێک دووچاری تەنگژەیەک دەبنەوە وەک بۆ نمونە پۆستی سەرۆک کۆمار، وحیجابی ئافرەتان، وئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەکان لەگەڵ ئیسرائیل، بەوپەڕی کارامەیی ووەک دیموکرات خوازێکی ناو جەرگەی پایتەختە دێرینەکانی دیموکراسیەت یاری دیموکراسی دەکەن.

ئەردۆگان وحزبەکەی لەو مەسەلانەی پەیوەست بە کوردن، هێندە ناشیانە ڕەفتار دەکەن وەک لەو لێدوانانەی سەرەوە دەردەکەوێت، دەڵێی لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی دان لە دیموکراسیەتدا، کەچی بۆ ئەو کێشانەی پەیوەست بە کورد نیە با بە گۆشەی ١٨٠ پلەش پێچەوانەی ئیسلام بێت هەر پەیڕەوی دەکەن وبەبێ گوێدانە هیچ حەرام وحەڵاڵێک!

بۆ نمونە ئەردۆگان وحزبەکەی لە پێناو یاری دیموکراسیدا چاو پۆشیان کرد لەو هەموو بازاڕانەی داوێن پیسی کە لە هەموو شارەکانی تورکیا هەن، وتێیدا ئافرەت بە ڕووتی

ونیمچە ڕووتی خۆیان لەناو جامخانەکانی ئەو بازاڕە نیشان دەدەن، بۆ سێکس فرۆشی! بەڵێ لە ترسی ژەنەڕاڵەکان نەوێران پەنجە بۆ ئەو حالەتە نا مرۆییە بەرن، ومەسەلەی حیجابی ئافرەتانیش وقەدەغەکردنی لە زانکۆ وامەزراوە دەوڵەتیەکان بە هەمان شێوە.

جارێکی تر ئەردۆگان وحزبەکەی دەستبەردای یاسای بە تاوانکردنی زینا بوون، لە پێناو ڕەزامەندی یەکێتی ئەوروپا، وجێبەجێ کردنی پێوەری کۆبنهاگن Copenhagen criteria کە بریتیە لە پێوەرێک بۆ دیاریکردنی ئەو وڵاتانەی شیاوی ئەوەنە ببن بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا. گرنگترین پێوەرەکانی بریتییە لە پێویستی هەبوونی دەزگا ودامەزراوەی پێویست لەو وڵاتە، بۆ پاراستنی دیموکراسیەت ومافەکانی مرۆڤ وکەمینەکان، وپەیڕەو کردنی ئابووری بازاڕ، وقبوڵ کردنی هەموو فەرمان وڕاسپاردەکانی یەکێتی ئەوروپا.

کەوابوو ئەردۆگان وحزبەکەی مافی زینا کردن وهۆمۆسێکچواڵ ولیزبیانەکان دەسەلمێنن، بەڵام کە مافەکە پەیوەند بە خوێندن وپەروەردەی گەلی کورد بوو بە زمانی کوردی، ئەوە بڤەیە بە بیانوی هەرشە کردنی لە یەکپارچەیی خاکی تورکیا، هەرچەندە سەدان دەوڵەت هەن وچەندین زمان تێدا ڕەسمییە وهیچ هەڕەشەیەکی دروست نەکردوە، وبە پێچەوانەشەوە دەوڵەت هەیە یەک زمان تێیدا ڕەسمی بوە کەچی پارچە پارچەش بوە.

سەیر لەوەدایە مافەکانی کوردیش بەبەر ئەو پێوەرە دەکەوێت، کە مافی خوێندن بە زمانی زیگماکی لە هەرە ئاسایترین مافەکانە، بەڵام ئەردۆگان وحزبەکەی لە ناخیاندا هەر مافێکی سەرەتایش بۆ کورد ڕەتدەکەنەوە لەبەر زاڵبوونی جیهان بینی کەمالیزم بەسەر هەموو دام ودەزگاکان بە تایبەتی کەرتی پەروەردە وفێرکردن. تۆ بڵێی مافی خوێندن وپەروەردە بە کوردی زیاتر خەڵکی تورکیا ڕاچڵەکێنێت لە ڕێکەوتنە ستراتیژیەکان لەگەڵ ئیسرائیل، ولە بازاڕەکانی لەش فرۆشی، ولە، ولە...؟!

١٢/١/٢٠٠٨

# *ئەردوگان و کەوتن لە دەرسی کوردی

ناسینی من بۆ ئەردۆگان دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە بوونە سەرۆک وەزیران، لە ١٩٩٥ کە لە ئەستەمبۆل بووم، نزیکەی هەشت مانگێک لەوێ بووم، لەو ماوەیە خەڵکێکی زۆرم ناسی لە تورک وکوردی تورکیا، لەو ڕۆژانە ئەستێرەی ئەردوگان تازە دەرکەوتبوو، بەڵام دەرکەوتنێکی زۆر بە هێز، ئەو کاتە ئەردۆگان نزیکەی دوو ساڵ بوو سەرۆک شارەوانی ئەستەمبۆل بو، بەڵام چۆن سەرۆک شارەوانیەک گەورە و بچوک ستایشی کارەکانی دەکرد، من هەر ئەو رۆژانە هەستم بە دوارۆژی پرشنگداری ئەو پیاوە دەکرد، هەستم دەکرد لە ئەربەکانی مامۆستای سیاسیترە، هێندەی نەبرد لە ساڵی ١٩٩٨ ئەردۆگان لە ئەربەکان جیابووەوە لەگەڵ گروپێک لە هەڵبژاردەی ناو حزبەکە، بۆیە ئەربەکان تا مردیش ئەو زامە نێرگزیەی لەبیر نەچوو، یان ئەو پێشکەوتنەوەی قوتابیەکەی بۆ هەرس نەکرا تا ئەو ڕادەیەی بەر لە کۆچی دوای بە ماوەیەکی کەم گوتی:

"ئەردۆگان و عبدوڵلا گول ئامرازی دەستی زایۆنیزمن" و "تەڵەی دوژمنن منداڵەکانمان لێ دەڕفێنێ، تۆرگۆت ئۆزال لە سەرەتا لێمان جیابووەوە، ئینجا ئەردۆگان لێمان جیابووەوە، بەڵام کاتی ئەوە هاتوە هەموو کەس جیاوازی نێوان ڕەسەن و لاسایی کەر بزانن، جیاوازی زۆرە لە نێوان ڕەسەن وجیاوازی کەر." لەوەش زیاتر گوتی " :زایۆنیزم زۆربەی میدیای وڵاتەکەی قۆرخ کردوە وهەر هەموویان لە خزمەتی ئەردۆگان دان، ٣٠ رۆژنامە و ٣٠ کەناڵی ئاسمانی شەو و ڕۆژ لەڕاژەی ئەودان...." قسەی تریش بەڵام پێویست بە زیاتر ناکات.

جا ئەو لێدوانانە لە هەر هۆیەکەوە سەریان هەڵدا بێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئەردۆگان بەردەوام بوو لە سەرکەوتن و توانی بەسەر زۆر تەحەدای گەورە زاڵ بێت، ئەگەر بزانین ژیان هەمووی دەرس و وانەیە بۆ سەرکەوتن لە تاقیکردنەوەی دنیادا بەلای کەمەوە لای ئەردۆگان وایە، وەک کەسێکی دیندار لەسەر ئاستی تاکە کەسیدا و تا رادەیەکیش سیاسیدا، ئەوە گومانی تێدا نییە کە ئەردۆگان لە زۆربەی هەرە زۆری وانەکانی سەرکەوتوو بوە بەڵام بە ئیمتیاز لە دەرسی کوردی ساقیت وکەوتوو بوە.

لە دەرسی سیاسی دەست پێبکەین هێشتا لە حوکمی قەدەغەکردنی لە سیاسەت دەرنەچو بوو, کاتێک زۆربەی کورسیەکانی پەرلەمانی بردەوە لە ٢٠٠٢، ئەو سەرکەوتنانە تا ئەمڕۆش بەردەوامە، وتەنها حزبێکە بۆ ئەو ماوەیە درێژە بە تەنها بەبێ هاوپەیمانی حوکم دەکات.
لە دەرسی عەسکەری دا، ئەوەی ئەو پیاوە کردی بە دامەزراوەی عەسکەری نە بە خەیاڵی کەس دا دەهات نە بە کەس دەکرا، توانی زۆر زیرەکانە پەڕ وباڵی ئەو نوخبە عەسکەرییە بکات کە لە سەردەمی ئەتاتورکەوە لەسەر سنگی گەلانی تورکیا دانیشتوون.
لە دەرسی دەستوریش تا رادەیەکی زۆر توانی هەموو خاڵە نێگەتیڤەکانی دەستوور لا بدات، هەرچەندە کوردەکانی تورکیا بە شێوەیەکی گشتی لێی ڕازی نەبوون.

لە دەرسی یۆنانی سەرکەوت لەگەڵ ئەو دوژمنایەتیە مێژووییەی نێوانیشیان، توانی پەیوەندیەکی چاک دروست کاتەوە. لە دەرسی ئەرمەنی تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو، چەندین دەرگای داخراوی لەسەر کۆماری ئەرمنستان کردەوە.

لە دەرسی ئابووری لە سەردەمی سەرۆک شارەوانییەوە تا ئەمڕۆش سەرکەوتن بە دوای سەرکەوتن تۆمار دەکات. لە دەرسی پەیوەندییە ئیسلامیەکانی توانی گەورەترین کاریزما بۆ خۆی مسۆگەر بکات، تا ئەو ڕادەیەی بۆتە خۆشەویسترین سەرکردەی جیهانی ئیسلامی، هەرچەندە من سەرنجێکی زۆرم هەیە لەو بارەوە لە وتارەکانی ترم لەسەر

ئەردۆگان زۆر جار گوزارشم لێکردوە بە پێویستی نازانم دوبارەیان بکەمەوە. لە دەرسی ئیسرائیل زۆر سەرکەوتوو بوە تا ئەو ڕادەیەی زۆربەی سەرکردە عەرەبەکانی خستۆتە قەیرانی بێ هەڵوێستی.

لە وەڵامی ئەوانەی کە هەنگاوە سستەکانی ئەردۆگان دەگەڕێننەوە بۆ ترسی ئەردۆگان لە سوپا یان بنکە جەماوەریەکەی دەڵێین، ئەگەر ئەو پیاوە توانای شکاندنی ئەو هەموو موحەرەماتە تەقلیدیانەی سیاسەتی تورکی هەبێت، بۆچی کە دێتە سەر دۆزی کورد وا چەق دەبەستێت؟! لە ڕاستیدا ئەردۆگان ویستی چارەسەرکردنی لا نییە، تەنها جاروبار لێدوانێکی لەناکاو دەدات لە گەرمەی گەمەی هەڵبژاردن وخەڵکێکی زۆریشی پێ هەڵدەخەڵەتێنێ، ئەو قەیرانەی ئەم دوایەش سەلماندی کە ئەردۆگان هێندەی سەرکەوتوە لە دەرسەکانی تری ناوەوەو دەرەوە، هێندەش ساقیتە لە دەرسی کوردی .

٢٠١١/١٠/٢٧

# *هاوڕەگەزبازەکانی سەڵتەنەتی ئەردۆگان!

بە بۆنەی ئەو شانامە درۆیەی کە مەکینەی میدیایی ئەردۆگانی بۆ سەلاحەدین دەمیرتاشیان هەڵبەستوە، بە جۆرێ ئەردۆگان و داود ئۆغلۆ بەشێوەیەکی چەواشەکارانە، ئەو درۆیەیان بە خۆیان هەڵیان بەستوە، هەر خۆشیان پەخشی دەکەن، گوایە دەمیرتاش باسی پێدانی مافی هاوڕەگەزبازانی تورکیای کردوە! با بزانین لە بنەڕەتدا بارودۆخی هاوڕەگەزبازان چۆنە لە تورکیا، وئەردۆگان وحکومەتەکەی هەڵوێستیان چۆن بوە بەرامبەر ئەو دیاردە کۆمەلایەتیە.

لەو چەند ساڵەی دواییدا ژیانی هاوڕەگەزبازەکان وردە وردە بەرجەستەتر دەبێت و زیاتر دەکەوێتە بەرچاو لە شارە گەورەکانی تورکیا، و لە هەر شارێك چەندین گازینۆ و کافێ و یانەی تایبەت بە خۆیان هەیە، لە ٢٠١٣ گەیەکان و لێزبیانەکانی ئەستانبۆل خۆپیشاندانێکیان کرد، گەورەترین خۆپیشاندانی هاوڕەگەزبازەکان بوو نەک لە خۆرهەلات و وڵاتێکی ئیسلام، بەڵکو لە ئەوروپا، ١٠٠ هەزار کەسی هاوڕەگەزباز بەژدار بوون لەو خۆپیشاندانە!

بەر لە هەموو شتیك هۆمۆسێکچوالیتی یان هاوڕەگەزبازی تاوان نییە لە تورکیا، وهیچ سزایەکی یاسایی بۆ دانەنراوە لە یاسای تورکی، هەردوو کەسێك ئەو کردە سێکسیە هاوڕەگەزبازەیان کرد لە نێر یا لە مێ، بشگیرێن هیچ سزایەك نیە لەسەریان بە مەرجێك ١٨ ساڵ وبۆ سەرەوە بن و بە ڕەزامەندی هەردوو تەرەف بێت! یاسا تەنها چەند گوزارشێکی ناڕوونی تێدایە دەربارەی کردە سێکسیەکان، کە باسی تاوانی ئابرووبەر دەکات یان تاوان لە دژی ڕەوشتی گشتی "morality offences against public" کە ئەوەش زۆر شتیتر دەگرێتەوە و دەقێکی یاسایی تایبەت نیە بە هاوڕەگەزبازی.

ڕاستە لەسەر ئاستی شەعبی بە چاوێکی پڕ نەنگی و شەرمەزاری دەڕوانرێتە هاوڕەگەزبازەکان، وەك هەر وڵاتێکیتری ئیسلامی، بەڵام لەسەر ئاستی دەوڵەتی شتێکی

ترە، و کۆمەڵگای تورکی لە چاو زۆر کۆمەلگای موسلمانی تر تۆلەرانتر و لێبوردەترە بەرامبەر ئەو دیاردەیە. هەندێك شت هەیە لە تورکیا کە دەکرێت وەك کاری دژی ئازادی هاوڕەگەزبازەکان دەژمێردرێت، هەرچەندە کەسانێکیتر ئێرەییان پی دەبەن، بۆ نمونە لە کاتی چوونە خزمەتی سەربازی، هەر کەسێك گووتی من هاوڕەگەزبازم، و سەلمێندرا کە هاوڕەگەزبازە لە سەربازی دەبەخشرێت!

بەڵام سەلماندنی هاوڕەگەزبازێتیەکەی زۆر پڕ سوکایەتیە، جونکە ئەو کەسە جارێ دەبێت پاسیڤ بێت، یانی بە کوردیەکەی بەرکار [مفعول بە] بێت، وەك هەر کۆمەڵگایەکی خۆرهەڵاتی، فاعیل و بکەر زۆر کێشەی نیە لە وەرگیران لە سوپای تورك! ئینجا دەبێت وێنەیەکی خۆی بێنێت لە کاتی فیعلەکە! و سەرەڕای چەندین پشکنین و شتی ئابڕوبەرتر تا دەگەنە قەناعەت کە کابرا هاوڕەگەزبازە، کە سەلمێندرا، بروانامەیەکی پەمەیی [وەك جلەکانی باربی] دەدەنێ بۆ ئەوەی بە یەکجاری لە سەربازی ببوێردرێت! بێگومان دەزگای سوپای تورکی لەسەر بنچینەی بریاری پزیشکی کۆنی ئەمریکی ساڵی ١٩٦٨ دەڕوات، کە هەر جۆرێك لە هاوڕەگەزبازی بە نەخۆشیەکی دەروونی و لادانێکی سێکسی دەژمێرێت.

ئینجا لە هەمووی خۆشتر ساڵانە یەکێتی ئەوروپی ڕەخنە لە حکومەتی تورکی دەگرێت، سەبارەت بە ڕەوشی خراپی هاوڕەگەزبازەکان، ئەو ئەردۆگانە مل شۆڕەی کە ئەو هەڵایە درۆیینەی ناوەتەوە بۆ دەمیرتاش، ساڵانە هەوڵی خۆ گونجاندن دەدات لەگەل پێوەر ونۆرمەکانی یەکێتی ئەوروپا و هەزار ماستاو دەکات بۆ سەلماندنی باشکردنی وەزعی هاوڕەگەزبازەکان، بەڵام یەکێتی ئەوڕوپا هەر پێی باوەڕ ناکەن، لە ڕاپۆڕتی سالانەی خۆیان بەردەوام تورکیا تاوانبار دەکەن بە دژایەتی کردنی مافەکانی هاوڕەگەزبازان!

دوا ڕەخنەیان لە تورکیا قەدەغەکردنی کتێبێکی ئەستێرەیەکی پۆپ بوو، چونکە تیایدا باسی هاوڕەگەزی خۆیدا دەکات! دادگای یەکێتی ئەوروپا تورکیای تاوانبار کرد بە پێشێلکردنی مادەی ١٠ ی یاسای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ و سزای دا بە پێدانی ٢٠٠٠ یۆۆرۆ بە چاپکەری کتێبەکە وەك قەرەبوو!

نەک هەر ئەوەندە بەڵکو لە ٢٠١٢/١/٩ لە سەردەمی حوکمی ئەردۆگان، گۆشە نوسێك بە ناوی سەردار ئارسەڤین Serdar Arseven لە ڕۆژنامەیەکی ئیسلامی Yeni Akit وتارێکی

نووسی تیایدا خەڵکی هاوڕەگەزبازی بە مونحەریف ولادەر وەسف کرد، دادگای ئەردۆگان ئەو ڕۆژنامەیەی سزادا بە ٤٠٠٠ لیرەی تورکی و کاک سەرداریش بە ٢٠٠٠ لیرەی تورکی بە تۆمەتی قسەی پڕ ڕق. لە ٢٠١٤/٧/١٧ یانی پێش ساڵێك دادگای باڵای تورکیای ئاك پارتی و ئەردۆگان بریاری دا هەر ئاماژەیەك بۆ هاوڕەگەزبازی وەك لادەر ومونحەریف، وەك وتاری رق و کەراهیەت دێتە هەژماردن.

کەوابوو ئەردۆگانی دوو ڕوو ئەو هەموو هەڵایە لە پیناو چی دەکات لەدژی بەرێز دەمیرتاش، ئەگەر گریمان واشی گووتبێت، کەواشی نەگووتوە بە زمانی خۆی گووتی، لە کاتێکدا ئەردۆگان خۆی مامە حەمەیی بۆ یەکێتی ئەوروپا دەکات لە ڕێگای نازکێشانی هاوڕەگەزبازەکان؟! لە هەمووی ناخۆشتر ئەو لەشکرە کوردە ئیسلامیە بێ خێر و ساویلکەیەیە کە بێ ئاگان لە خەلیفەکەیان کە چۆن لە دەوڵەتی ئیسلامی ئەودا تەنها وەسف کردنی هاوڕەگەزبازێك بە لادەر لە ڕەوشت تاوانە و سزای لەسەرە، کەچی ئاگریان تێ بەربوە گوایە دەمیرتاش باسی ڕیزگرتن لە مافی هاوڕەگەزبازانی کردوە؟

خەندان
٢٠١٥/٥/١٩

# *مافی سۆزانی کرداری ئەردۆگان و مافی گەی تیۆری دەمیرتاش!

ئەردۆگانیەکان دەیانەوێت لێدوانێکی سەلاحەدین دەمیرتاش وەبەرهێنن کە باسی پیدانی مافی هاوڕەگەزبازەکانی کردوە!

لەڕاستیدا من ئەو جۆرە لێدوانانەم لەو کاتانەدا کە ڕکابەرەکەت هەموو چەکێکی مەشروع و نامەشروع بەکار دەهێنێت، و لە نێوانیاندا چەکی ئایین، کە لە ناو کوردا زۆر کاریگەرە، و چەندین سەدەیە کورد قوربانی هەستی ئایینی پاکی ساویلکەی خۆیەتی، پێ باش نییە. ماقوڵ نییە ڕکابەرەکەت، ئەردۆگان کە بە حیساب سەرۆکە، و دەبێت یەکسان بروانیتە هەموو هێزە سیاسیەکان و ڕیکلامی سیاسی بۆ کەس نەکات، ئەمڕۆ شار بە شار و شارۆچکە بە شارۆچکە دەگەڕێت بە خۆیی و نوسخەیەك لە قورئانی بە کوردی چاپکراوەوە بۆ فریودانی کوردی موسڵمان، ئەتۆش باز بدەیت بەسەر هەموو ئەو هەقیقەتانەی کۆمەڵگای کوردی، بە قەد دوژمنیشت تێی نەگەیت، بچیت باسی مافی گەیەکان بکەیت!

ڕاستە ئەگەر واشی گووتبێت، ئەوە موخاتەبەی عەقڵیەتی ئەوروپی دەکات، ئەو عەقڵیەتەی کە ئەردۆگانیش مخاتەبەی کرد بەدانی هەموو مافەکان، هەتا مافی زیناکردنی ئاشکرا لە جامخانەکانی سۆزانیەت لە تورکیا!

ئەردۆگان بە کرداری مافی هەموو سۆزانی و سۆزانیخانەکانی تورکیا دەدات، کەچی ناچێت باسی ئەوە بکات، و لە جیاتی ئەوە قورئانێك بەرزدەکاتەوە بۆ فریودانی خەڵك، تۆش جارێ متمانەی نیوەی کۆمەڵگای کوردیت بەدەست نەهێناوە، دەچیت باسی مافی گەیەکان دەکەیت، کە هێشتا لە زۆر وڵاتانی دنیای پێشکەوتوو جێگای مشتومڕە!

پیشەسازی سێکسی سۆزانیەکان لە تورکیا هێندە بەرهەمدارە بۆ خەزینەی ئەردۆگان لە ملیارات دۆلار تێ دەپەڕێت. بۆ بۆ ئەردۆگانێکی بەناو ئیسلامی ئاساییە مافی سۆزانیەکان بدات ونەوێرێت سۆزانیخانەیەك دابخات، کەچی هەزارەهای وەك عەلی قەرەداغی و قەرەزاوی بەرگری لێ دەکەن، وەك سوڵتانێکی ئیسلامی عوسمانی سەیری دەکەن،

**کەچی ئەگەر دەمیرتاشێکی سێکیولار باسی هەمان ئەو مافانە بکات کە ئەردۆگان بە کرداری داویەتی ڕەوا نەبێت؟ بەپێی ژوری بازرگانی ئەنقەرە ئاماری ٢٠٠٤**

**١٠٠٠٠٠ سەد هەزار سۆزانی بە فەرمی لە کارە لە تورکیا**

**٣٠٠٠ سێ هەزار لە ماڵی سۆزانیخانە تۆمارکراون.**

**١٥٠٠٠پازدە هەزار لای پۆلیس تۆمارکراون**

**٣٠٠٠٠ سی هەزار ئافرەت چاوەڕێی وەرگرتنی مۆڵەتی کاری سۆزانین!**

**داهاتی ساڵانەیان ٣ - ٤ ملیار دۆلارە!**

**٢٠١٥/٥/١٦**

# *پەتی کورتی درۆی ئەردۆگان!

ئاشکرایە کە مرۆڤی درۆزن و یاریکەر لەسەر دەیەها پەت، و فریودەری جەماوەرێکی عاتیفی وناعەقڵانی، زوو زوو قسەی خۆی لەبیر دەکات ودەیگۆڕێ! لەو دوو بۆنەیە ئەردۆگان بە پێچەوانەی یەکتر قسە دەکات! جارێکیان دەڵێت ئێمە بە خۆرئاوامان گووت با نەوت دەربێنین، بەڵام ڕازی نەبوون! کەچی دوایی دەڵێت ئەوان پێیان گووتین با نەوت دەربێنین، من ڕازی نەبووم!

لە بەشی یەکەمی ڤیدیۆکە دەڵێت: بە خۆرئاوام گووت با پێکەوە نەوتەکەی ژێردەستی کوردان دەربێنین، تا بتوانین بە داهاتەکەی پڕۆژەکان - مەبەستی پڕۆژەکانی خۆیەتی - جێبەجێ بکەین لەو ناوچانەی لە تیرۆر ڕزگاری بووە. خانوو و قوتابخانە و نەخۆشخانەیان بۆ دروست دەکەین و پەناهەندەکان لەوێ جێگیر دەکەین ـ مەبەستی ئەوەیە دوو ملیۆن عەرەب لە ناوچە کوردیەکان جێگیر بکات و سروشتی ناوچەکە بگۆڕێ! ـ بەڵام خۆرئاوا قبوڵی نەکرد...

لە بەشی دووەمی ڤیدیۆیەکە بە تەواوی قسەکەی هەڵدەگێڕێتەوە و چونکە درۆزن زوو قسەی خۆی لەبیردەچێتەوە دەڵێت:
هەندێ لایەن نەوت بەش دەکەن لە سوریا، و دەڵێن چۆن بتوانین نەوتێکی زیاتر دەربهێنین؟! داوایان لە ئێمەش کرد هاریکاریان بکەین، بەڵام گووتمان خەمی ئێمە ئادەمیزادە نەک نەوت، خەممان ڕزگارکردنی ئەو خەڵکە داماوەیە!

(چەپڵەیەکی زۆر) لە کاتێکدا زۆر دەوڵەت هیچ کێشەیان نییە لە مامەڵە کردن لەگەڵ ڕێکخراوە تیرۆرستەکان لە پێناو نەوت و بەرژەوەندی سیاسی، بەڵام ئێمە هەڵوێستی شەرافمەندانەی خۆمان دەپارێزین لەو کێشەیەدا[٣].

٢٠١٩/١٢/١٨

٣ (١) Facebook

# *بەراوردێکی پێشێلیەکانی سێکیولارە کەمالیستەکان و ئیسلامییە ئەردۆگانیەکان لە تورکیا!

لە وتارێکدا لە زەمانی تورکی بڵاوبۆتەوە لە ٢٠١٩/٧/١٣ بە ناونیشانی: " ئیسلامی سیاسی و گەندەڵکردنی جیناتی کۆمەڵگای تورکی "لەو وتارەدا تۆرگوت ئۆغلو بەراورد دەکات لەنێوان پێشێلیەکانی ئیسلامییەکانی ئەردۆگان و سێکیولارەرە توندڕەوەکان! دەڵێت پێشیلیەکانی ئیسلامییەکان بە ڕابەرایەتی ئەردۆگان، هێندە گەورەتر وزۆرترە لە پێشیلیەکانی سێکیولارە کەمالیستەکان، بۆیە هەرقابیلی بەراوردکردن نین!

ئەگەر کتێبی: "مۆتەکەی تورکی لە ئەتاتۆرکەوە تا ئەردۆگان "ی من بخوێننەوە، دەزانن ئەوەی ئێستا گەورەترین شیکاری سیاسی نەیاری ئەردۆگان دەیبینێ، من دە ساڵ زیاترە دەمبینی، و پێشبینیم دەکرد و دەمزانی ئەو ئەردۆگانە و حزبەکەی چ کارەسات وبەدبەختیەکن بۆ کورد و بۆ تورکیا بە گشتی!

لە نووسینەکانم دەربارەی ئەردۆگان گووتم ئەو کابرایە لە ڕێگای فریودانی وڵاتان وخەڵك بە وتاری دیموکراسیەتەوە هاتە سەر دەسەڵات، هێندە خۆی بە دیموکراتی نیشان دەدا، واتدەزانی خەمی یەکەمی ئەردۆگان دیموکراتیەتە! کوردیش بەشێکی فریوی خوارد بەو وتارەی، بەشێکی تریش بە وتاری دینیە ئینسانیەکەی فریویان خوارد بوو، کە باسی برایەتی دینی ویەکسانی تورك و کورد وشتیتری دەکرد، بۆیە پشتگیریان کرد!

تۆرگۆت ئۆغلۆ دەڵێت: من کوڕی گەڕەکی فاتیح ی ئەستەنبۆڵ م، کە کانگای ئیسلامییەکانە، وماوەی منالّی وگەنجیم لەگەڵیان شەو و ڕۆژ ژیاوم، لەگەڵ منالّەکانی ئەردۆگان لە قوتابخانە و خوێندن بووم، بیرمە سەر زمان وبن زمانیان حەلاڵ وحەرام بوو، وتارەکانیان پڕ کردبوو لە گوزارشی "حقوق العباد" "مافەکانی بەندەکان "هەر باسی ستەمی فیرعەون و دلّڕەقی ئەبو جەهل و کەڵەگایەتی نەمرود یان دەکرد، و سۆزی خەڵکیان دەوروژاند بە هەڵوێستی توند دژی ستەمەکانی ئیسڕائیل لە دژی

فەڵەستینییەکان.! لە وتارەکانیان هەموو هەستێکی ئینسانیان دەوروژاند بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک!

تۆرگۆت ئۆغلۆ دەڵێت: ئەو پێشێلکاریانەی ئیسلامییەکان، بە ڕابەرایەتی ئەردۆگان، بە هەموو چین و توێژەکانی تورکیایان کرد، لە ڕووی چەندێتی و جۆرێتی ناکرێت بەراورد بکرێت، بەو پێشێلکاریانەی سێکیولارە توندڕەوەکان لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ئەنجامیان دا!

وەک چۆن کاتی خۆی لە وتارێکدا گووتم: عەلمانیەتی شێواو هۆکاری سەرەکی دەرکەوتنی ئەستێرەی بەختی ئیسلامی سیاسییە، تۆرگۆت ئۆغلۆش هەمان شت دەڵێت. لەو بارەیەوە دەڵێ :هۆکاری سەرەکی گەیشتنە دەسەڵاتی ئیسلامییەکان، ماوەی پێش هاتنی ئەوان بوو لە حوکمی سێکیولارە توندڕەوە کەمالییەکان، کە هەڵوێستێکی دوژمنکارانەیان وەرگرت لە دژی هەموو شتێکی پەیوەند بە دین، بەبێ جیاوازی کردن لە نێوان دینی سیاسی وحزبی و کۆمەڵایەتی ناسیاسی!

تۆرگۆت ئۆغلۆ دەڵێت؛ لە پاش کارلەدەستبوونی تۆرگۆت ئۆزال، توانی هاوسەنگی وهێمنیەکی چاک لە گۆڕەپانی سیاسی بەرقەرار بکات، بەڵام پاش مردنی ئۆزال لە ١٩٩٣ سیاسەتی وڵات جارێکیتر بەرەو ویسایەتی عەسکەر و شێوازی دەوڵەتی قووڵ چوو.

سێکیولارە کەمالیستەکان دەستیان دایە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، و ڕێز نەگرتن لە پرنسیپە گشتییەکانی یاسا، ساڵی ١٩٩٧ ترۆپکی فشارەکانی سێکیولارە توندڕەوەکان بوو لە دژی دیندارەکان بە گشتی! چونکە وتاری پڕ ڕق و قینی کەمالیستەکان دژی حیجاب بە تایبەتی، زۆرینەی خەڵکی گشتی پاڵنا خۆیان بخەنە باوەشی ئیسلامییەکان!

ئیسلامییەکانیش ئەو پێشێلکاریانەیان بە هەل زانی بە بەرزکردنەوەی دروشمەکانی مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە ئازادییەکان، هەموو هۆکارێکی میدیاییان بەکارهێنا بۆ بەرزکردنەوەی دەنگیان لە ڕای گشتی نێودەوڵەتی، لێدوانی زۆریان دەدا بۆ میدیای خۆرئاوایی، بە تایبەتی ئەردۆگان کە ئەو کاتە سەرۆک شارەوانی ئەستەنبۆڵ بوو!

تۆرگۆت ئۆغلۆ دەڵێت: دەتوانین بڵێین کە ڕەفتار وکردەوەکانی کەمالیستە سێکیولارە توندڕەوەکان، هۆکاری سەرەکی بوون لە دەرکەوتنی ئەستێرەی بەختی ئیسلامییەکان!

## لای ئەردۆگان ژن و ماڵی ئۆپۆزسیۆنەکان حەڵاڵە!

تۆرگۆت ئۆغلۆ دەڵێت ڕاستە کەمالیستە توندڕەوەکان ئەو پێشێلکاریانەیان دەکرد، بەلام لە چوارچێوەیەکی بەرتەسك، هەندێ فشاریان لەسەر دادوەرەکان دەکرد لێرە ولەوێ، بۆ دەرکردنی بڕیاری ئایدیۆلۆژی بەڵام هەر سەرۆکایەتی کاروباری دینی یان لە سیاسەت تێوەنەدەگلاند بەو شێوەیەی ئەمڕۆ، کۆمەڵگایان وا بەدژی یەکدا نەدەکرد، و پشتگیری ئەوانەیان نەدەکرد کە لە گەندەڵی و بەرتیل و قووچاندنەوە تێوەدەگلان ودادگا تاوانباری دەکردن، نەیان دەتوانی گۆڕانکاری لە سیستمی ڕەگوڕیشەیی دەوڵەت بکەن وەك ڕژێمی ئەردۆگان!

لەو ماوەیە نەیارەکان دەگیران ولەکارەکانیان دوور دەخرانەوە، دام ودەزگاکانیان دادەخران، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین بەوەی ئەمڕۆ لەسەر دەستی ئیسلامییەکانی ئەردۆگان ڕوودەدات، ئەوە ژمارەی پێشێلکاریەکانی سێکیولارەکان هەر شتێکی ڕەمزییە لە چاو پیشێلکاریەکانی ئەردۆگان!

بەراوردی ژمارەی پێشێلکاریەکان!

ڕۆژنامەی (سەباح) کە برای زاوای ئەردۆگان سەرپەرشتی دەکات، لەباسی سەردەمی کەمالیستەکان، دەربارەی ئۆپەراسیۆنی ٢٨ فێبرایەری ١٩٩٧، دەلێ ژمارەی ئەو کارمەندانەی فەسڵکران لە سوپا ٦٣٥ کەس بوون، ژمارەی کارمەندی مەدەنی کە فەسڵکران لە کارەکانیان ٣٩٠٠ بوون، ژمارەی ئەو دەزگا وکۆمەڵە خەیریانەی داخران ٢١ دانە بوون، ژمارەی ئەو خەڵکەی زیندانی کران لەو ماوەیە نزیکەی ٥٠٠ کەس بوون، فشارێکی زۆریان خستبوە سەر میدیای ئۆپۆزسیۆن، بەڵام هیچیان دانەخستن! ئەو ژمارانە کە ئیسلامییەکان موبالەغەشی تێدا دەکەن، وەک خۆشی بە زیادەڕەویەوە وەری گرین، وەك ژمارەیەکی ڕەمزی لێ دێت لە بەراوردا لەگەڵ کوشتارگاکانی ئیسلامییەکان و ئەردۆگان لە وکاتەدا!

دەبا لێگەڕێین ژمارەکان خۆیان بدوێن دەربارەی ئەو قەسابخانانەی ئەردۆگان وئیسلامییەکان دژی هاوڵاتیانی نیشتیمان .پێنج سەد و دوازدە هەزار ٥١٢٠٠٠ کەس گیران و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا، لەوانە ١٢٠٠٠٠ سەدوبیست هەزاریان لێگیرا تەنها لەبەر نەیاربوونیان بە ئیسلامی سیاسی. هەروەها ٢٥٠ هەزار کارمەندی حکومی دەرکران لە وەزیفەکانیان. ٣٥٠٠ دەزگا و کۆمەڵ وڕێکخراوە مەدەنیەکان داخران بە زانکۆ و قوتابخانەی تایبەت و دەزگای خۆبەخشیەوە!
پارە و کۆمپانیا وموڵکی ٣٥ هەزار خاوەنکار [بزنزمان] دەستی بەسەردا گیرا. ٦٥٠٠ پرۆفیسۆری زانکۆیی لە کارەکانیان دەرکران، ٤٥٠٠ دادوەر و دادوەری گشتی لە کارەکانیان فەسڵ کران، هەروەها نزیکەی ٢٠٠ دەزگای میدیایی داخران، دەست بەسەر ماڵ وموڵکیان داگیرا بەبێ هۆیەکی یاسایی. ٣١٩ ڕۆژنامەنووس گیران، ٨٤٠ ئافرەتی زەیستان [تازە منداڵ بوو] کە زۆربەیان موحەجەبە بوون، بە مناڵەکانەوە زیندانی کران، بە پێچەوانەی یاساکان! ١٥٢ کەس لە زیندان تەسفیەکران ولە نێو بران، کە پایەی هەستیاریان هەبوو لە دەوڵەت!

# ژن و ماڵی ئۆپۆزسیۆنەکان حەڵاڵە!

کوڕی یەکێك لە نزیکترین پیاوەکانی ئەردۆگان مەتین قاباتلی ئۆغلۆ، لە وتارێکدا دەربارەی ئۆپۆزسیۆن دەڵێت: " ژنەکانیان [واتە ژنی ئۆپۆزسیۆنەکان [حەڵاڵن بۆتان، ماڵ وموڵکیان حەڵاڵە بۆتان، دەتوانن چۆنتان بوێ بەکاری بهێنن"! ئەو وەقاحەتە وبەدڕەوشتییە لە هەموو مێژووی وڵاتدا ڕووی نەداوە، ئەردۆگان لە جیاتی سزادانی لەسەر ئەو قسانە، ئەو خێزانەی پاداشت کرد و برای ئەو کەسەی کردە والی شاری سەقاریای نزیك ئەستەنبۆڵ!

ئەوە کاروباری ئەو ئیسلامیانەیە کە کاتێ دەربارەی دیموکراتیەت قسەیان دەکرد، بەر لە گرتنە دەستی دەسەڵات، واتدەزانی ئەوانە دیموکراتیەتیان داهێناوە، بەڵام کاتێ پێیان قایم کرد لە دەسەڵات و سامان و پارەی دەسەڵاتیان کەوتە دەست، هەڵگەڕانەوە لە هەموو پەیمانەکانیان، بوونە گەلەگورگێك قاپیان لە جەستەی گەل گرت، هەموو نەیارانیان گرت و راونا ودوورخستەوە، بەوەش نەوەستان کودەتایەکی شانۆنامەیان سازکرد بۆ لەناوبردنی هەتا ئەوانەی لیپان چاوەڕوان دەکرێ ڕۆژی نەیاریان بێ!

ئەو حزبەی ئەردۆگان گوایە دینی وئەخلاقییە، کاتێ لە بەشی ناوخۆیی قوتابیان سەر بە ڕێکخراوی [الانصار]ی سەر بە ئەکەپە پارتی، کاتێ کۆمەڵێ منداڵی بچووك دەستدرێژی سێکسیان کرایە سەر، بۆ ڕای گشتیش ئاشکرا بوو کە ئەو ئابڕووچوونە چەندین جاریتر ڕوویداوە لە دەزگاکانی حزب، دادوەر وداواکاری گشتی و قیمقامی ئەو شارە گواسترانەوە بۆ شوێنی تر، وەك سزایەك بۆ دانەپۆشینی ئەو فەزیحەتە قێزەونە، ئینجا فشارێکی زۆریان لە کەس وکاری منداڵە قوربانییەکان کرد بۆ ئەوەی بێ دەنگ بن، بە دە هەزار لیرەی تورکی ناچار بە بێ دەنگیان کردن!

هەتا سێکیولاریستەکان ئاستی داڕمانی ڕەوشتیان نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی پەردەپۆشی تاوانێکی وا قێزەون بکەن..

تۆرگۆت ئۆغلۆ باسی فەزیحەتێکی تری سەیر دەکات، دەڵێ کاتێ ڕەشوەخۆری وبەرتیلکاری تەشەنەی زۆری کرد لە ڕیزەکانی حیزب، شێخ ومورشیدە دینیەکانی حزب، لە جیاتی ڕەخنەگرتن لەو کارە قێزەونە حەڕامە بە دەقی دین، گووتیان :ئەو ڕەشوەیە وەك دیاریی و پێنج یەکی [الخمس] ی قورئانە کە شیعەش کاری پێدەکەن! دەی لە هەموو سەردەمی سێکیولاریستەکان کەسێکیان نەیوێراوە پشتگیری لە ڕەشوە وبەرتیل بکات بەناوی ئینسانی خۆی، کەچی شێخ وموریدەکانی حزب بەناوی خوا پشتگیری لە ڕەشوە وبەرتیل دەکەن!

شتێکیتریش کە لە هیچ سەردەمێکی حوکمی سێکیولاریستەکانیش ڕووی نەداوە، بەپێی یاسای تورکی، کارمەندانی دەوڵەت نابێ بەژداری لە ڤیستیڤالی حزبی بکەن، کاری سیاسی حزبی نابێ بکەن، بەڵام لە سەردەمی ئەردۆگان کارمەندانی دەوڵەت ناچارکران بەژداری بکەن لە ڤیستیڤاڵە سیاسیەکانی ئەردۆگان، ناوی ئەوانەی بەژدارییان ناکرد لە لیستی نەیاران دەنووسرێ!

لە کۆتاییدا تۆرگۆت ئۆغلۆ دەڵێت: خەلك لە تورکیا ئێستا ڕەحمەت بۆ کەمالیستە توندڕەوەکان دەنێرێ، پاش ئەوەی تامی ژیانی ژێر دەستی ئیسلامییەکانیان کرد!

٢٠١٩/٧/١٥

# *ئەردۆگان و هیستریای حیجاب لە نێوان سیاسی وئاینیدا

بێگومان تورکیا کێشە وتەنگژەی تا بڵێی زۆرە، ئەو میراتە ئایدیۆلۆژیەی کە کەمالیزم بۆ ئەو وڵاتەی بە جێهێشتوە ولە هزری مرۆڤەکانی ئەو وڵاتەی چاندوە باجێکی زۆری بۆ دراوە وهێشتاش دەدرێ. گومانی تێدا نیە کە کێشەی حیجابیش لە تورکیا کێشەیەکی گرنگە بەڵام قەبارەیەکی گەورەتریشی بەخۆوە گرتوە، لە سۆنگەی ڕەفتاری کورت بین وئاسۆ تەسکانەی نوخبەی عەلمانیەتی توندڕۆ لە تورکیادا، ئەگینا ئەو کێشەیە هێندە گەورە نیە لە چاو کێشەکانی وەک کێشەی کورد ( کە پەیوەستە بە مافی نزیکەی ١٥ ملیۆن موسڵمانی کورد)، وکێشەی دەستور ( کە پڕاوپڕە لە بابەتی شۆفێنی ونا مرۆیانە وپێویستە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت)، وکێشەی دیموکراسی (کە تەنها لە بەشێکی وڵات پیادە دەکرێت، ولە بەشەکەی تر حوکمی عەسکەر وموخابەراتە)، وکێشەی قوبرس وکێشەی چونە ناو یەکێتی ئەوروپا ( کە خەریکە لەبەر نا ئۆمێدی کەیسەکە، ئەردۆگان وگوڵ وعەلی باباجان بەدرۆی سەوز وپەمەیی خەڵکی تورکیا تەخدیر دەکەن، گوایە هێندەی نەماوە ببنە ئەندام وساڵی ٢٠٠٨ ساڵی چونە ناو یەکێتی ئەوروپایە!!)

هەروەها کێشەی پڕۆژەی گاپ (کە ئەنفالێکی سپییە بۆ خۆی: کە هەزاران گوندی وێران کردوە وسەدەها شوێنەواری کۆنی مێژوویی لەناو بردوە وملیۆنەها کەسی ئاوارە ودەربەدەر کردوە وڕەوانەی گەڕەکە ڕەمەکیەکان یان گوێ مەدێیەکان - بە زاراوەی هەولێری - کردون.)

بەڵام سایکۆلۆژیەتی بەشێکی زۆری مرۆڤی ئیسلامی لە هەر تەیار وتەوژمێک بە شێوەیەکی نەخۆشانە تەنها تەرکیز دەکاتە سەر حیجابی ئافرەت لەسەر حیسابی هەموو شتەکانی تر! وبەڵکو زۆر جار ئافرەتی موسڵمان لای ئەو یانی ئافرەتی حیجاب پۆش، ئافرەتی سفوریش بە چاوێکی پڕ گومان وزەنی خراپەوە سەیر دەکرێت، یان تەنها وەک پڕۆژەیەکی بە حیجاب کردن سەیر دەکرێت! ئەو تەرکیز کردنە سەر حیجابە بەو خەستییە

زۆربەی جار لەسەر حیسابی ناواخن وژێر حیجابەکەوەیە واتە ئەو بەهایانەی مرۆڤ دەخەنە بازنەی مرۆڤایەتیەوە.

فەلسەفەی ئەردۆگان وحزبەکەی لە بنەڕەتدا لەسەر بنچینەی پێشخستنی سیاسی بەسەر ئاینی دامەزراوە، بە مانایەکی تر هەردەم لەسەر دوو ڕەهەنددا یاری سیاسی خۆیان دەکەن کە ڕەهەندی سیاسی وئاینییە، هەرچەندە تا ئەمڕۆش بێت ئەردۆگان وهاوەڵانی پرایەرەتیان (ئەولەویەتیان) بە ڕەهەندی سیاسی داوە، وڕەهەندی ئایینی زۆر بە کاڵی لە کردەی سیاسیان بەدەردەکەوێت، جا لە قەناعەتەوە بێت یان لە توقیەوە بێت، یان لە فیقهی لاوازی ئیستیزعاف (فقه الاستضعاف) وفیقهی باڵادەستی تەمکین (فقه التمكين) بێت بە پێی عەقڵیەتی حەرەکی سیاسی ئیسلامی کەمن پێموایە دژی پرنسیپەکانی دیموکراسین، وئەوەی بژێتە ناو یاری دیموکراسییەت نا بێت پەنا بۆ ئەو چەمکە ببات!

دەبوایە کێشە سیاسیەکانی تورکیا بە تایبەتی کێشە کورد کە گەورەترینیانە پرایەریتی (ئەولەویەتی) هەبوایە لە ئەژیندای حزب (AKP) ڕاستە زۆربەی خەڵکی تورکیا دژی قەدەغەکردنی حیجابن لە زانکۆکاندا، جا لەبەر هۆی ئاینی بێت، یان لەسەر بنچینەی ئازادی تاکەکان ودیموکراسی بێت، بەڵام بە ناوەندی کردنی کێشەکە لەلایەن حزبی (AKP)وخستنە گەڕی هەموو بارستایی سیاسی خۆی بۆ هەڵگرتنی قەدەغە لەسەر حیجاب لە زانکۆکان، وەک ململانەیەکی سەرەکی کۆمەڵایەتی وسیاسی، نیشانەیەکە بۆ بە دوا هاتنی کێشەکان .

بەڕاستی ئەگەر ئەردۆگان لە جیاتی ئەو هەنگاوە هەوڵی دابا چەند تابۆیەکی سیاسی نا مرۆیانەی کەمالیەکانی بشکاندبا هەم چاکتر دەبوو، هەمیش پشتگیریەکی زۆرتری لە ناوەوە ودەرەوەی تورکیا وەدەست دەهێنا. بۆ نمونە هەوڵی چارەسەر کردنێکی عادیلانەی کێشەی کورد کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاش پێشوازی وپشتگیری لێ دەکرێت، نەک ئەوە بەڵکو هەتا ئیدارەی ئەمریکی ولەسەر زمانی خودی بۆش ئارەزوو ویستی ئەمریکای بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد و (پ. ک . ک) دەربڕیوە لەکاتی دوا سەردانەکەی گول بۆ کۆشکی سپی بە پێی هەواڵەکانی خودی میدیای تورکی.

بە پێوەری ئیسلامیش چارەسەرکردنی کێشەی ملیۆنەها موسڵمانی کورد، وگەڕاندنەوەی هەموو مافە سیاسی وفەرهەنگییەکانیان، ومامەڵە کردنیان وەک هەر مرۆڤێکی تورکی پلە یەک، زۆر گەورەترە لای خوا لە خۆ خەریک کردن بە قەدەغە کردنی حیجاب لە زانکۆکان، هەرچەندە ئەو قەدەغە کردنەش بە هەموو پێوەرێکی ئەرزی وئاسمانی قابیلی قبوڵ کردن نیە!

بێگومان پرایەرەتی دان بە کێشەیەکی سیاسی ومێژوویی ومرۆیی وەک کێشەی کورد پایەی حکومەتەکەی ئەردۆگانی لە ناوەوە ودەرەوە قایمتر دەکرد. چونکە ئەو کێشەیە زەنگێکی مەترسی بوو بۆ سەرتاسەری تورکیا وئێستا هەڵمەتێکی میدیایی گەورە بەڕێوە دەچێت لە دژی ئەردۆگان وحزبەکەی. هەتا نوسەری تورکی بەناوبانگ محمد علی بیراند لە وتارێکیدا بە ناوی: ( ئامادە بن بۆ تورکیایەکی سەرتاسەر گۆڕاو) "Get ready for a completely transformed Turkey " کە لە ٢٠٠٨/٢/١٢ لە رۆژنامەی Turkish Daily Newsبڵاوی کردۆتەوە تێیدا ترس ودڵەڕاوکێی نێوەندی سیاسی ودەزگای سەربازی تورکیا دەردەبڕێت بەرامبەر ئەو هەنگاوەی ئەو دوایەی حزبی (AKP) دەربارەی حیجاب، کە بە پێی قسەکانی بیراند ئەو جارەیان :"هیچ بایەخێکیان بە سوپا ومیدیای سێکیولاریست وئۆپۆزسیۆن نەدا، بە تەواوی پشت گوێیان خستن...

چونکە ڕێژەی ٤٦،٦% ئەو بوێریەی بەو پارتە بەخشی ولە هەمان کاتدا ترسی خستە دڵی نەیارانی...بە پاڵنەری ئەو ڕێژەیە وبە پاڵپشتی حزبی بزوتنەوەی نەتەوەیی (توندڕەو) MHP، حزبی (AKP) داری خستە نێو شانەی زەردەواڵە کاتێ بە هۆشیاریەوە دەستی کرد بە ئەنجامدانی گۆڕان لە نێو ئەو دامەزراوانەی کە تورکیا بەڕێوە دەبەن، ئەویش لە ڕێگای دامەزراندنی ئەو فەرمانبەر وکارمەندانەی هەڵگری هەمان بیروڕای خۆیانن لە پۆستە ئیداریە گرنگەکان. " "گۆڕان بەرکارە لە دادگای دەستوری ولە بۆردی خوێندنی باڵا Board Higher Education (YÖK)وسەرۆک وڕاگری زانکۆکانیش دەگۆڕدرێن، هیچی تر زمانەی ئەمان لە شوێنی خۆیدا نەماوە. ئەو گۆڕانانە تەنها لە سنوری کارمەندەکان ناوەستێ، بەڵکو عەقلیەتێکی نوێ A new mentality هاتۆتە نێو بواری خوێندن و پەروەردەوە"...

لەڕووی مالیەوەش وەک بەزمەکەی دوو حزبەکەی خۆمان، دەڵێت: "پارە دەستاو دەست دەکات. ئەندامانی حزبی AKP بە بەردەوامی دەوڵەمەند دەبن. ئێستا لە هەموو شوێنێکن وهەموو تەندەرەکان (موقاوەلاتەکان) دەبەنەوە...هەروەها کارمەندانی کاروباری دراویش گۆڕاون، ولە بانکی سێنتراڵەوە دەستیان پێکردوە" دەربارەی میدیای حزبیشەوە دەڵێت: " هەروەها میدیای AKP بەردەوام لە گەشەسەندنە، لە کاتێکدا میدیای عەلمانیەکان (سێکیولارەکان) گەشەی کەمتر بەخۆوە دەبینن. میدیای ئاینی لە بڵاوبونەوە وپەرەسەندن دایە".

"لە کۆتاییدا حزبی AKP کاریگەریەکی زۆرتر دەکاتە سەر ژیانمان لە ڕێگای فەرمانڕەوایی شارەوانیەکان. جلی تایبەتیان، وشێوازی قسەکردنیان، وبۆن وبەرامەیان هەموو دام ودەزگاکانی تورکیای داگیر کردوە. پێویست خۆمان ئامادە کەین بۆ ژیان لە نێو تورکیایەکی سەرتاسەر گۆڕاو لە سنوری ٥ تا ١٠ ساڵی داهاتودا." هەر لەو بوارەوە نوسەرێکی تری تورکی شوشانا بیکەرمان لە هەمان ڕۆژنامەی ناوبراودا لە ٢٠٠٨/٢/١٦ دەڵێت: "زۆربەی عەلمانی وچاوەدێرە بیانیە سیاسیەکان، هەڵگرتنی قەدەغە لەسەر حیجاب وەک هەنگاوی یەکەم دەبینن بۆ دزەکردنی فەندەمێنتاڵیزم بۆ ناو هەموو کەرتەکانی سیاسی وکۆمەڵگادا، لەمەودا نۆرەی چی دێت کە لێی دەترسن؟!

٢٠٠٨/٢/١٧

# *لە قەدەغەی حیجابەوە بۆ بەرتەسککردنی جلی سفور!

یەکێك لەو باجانەی کە کۆمەڵگا دەیدات بە دەستی بڵاوکردنەوەی بیری ئیسلامی سیاسی، بریتییە لە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و بەرتەسک کردنەوەی ئازادیەکانی تاك، لە ڕەفتار و جل لەبەرکردن و هەر ئازادییەکی تری تاکە کەسی.
لە بیرمە لە ساڵی ١٩٩٥ کە لە ئەستەنبۆڵ بۆ ماوەیەك ژیام، سەرەتای چەکەرەکردنی بیری ئیسلامی سیاسی بوو بە ڕابەرایەتی ئەربەکان، و ئەردۆگانیش تازە سەرۆك شارەوانی ئەستەنبۆڵ بوو!

بەڵام ئەو کاتە، ئیسلامییەکان زۆر شەرمن و هەژار وبێ وەی بوون، بۆیە ئەو ئازادییەی لەو ئەستەنبۆڵە دەمدیت، کە پەڕیمەوە بۆ یۆنان و ئیتاڵیا و هۆڵەندا وفەرەنسا وئەڵمانیا و بەریتانیا، هیچ جیاوازیەکی وام بەدی نەدەکرد. خەڵك ئازاد بوو چی دەپۆشێ لە ڕووتترین جل وبەرگ بۆ نیقابی تورکی، هەتا لە ڕەمەزانیش بە دەگمەن دووکانێکی خواردەمەنیت نەدەدیت داخراو بێ!

ئێستا لەوەتی قەدی ئیسلامی سیاسی ئاکەپەداعشی ئەردۆگانی ئەستوور بوە، ڕۆژانە دیاردەی دەعشەنەکردنی کۆمەڵگای تورکیا بەرچاوت دەکەوێت! پار پیاوێك ئافرەتێکی شۆرت لەبەری دایە بەر شەق وپێلاقە!

بەر لەماوەیەك کچێکی شۆرت لەپێ، لەناو پاسێك لەلایەن گەنجێك گێچەڵی پێکرا، دەیان وتەی ناشیرینی پێ گوتبوو، کە چۆن بەو ڕەمەزانە وا دێتە دەرەوە، کە کچەکە فەرامۆشی جوێنەکانیشی کردبوو، هێدفۆنەکەی خستبوە گوێی، هێشتا کوڕەکە وازی نەهێنابوو تا کچەکەی دایە بەر شەق و زلـلە!

ئەمڕۆ گوێم لە توندڕەوێکی ئەردەنی بوو هاواری لێ هەستابوو، کە ئافرەتانی ئەردەن بێ شەرم وحەیا بوون، جلی ڕووت لەبەردەکەن، بە ستایشەوە دەیگووت بڕوانە لە تورکیا کە عەرەبیش نین، کوڕێك هەردوو چاوی کچێکی کوێر کرد چونکە جلەکانی ڕووت بوون!

ئەو کوڕەی کە شەقەکەی لە کچەکەی ناو پاسەکە دا، پاش هات وهاوارێکی زۆری دەیان ڕێکخراو و سۆشیال میدیا، بە نابەدڵی دەستگیر کرابوو لەلایەن پۆلیسی ئەردۆگان، بۆ ماوەیەکی کورت و بەڕەڵایان کرد! چونکە دەوڵەت و پۆلیس و دەزگاکان هەموو ئاکەپەداعشەکان هەڵیدەسوڕێنن، چۆن دەیگرن لەسەر کارێکی خێر؟!

با یدورنەوە سێکیولاریستە حاقیدەکانی تورك، کە نەیانتوانی مافی کورد بدەن و دیموکراتی هەقیقی پەیڕەو بکەن، هەر چەند ساڵێکی ترە خۆشیان دەبێت ببنە داعش، چونکە کەسیان نەماوە بەرامبەر ئەردۆگان بوەستێ، تەنها هیوایەك بە سوپا هەبوو، ئەردۆگان لەو شانۆگەریەی کۆدەتاکەی ئەخیر، هێندە هەیبەتی سووپای شکاند، هەزاران ئەفسەر دەستدرێژی سێکسی لێکراوە تا بەتەواوی کەرامەتیان بشکێنن!

٢٠١٧/٧/٤

لینکی پەیوەست:

# *ئەردۆگان تورکیای کردۆتە زیندانێکی کراوە!

واشنتن پۆست لە سەروتاریدا دەڵێت دەبێت ئەمریکا هەڵوێست لە ئەردۆگان وەرگرێت کە تورکیای کردۆتە زیندانیەکی کراوە!
سەدان ڕۆژنامەنووس لە زیندانن یان بە شێوەیەکی گوماناوی دەکوژرێن و لەناو دەبرێن! دوو دادوەر چونکە گوڵەنیان تەبریە کردبوو لە کەیسەکی هەڵبەستراو، هەردووکیان لە ڕێگای لێدانیان بە ئۆتۆمۆبیل کوژران! ئەندام پەرلەمانێکی ئەردۆگان لە میدیا پێشتر بە ئاشکرا گوتبووی دەبێت خاینان لەناوبەرین بە شێوەیەک وەک ڕووداوی ڕێگاوبان نیشان بدات!
لە سایەی ئەردۆگان ئێستا هەزاران ئەندامی خێزانە تورکیەکان، کە تۆمەتبارکراون بە گوڵەنی، ڕادەکەن لە وڵات و سەدانیان زیاتر لە ڕوبار ودەریای نێوان تورکیا و یۆنان خنکاون! ڕوبارێکیان ناوناوە گۆڕستانی تورک، لەبەر زۆری ژمارەی خنکاوان!
نووسەرێکی تورک دەڵێت ئێستا تەنها کوردبوون تۆمەتە، و دەوڵەت و خەڵکی هاندەر بە ئاکەپە و ئەردۆگان هێرش دەکەنە سەر کورد لە هەر شوێنێک هەلیان بۆ ڕەخسا! دەڵێن کە کورد دەگرن داوایان لێدەکەن کڕنۆش بۆ ئاڵای تورک بەرن و ماچی کەن، لەگەڵ دەیان سوکایەتیتر!
ئەردۆگان سەلماندی کە ئیسلامی سیاسی بۆ لێدانی کورد و کەمایەتییە دینیەکانی تر زۆر ترسناکترە لە دەسەڵاتە سێکیولارە کەمالیستەکانی پێشوو!
چونکە دەسەڵاتە کەمالیستە سێکیولارەکان، ئەگەر بشیان کوشتبای بە ناوی خوا و جیهاد و دین وایان نەدەکرد! بەڵکو بە ناوی قەومیەت و تورکیەچیەتی و نیشتمان پارێزی کاری خۆیان دەکرد! نەیان دەگوت کورد کافرە دەبێت جیهادی لە دژدا بکرێ!. هەزاران موسڵمانی گێلۆکە و چوارپێی نەدەکردە لایەنگیری قڕکردنی کورد، دەیان میدیای سۆزانی

عەرەبی وەک جەزیرەی قەتەری نەدەکردە زوڕنایەک بۆ جیهادی سەرباز و تیرۆرستەکانی تورک وعەرەب بۆ لێدانی کورد!
بەڵام دەسەڵاتی ئەردۆگان، کە باڵێکی بۆتە تورکە فاشیستەکانی باخچەلی، هەموو پۆخڵەواتەکانی ڕژێمەکانی پێشوو دەکات لە دژی کورد، سەرەڕای ئەو حەملەیە ئیسلامی و ئیمانییەی دژی کوردی بەرپاکردوە، کە ئیسلامی سیاسی و دایکی ئیسلامی سیاسی ئیخوانەکان بۆی جێبەجێ دەکەن!
خەریکە کورد قڕ دەکرێت، عەلی قەرەداغی بەیاننامە دەردەکات لەسەر موسڵمانانی سریلانکا کە گوایە ستەمیان لێدەکرێت !!!
ئەگەر ئیسلام ئەوە بێت کە قەرەزاوی و قەرەداغی و ئیخوان پراکتزەی دەکەن، هەزار نەفرەت لەو ئیسلامە، کە باوەڕناکەم خودی شەیتانیش هێندە نەگریس و دڵڕەش و بۆگەن و نامەرد بێت. دەبێت کورد بە دوای دینێکی تر بگەڕێت!
دیارە ئەو کارانەی ئەردۆگان هەمووی بە ڕەزامەندی زلحیز و زلهێزەکان دەکرێ، دەنا ماقوڵ نییە دەستی ئەو سەگە هارەیان وا واڵا کردوە بە کەیفی خۆی پەلاماری کورد دەدات لە سوریا و لە عێراق.
ببینت ئێران و عێراقی شیعی بە خوێنی تورکی عوسمانی تێنوون، کەچی بۆ لێدانی کورد چۆن بە ئاشکرا و نهێنی هاوکاری تورک دەکەن! دەڵێن هەردووکیان سەگی سوونین با یەکتری تەواو بکەن!
ئەو غرور و لە خۆباییەی تورک و ئەردۆگان بە گۆڕینی عەقڵیەتی مقاوەمەت و بەرەنگاری کورد دەگۆڕێت. نابێت هیچیتر لە چیا و شارۆچکەی گەمارۆدراو، چاوەڕوانی سوپای تورک کەن بۆ لێدانی گورزێك، دەبێت هەزاران گەنجی کورد ڕێکبخرێ بۆ لێدانی زەبری کوشندە لە جومگە ئابووریەکان و تێکدانی ژیانی گشتی خەڵکی شۆڤێنستی تورک. دەبێت کارگە و هێڵی کارەبا و هێڵی شەمەندەفەر و هێزە ئەمنیەکان هەمووی بکرێتە ئامانج، تەنها مەگەر بەو شەڕە بتوانرێت غروری ئەردۆگان بشکێنرێت دەنا بەو خاوە خاوکردنە هیچمان بۆ ناکرێ.

دیارە هۆی سەرەکی ئەو گەلەکۆمیە ئەرز و ئاسمانییە لەبەر کوردبوونە و دژی کورد و کوردستانە، دیارە کوردانی ڕۆژئاوا ڕیفراندۆمیشیان نەکردبوو و پایتەختی تیرۆریستانیشیان تێکشکاندبوو هەر بەو دەردەیان بردن! کەچی مرۆڤدۆستە مووە نەرمەکانی کورد پێیان تاوانە بڵێین لەبەر کورد بوونمان سزا دەدرێین وپێیان شۆڤینستییە !!

ئەو هێرشە دڕندەیەی ئەردۆگان بە پیشتیوانی ئیسلامی سیاسی بۆ سەر کورد، تەنها سودێکی هەیە، کە هەر کوردێک کەمێک خاوەن کەرامەتی نەتەوەیی بێت، لە دەروونیدا ئیسلامی سیاسی تەڵاق دەدات بۆ هەتا هەتایە!

٢٠١٨/٣/١٣

# *ئەردۆگانی بەڵتەچی خەڵك دەڕفێنێت و لە ڕێگای سیاسەتەکانی لە دەرەوە!

لەبەر بێ دەسەڵاتی عەرەب و هیچ لەبارياندا، خەريکە ئەردۆگان دەبێتە ئەفسانەی وڵاتە عەرەبی و ئەفريقييە هەژارەکان!

سۆماڵ ئەوە دەيان ساڵە لە ناکۆکی و پاشاگەردانی دەژێت، عەرەب تەنها لێی دەروانن، هەرچەندە ئەو وڵاتە کە هەرچی بێت عەرەب نين، خۆشيان بە عەرەب لە قەڵەم داوە تا بەڵکو خێر وبێری عەرەبی بێ خێريان پێ دەگات!

بەڵام خێری عەرەب تەنها بۆ فەرمانڕەوايانی دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانە، کە زۆربەی لە ڕابواردن و سۆزانيەکانی پايتەختە خۆرئاواييەکانی خەرج دەکەن!

توركيای ئەردۆگان ئێستا وەك زلهێزێکی ئيسلامی ڕەفتار دەکات، ئێستا خەريکی هەڵسانەوەی سۆماڵە، و لە کۆتايی ٢٠١٧ سەردانی سێ دەوڵەتی ئەفريقی کرد، تونس و چاد و سودان!

هەناردەی توركيا بۆ ئەفريقيا لە نێوان ٢٠١٢ بۆ ٢٠١٦ زياتر لە ٦٥ مليار دۆلار بووە، و قەبارەی بازرگانی زياترە لە ٩٣ مليار دۆلار، ولەو ماوەيە بە ڕێژەی ٢٠٠٪ زيادی کردوە!

ئەوەش بێ گومان لە تێڕوانينێکی ئابووری سياسی توركيەوە سەرچاوە دەگرێت! ئەردۆگان بە تەمايە ببێتە ياريکەرێکی سەرەکی لە ئەفريقيا، بۆ بەرژەوەندی خۆيی و توركيا.

سەردانەکانی بۆ ئەفريقيا بە هاوەڵی سەدان بزنسمانی تورکی و کۆمپانيا توركيەکان ئەنجام درا، سەدان گرێبەستی بازرگانی و هەتا سەربازيش واژۆ کرا! توركيا دەيەوێت سودانيش ببوژێنێتەوە لە ڕووی ئابووری و کشتوکاڵی و سياسيشدا!

سودان لە زۆربەی لوتکە عەرەبیەکان باسی توانایی پێدانی خۆراکی هەموو ئەفریقیا و وڵاتانی عەرەبی دەکرێت، بەڵام تا ئێستا دارێکیان بۆی نەخستۆتە سەر بەرد، چونکە عەرەب هەر زمان و دەنگن!
تورکیا لە یەکەم چوونی بۆ سودان، ۲۲ ڕێککەوتنی بازرگانی و سیاسی و پیشەسازی واژۆ کرد! کۆمپانیا تورکیەکان یەک ملیۆن فەدان زەوی لە سودان وەرگرتوە بۆ چاندنی پەمۆ و دانەوێڵەی بەرهەمهێنانی ڕۆن!
یەک دوورگەی بە ناوی [سەواکن] پێشکەش ئەردۆگان کرد بۆ بوژاندنەوەی وەك شوێنی ئاسەواری عوسمانیەکان و دامەزراندنی بنکەیەکی سەربازی کە لەناو دەریای سوورە!

بەو کارانەش عەرەبی میسر و سعودیە و ئیماراتی وروژاندوە، کە هێندە بێ کەڵکن نە بە خۆیان هیچ بۆ سودان دەکەن، پێشیان ناخۆشە کەسیتر هیچیان بۆ بکات، ئەردۆگانیش تاکە براوەی ئەو یارییە ئەفریقیەیە، و هەڕەشەیەکیشە بۆ هەژموونی ئیسرائیل لە ئەفریقیا.
بێگومان ئێرانیش قەڵسە بەو سەردان و پەیوەندییە، چونکە ئێرانیش سودانی بەکاردەهێنا بۆ بڵاوکردنەوەی شیعەگەرێتی! و ئەردۆگان بەو کارەی جێپێی ئێران لەق دەکات لەو وڵاتە!

خۆی نەرێتێکی هاوبەش هەیە لە نێوان دکتاتۆرە دەوڵەمەندەکان، ئەوەش ئەوەیە کاتێ بەهێز دەبن لە ناوەوە، پەل بۆ دەرەوە داوێن، بۆ خۆ تەسویق کردن لەسەر ئاستی جیهانی.
سەدام دەوڵەتی ئەفریقی نەما پارەی بۆ نەنێرێ، قەزافی خۆی بە زۆر کردبوە شاهەنشاهی ئەفریقیا !
ئەردۆگان لە سەدام و قەزافی باشتر یاریەکە دەکات، لەلایەك خۆی دەکاتە پاڵەوانیك لە ئەفریقیا، ولەلایەکی تر وەك سەدام و قەزافی هەر پارەی وشکە نابەشێتەوە، بەڵکو وەبەرهێنان دەکات بە ملیارەها دۆلار، کە خێری وڵاتەکەی خۆی بە پلە یەك تێدایە، وئینجا خێری وڵاتە ئەفریقاییەکە!

مافیاکانی کوردیش لەبەر دزی و گزی نەیانتوانی ئەو قەوارۆکەش بپارێزن، ئەو قەوارۆکە کە بە قەد سێ یەکی دانیشتوانی ئیستانبۆل خەڵکی تێدایە، نەیانتوانی خزمەتگوزاری و ژیانێکی کەرامەتئامێزی بۆ دابین بکەن، لە جیاتی وەك ئەردۆگانی خەریکی دەوڵەمەندکردنی تورک و تورکیایە، و ئەوانیش کورد و کوردستان دەوڵەمەند کەن، بەو هەموو سەروەت وسامان و ئاو و خاکە، نەك ئەوەیان نەکرد، بەڵکو خەڵکی کوردستانیان لە خەڵکی سودان برسیتر کردوە، ئەو بێ کەڵکانە!

ئەو جێپێ قایمکردنەی لە وڵاتانی دەرەوە لە ئەفرقیا و ئەوروپا وئاسیا، سودێکی گەورەی ئابووری وئەمنی بە ئەردۆگان گەیاندوە، تا ڕادەی ئەوە لە زۆر وڵاتانی جیهان، فشارێکی زۆر خراوەتە سەر نەیارانی ئەردۆگان، تا رادەی ڕادەستکردنەوەیان بە ئەردۆگان!

ڕفاندنی ئەو شەش هاوڵاتییە تورکییەی کۆسۆڤۆ، کە پێنجیان مامۆستا بوون لە قوتابخانەیەکی گوڵەنی، ویەکیان پزیشک بوو، ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ.

هەرچەندە نارەزاییەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە لەناوەوە و دەرەوەی کۆسۆڤۆ، لەیەکەم کاردانەوەدا سەرۆک وەزیرانی کۆسۆڤۆ وەزیری ناوخۆ و بەڕێوەبەری ئاسایشی کۆسۆڤۆی لەسەر کار لابرد. و گووتی کە ئاگای لەو بابەتە نییە و بەکرێگیروانی ئەردۆگان لە پشتی منەوە کردوویانە!

ئەڵمانیا و یۆنان سەرقاڵی ئەوەن ئەو فەزیحەتەی ئەردۆگان گەورە کەن وەک فەزیحەتەکەی دکتاتۆری ڕووسیا پوتێن و یۆنانیەکان بە کارێکی مافیایی ئەردۆگانیان ناوزەد کرد.

ئەردۆگانی شەقاوە لە جیاتی بێدەنگی هەڕەشە لە سەرۆک وەزیرانی کۆسۆڤۆ دەکات ودەڵێت :دەبێت نرخی لەکارلابردنی وەزیری ناوخۆ و سەرۆکی دەزگای ئاسایش بدات، وەک بڵێی هەڕەشە لە سەرۆک وەزیرانی باشووری کوردستان بکات!

لەبیرمە سەدام حوسێن نیو هێندەی ئەردۆگانی نەکردبوو، جیهانی خۆرئاوا وا تەفروتونایان کرد، نازانم چیماوە ئەردۆگان نەیکات تا هەر لێی بێ دەنگ بن؟!

کێشەی داگیرکردنی عەفرین وسوریا، و دەستوەردانی لە قوبرس و ئاوەکانی یۆنان و دەستوەردانی لە عێراق و میسر ودەیان جێگای تر بەس نییە بۆ ئەوەی کاردانەوەیەکی گەورە هەبێت لە دژی ئەو شەقاوە و مافیا بێ ڕەوشتە؟!

هیوادارم بۆ ئەوە وازیان لێ هێنابێت چونکە دەبەنگە وپەتکی پساندوە تا هەڵەی زیاتر بکات، ولێدانێک لێیدەن خاکی تورکیا لەت لەت بێت. تا تورکیا بە پێوەبێت کورد ناگاتە هیچ ئامانجێکی.

١/٤/٢٠١٨

# *وەستای گەورە ئەردۆگان سەلاحیەتی تەواو بووە

زۆربەی کەسە کاریزماکان لە مەیدانی سیاسەت و هونەر و هەتا وەرزشیشدا، هەوڵ دەدەن لە کاتێکی گونجاو دا گۆڕەپانی یاریان جێبهێڵن، لە کاتێکدا لە لوتکەی سەرکەوتوویی خۆیانن، هەتا جەماوەر ئەو وێنە جوانەی زهنیان، کە لەسەر ئەوانی وێناکردوە وەك خۆی بمێنێت.

نیلسون ماندێلا پاش خەباتێکی بێ وچان و زیندانی ٢٧ ساڵ و بوونە سەرۆك لە ساڵی ١٩٩٤، هێشتا لەسەر توانای خۆی بوو ڕەتی کردەوە خۆی کاندید کاتەوە بۆ خولێکی تری سەرۆکایەتی سەرەڕای مافی دەستوری و داوای خەڵك، سەرۆکی بەڕازیل لولا دا سیلڤیا پاش بوونی بە سەرۆك لە ٢٠٠٢ - ٢٠١٠ بۆ دوو خول، هێندە خۆشەویست و بەجەماوەر بوو، هەتا پەرلەمانی وڵات ئامادە بوون دەستوری وڵات بگۆڕن تا بتوانێت بەردەوام بێت لە سەرۆکایەتی، بەڵام ئەو قبوڵی نەکرد وخەڵك بە گریانەوە ماڵئاواییان لێیکرد.

ئەردۆگان پاش ١١ ساڵ لە سەرۆك وەزیرانی ٢٠٠٣-٢٠١٤ هێشتا دڵی ئاوی نەخواردەوە، بە هەزار فڕوفێڵ خۆی کردە سەرۆك کۆمار، ئێستا ساڵێکی نەکردوە لە سەرۆکایەتی نەك ماندوو نەبوە و جێگرێکی شایستەی دروست نەکردووە، بەڵکو سەرۆك وەزیرانی ئەحمەد داود ئۆغڵو، کە زۆر کەس چاوەڕێی دەکرد جێگای ئەردۆگان بگرێتەوە، هێندە بێ نرخ کردوە، لە جیاتی ئەو و بێ پرسی ئەو کۆبوونەوە بە وەزیرەکانی دەکات!

هێشتا وەك سەرۆك وەزیرانی بەری ڕەفتار دەکات! وەك پەرلەمانتاری هەدەپە، ئەڵتان تان دەلێت: سەرۆکێکمان هەیە ڕۆژانە پێنج سەعات قسە دەکات، زۆرەبڵێترین خەسوو ناتوانیت هیندە جەنەبازی بکات لە ڕۆژیکدا، ئەو ڕاست وچۆپ جوێن بە هەموو کەسێك دەدات، تا بەو دواییە لەگەڵ جێگری سەرۆک وەزیران بولنت ئەرینج بەریەک کەوتن!

یاسایەکی مردووی بە ناوی ئیهانە کردنی مەقامی سەرۆکی زیندوو کردۆتەوە تا ئێستا سەدان کەسی سزا داوە بە تۆمەتی ئیهانە کردنی پایەی سەرۆك، کە لە نێویاندا منداڵێکی

١٦ ساڵ و شاجوانی تورکیا لەبەر شەیرکردنی شیعرێك لەسەر وەستای گەورە (بیوك ئوستا) کە نازناوی ئەردۆگانە لە تورکیا، هەروەها دوو وێنەکێشی کاریکاتێر و چەندین نووسەر و هونەرمەند و میدیاکاری تر .

بێ وەعدی و یاریکردنی بە کێشەی کورد و پاڵپشتیکردنی تیرۆرستانی داعش و شکانیان لە کۆبانێ، زیاتر ئەو پیاوەی تووشی هیستریا کردوە، بۆیە پاش ئەو هەموو ساڵەی دەستی دەستی پێکردنی کورد، تازە دەڵێت: شتێك نیە بە ناوی کێشەی کورد لە تورکیا، تەنها کورد کێشەی هەیە، وەك چۆن تورکیش کێشەی هەیە! لێدوانەکانی هێندە ئیستیفزازی بوون هەتا جێگری سەرۆك وەزیرانی خۆیان بولنت ئەرینج لێی بەدەنگ هات و گووتی با واز لەو لێدوانە عاتیفیانە بهێنێت و هێندە دەست نەخاتە ناو هەموو کارێکەوە، تەنها حوکمەت بەرپرسە لەو دۆسێیە!

کە سەرۆك شارەوانی ئەنقەرەی زۆر نزیك لە ئەردۆگان وەڵامی دایەوە بە تۆمەتبارکردنی بە خیانەت و گوڵەنی بوون! ئەردۆگانیش گووتی من سەرۆکم! نەك هێندە بەڵکو هەتا دژایەتی ڕێکەوتنێکی دە خاڵی نێوان حوکمەت و چەند پەرلەمانتارێکی هەدەپەی کرد بۆ جێبەجێ کردنی پرۆسەی ئاشتی! وادیارە وەستای گەورە ڕژدە لەسەر تەواوکردنی ژیانی سیاسی خۆی لەسەر شێوازی دکتۆرەکانی عەرەب، و نەهێشتنی هەر وێنەیەکی جوان لە زهنی خەڵك.

٢٦-٠٣-٢٠١٥ خەندان

# *ئەردۆگان و شانۆگەری کودەتا و کورد

## -١-

هەر کە گوێم لێبوو کودەتا کراوە بەسەر ئەردۆگان، لەبەر ئەوەی زۆر قورس بوو بۆم باوەڕ بکەم، کودەتا لەسەر ئەردۆگان بکرێ، زۆر دڵخۆش بووم، کە کەسانێك لەناو سوپا هێشتا ماون ترس چۆکی نەشکاندبن!

من لەوەتەی ئاگادارم ئەردۆگان بە بەردەوامی خەریکی تەسفیە کردن و پاکتاوکردنی خەڵکی نەیارە لە ناو ڕیزی سووپا و دادگا و میدیا و هەموو بوارەکانی دەوڵەت. وڵاتی پڕی دینداری ساویلکەی سەرسام بە خۆی کردوە، چۆن دەکرێت کەسانێك مابن کودەتا بکەن؟!

ئەو پیاوە ملیۆنەها دینداری ساویلکەی تورک و کوردی دوای خۆی داوە، و میزاجێکی داعشی داوەتە شەقامی تورکی، چۆن کودەتا دەکرێت؟! بەڵام لەبەرئەوەی سیناریۆی کودەتاکە زۆر بە هێز بوو، لە سەرەتادا، منیش باوەڕم کرد کە ئەوە کودەتایەکی هەقیقیە روو دەدات، دەمگووت ئینشاڵڵا خوا ئەو دیکتاتۆرەی لە کۆڵ گەلانی تورکی و کوردستان دەکاتەوە، هەتا بە کودەتاش!

چونکە ئەمن دەزانم ئەو پیاوە هێندە سوڵتەپەرستە، مەگەر بە خوێن لابچێت لەسەر کورسی دەسەڵات، با جارێك بدۆێنێت لە هەڵبژاردنێك، ئەو کات دەزانن کێیە!

بەڵام ئەو وتەیەی میکیاڤیللی کە بەرچاوم کەوت هیچ گومانم لە دروستی ئەو سیناریۆیە نەما!: " ئەگەر ویستت خاینان لەناوبەری، هێزت نیشانی هەمووان بدەیت. کودەتایەك دروست کە و لەناویشی بەرە!"

بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، و ئازادی ئەردۆگان لە جوڵە و پەیام ناردن بۆ خەڵک ، و ساردو سڕی سوپا لە بەرپەچ دانەوەی سوکایەتی و هێرشی لایەنگرانی ئەردۆگان بە دەستی بەتاڵ، ودوایی هێزە ئاسایشەکان، وردە وردە ڕووی ئەو سیناریۆیەی ئەردۆگان

**دەردەکەوت. چەندین سیاسی گەورەی تورکیا وەک دەنیز بایکاڵ دەڵێن ئەردۆگان خۆی پلاندانەری ئەو کودەتایەیە، هەتا فەتحوڵلا گولەنیش دەڵێت ئەردۆگان خۆی ڕابەری ئۆرکسترای ئەو کودەتایە، لە پێناو گڵدانەوەی مافە مەدەنیەکان!**

**ڕۆژنامەی واشنتن تایمز : پێش ٣ مانگ ئەردۆگان خەریکی کودەتایە!**

## -٢-

لە وتارێکدا لە نوسینی گای تێیلەر، لە ٢٠١٦/٤/٧ نووسراوە، بە ناونیشانی: تورکیای ئەردۆگان زەنگی کودەتای سەربازی بەکار دەهێنێت بۆ فراوان کردنی زیاتری دەسەڵات، و سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن! Turkey’s Erdogan uses military coup buzz to expand powers, curb dissent

نووسەر دەڵێت: ئێستا دەزگا و میدیاکانی سەر بە ئەردۆگان هەوڵی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی کودەتای سەربازین، لەناوەوە و دەرەوەی تورکیا، لە پێناو وەبەرهێننی سیاسی بۆ ئەردۆگان و باوەڕهێنان بە خەڵکی تورکیا، کە کودەتایەك بەڕێوەیە!

ئەردۆگان ئەو پڕوپاگەندەی سیاسیە بەکار دەهینێت، دەربارەی هەولی کودەتای سوپا، وەک ئامرازیك بۆ بەهێزترکردنی دەسەڵاتی بەهێزی، و پەکخستنی ئۆپۆزسیۆن!

ئایکان ئەردەمیر Aykan Erdemir، ئەندام پەرلەمانی ئۆپۆزسیۆنی پیشووی تورکیا، گەورە ئەندامی دەزگای بەرگری لە دیموکراتیەت لە واشنتن، دەڵێت: "ئەردۆگان وەك یاریکەرێکی هونەری شەڕکردن وایە!"

هەروەها دەڵێت: " ئەردۆگانیکان زۆر کارامەن لە گۆڕینی تەحەدایەکان بۆ قازانج. ئێستا پروپاگەندەکە لە ئارادایە، زۆر چاك دەزانن کە دەتوانن سوودی لێ وەرگرن!" بەڕێز ئەردەمیر لە چاوپیکەوتنێکی تردا دەڵیت: " بۆچی دەبیت میدیای حکومی سەر بە ئاکەپەی ئەردۆگان کات و توانایەکی زۆر بەکار بهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی کودەتا؟! بە وردی چونکە دەزانن ئەو کودەتایە ساختەیە لەوانەیە شەرعیەتی دابەزیووی ئاک پارتی بەرزکاتەوە!... ئەوەش بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ڕەخنەکانە لە ئاك پارتی، بەو کارەشی تەنها دوو هەڵبژاردە، دەخاتە بەردەم جەماوەر، ئەویش حکومەتێکی عەسکەری کودەتاچی، یان ئاك پارتی ئەردۆگانە، خەڵکیش بێگومان دەچنە پاڵ حکومەتی هەڵبژێردراوی ئاك پارتی!

**هەروەها دەڵێت: کریدیتی ئاك پارتی زۆر نزمە لە نێوان چینی گەنجانی تازە پێگەیشتوو، ئەو حزبەی کە بە چەندین فروفیڵ توانی لە دوا هەڵبژاردنیدا سەرکەوێت، بە هۆی بەکارهینانی هیزی ئاسایش بۆ داخستنی میدیا و کاروباری ئۆپۆزسیۆن. ئەردۆگان خۆشی تاوانبارە بە داخستنی فەیسبوك و یوتیوب و میدیای تریش! هەتا میدیاکانی ڕوسیاش ئەو پڕوپاگەندەیەی بلاوکردەوە، و لە چەندین سەرچاوەدا ئاماژەیان پیکردوە!**

**فشارەکانی ئەو پڕوپاگەندەیە هێندە بەهێز بوو، هەتا سووپای ناچار کرد وەلامی بداتەوە، کاتێ سەرۆك ئەرکانی سووپا لە سایتی ڕەسمی خۆی لە ٣١ /٢٠١٦/٣ گووتی: " ماقوڵ نییە لێبوردەیی نیشانی هەر دیاردە و کارێکی نایاسایی بدەین، کە لە لادان بێت لە زنجیرەی سەرکردایەتی سووپا... ئێمە فەرمانی یاساییمان دەرکردوە، لە دژی ئەوانەی ئەو جۆرە هەواڵ و پروپاگەندانە بڵاودەکەنەوە، کە هەرگیز بنچینەی یاسایی و لۆژیکیان نییە، پێچەوانەی ڕەوشتی میدیا کارانیشە."**

**ئەو وتارە پێش سێ مانگ نووسراوەم بەس ئیمەی کورد لیی بێ ئاگا بووین، چونکە ئەوانەی گوایە زۆر پسپۆڕن لە کاروباری تورکیا هیچ شتێکی وایان بۆمان باس نەکردوە. ئەوەش کەمتەرخەمییە.[٤]**

---

[٤] سەرچاوە:

http://m.washingtontimes.com/news/٢٠١٦/apr/٧/recep-tayyip-erdogan-uses-turkey-military-coup-buz/

## -٣-

تورك تەجاوزی سێکسی بە سەربازەکانی تورکیش دەکات!
حیقد بچینیت حیقد سەرت دەخوا!
کێ هەیە لە ئێمە چەند چیرۆکێکی تراژکۆمێدی تورکە دەمارگرژەکانی گوێ لی نەبووبێت بەرامبەر کورد ومیللەتانی تر؟! من گومانم هەیە کوردێك هەبێت تورکی دیتبێت، سێ چوار چیرۆکی دەمارگرژی پڕ لە بێ ڕێزی و نامرۆیی و بێ ئیحساسی تورکی گوێ لی نەبووبێت.
هەر بەر لە ماوەیەك و تا ئێستاش، دەتان دیت چی دەکرد لە کوردستانی باکوور. چەند مندالمان دیتن بەوپەڕی وەحشیەت وبەربەرتیەوە کوشتیانن؟! چەند پیاوی پیرمان دیتن بە قەناس کەللەی سەریان پێکا بوو، نەك بە ساچمەی تەقینەوە و بۆمبا باران کردن!
ئەو کچە گەنجە جوانەتان لەبیرە کە بەبێ بەرگری و بێ نقەکردن لەبەر چاوی دایك وباوکیان کوشتیان؟!
چەند پیرەژنمان دیت کە ئێمەی کورد ڕەنگە نەشیان ناسین دەستیان ماچ کەین، کەچی ئەو سەرباز و جەندرمە نامرۆڤانە بە شەق و پێلاقە تێیان کەوتن!
دیتتان ئەو دایکەی بە دیار لاشەی کچەکەی دانیشتبوو یەك هەفتە، قەناسەکانی ئەردۆگان لە هەر یەکێکیان دەدا بە گوللە لە لاشەکە نزیك بایەوە! لاشەی ئەو پیرەژنە سەرووی ٧٠ ساڵیەتان لەبیرە، کە کوڕ و کچەکانی بە هێزی قەناس چەندین ڕۆ نەیانتوانی بینێژن، سە و ڕۆژ لە دوورەوە پاسەوانییان دەکرد، نەوەك سەگ بیخوات؟!
ئەو چەند سەد کەسەی ژێر ساختومانەکەت لەبیرە چۆن بە زیندوویی سوتاندنیان؟!
باسی چی وچی بکەین، تورك بەبێ تارژیدیا ناژیت.
تۆی تورك ئەگەر لە ئەڵمانیا و ئەوروپا و ئەمریکاش منداڵەکانت فێری ڕق لێ بوونەوە لە کورد بکەیت، منداڵی یازدە ساڵی لە لەندەن لە دایك بوو بڵێت: کورد هەمووی گەمژەن، و

میللەت نین! تۆی تورك لە نەمسا هەوڵدەیت کورد بچەوسێنیتەوە، هەتا حوکمەتی نەمسا لەسەر هاتە دەنگ، لە نەمسا فێری ڕێزگرتنی مرۆڤ نەبیت، ئەی دەبێت کەی فێری ئینسانیەت بیت؟! ئەگەر کچێکی جوانی نیمچەرووتان لە زانکۆیەکی لەندەن، بەس بە گۆکردنی وشەی کوردستان تورە بێت لێمان، و هیچیتر سەلامت لێ نەکات، دەبێت بە تەمای چ بن بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا؟!

ئەو میللەتەی حیقد و کەراهیەت دەبێتە ژەمێکی ڕۆژانەی، لە بچوکترین هەلدا ئەو حیقد و ڕق و قینە خۆشی دەگرێتەوە. داگیرکەرانی کوردستان ڕاستە دەتوانن سەرکووتی کورد بکەن، بەڵام ئەو قەسوەت و توندوتیژیەی بەکاری دەهێنن بۆ سەرکوتکردنی کورد، وەک دەڵێن سیحرەکەی بەسەر خۆیان هەڵدەگەڕێتەوە. خەوی ئاسوودەییان لێ دەزڕێنێت.

ئەو سوپایە بوو کە وەك موقەدەساتێك تورك لێی دەڕوانی. دەیان ڤیدیۆیی سوکایەتی و ئەشکەنجەدان تا مردن بە شەق و پێ لەقەی بڵاوبۆتەوە!!

ئەمڕۆ ٢٠١٦/٧/٢٥ رۆژنامەی میرەر Mirror ی بەریتانی لە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیەوە، هۆڤێتیەکی تر و وەحشیگەریتیەکی تری تورکی بۆ گواستینەتەوە، ئەویش دەڵێت: ١٠هەزار سەربازی تورکی لە تەوێڵەی ئەسپدا دەست و پێیان پێکەوە بەستراوەتەوە، بە دوو سی ڕۆژ نان و ئاویان لێ قەدەغە دەکەن، سەرەڕای لێدانیان بە توندترین شیوە، زۆریان دووچاری دەستدرێژی سێکسیش بوونەتەوە!

دەستدرێژی سێکسی کە لە دژی گیراوەکانی کورد بەکاریان دەهێنا، تازە ئالوودەبوون پێی، ئەوجارە دژی سووپای خۆیان بەکاری دەهێنن!

ئەوەیە دەوڵەتی سەرۆکی موئمین و ئیسلامی، سواری سەربازەکانی خۆشیان دەبن! توخواکەی ئەو کوردەی هێشتا بەرگری لەو ئەردۆگانە دەکات، قەت هێناویەتە بەر چاوی خۆی داخوا چەند منداڵ و ئافرەت و لاوی کورد بە دەستی ئەو وەحشە بەشەریانەی سوڵتان دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر؟![5]

---

[5] سەرچاوەی هەواڵەکە:

-٤-

پاکتاوی ستالین شێوازی ئەردۆگان بە پێی لیستە پێشوەختەکان!
هەموو چاودێرێکی سیاسی دەزانێت کە لە کۆنەوە ڕژێمە تۆتالیتاریەکان، لەبەر جەوی پۆلیسی و پڕ گومانی ڕەهبەری مەزن و دیکتاتۆری گەورە. زۆر جار هەر بۆ چاوترساندنی خەڵك هەزاران و سەدان هەزاریان لەناو دەبرد، لە خەڵکانی هەرە نزیك لە خۆیان! ئەگەر تەنها هەڵمەتە پاکتاوکردنەکان یان پاکسازیەکانی ستالین و باقی سەرۆك و ڕەهبەرەکانی کۆمەنیست بخوێنیتەوە، سەرت سپی دەبێت!
لە هەڵمەتی پاکسازی مەزنی ستالین لە نێوان ساڵانی ١٩٣٦-١٩٣٨ ملیۆنەها کەسی لەناوبرد لە بەرپرسانی حزبی شوعی و حکومەت و ملیۆنەها جوتیاری کۆلاك، و سەرکردەکانی سوپای سوور، پۆلیسی نهێنی و کارمەندانی ئاسایی و هتد. تەنها ڕێکخراوێکی ڕووسی مافی مرۆڤ [مێمۆریاڵ]، ناوی نزیکەی سێ ملیۆن کەسی دۆزیوەتەوە، کە دەکاتە ڕێژەی ٢٥٪ لە سەدای قوربانیەکان، کە خۆیان لە زیاتر لە ١٢ ملیۆن و نیو دەدات!
هەموو ڕژێمێکی سیاسی کە بەرەو توتالیاتریزمی و دیکتاتۆریەت هەنگاوی نا، دەبێت دەم نادەم هەلمەتی پاکسازی گەورە بکات، لە پێناو جاوترساندنی خەڵك و لەناوبردنی نەیارانی سیاسی، و دوورخستنەوەی ئەوەی بۆنی کەمترین نارەزایی ئاشتیانەشی لێ دێت. چونکە ئەردۆگان دەمێکە هەنگاو دەنێت بەرەو دیکتاتۆریەت، پاش ئەوەی بە خشپەیی هاتە سەر دەسەڵات بە سواری شەمەندەفەری دیموکراتی، و بە پسوولەی سووپا، کە پارێزەری سیستمی کەمالی سێکیولارە لە تورکیا. ئەردۆگان زۆر لەسەر خۆ دەستیکرد بە توندکردنی پایەی خۆی، و بە یارمەتی ئیسلامیەکانی تورکیا و هەتا گولەنیەکانیش، کە

http://www.mirror.co.uk/news/world-news/thousands-turkey-coup-prisoners-raped-٨٤٨٥٣٠٤

خاوەنی هەزاران کادیری گەورە و دەرەجەدارن لە دەزگاکانی تورکیا، و هەروەها بە ختوکەدانی هەستی ئیسلامەتی کوردیش دەنگی کوردیشی بۆ خۆی مسۆگەر کرد.
هێندە بە فڕوفێڵ دەستی بەسەر دەزگاکان داگرت، یەك دوای یەك کۆنترۆڵی کردن. هەمووی لە سایەی دیموکراتی توانی لەگەڵ تێپەڕکردنی ڕۆژگاردا، بیروبۆچوونی خۆی بسەپێنێتە سەر گشت دامودەزگای دەوڵەت. بەو دواییە دیار بوو کە نەفەسی دیموکراتی زۆر کورت ببوو، بە تایبەتی لە هەڵبژاردنەکان دەنگی پیویستی نەدەهێنا، و نیوەندە سیاسی و ئەکادیمیەکان ڕەخنەیان لێ دەگرت، بۆیە وەك هەر دکتاتۆرێك بیری لە سیناریۆی کودەتا کردوە بۆ ئەوەی هەڵمەتێکی موعتەبەری پاکسازی بکات لە دژی ناحەزە ڕاستی و ساختەکانی.
هەربۆیە گەورە بەرپرسی یەکێتی ئەوروپا، یوهانس هان، گووتی: "هەڵمەت دەستگیرکردنی فراوان و خێرا لە ڕیزی دادوەرکان و ئەوانیتر، هەر پاش هەوڵی کودەتا سەرنەکەوتوەکە لە تورکیا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە حکومەت "لیستی گرتنی ئامادەکردوە پێشوەخت...لە کارێکی پێشوەخت ئامادەکراو دەچێت، من نیگەرانم زۆر، ئەوە ئەو شتە بوو لێی دەترساین!!"
لەو هەڵمەتە پاکتاوە سیاسیەی ئەردۆگان، لەو ماوەیە کورتە زیاتر لە ٧٥٤٣ سەرباز و ئەفسەری بەرزی سوپا گیراون و دوورخراونەتەوە...
گرتنی ٧٥٥ دادوەر و دەرکردنی ٢٧٤٥ ی تر...
دەرکردنی ١٥٢٠٠ کارمەند لە وەزارەتی پەروەردە، و هەموو سەرۆك زانکۆکانی تورکیا و سەدان ڕاگری کۆلێژەکان.
گرتنی ١٥٠٠ کارمەند لە وەزارەتی دارایی...
٨٧٧٧ لە وەزارەتی ناوخۆ!
ئەوە سەرەتای تێکچوونی وەزعی تورکیایە و چونە ناو تونێڵێکی تاریکە، چونکە ئەوەی ئەردۆگان ساڵەهایە بە هێمنی لە پشت پەردەی دیموکراتیەت دژی دیموکراتیەت دەیکات، لە پاش ئەو کودەتایە و پاش ئەو پاکتاوە سەرتاسەرەی، لە مەودوا بە ڕاشکاوی دەیکات.

ئەردۆگانیش کورسیەکی دیکتاتۆرە پاکتاوچیەکانی لە مێژووی دکتاتۆرەکان بۆ خۆی داگیر کرد، ئەوە خاڵی هەڵگەڕانەوە دەبێت لە دیموکراسیەت.

٢٠١٦/٧/١٩

# *لە ساڵوەگەڕی کودەتا شانۆگەریەکەی سەر ئەردۆگان!

پار کە لە ٢٠١٧/٧/١٥ هەواڵی کودەتای سەربازی تورکیا بەسەر ئەردۆغان بڵاوبووەوە، بەپێی پۆستەکانم کە کردم لەو ساتانە، من تەنها سەعاتێك کەمتر باوەڕم بە هەقیقەتی ئەو کودەتایە کرد. بەڵام دوای ئەو سەعاتەی یەکەم گومانێکی قوڵم لا دروست بوو لە ساختەکاری ئەو کودەتایە، چەندین پۆستیشم کرد لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئەو کودەتایە ساختەیە ولە مۆنتاژ و دەرهێنانی خودی ئەردۆگانە!

چونکە من زۆر دەمێکە چاودیری هەموو وتە و جوڵە و کارەکانی ئەردۆگان دەکەم، دەزانم چەندە مرۆڤێکی فریودەر و بلیمەتە لە فریودان، دەزانم بە قەد بۆمبێکی کاوڵکەر مەترسیدارە وەك پەیمانگای توێژینەوەی ئەمریکی جارێك وەسفی ئەردۆگانس کرد بە کەسێکی لە داعش مەترسیدارتر!

هەموو هەوڵێکی ئەردۆگان بۆ مانەوەیە لە دەسەڵات و بە هێمنی بە ئیسلامیکردنی تورکیایە، ئیسلامێك کە زۆر گونجاوە لەگەڵ میزاجی شەڕانگێژانەی تورك و ئەردۆگان! ئینجا هەوڵی دووەمی لەناوبردنی کوردە، ناساندنی پ ك ك یە وەك حزبێکی تیرۆرست.

دیکتاتۆریەتی ئەردۆگان هەموو لایەنێکی ژیانی تورکیای داگیرکردوە، پاش سیاسەت و پەروەردە، ئێستا بەو شوێنە گەیشتووە هەتا لە هونەریش ڕەنگی داوەتەوە، لیستێکی نووسەرە قەدەغەکراوەکان بۆ شانۆکارانی تورك ناردراوە، شانۆگەریەکانی شێکسپیر وبرێخت و پێکت وچەندینی تر نابێت نمایش بکرێت!

هەر لە سەرەتای بەناو کودەتاکەوە ئەردۆگان وەسفی کرد وەك بەخششێک و دیاریەکی ئاسمان! بۆ ناڵێت دیاریەك لە خۆمەوە؟!

هەر پار گووتم "لە وتارێکدا لە نوسینی گای تێیلەر، لە ٢٠١٦/٤/٧ نووسراوە، بە ناونیشانی: تورکیای ئەردۆگان زەنگی کودەتای سەربازی بەکار دەهێنێت بۆ فراوان کردنی

زیاتری دەسەڵات، و سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن Turkey's Erdogan uses military ! coup buzz to expand powers, curb dissent

نووسەر دەڵێت: ئێستا دەزگا و میدیاکانی سەر بە ئەردۆگان هەوڵی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی کودەتای سەربازین، لەناوەوە و دەرەوەی تورکیا، لە پێناو وەبەرهێنینی سیاسی بۆ ئەردۆگان و باوەڕهێنان بە خەڵکی تورکیا، کە کودەتایەك بەڕێوەیە ! ئەردۆگان ئەو پڕوپاگەندەی سیاسیە بەکار دەهینێت، دەربارەی هەولی کودەتای سوپا، وەک ئامرازیك بۆ بەهێزترکردنی دەسەلاتی بەهێزی، و پەکخستنی ئۆپۆزسیۆن!"

ئاماژە زۆرن بۆ ئەو ساختەکاری ئەو کودەتایە، بەڵام هەرە بە هێزترین ئاماژە، ئەو هەڵەزمانییەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بینعەلی یەلدریم بوو لەگەڵ ڕۆژنامەی حورییەتی تورکی، کاتێ گووتی: ئەردۆگان و من لە شەوی کودەتاکە بڕیارمان دا تاوانی ئەنجامدانی کودەتاکە بە ئەستۆی بزوتنەوەی خزمەت هەڵگرین، بەبێ پشت بەستن بە هیچ زانیاریەکی موخابەراتی!

هەر پاش کودەتا ساختەکەش گۆڤاری [فۆکس] ی ئەڵمانی وتارێکی ڕاتەکێنەری بڵاوکردەوە بە ناوی [دەسەڵات .. ورێنە .. ئەردۆگان] کە ڕووبەرێکی زۆری بۆ ڕاپۆرتی موخابەراتی بەریتانی تەرخان کردبوو، کە دەڵێت چەندین گفتوگۆی تەلەفۆنی و ئیمێڵی بەرپرسی باڵای تورکیای دەست کەوتوە لەکاتی ڕوودانی کودەتاکە، دەیسەلمێنێت کە خۆیان بە ساختەیی کودەتاکەیان کردوە بۆ ئەوەی بە زۆر بزوتنەوەی خزمەت تێوەگلێنن وەك بیانوێك بۆ لێدانی زەبرێکی کوشندە لێی! [١][٦]

زۆربەی سەرچاوەکانی ناو ناتۆ لەو باوەڕەدان کە ئەو کودەتایە ساختەکاریەك بوو لە لایەن ئەردۆگان بەرهەم هێنرا لە دژی خۆی، بۆ لێدانی نەیارەکانی، هەرچەندە لەبەر هەستیاری پایەی ناتۆ هیچ دۆکیومێنتێکیان دەرنەکرد لەوبارەیەوە![٢][٧]

[٦] http://m.akhbarelyom.com/news/newdetails/٢٥١٣٥٠٢/١/%D٩٪٨٧٪D٩٪٨٤

[٧] https://www.aldrimer.no/nato-insiders-suspect-staged-turkey-coup/

بەڵگەش لەسەر ساختەیی ئەو کودەتایە ئەوەبوو کە لیستی پاکتاوکردنی ڕژێمی ئەردۆگان سەدان ناوی تێدا بوو کە بە چەند مانگێك بەر لە کودەتاکە لە ٢٠١٦/٧/١٥ کۆچی دواییان کرد بوو، هەندێکیشیان پاش کودەتا بە چەندین مانگ تیخرابوون. ئەوەش بێ سەروبەری ونا دادگەری و ساختەیی کودەتاکەی ئەردۆگانی دەسەلماند. وەك نمونە لە ناوە ناودارەکان:

مایکڵ روبن لە وتارێکدا بەناوی: Did Erdogan stage the coup? ئایە ئەردۆگان کودەتاکەی ساز کردبوو؟ دەڵێت

دادوەری گشتی شاری بادیرمە، ئەحمەد بێجار کە لە ٢٠١٦/٥/٢٠ کۆچی دوایی کردبوو، ناوی لە لیستی پاکتاوکردن دەرکەوت لە ٢٠١٦/٨/٣١! ئەفسەرێکی گەورە بەناوی ئیست کالکان لە ٢٠١٦/٨/١٤ لە ئەفغانستان کوژرا، کەچی لە ٢٠١٦/١١/٢٢ سزا درا. هەروەها محەمەد کارجی لە شارەوانی نوسەیبین دەرکرا، هەرچەندە مانگێك بەر لە کودەتا ساختەکە مردبوو! هەروەها مایکڵ روبن دەیسەلمێنیت کە هێرش کردنە سەر ئەردۆگان وهەوڵی فڕاندنی لەلایەن هێزێکی تایبەت تەنها درۆیەکی ڕووت بووە! ئەو ٢٠٠ کەسە مەدەنیەشی کە کوژراون و ئەردۆگان شینی ساختەیان بۆ دەکات بە پێی شاهێدی کەسانێك هەمووی لەلایەن هێزی SADAT ڕاوێژکاری بەرگری نێودەوڵەتی International Defense Consulting کوژراون بە قەناس، سادات SADAT، ڕێکخراوێکی سەربازی ئەمنییە لە ئیسلامیە توندڕەوەکان پێک هاتووە بە فەرمانی ئەردۆگان لەلایەن ژەنەڕاڵ عەدنان تانریڤەردی، ئەرکی سەرەکی جێبەجێ کردنی کارە چەپەڵ و پیسەکانی ئەردۆگانە بەپێی مایکل ڕوبن.[٨]

نەمگووت ئەو ئەردۆگانە لە داعشیش ترسناکتر وپیسترە؟! وەرە ئەو هەموو خەڵکە مەدەنیە و عەسکەریە بکوژی وببڕی و ئەشکەنجە بدەیت و تەعەدای سێکسیان

[٨] http://www.aei.org/publication/did-erdogan-stage-the-coup/
Did Erdogan stage the coup? April ١٤, ٢٠١٧ ١:١٥ pm

لێبکەیت، هەر لە پێناو ئامانجێکی سیاسی بۆ لێدانی بزوتنەوەیەك بە شاهێدی هەموو چاودێران بچوکترین ڕۆڵی نەبوو لەو شانۆگەریە ساختەیەی کودەتا!

ئەردۆگان بەو بەردە دوو چۆلەکەی کوشت، یەکەم زەبرێکی کوشندەی لە گوڵەنیەکان دا، دووەم لە پەنا ئەوەشدا زەبرێکی گەورەی لە کەسایەتیە ناودارە سیاسی و دیپلۆمات و ئەکادیمی سێکیولار دا، ئەوانەی بچوکترین نارەزایی و ڕەخنەیان هەبوو بێت لەو ئیسلامی سیاسیەی ئەردۆگان و ئەو تاوانانەی کە ئەنجامی دەدات دەرهەق بە کورد و گەلانی تورکیا، و ئەو خودانیکردنەی لە هێزە تیرۆرستەکانی وەك داعش و نوسرە و قاعیدە..

٢٠١٧/٨/٥

# بەشی چوارەم

# کەسایەتی تورك و کورد
# لە نێوان گرێی ڕق و بێ ئاگاییدا!

# *ڕقی نەخۆشانەی تورك لە کورد

کە ڕق هەموو سنورێکی ماقوڵ دەبەزێنێت بە هۆ و بێ هۆ، لە شەڕ و لە ئاشتی یەکسان دبێت، ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە ئێمە لەبەردەم نەخۆشیەکی دەروونی مێژوویین کە حەلی نییە.
ئەو ڕقەی تورك دەریدەبڕێت بەرامبەر کورد وەك میللەت، ڕۆژانە دەیبینین و هەستی پێدەکەین وپێی دەتلێینەوە.
کێشەکە ئەوەیە کورد لەبەر ناکۆکی ناوخۆیی و لەبەر ساویلکەیی و دڵ سافی هیچ ڕۆژێك لە مێژوو ئاڵوگۆڕی ئەو ڕقەی نەکردۆتەوە بە ڕقێکی هاوتا. ئەوەش زۆر ئازارم دەدا و ئازاری هەموو کوردێك دەدات، کە ئێمەی کورد هەمیشە بەرکاری [ئۆبجێکتی] ڕقی بکەری [سەبجێکتی] تورك بین. چەند ئارام بەخش دەبوو ئەگەر ڕۆژێك لە مێژوو بۆ نمونە سەلاحەدین ئەیوبی کە تورك ڕقیان لەویشە لەبەر کوردبوونی ولەبەر مارەکردنەوەی ژنی نورەدین زەنکی تورکی، حەملەیەکی لەسەر کردبان لایەکی ئیمپراتۆریەتەکەی لەو تورکە دڕندانە پاك کردبایەوە. ماقوڵ نییە هەر ئێمە لە ڕۆڵی چەوساوەی تورك بژین.
میللەتانی ئەو ناوچەیە سروشتێکی نا شارستانی زۆر دڕندانەیان هەیە، ڕیز لە دڕندەی وەك خۆیان دەگرن چەندەش خراپ بێ، و بە سووك و لاواز دەڕواننە مرۆڤی بێ زەڕ و بێ وەی هەرچەند ئادەمیزادیش بێ! کورد دەڵێی بە هەڵە کەوتۆتە ناو ئەو دڕندە و نامرۆڤانە، دەنا کورد ترسنۆك و بێ دەسەڵات نییە، بەڵام درندە نییە، دەنا هێزی کوردمان دیت لە شەڕی خاچپەروەران چۆن شۆڕەسوارانی کورد حەوت پاشای مەسیحیی و فەڕەنگیانیان شکاند! ڕۆژهەڵاتناسێك باسی ڕەوشتی دزی عەرەب و تورکی دەکرد و بەراوردی دەکرد بە دزی کورد، دەیگووت دزی کورد قەت مرۆڤ ناکوژێ لەکاتی دزیکردنیدا و بە هیچ جۆرێك حورمەتی ئافرەتی ماڵەکە ناشکێنێ، بەڵام دزی عەرەب و تورك ڕاست وچۆپ دەکوژن و دەستدرێژیش دەکەنە سەر ئافرەتەکان!

ئەو ڕقەی تورك لە بیستنی ناو کوردستان لەسەر ڕوخساری نەگریسیان دەردەکەوێت...
لە لێدان و کوشتنی جەندەرمە و پۆلیس و ئاسایشی تورکی بۆ بێ دەسەڵاترین مرۆڤی کوردی پیروپەککەوتە و منداڵەوە دەردەکەوێت!
لە سوکایەتی و گێچەڵی خاڵەکانی پشکنینی ڕێگا وبان و فڕۆکەخانەکان دەردەکەوێت!
وەرە دوو کەس لە فڕۆکەخانەی ئەستەنبۆڵ بنێریتەوە عێراق چونکە یەکیان وێنەی منداڵێکی خۆی بە جلی کوردیەوە لە پرۆفایلی فەیسبوکەکەی داناوە، و ئەویتریان وشەی کوردستان یان لە پۆستێکی فەیسبوکی ئەو دۆزیوەتەوە؟!
توێژینەوەیەکم خوێندەوە بەناوی [بۆچی داعش ڕقی لە کوردە؟] لە نووسینی خانمی نوسەر ئۆزەی بۆلۆت (Uzay Bulut) کە ڕۆژنامەنووس و توێژەرێکیشە لە فۆریۆمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست Middle East Forum (MEF) ، دەڵێت: سەنتەری ستراتیژی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (ORSAM) لە ڕاپۆرتێکیدا کە لە مانگی ئاب دەریکردوە، ووەك یەکەمین توێژینەوەی لەو جۆرە کە لەسەر لایەنگرانی داعشی تورکی زمان بکرێت لەسەر تۆڕی پەیوەندی کۆمەڵایەتی تویتەر، توێژەرانی سەنتەرەکە هەڵسان بە داونلۆدکردنی ٥١٩٨٢ تویت لە ٢٥٦٧ ئەکاونتی ئەوانەی لایەنگرانی داعشن، سەنتەرەکە بۆ ماوەی چوار مانگ ئەو تویتانەی یەک یەک خوێندەوە و خستنیە بەر توێژینەوە.
"ئەنجامی سەرەکی ئەو توێژینەوانە ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە مەسەلەی سەرەکی لایەنگرانی داعش لە تورک زمانەکان دینی نییە هێندەی دنیوییە! واتە پاڵنەری سەرەکییان لە پاڵپشتی داعش لە دژایەتی پ ک ک و هەر کاروبارێکی پەیوەست بەو حزبەیە. ئەو توێژینەوە دەریخست کە بابەتە دینیەکان کە جەوهەری ئایدیۆلۆژیەتیان پێك دەهێنێت بە پلە دوو دێت لای ئەو داعشە تورك زمانانە!" [١]
یانی بوون بە لایەنگری داعش هێندە لەبەر باوەڕیان بە داعش و جیهاد و باقی خوڕافاتە دینییەکان نییە، هێندەی لە ڕق لێبونەوەی کورد و پەکەکە یە.

ئەوەی زیاتر ڕق و حیقدی تورک بە گشتی و داعشی تورکی بە تایبەتی دەوروژێنێت ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی کوردەکان بوو لە کۆبانێ لە کانونی دووەمی ٢٠١٥، کاتی یەکینەکانی پاراستنی گەل توانیان ئەفسانەی ڕەشی داعش بشکێنن لەو شارە قارەمانە.
کەوابوو ئەو پاڵپشتیەی تورکان بۆ داعش ڕەگی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رقەی تورکەکان هەیانە لە دژی کورد کە خۆی دەنوێنێت لە کێشمەکێشی هێزە نەتەوەپەرستە تورکیەکان وپەکەکە و پەیەدە، کە لەو دەبەرێك چوونەی کورد و داعشیش تورکە توندڕەوەکان گوزارشیان لە توندڕەوی نەتەوەیی خۆیان کرد لە فۆرمی توندڕەوی دینی، ئەوەش بە چاوساغی ئاکەپە و ئەردۆگان هاتە دی کە توانی توندڕەوی نەتەوەیی ئاوێتەی توندڕەوی دینی بکات بەسەرکەوتوویی، کاتێ وەک خەلیفەیەکی داعش ساڵی ڕابردوو وەسفی حزب و هێزە کوردیەکانی کرد بە مولحید و زەردەشتیەکان! ئەو مولحید وزەردەشتیانەی چەندین ساڵە دەستی پێدەکردن لە پرۆسەی بەناو ئاشتیدا!
ئەردۆگان وەک خودانێکی [٢] داعش توانیویەتی تورکێکی زۆر داخیل بەو ڕێکخراوە تیرۆرستیە بکات هەر لە ڕقی کورد، لە ڕێگای ئەو داعشە تورکانەوە هەڵمەتێکی دینی چڕ بۆ تەکفیری کورد و ناوزڕاندنیان ئیجرا دەکەن، بەڵام خۆشبەختانە داعش خۆی هێندە ناوزڕاوە نەکەسی پێ سووک دەکرێ و نەکەسی پێ بەرز دەکرێ، هەموو حیقد و ڕق و قینەی تورك لە کورد لە داعشی چاکتر و بەهێزتری بۆ دروست ناکرێ، ئەو داعشەی وەك دەجالی ئاخیر زەمان لەسەر دەستی قارەمانانەی کورد سیحری بەتاڵکرایەوە، ڕۆژێکیش بۆ تورك لە مێژوودا هەیە بۆ بەتاڵکردنەوەی ڕق و قینەی مەغۆلیان!

٢٠١٧/٧/٢١

سەرچاوەی توێژینەوەکەی Uzay Bulut:

[١]

http://www.israelnationalnews.com/Articles/Article.aspx/٢٠٦٠٢

[٢] وشەی خودان م زۆر پێ جوان و لەبار بوو لە مانای وشەی العراب ی عەرەبی یان Godfather ی ئینگلیزی.

# *پێغەمبەریش کورد با تورك باوەڕی پێ نەدەهێنا! ئیسلامیەکانی تورك چۆن باسی سەڵاحەدینی ئەیوبی دەکەن

من دەمێکە لە ناخی بۆگەن و پڕ حیقدی سەرەتایی خێڵە تورکەکانی مەنگۆلیا و ئاسیای ناوەڕاست، لە دەروونی زۆربەی هەرە زۆری تورک بەدی دەکەم، پێویستم بەوەش نییە کەس پێمبڵێ ئەوەی من و ملیۆنەها کورد بە ڕاشکاوی و بە زەقی دەیبینێت و هەستی پێدەکەین نابێت بە ڕاشکاوی دەریببڕین، نەوەك بکەوینە بەر خانەی ڕەیسیستی!

ئێمەی کورد لەوەتی لەسەر ئەو زەوییە هەین، دەوروبەرمان حیسابی ئاژەڵێکیشمان بۆ ناکەن، هەتا لە کاتێ خۆشمان پێیان دەفرۆشین و پێشیان دەکەوین بۆ کوشتنی براکانی خۆمان، لەو ساتەشدا بە سوکتر تێمان دەڕوانن، تۆ ببینە پارتی دەهۆڵی شەڕ دژی پ ك ك دەکوتێ لەبەر خاتری تورك و ڕابەرە شۆڤێنیستە قەومی و ئیسلامیەکەیان، کەچی ئەوان ئامادە نین لە پێشوازی سەرۆکەکانیان سروودی نیشتیمانی کوردیش ببیستن، بەڵکو لە ترسان ئاڵای کوردیشیان هەڵنەکردبوو، نەك ئەوەش حزبۆکەکی تورکمان نووسیبووی سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە لایەن سەرۆك وەزیرانی هەرێمی باکوور پێشوازی کرا!

هەرچەندە ئەو حزبۆکەیە ئەندام پەرلەمانیشیان هەیە، بە قەد حەجمی یەکێتیش ڕۆژانە لە میدیاکان قسە دەکات کاك ئایدن! ئینجا بزانە ئەو سوک سەرنجدانەی تورك چۆن پیاوەکانیشی ناچار کردوە بە ئەنجامەکانی! خۆیان کارێك ناکەن تورك هەراسان بکەن!

هەر بۆیە لەو سۆنگەیەوە ڕۆژێك لە بیرمە لەناو جەمعێکی ئیمانداری ئیسلامی کورد، کە خۆشم وەک یەکێکی حیساب کراو بووم لەوان، باس باسی تورك و کورد بوو، قسەیەکم کرد هەموو ئەوەی لەوێ بوون، تووشی شۆك و تووڕەیی کرد، کاتێ گووتم: "بەخوا تورك ببنە خواش باوەڕیان پێ ناکەم، ابو جەهلی کوردم پێ باشترە لە سەحابەیەکی تورك!"

هەمووومان ڤیدیۆی ئەو مەلا تورکەمان دیت کە چۆن داوا دەکات بە بۆمبی ئەتۆمیش، ئەگەر بکرێت لە کورد بدرێت! گووتمان ئەو حیقدە لەوانەیە نوێ بێت دژی پ ک ک بێت، بەڵام کاتێ زانایەکی ئیسلامی هەرە ناوداری تورك و ئەردۆگان وحزبەکەی، قادر مسرِلی ئۆغلۆ، بە سووکایەتی کردن بە کوردی (کافری) ئەو سەردەمە ناوەستێت، سووکایەتی بە قارەمانێکی مێژوویی ئیسلام کورد، سەلاحەدینی ئەیوبی دەکات، کە ڕێز وپایە و خۆشەویستی ئەو سەرکردە مێژووییە جێگای خیلاف و ناکۆکی نییە بەلایەنی کەم لە نێوان هەموو موسڵمانانی ئەهلی سونەتدا، ئەوە چ مانایەك دەگەیەنیت؟! ئەوە پێمان دەڵێت ئیسلامی تورکی، بە پلە یەك تورکچیاتییە، وەك ئێمە دەمێکە بە خەڵکی دەڵێین، بەداخەوە کە ئیسلامیەکانی کورد زۆربەیان پێیان هەڵخەڵەتاون!

ئەو قادر مسرِلی ئۆغلۆیە، ئەردۆگان دەرگای تەلەفزیۆنی A Haber بۆ خستۆتە سەرپشت، لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا جارێکیان لە ٢٠١٤ گووتی: " موسڵمانان پێویستە دەنگ بۆ ئەردۆگان بدەن چونکە ئەحکامەکانی ئیسلام وا پێویست دەکەن، هەتا ئەگەر دەنگۆکانی گەندەڵی و ڕەشووچیاتیش ڕاست بێت!!! ئیمانمان ئەمرمان پێ دەکات و ئیسلام ئەمرمان پێدەکات، و هیچ چارەیەکیترمان نییە!"

هەروەها گووتی: "ئەو ئیمانداره هەڵدەبژێرم کە چەند عەیبێکی هەیە، لە جیاتی ئەوەی هەر کەسێکیتر لە حزبە ئۆپۆزسیۆنە -بێ باوەڕەکان- هەڵبژێرم، کە پڕاوپڕن لە عەیب وعار!" ئەوەیە وتاری ئیسلامی سیاسی لە ڕوونترین شێوەدا، و ئەوەیە ترسناکی ڕێگادان بە دین بۆ سیاسەت کردن! ڕەشوە وبەرتیل و گەندەڵیش قبوڵە، ئەگەر بکەرەکەی ئیماندار بێت، یان دروستتر بڵێین ئیسلامی بیت!

ئەو سەلاحەدینەش بەدبەختە کە کورد بوو، بەدبەختیشە کە لەو سەردەمە بوو، شەڕی خاچپەروەرانی کرد! هێشتا ئەوروپیەکان لە شیعە و تورك و کورد چاکتر ناسیویانە، و ڕێزیان لە ئاکار و ڕەوشتی بەرزی گرتووە، تا ڕادەی ئەوەی ببوە دیاردە، لە ئەوروپا خەڵکانێکی مەسیحی منداڵەکانیان ناو دەنا سەلاحەدین!

هەروەها شاعیری گەورەی ئیتاڵی دانتی [١٢٦٥-١٣٢١] لە داستانە ناودارەکە کۆمێدیای خوداوەند Divina Commedia، کە بە یەکێك لە چاکترین کاری ئەدەبی جیهانی هەژمار دەکرێت، لە ناو هەموو مێژووی ئیسلام تەنها لەسەر سێ کەسایەتی ئیسلام بە چاك دەدوێت، کە ابن سینا و ابن رشد و سەلاحەدینی ئەیوبیە، وەك کەسانێکی مەزنی ناو مەزنەکان، و لە ڕیزی شاعیری گەورەی گریک هۆمیرۆس، و فەیلەسوفی گەورە ئەفلاتون و یولیوس سیزەر و کەسانیتری مەزن هەژماریان دەکات! ئەگەر باسکردنی ابن سینا و ابن رشد لەبەر زانایی و فەیلەسوفیان بێت، ئەوە باسکردنی سەلاحەدینیش کە سەرکردەیەکی سەربازی و سیاسی بوو، لەبەر سوارچاکی ومەزنی سیفاتە مرۆییەکانی بوو، لەبەر چی ئەوەش ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی گەورەیی کەسایەتی سەلاحەدینە، چونکە کۆمێدیای خوداوەند تەنها پاش ١٠٠ ساڵ لە کۆچی دوایی سەڵاحەدین - کە لە ١١٩٣ کۆچی کرد- نووسراوە.

قادر مسرِلی ئۆغلۆی حزبی ئاکەپەی ئەردۆگان، پەیرەو لە بچوکترین بنەمای ڕەخنەی ئیسلامیش ناکات، کاتێ وەسفی سەڵاحەدین دەکات بە خائین و حەیوانی کوڕی حەیوان! من زانیومە شیعە جوێنی پێ دەدەن، چونکە دەوڵەتی فاتیمی ڕوخاند، کە خۆی دەوڵەتەکە بنکۆڵ کرابوو، بەر لە هاتنی سەلاحەدینیش بۆ میسر، بەڵام نەمبیستوە عەرەبیك یان موسڵمانێکی تر هێندە بێ ڕەوشتانە قسە بە سەرکردەیەکی مێژووی وا گەورە بڵێت، کە ڕزگارکەری قیبلەی یەکەمی موسڵمانان و سێیەم حەرەمیان بێت کە قودسە!

ئەوەش ڕەنگدانەوەی ناخی بۆگەنی تورکە دژی هەر شتێکی کوردی، من لەو باوەڕەدام ئەگەر پێغەمبەر محمد کوردبا، ئێستا تورك کافربوون بە ئیسلام!
مسرڵی ئۆغلۆ دەڵێت سەلاحەدین پیاوی نورەدین زەنکی بوو [کە تورک بوو]، ئەو پەروەردەی کردبوو، ناردی بۆ میسر بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە، بەڵام ئەو خیانەتی کرد پاش شەش مانگ دەوڵەتی فاتیمی ڕوخاند لە بەرژەوەندی خۆی!

ئینجا لەوە زیاتر توڕەیە کە دەڵیت: سەڵاحەدین هێندەی بەس نەبوو دەوڵەتی ئەیوبی کوردی دابمەزرێنیت، بەڵکو دەوڵەتی سەردار و گەورەی خۆشی نورەدین زەنکیشی ڕوخاند" ئەوەی زیاتر دەماری خێڵەکی و بەڕبەریەتی تورکی وروژاندوە، ئەوەیە کە دەڵێت"سەڵاحەدین پاش مردنی سەردارەکەی، ژنەکەی نورەدین زەنکی هێنایەوە، دەك نەفرەتی خوات لێ بێت ئەی سەلاحەدینی ئەیوبی! هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێك دەکەیت بەخێوی کردیت و پەروەردەی کردی، هەی حەیڤانی کوڕی حەیڤان!"
سەڵاحەدین ئەو پیاوە مەزنە بووە، بەداخەوە هەندێك ساویلکەی نەتەوەچی کورد، زۆر بێ ویژدانانە قسەی قۆڕی نەیارەکانی دووبارە دەکەنەوە، بەڕای من هیچ جیاوازیان نییە لەگەڵ مسرڵی ئۆغلۆ یان ئاخوندەکانی شیعەی مەزهەبی! سەلاحەدین دەوڵەتەکەی کوردی بوو بە هەموو پێوەرێکی ئەو سەردەمە، زۆر دڵسۆزتر بوو بۆ کورد لە سەرکردە کوردەکانی ئەو سەردەمەش، فەزڵ و چاکەی ئەو سیاسەتەشی هەمووی بۆ باوکی نجم الدین ئەیوب دەگەڕێتەوە، کە من پێموایە باوکی دامەزرێنەری هەقیقی دەوڵەتی ئەیوبی بووە. پیاوێك بووە پڕ لە عەقڵ و حیکمەت و سیاسەت، بەڵکو من پێموایە تا ئەمڕۆش هیچ کوردێك بەقەد نجم الدین ایوب سیاسی نەبووە. کە سیاسیە بودەڵەکانی ئەو ڕۆژگارە دەبینیت، ئینجا دەزانیت چەند گرنگە ژیانی ئەو کەڵە پیاوانەی مێژووی کورد بخوێنیتەوە، نەك لەبەر ڕقت لە دین، تووشی ڕەنگ کوێری بیت و سەڵاحەدین و هەموو پیاوە کوردەکانی مێژووی ئیسلام و کورد لە سفر دەیت . من ئێستا هۆیەکیتریشم بۆ زیاد بوو،

بۆ ئەوەی سەلاحەدینم خۆش بوێت، ئەویش ئەوەیە تورك ڕقیان لییەتی و بە ڕوخێنەری دەوڵەتی زەنکی تورکی دەزانن، نازانم ئەو خاڵەم چۆن بەسەردا تێپەڕیبوو؟![9] ٢٠١٧/١/١٧

*کێشەی تورک و ئەردۆگان کوردۆفۆبیایە!

کێشەی تورک نەخۆشی کوردۆفۆبیایە، لەگەڵ هەموو کوردێکە، لە ١٩٩١ کاتێ لەیلا زانا کە بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردار بوو، سوێندی یاسایی خوارد، ئەو هەموو پەرلەمانتارە زرتەبۆرەی تورک لە سەرەتادا گووتیان ئەو ئاڵا لەچکە لە خۆت داماڵە، ڕێگەی مەدەن لێرەبێ!

کە سوێندەکەشی خوارد تەنها لەبەر یەک ڕستە بە کوردی گووتی سوێند دەخۆم برایەتی کورد وتورک بپارێزم، شێت وهار بوون، چونکە ئەو مەنگۆلانە برایەتی کوردیشیان ناوێت، تەنها بە کۆیلایەتی کورد ڕازینە، وەک ئەو کۆیلایەتیەی دەسەڵاتدارانی باشوور، کە لە کاتێکدا هەموو جیهان ئیدانەی دوژمنکاری وجینۆسایدی جەستەیی ودیموگرافی تورکیا دەکات، سەرۆکە شیکپۆشەکە، کە مونافەسەی مۆدڵەکانیش دەکات لە گرانبەهایی قات وریبات و سەعات و پێڵاوە لووسە گرانبەهاکانی، هەتا شێوازی قسەکردنیشی گۆڕیوە زۆرناسک و نازدار قسە دەکات! لەو کاتەدا بە دوو سەد هەزار ئاوارەی کوردەوە، بە سەدان کوژراوی دەستی تورکیا وچەتە مریشک دزەکانیەوە، دەڵێت تورکیا کێشەی تەنها لەگەڵ پەکەکەیە!

ئەگەر سەربەرزی وخۆبەدەستەوەدان بەرامبەر تورکیا پێیبڵێن پەکەکە، کەوابوو هەموومان پەکەکەین بە شانازیەوە...کورد ئەو کاتە ڕزگاری دەبێت لە ژێر هەیمەنەی تورک، ئەگەر

---

[9] سەرچاوەی هەواڵەکە و ڤیدیۆکە:

http://www.zamanarabic.com/%D٩٪٨٥٪D٨٪A٤٪D٨٪B١٪D٨٪AE-%D٨٪A٥٪D٨٪B٣٪D٩٪٨٤٪D٨٪AV٪D٩٪٨٥٪D٩٪٨A-%D٨٪B٤٪D٩٪٨V٪D٩٪٨A%D٨٪B١-%D٩٪٨A%D٨٪B٥٪D٩٪٨١-%D٨٪B٥٪D٩٪٨٤٪D٨٪AV٪D٨٪AD-%D٨٪AV٪D٩٪٨٤٪D٨٪AF%D٩٪٨A%D٩٪٨٦-%D٨٪AV٪D٩٪٨٤٪D٨٪A٣٪D٩٪٨A%D٩٪٨٨٪D٨٪A٨/?utm_content=buffer٨a٨c١&utm_medium=social&utm_source=facebook.com&utm_campaign=buffer

وەک خۆیان مامەڵەیان کاتەوە، من بەش بە حاڵی خۆم تورک ببێتە خواش، کوفر هەڵدەبژێرم! نەفرەت لەو برایەتییە بۆگەنە بێت کە نەتەوەیەکی کۆچکردووی مەنگۆلیای هاتوو بە شەپۆڵی دڕندانە بۆ ناوچەکە، بە هێندەش ڕازی نەبێت جێگای بکرێتەوە لەناو گەلانی ناوچەکە، بەڵکو بیەوێ گەلێکی خاوەن خاکی خۆشی، هەزاران ساڵ بەرلە ئەو لەوێ لەناو ببات .

تۆ ئەو پەرلەمانتارە تەرەسەی تورک ببینە چۆن دەڵێ ئێرە تورکیایە بۆی نییە بە کوردی قسە بکات، ئەوە پەرلەمانی ئێمەی تورکە! بەخوا ڕاستیش دەکات، بە خەباتی سیاسی بە تەنها هیچ ناکرێ لەو تورکیایە دەبینن چۆن دەمیرداش وسەدان خەباتگێڕیتر بە دەنگی ملیۆنەهاشەوە لە زیندان کراون !

بەڵام پەکەکەش نابێ لەو ئاستە بمێنێتەوە، دەبێ شەڕی مان و نەمان بکرێت، پەکەکە بەو خاوی و ساردیەوە سەدان هەزار لایەنگر لە دەست دەدات لە باکوور، کە هەموویان دەچنە باوەشی جەماعاتی ئیسلامی سیاسی و ئیخوانی ئەردۆگانی !

پەکەکە بە هەزار گەنجی گیان فیدای نەترساو لە مەرگ، دەتوانی تورکیای پێ بە چۆکدا بهێنی، خۆیان دەزانن چ دەڵێم.

٢٠١٩/١١/٨

# *تورکمان لە نێوان ستەمی زۆربە، و خۆ بەشێر کردنی کەمایەتی

لە هەفتەی ڕابردوو دوو کەسایەتی تورکمانی مەجلیسی پارێزگای کەرکوک وئەندام پەرلەمانێکی تورکمان، کۆڕێکیان بەست کە کەسانێکی سەر بە مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی عبدالعزیز الحکیم ڕێکیان خستبوو. برایەکی بەڕێز ئاگاداری کردینەوە لە پێویستی ئامادەبوونی کورد لەوێ، چونکە وەک زانراوە سیاسیەکانی تورکمان هێندە نەزان وداخ لە دڵانە هەڵسوکەوت دەکەن بەرامبەر کورد ودۆزی ڕەوای کورد، کە خۆشیان نازانن ئەو یارییە چەندە ترسناکە لەسەر خۆیان وگەلی تورکمان، کە بەداخەوە کردویانن بە گیرۆدەی ئەو هەرزەکارییە سیاسییەی خۆیان وبە زۆری تۆی دوبەرەکێ ودژایەتی لە نێوان کورد وتورکمان دەچێنن.

وەک چۆن تەوقعمان کرد، ئەو دوو سیاسیە تورکمانە کە یەکێکیان سەر بە حزبێکی شیعەی عەرەب بوو، ئەویتریان سەر بە بەرەی تورکمانی شۆڤێنی بوو، دەستیان کردە گێڕانەوەی سەربردەی مێژوویی کەرکوک دەتوت فیلمێکی هیندی باس دەکەن چونکە هیچ باسی کورد لەو مێژوە نەبوو، هەتا باسی عەرەبیش دەهات، کەچی کورد بێ کارەکتەر بوو!!

دوایی هاتنە سەر تاوانبارکردنی کورد بە هەموو شتێکی کە بە خەیاڵی شۆڤێنستەکان نەبێت بە خەیاڵی کەس داناچێت. دەیانگوت پاش ستەمی سەدام، کوردەکان هاتن زۆر لەو ستەمکارتر بوون!! کورد ٥٠٠،٠٠٠ تا ٦٠٠،٠٠٠ خێزانی کوردی هێناوەتە کەرکوک بۆ گۆڕینی دیموگرافی لە کەرکوک!! کورد هەموو هەڵبژاردنەکانی بە تەزویر بردەوە! کەرکوک لەوەتی هەیە نە کوردی بوە نە شارێکی کوردستانی بوە بەڵکو تورکمان بنیاتنەری سەرەکی بوە!

بێگومان عەرەبی شیعەی کە لەو کۆڕە بوون وکۆڕ گێڕەکەش دیار بوو خۆشیان لەو قسانە هاتبوو، بۆیە کە تەواو بوون تەنها کوردێك بەوپەڕی بوێرانە وەڵامی چاکی ئاڕاستە کردن وتوانی ٤ – ٥ دەقیقە قسە بکات. لە دوای ئەوەدا کۆڕگێڕەکە بە ئاشکرا دەیویست تەجاهولی کوردە ئامادەبوەکان بکات، تا من بە توندی ئاگادارم کردەوە کە بۆ ناومان تۆمار ناکات بۆ قسەکردن! ئینجا کە بە ناچاری تۆماریشی کرد ئەوجارە گوتی هەریەکەی لە یەک دەقیقە زیاتر قسە ناکات!! لەو دەقیقەیەدا کە دووسێیەکی بە فیڕۆ چوو لەبەر دەست هەڵبڕینی کەسانێک کە هەتا عەرەبیان نەدەزانی!

کە نۆرەی من هات لەو ماوەیە کورتە توانیمان چەند پەیامێک بگەینین نازانم تێیگەیشتن یان هەر خۆیان لە گێلی دەدەن. وتم با هیچی تر موجامەلەی یەکتر نەکەین ئێوەی زۆربەی بەرپرسانی تورکمان هیچ مانایەکتان بۆ برایەتی نەهێشتۆتەوە، هیچ گرنگییەک بۆ ئەو هەموو خەبات وخوێنەی کورد دانانێن وخوێ دەکەنە سەر زامەکانمان، بە هەڵسوکەوت وهەڵوێستەکانتان کە هەردەم لە دژی کوردە، لە هەر کوێیەک ڕیزێک بەسترابێت بۆ دژایەتی کورد دەچنە پاڵی.

من وەک سەربەخۆیەکی کورد پێتان دەڵێم دڵی خەڵکی ئاسایی کوردیشتان زۆر پڕکردوە لە خۆتان، لەوانەیە ئەو جۆرە هەستە بگاتە ئاستی خەڵکی ئاسایی زۆر ترسناک بێت، ئەو هەموو هات وهاوارەی ئێوە لە پێناو چی دایە، هاوارەکانتان لە هاواری دەوڵەتۆکەی ئەلبانیای سەردەمی ئەنوەر خۆجە دەچێت کە شەو ورۆژ هێرش وهەڵمەتیان دەکردە سەر ئیمپریالیزم، تا چاودێرەکان تەشبیهیان کرد بە مشکێک کە وەک شێر دەنەڕێنێ!! کێشەی کەرکوک لە بنەڕەتدا لای هەموان کێشەی نەوتە وئێوەش لەلایەن تورکیاوە هاندەدەرێن بۆ دژایەتی کردنی هەر مافێکی کورد لە کەرکوک... لێرەدا دەقیقەکە تەواو بوو!!

یەکسەر تورکمانێکی بەرەی تورکمانی شۆڤینیست هەڵسایەوە وگوتی: ئێمە ئەگەر پشتیوان ودۆستمان تورکیا بێت، ئەوە پشتیوان ودۆستی ئێوە ئیسرائیلە!! بیگومان قسەکانی زۆر بە شێوەیەکی ئیستیفزازی کرد وڕووشی لەمن کرد، بۆیە منیش پێم گوت هەی نەزانی نەخوێندەوار تورکیاکەی تۆ زیاتر لە ١٦ ڕێکەوتنی ستراتیژی بەستوە لەگەڵ

ئیسرائیل ویەکەم وڵاتی ئیسلامیش بوە کە دانی ناوە بە ئیسرائیل! بەڕاستی بابەتی ئیسرائیل خۆی لە خۆیدا گرێیەکی گەورەیە لەسەر دڵی هەموو کوردێک، ئەو ئیسرائیلە بێ خێرەی کە وەک مریشکی هاوسێیە بۆ کورد وڕیقنەکەی بۆ ئێمەیە وهێلکەکەشی بۆ ئەوانە. ئەوەندەی ئێمەی کورد لە دەست ئیسرائیل ناوبەد بوین یەک لە سەدی هێندە سودی بۆمان نەبوە.

٠٩/٢٠/٥/١٦

# *کورد وەك میللەتێکی دوژمن دۆست!

## ١

مرۆ گوێی لە فەقیردۆست و میوان دۆست و ڕاستی دۆست و شتی تریش بووە، بەڵام لە هیچ مێژوویەك کەس گوێی لە دوژمندۆستی بووە؟! باوەڕناکەم!

ئەو دوژمن دۆستییە داهێنانێکی کوردی سەد لە سەدە، گەمژەترین و دواکەوتووترین و سەرەتاییترینی گەلانی جیهانیش، دەستیان نییە لەو دۆزینەوەیە مەزنە! میللەتێکە دەڵیی هەمووی دوچاری نەخۆشی ستۆکهۆڵم سیندرۆم بوونە، کە تیایدا قوربانی هاوسۆزی پەیدا دەکات لەگەڵ دوژمنەکەی تا ڕادەی خۆشەویستی! لە ساتی کودەتاکەی سەر ئەردۆگان، هەروەك لە ساتە ناسکەکانی تریشدا، وەك هەڵبژاردنەکان، خەڵکانێکی ئیسلامی زۆری کورد، بەوپەڕی دوژمندۆستیەوە، خەریکی شین وگریان و دوعا کردن بوون بۆ سەرکەوتنی ئەردۆگان بەسەر دوژمنانی، کە کوردیش یەکیکیانە!

وەك بڵییت ئەردۆگان زۆر دۆست بێت؟! کورد بە پاڵنەری ئایدیۆلۆژی ئیسلامی هەمووی سوژدەی شوکریان برد کاتێ، ئەردۆگان ڕزگاری بوو لەو سیناریۆیە کودەتا ساختەیەی، کە وردە وردە نهێنیەکانی ساختەیی دەردەکەون، وەك ئاماژەمان دا بەو وتارەی واشنتن تایمیز کە ٣ێ مانگ بەر لە ئیستا باسی ئەگەر چیکردنی سیناریۆیەکی کودەتا هەیە لەلایەن ئەردۆگان.

ئەو ئیسلامیانە ئەگەر بزانن دیموکراتیەتیکی ئەنگلۆ ساکسۆنی هەقیقیش بیتە دەسەڵات لە پاش ئەردۆگان پێیان خراپە، و هەر پشتگیری لە ئەردۆگان دەکەن. یانی دژایەتی کودەتایان پاڵنەرێکی ئایدیۆلۆژی دینی لەدوایە، نەك لۆژیکیکی مرۆیانە.

# ٢

**دەڵێن پ ک ک و هەدەپەش دژی کودەتا بوون!**
**دەڵێن سووپا خراپترە لە ئەردۆگان بۆیە پشتگیری ئەردۆگان دەکەین!**
**منیش دەڵێم:**

**ڕاستە هەموو حزبەکانی تورکیا دژی کودەتا بوون، ئەوەش هەڵوێستێکی سیاسی پێویستە، چونکە زۆرجار کودەتا تا سەرنەکەوێت قبول ناکرێت! کودەتاکەی تورکیاش ئەگەر هەقیقی با، لە ستایلی کودەتای سیسی میسر قبوڵ دەکرا، ئەوە کودەتاکەی سیسی میسر لەبەرچاوە، چۆن خۆی سەپاند بەسەر هەموو جیهان! چونکە ئەردۆگان زۆر مەکروهترە لە مورسی لە نێوەندی سیاسی و میدیایی خۆرئاوا.**

**بەرای ئێمە پ ک ک و هەدەپە خوێندنەوەی ئامادەیان هەبووە بۆ ئەگەری کودەتا، کە ماوەیەکە میدیای ئاك پارتی دەیوروژاند، و پ ک ک و هەدەپە وەك حزبەکانی باشوور نین، بەس لە نەوتفرۆشی سەریان دەربچێت! بلیمەتیەکی گەورە بوو دژی کودەتا هەڵوێستیان گرت، چونکە ئەگەر وایان نەکردبا، ئێستا ئەردۆگان و بەڵتەچیە گورگە بۆرە و داعشیەکانی هەزاران کوردیان کوشت و زیندان کردبوو! ئەوان دەست لە سەربازی بێ ڕوتبەی هەژاری تورك ناپارێزن، کە لای تورکەکان سەرباز پیرۆزە و نازناوی محەمەدیان لێ دەنێن، بە ئاهەنگ بەڕێ دەکرێن بۆ خزمەتی سەربازی، ئەی چۆن دەستیان لە هەدەپە و کورد دەپاراست؟!**

**ئەمریکا و ئەورووپاش هەروایان کرد، تا درەنگ چاودێری وەزعەکەیان کرد، دوایی دایەنە پاڵ دەسەڵاتی بەناو شەرعی و هەڵبژێردراو!**

## ٣

**ئایە سووپا خراپترە لە ئەردۆگان؟!**

پێش دەرکەوتنی ئەردۆگان، سووپا خراپتر بوو ڕاستە، بەڵام لە حالی حازردا مەرج نییە سووپا خراپتر بێت، هەتا ئەگەر لە ڕابردووش خراپتر بوو بێت. چونکە هەموو هێزە عەلمانیەکان بە سووپاشەوە کە پارێزەری عەلمانیەتە لە تورکیا، کەوتنە بەر هەڵمەت و فشاری ئەردۆگان، هێدی هێدی مافە دیموکراتیەکان لە خەڵك گڵدەداتەوە. هیزی پارتەکەیی و کەسی خۆی لە هەموو دەزگاکان بڵاوە پێکردوە، بۆیە هێزە عەلمانیەکان بە ڕابەری سووپا گەر بگەڕێنەوە، بەڕای من بە عەقڵیەتی جاران حوکمی تورکیا ناکەن و پێشیان ناکرێ. ڕەفتاریش وەك جاران لەگەڵ دۆزی کورد ناکەن. چونکە دەزانن لایەنگیری کورد و ئیسلامیەکان بوو، ئەردۆگانی فریودەری هێنایە ئەو دەسەڵاتە درێژخایەنە لە سەرەتاکاندا.

ئەگەر سوپا و هێزە عەلمانیەکان خراپیش بن، نەشگۆڕابن، هەر بەڕای من، سووپایەکی کودەتاچی و چەند حزبێکی بەناو عەلمانی، زۆر ئاسانترە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی لە سووپا ومیلیشیا و بەڵتەچی و داعشیەکانی ئەردۆگان، کە بەوپەڕی دڕندایەتی ڕوحی کلتوری خوێناوی تورکی و جیهادی ئیسلامی شەڕی کورد دەکەن. ئینجا سووپایەکی ناحەز و چەند حزبێکی عەلمانی نەناسراو زۆر باشترە، لە ئەردۆگانێك کە دەتوانێت بە فەتوایەکی قەرەزاوی و قەرەداغی ملیۆنێك گەنجی عەرەبی خەلیجی و میسری و تونسی و سوری وپاکستانی و ئەفغانی لە دژی کورد کۆ بکاتەوە! ئەو گەنجەی خۆی لە ژێر زنجیری تانکێکی کودەتاییەکان درێژ کرد عەرەبێکی مەغریبی بوو!

ئەوانەی ئەو مەترسیانە نابینن و هەر دڵیان بەوە خۆشە کە ئەردۆگان باشترە، یان خۆیان لە گێلی دەدەن لەبەر باوەڕی دینیان، یانیش خراپ حاڵی بوون.

وەك گووتم هەرگیز لەگەڵ کودەتا نیم، بەڵام دیموکراسیش چارەی دیکتاتۆریەت ناکات، بە تایبەت ئەو دیکتاتۆریەتە پایەی سەرەکی یاریکردن بێت بە هەستی دینی ئیسلامی و موسڵمانان.

لە حالەتی ئەردۆگان دەزانم دکتاتۆرێکە قەت بە ڕێگای دیموکراتی لاناچێت. کەسێکە تورکیای بردۆتە سەر لێواری ڕژێمێکی تۆتالیتاریزمی شمولی و زۆربەی ئازادیەکانی خەڵکی قۆرخ کردوە و زیاتریش قۆرخی دەکات. جارِی گەورەترین شەڕی داوە لە دژی کورد لەسەر ئاستی سیاسی و سوپایی. تاوان نەماوە نەیکات دژی منداڵ و گەنج و پیر و ژن و پیاوی کورد. وڵاتی پڕی لایەنگری دینی توندوتیژ کردوە. ناوچەکەی پڕی شەڕی تیرۆریزم کردوە. سامانی باشوری کوردستان بە برابەشی دەدزێت .

چ دیموکراتیەك دەتوانێت ئەردۆگان بڕوخێنێت.؟!! پاش ئەو سیناریۆ ساختەیەی کودەتا، کە سیناریۆکانی سەردەمی حوکمی شوعیەتم بیردەهێنێتەوە، لە پاکتاوکردنی نەیارانی چاوەڕوانکراویان، ئەردۆگان بازێکی گەورەتر دەدات لە حوکمی دیکتاتۆریانەی خۆی، کورد و تورکیش زیاتر سەرکووت دەکات، ڕوحی دوژمنایەتی لە دژی [کوردی کافر] بە هێزتر دەکات، لە پەنا دینە داعشیەکەی، ئەو کاتە هەموو کوردە ساویلکە و گەمژە و دوژمندۆستەکان پەشیمان دەبنەوە بۆ سەرنەکەوتنی کودەتاکە، هەرچەندە بەڕای من قەت سەر نەدەکەوت، چونکە ئەردۆگان پلان دانەری بوو.[١٠]

١٠ https://www.theguardian.com/commentisfree/٢٠١٦/jul/١٨/turkey-failed-coup-president-erdogan-clampdown-media-military?CMP=fb_gu

# *پارتی بۆ دوژمن و براکانی!

## حزبی کوردی باشترینن بۆ بێگانە، و حەقیرترینن بۆ کورد و خۆبەخۆ!

ئەو حیزبە کوردیانە دەڵێی منداڵەکانی خەڵیفە سەعۆن، کە لە دەرەوە لێدانیان خواردبا لە جیاتی لەو کەسە بدەنەوە، دەهاتنەماڵەوە لە برایەکی یا خوشکێکی خۆیات دەدا لە جیاتی!

ئەخر پارتی بۆ نموونە، لە ڕێفراندۆمەکەی ئەردۆگان چ سوکایەتیەک ما بە پارتی و خودی مەسعود بارزانی نەکا؟! بەخوا بەس مابوو جوێن بە دایک وخوشکیشیان بدات. ئەو گەلەکۆمیەی تورکیا و ئەردۆگان بوو، وا گەورەترین دۆڕان و نوشوستی بۆ پارتی و کورد بەگشتی تۆمار کرد.

کورد ئەگەر یەک دەماری کوردی مابێت تا مردن ئەو شەق و زەبرەی ئەردۆگان لەبیر ناکات، بەڵام دیارە پارتی و زۆر لە حزبە کوردیەکان دەمارێکی کوردییان نەماوە، بۆیە وا بە سەرشۆڕییەوە خۆیان بۆ ئەردۆگان بادەدەن وەک ئەو سۆزانیانەی لەسەر شەقام کە دەیانەوێت سەرنجی کڕیار ڕاکێشن!

ئینجا پارتیەکان ببینە کە لە میدیاکانیشیانەوە شەڕی دەروونییان بۆ ئەردۆگان دەکرد لە دژی شەڕڤانانی پەیەدە، بە دڵ پێیان خۆشە عەفرین ناچار بە ڕێکەوتن کرا لەگەڵ ڕژێمی سوریا!

لەجیاتی تۆڵەی قوندڕانی ڕیفراندۆمیان لە ئەردۆگان بکەنەوە، سەدان پۆستیان کردوە،

دژی پەیەدە کە گوایە لەگەڵ بەشاری دیکتاتۆر ڕێکەوتوون و عەفرین وەک کەرکوک داگیرکرایەوە!

بەڕاستی بەراوردێکی سەقەتی پارتیانەیە، پاش شەڕێکی یەک مانگی پاڵەوانانە لە دژی دووەم هێزی ناتۆ و کرێگرتە عەرەب سونەکان و کوردە حەڕامزادەکانەوە و لە سایەی بێ دەنگی جیهان و کوردی دڵڕەشی دژیانیشەوە ناچار بە ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی سوریا بکرێن، لەگەڵ تەسلیم کردنی کەرکوک و سەدا پەنجای کوردستان بەبێ تەقە، بە بیانووی خیانەتی چەند سەرانێکی ناو یەکێتی.

ئەگەر سەرانی پارتی تۆزێ کەرامەتیان هەبا، دەبوایە بە هەموو توانایەکیانەوە، لایەنی کەم بە نهێنیەوە یارمەتی پەکەکە و پەیەدەیان دابایە وەک تۆڵەیەک لە ئەردۆگان، نەک وەک منداڵەکانی خەلیفە سەعۆ لە برا و خوشکی خۆیان دەنەوە لە جیاتی، یان بچنەوە ژێردەستی عەبادی بەڕێز دانیشن نوکتەی کۆنی سواویان بۆ بگێڕێتەوە، و بە زۆر خۆیان بهێنە پێکەنین!
دەزانم ئەو گرێیە دەروونیە خۆبەبچوک زانیە هی زۆربەی کوردە بەڵام پارتی لەوەدا پشکی شێری بەردەکەوێت، بۆیەش قسەی غەڵەتیان زۆر پێ دەکات لە دژی کورد!

ئەگەر نیوەی ئەو دوژمنایەتیەی پەکەکە وپەیەدەی ئاڕاستەی ئەردۆگانیان کردبا کە بەبوکی دانە بەغدا و تەهران، ئێستا ئەو گرێییە دەرونییە خۆ بەکەمزانینەیان زۆر باشتر ببوو. ئەردۆگان عەرز و عەرشی لاقەکردن، بۆ تۆڵەی خۆتان لەو ناکەنەوە باشتر نییە ئەی کوڕانی شەرعی خەلیفە سەعۆ؟!

٢٠١٨/٢/٢٤

# *پارتی و گێلفرۆشی کورد و کوردستان

تەنها چارەسەر ڕۆیشتن و نەمانی ئەو دەسەڵاتە خاک ومیللەت وسامان فرۆشەیە... لە واقیعی حاڵ و لە دۆکیۆمێنت و سەرچاوەکان دەردەکەوێت، کە پارتی کارێکی هێندە گێلانە و دەبەنگانەی کردوە لەگەڵ تورکیا و باقی کۆمپانیا بێگانەکان، هەموو موقەدەرات وسامانی خەڵکی کوردستانی ئێستا و نەوەکانی داهاتووشی گێلفرۆش کردوە.

ئەو پارتییە ببینە بۆ خەساندنی کورد و یەکێتی و گۆڕان وباقی حزبەکان، و بۆ کۆنترۆڵکردنی جەماوەری کوردی ژێر دەستی خۆی، بۆ کڕینی سەدان هەزار شەهادەدار وپێنووسفرۆش و چالاکوان و قەحپە وگەوادەکان، چەند بلیمەت و پیسە لە ئیسرائیل بەتواناترە لەمامەڵەی دوژمنەکانی، بەڵام کە دەچێتە مامەڵە لەگەڵ دوژمنانی کوردی وەک تورکیا وئەردۆگان، هێندە گێلانە وساویلکانە کارەکەی کردوە، ملی شکاوی خۆی خستۆتە ناو پەتی قەنارەی تورکیا، خۆی و تەواوی کوردی کردۆتە بارمتەی ژێر رەحمەتی ئەردۆگان و تورکیا.

ڕزگاربوون لەو مۆتەکەیە تەنها بە نەمان ولەناوچوونی ئەو دز و خاین بەکورد وقاچاغچییە دەستی دووانە دەبێت، لە سەرووی هەموویانەوە پارتی وسەرانی .

خۆزگە حکومەتی عێراق هێندە بەهێز دەبوو بیتوانیبا ئەو مەهزەلەیەی هەڕاجکردنی سامان وسەروەری و نەوتی کوردستانی عێراقی بە دەستی پارتی و بە بەرچاوی شۆڕی یەکێتی ڕاگرتبا لە ڕووی یاساییەوە. ئەو نەوتەی کوردستان بچێتە ژێر دەستی حکومەتی عێراق و بودجە وموووچەی خەڵکی کوردستان بدات، سەد قات چاکتر و ئەشرەفترە لەوەی بچێتە خەزینەی سۆزانی وگەوادێکی وەک ئەردۆگان وتورکیا.

ئێستا دەزانم بۆ ملیۆنەها تف لە کوردایەتی دەکەن، چونکە ئەگەر ئەوەی پارتی دەیکات ناوی کوردایەتی بێ، هەزار تف و نەفرەت لەو کوردایەتییە...

٢٠٢٠/١٢/١٣

# *تورك و چینی و کورد!

لە مێژووی کۆنی تورکیا خوێندوومەتەوە کە چۆن تورکەکان ومەغۆلەکان کە لای زۆرینەی توێژەران یەک شتن، هەمیشە ئەوپەڕی دڕندایەتیان نیشانداوە لە خاکی چین، بەڵام چینییەکان خۆشبەختانە زۆر دڕندەتر و ئازایانە بەرپەچی تورکیان دەدایەوە، تا ڕادەی دەرپەڕاندنیان لەو ناوچانە.
تورکستانی ڕۆژهەڵاتیش کە ئێستا پێیدەڵێن سینکیانج بە هیچ جۆرێک خاکێکی مێژوویی هۆزە تورکەکان نەبووە، بەڵکو وەک هەمیشە وەک داگیرکەرێکی گەڕۆک هۆزە تورک و مەغۆلەکان دەستیان بەسەردا گرتووە.
بەڵام چینییەکان قەت لێیان بێدەنگ نەبوون بەدرێژایی مێژوو تاڵاویان بەدەم هۆزە دڕندەکانی تورک وەکردوە، هەتا هەڵاتنی زۆربەی تورکە مەغۆلەکان بەرەو ئێران وعێراق وکوردستان و ئەو ناوچەیە هۆکاری سەرەکی ڕاونانیان بوو لەلایەن چینییەکانەوە، هەندێکیشیان بۆ کێشمەکێشی ناوخۆ دەگەڕێتەوە!
بەڵام کە تورکەکان هاتن بۆ ناوچەکە، گەلانی ناوچەکەیان بەوپەڕی وەحشیەتەوە کەلەپاچە کرد و زۆربەی گەلان بە کوردیشەوە نەک هەر بەرهەڵستیەکی ئەوتۆیان نەکردن، بەڵکو خزمەتی پلانەکانیان کردن لە گەورەبوون و زاڵبوون. تورکەکان زۆر فێڵبازانە هاتنە ناو بازنەی ئیسلامی ناوچەکە لە ژێر ئەو چوارچێوەیە پیرۆزەی ئەوسای گەلانی ناوچەکە خۆیان وەک پارێزەری ئیسلام ودین نیشاندا، گەلانی ناوچەکەیان زیاتر فریودا، کوردیش یەکەم فریوخۆرەکان بوو، هەتا هێندە بە حەماسەتەوە دەچوونە هانای شەڕەکانی تورک لە دژی بێزەنتییەکان بوونە هۆکاری سەرکەوتنی سەلجوقیە تورکەکان لە گەورەترین شەڕیان لە دژی ڕۆمە بێزەنتیەکان بەناوی شەڕی مەلازگرت لە نزیک شاری موش لە ٤٦٣ هیجری ـ ١٠٧١ زاینی !

لەو شەڕەدا بە ڕابەری سوڵتانی سەلجوقیە تورکەکان، ئەلب ئەرسەلان سەرکەوتنیکی گەورەی تۆمار کرد بەسەر ئیمپراتۆری ڕۆمە بێزەنتیەکان ڕۆمانۆس وهەتا خودی ئیمپراتۆر بە دیل گیرا! تورکەکان پاش ئەو شەڕە دەستیان بەسەر تەواوی ئەنادۆڵ داگرت و بوونی ڕۆمە بێزەنتیەکان بۆ هەتاهەتایی لەو ناوچەیە کۆتایی هات!

# *مرۆڤ پەروەری گێلانەی کوردانە!

من میللەت و نەتەوەی خۆم خۆش دەوێت و ڕقم لە کەسیش نابێتەوە بێ هۆ. کورد زۆری زیان کردوە بەو ساویلکەیی و دڵ سافیە و مرۆڤ پەروەریە لە سنوور بەدەرەی کە کەسانێکی زیندەخەوناوی باسی دەکەن لەو جوگرافیا پڕ قەسوەت و پۆخڵەواتە شۆڤێنییەی کوردی تێدا هەڵکەوتوە.

من دژی شۆڤێنیەتم، بەڵام دژی ئەو شێوازە ساویلکەییەی مرۆڤ پەروەریەی کوردم کە خەڵکی ئاسایی و بەناو ڕۆشنبیرەکانیشی پراکتیسی دەکەن!

تۆ چۆن دەتوانی مرۆڤ پەروەر بیت لەگەڵ کۆمەڵێ گەلی شۆڤێنی سیفەت و ڕقن و بە خوێنی کورد تێنوو؟! لەوەتی کورد هەیە مرۆڤ پەروەرە لەگەڵ عەرەب و تورک و تورکمان و فارس، ئایە ئینسانیەتی کورد هیچی لە نا ئینسانیەتی ئەوان گۆڕی؟! من باسی تاک و تەرا ناکەم، باسی زۆرینە دەکەم، دەنا تاک و تەرای باشیان لەناو هەڵدەکەوێت.

کاتی خۆی منداڵەکەمان واپەروەردە کردبوو هیچ جوێن فێرنەبێت و نەدات، لە قوتابخانە منداڵە عەرەب و ڕەشپێست و ئینگلیز سەدان جوێنیان پێدەدا و ئەویش لەبەر ئێمە جوێنی پێ نەدەدانەوە، ئەوانیش زیاتر ئیستغیلالی بێدەنگی ئەویان دەکرد، تا ڕۆژێک هاتەوە زۆر بە خەم گووتی ئەوان جوێن دەدەن بە من، من چ بکەم؟! منیش پێیم گووت: هەر جوێنێکیان پێدای هەمان جوێنیان پێ دەوە بەڵام تۆ دەست پێ مەکە. ئەوە بوو لە ماوەیەکی کەمدا هەموو منالە زمانپیسەکان لێی ڕەوینەوە زانیان بێ دەنگ نابێت و لە یەکێکیانیشی دا ئیتر زراویان لێی چوو! ناکرێ تۆ مەڕ بیت لە ناو گەلەگورگێک.

من باش دەزانم ئینسانیەت و ئینسانی بوون چەند بەرز و خۆشە لە ناو کۆمەڵگا ئینسانیەکان نەک تورکمانێکی حەقیر کە دوو کەسی ئەوانت نەکوشتوە و یەک خێزانی ئەوانت لە ماڵی خۆیان دەرنەکردوە، ئەو لە یەکەم فورسەتدا دووسەد هەزارت لێ

دەربەدەر دەکات لە دوز و دەوروبەری و دەستدرێژی بکاتە سەر سی چل ژنی کورد، کە کورد لە مێژوویدا دەستدرێژی نەکردۆتە سەر ژنە تورکمانیەک!
ناکرێ بەرەی تورکمانی شۆڤێنیست لە هەموو بۆنەیەك دژی کورد وکوردستان قسە بکەن، کەچی بەژدار بن لە حوکمەت و پەرلەمان، لەناو پەرلەمان سوکایەتی بە ئالای کوردستانبکەن، دەیان کوردیش بە گێلانە بەرگری لەو هەڵوێستەیان بکەن، لە کاتێکدا تورکەکان لە گەڕەکێکی ئەستەنبۆڵ هێرش بکەنە سەر ماڵی کوردێك ولێیان دەن وماڵیان بسوتێنن چونکە بە جلی کوردی لە فەیسبوك دەرکەوتووە!
نەک مەسیحیەکی ناچیز خەریکە بیانکەینە ئاغای خۆمان هێشتا ئەوان پێمان دەڵێن ئێوەی کورد ئەو خاکەی لەسەر دەژین هی ئێمەیە، ئێوە لە داعش خراپترن! یان ئەو شیعانەی لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بوون، لەسەر پاراستن و نانی کورد دەلەوەڕان، هەر هێزی دەستی خۆیان دیت بە تەمای سڕینەوەی ناوی کوردستانیشن! یا تورکی بێ بەها کە هەموو تەنازولێک دەکەن بۆ شەرق و غەرب لە پێناو بە دۆڕاندانی کورد.
من نوقمی ناو ئەدەبیاتی ئینسانی بووم، بەڵام بە تاقیکردنەوە بۆم دەرکەوت کە ئینسانیەت لەناو کەسانێکی شۆڤێنی نەزان و دوور لە ئینسانیەت لاوازی و زەعیفییە بەنەزەریان و بە نەزەری هەموو نائینسانەکان.

٢٠١٩/١٢/٢٠

# *بۆ دەبێت مافیای تورکی سیاسیتر و نیشتیمان پەروەرتر بێت لە سیاسییە مافیاکانی کورد؟!

لە هەر بوارێک بەراوردێ دەکەم لە نێوان تورک و کورد، دەزانم بۆ ئێمە هەر ژێردەستەی ئەو دڕندە و نامرۆڤانە بووین، سەرەڕای ئەوەی ئەو تورکانە نامۆن و لە ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتوون بۆ ئەو ناوچەیە!

ڕاستە کورد لە ڕووی ڕەوشتی و دەروونیەوە زۆر لەو تورکانە ساغتر و دروسترن، بەڵام بەداخەوە لە ڕووی نیشتیمان پەروەریەوە بە هەزار ساڵی ڕووناکی لە پاش ئەوانن!

بەراوردکە لە نێوان مەلاکانی تورک کە سەرەڕای ستەمکاریان، هەموو ئایات و حەدیسەکان دەخەنە ژێرپێی تەفسیرە خورتیەکانیان بۆ ئەوەی پشتگیری ستەمکاری تورک بکەن دژی کورد، و بەڵکو مەلاکانی ئەوان زۆر لە سیاسیەکانیان دڕندەتر و بێ بەهاترن داوای لێدان و کوشتنی کورد دەکەن بە بۆمبی ئەتۆمیش!

بڕوانە مەلا گێل و خۆفرۆش وبێ ڕەوشتەکانی خۆمان بکەن، کە چۆن بەوپەڕی حەماسەتەوە پشتگیری ئەردۆگان دەکەن، هەندێکیشیان وەک بلێی مەلای سەنگال و پاکستان بن هەر ئەو هەموو ستەنە باسیش نییە لایان! بێگومان چەند مەلایەکی خاوەن هەڵوێستی کەمی لێ دەرچێت وەک مەلا سامان و کەسانیتر، دەنا زۆربەیان خۆیان لە گێلی داوە، چونکە لەناخەوە لەگەڵ ئەردۆگانن!

بروانە نووسەر و ئەکادیمی تورکان چی دەڵێن وچی دەکەن بۆ سەرخستنی سوپای ستەمکاری تورک، بڕوانە هەندێ نوەسەر و ئەکادیمی کورد وەک ئازاد گەرمیانی چۆن هەزار چەواشەکاری دەکات بۆ دزێوکردنی کورد و ڕتووش کردنی ڕوخساری دزێوی ئەردۆگان و تورکی فاشیست.

بڕوانە سیاسییەکانی کورد، هەتا ئەوانی ئەردۆگان عەرزیشی گاون، لە جیاتی ئەوەی بەشێک لە پارەی دزراوی خەڵک و چەک وتفاق بۆ کورد لە سوریا بنێرن بۆ لێدانی سوپای

ئەو ئەردۆگانەی کە ئەوانی لە باشوور کردە بووکەبارانێ و گەلەکۆمی ئێران وعێڕاق وحەشدی شەعبی و تورکمانی لێکردن، بە پێچەوانەوە وەک دەبەنگترین و بێ کەرامەتترین سەرکردەی کورد پشتگیری لە داگیرکاری ئەردۆگان دەکەن بە نهێنی و ئاشکرا!

بڕوانە دیندارانی تورک چۆن خوا و تورک و موقەدەساتیان تێکەڵ بووە و هەمووی بوویتە یەک، کەچی زۆربەی دیندارە ملحیزەکانی خۆمان تەمەنای لەناوچوونی پەکەکە و پەیەدە دەکەن چونکە ئیسلامی نین! کێشە ئەوەیە ئەگەر پەکەکە و پەیەدەش ببنە ئیسلامی، وەک یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی و باقی ئیسلامیەکانی تر ملحیز و بێ هەڵوێست دەبن!

تۆ ببینە ئەو ئیسلامیزمە چی لە سەدان هەزار کوردی باکووریش کردوە! وایان لێهاتووە کە عەفرین لە تەکیانە و ئەو هێرشەی دەکرێتە سەر تەقەی سەریان بێت! و زۆر گێلانە بە دینداری تورک و ئەردۆگان فریو بخۆن و پشتگیری لەو فاشیستە تورکانە بکەن!

ئەگەر ئیسلامی بوون وا مرۆڤ لە هەموو بەهایەکی ڕەوشتی و ئینتیمایەکی نەتەوەیی دادەماڵێ، یاخوا کورد هەمووی بەرەو ئیلحاد بچێت باشترە، لە دینێک ببێتە ئامرازی دەستی دوژمنان بۆ لەناوبردنی کورد!

ئەو هەڵوێستە پڕ شەرمەزاریانە بە خەیاڵمدا دەهات و دەچوو کاتێ هەڵوێستی ناودارترین سەرۆک مافیایەکی تورکم دەخوێندەوە بەناوی سیدات بەکر، کە هەتا لە چەتەکانی ئەرگنکۆنیش بوو! کە چۆن زرێپۆشی گوللە نەبڕی بۆ بەکرێگیراوە مریشکدزەکانی سوپای سوریای ئازاد ناردوە و لەناوەوە هەڕەشەی ئاشکرای خوێنڕشتنی لە کۆمەڵە ئەکادیمیەکی تورک کردوە کە دژی ئۆپراسیۆنی چڵی زەیتونن! داوا دەکات هەموو مافیا و دزەکانی وەک خۆی و خەڵکی ئاسایی تورک پارە ببەخشن بۆ ئەوەی چەکی پێ دروست کەن لە دژی دوژمنانی تورک!

**هەروەها هەڕەشە لە ئەڵمانیا و ئەمریکا دەکات گوایە ئەوان پاڵپشتی پەکەکە دەکەن و دەڵێت: دەبێ خوێنتان وەک ڕووبار بڕژێنین!!!**

**ئەوە هەڵوێستی مافیا و دزەکانی تورکە و سەرکردەکانی کوردیش بوونەتە مافیا و دز بۆ برسی کردنی خەڵک و بوونەتە بەکرێگیراوی ئەردۆگان وئێران بۆ کوشتنی هەر خەونێکی کورد! نازانم بۆ دەبێت مافیای تورکی سیاسیتر و نیشتیمان پەروەرتر بێت لە سیاسییە مافیاکانی کورد؟!**

# *جەنابی ئەردۆگان ڕاست دەکات کەرکوك شارێکی کوردی نییە!

ئەو پیاوە وادەزانی ترسنۆکی و تەنازولی بەردەوام بۆ دوژمنێکی وەک ئەردۆگان بە مانای ئەوپەڕی دیپلۆماسی دێ!

ئەخر ئەردۆگان لە دەیان بۆنە دەڵێت کەرکوک فڕی بەسەر کوردەوە نییە، تۆ جارێ بڵێ بەڵکو شارێکی کوردییە و تورکمان و عەرەبیشی تێدا دەژی، چونکە ئەردۆگان سەرەتا دەڵێت کەرکوک شارێکی کوردی نییە، ئینجا دەڵێت شاری تورکمان وعەرەبە، ئەگەر کوردیشی تێدا بێ!

یانی کورد دوای عەرەبیش ئەگەر هەبن!

کاکە ناتوانم بڵێم ئیحراجیشیان کردی بەو پرسیارە، چونکە بێژەرە مووچەخۆرەکانی خۆت ئەو پرسیارەت لێدەکەن، من دڵنیام بەر لە تۆمارکردنی پرسیارەکانیان پێ نیشان دای! دڵنیام ویستت پەیامێکی دەستەمۆیی و تەسلیمبوونی تەواو بۆ ئەردۆگان بنێریت، دەنا دەتوانی بەو بێژەرە مووچەخۆرانەت بڵێی ئەو پرسیارە تەرکە !

بەو حیسابە بێ ئەستەمبۆڵیش شارێکی تورکی نییە، چونکە چوارپێنج ملیۆن کوردی لێیە! بەغداش شارێکی عەرەبی نییە ملیۆنێک کوردی تێدایە، موسڵیش شاری عەرەب نییە زیاتر یەک لەسێی کوردە[١١]!

٢٠١٩/٦/١٣

[١١] (٢) Facebook

# *کێشەی تورک تەنها کوردە نەک پەکەکە!

دەزانم تۆقیویت لە تورکیا، تۆ دەتوانی هەر بێدەنگ بایت، هەرچەندە بێدەنگیش لە کاتە سەخت و پڕ کارەساتەکان شورەییە، بەڵام بێدەنگ بایت وەک عەلی قەرەداغی سەرکۆنەمان نەدەکردی، دەمانتوانی عوزرێکت پێ بدەین کە تۆ بەرپرسیاری لە قەوارەیەک هەر بەخۆت نیت. هەر نەبا چاوت لە مامت کاک مەسعود بکردبا، کە نەک بێدەنگ نەبوو، بەڵکو لێدوان زۆر چاکیشی دا، چونکە ئەو تێگەیشتووە لە ڕیفراندۆمەکەوە کە کێشەی تورک پەکەکە ومەکەکە نییە، چونکە ئەو دژایەتیەی ئەردۆگان و تورک بۆ ڕیفراندۆم کە لە دوور ونزیک پەیوەندی بە پەکەکەوە نەبوو، سەلماندی کە تورک دژی هەموو کوردێک وهەموو مافێکن. دەنا کێ لە ئێوە زیاتر خزمەتی مادی و مەعنەوی تورکیا و ئەردۆگانی کردووە؟! لە سای سەری ئێوە ونەوتە هەڕاجکراوەکەی کوردستان، ئەردۆگان و کوڕەکان وزاواکان وخزمەکانیشی بوونەتە ملیاردێر، کەچی هێشتا کیانێکی سەربەخۆی ژێر پۆستاڵی خۆشی پێتان ڕەوا نەبینی!

بەڕاستی ئەو لێدوانانەت شوورەییە، هەتا خەڵکی چین وماچینیش دەزانێ تورک و تورکیا دژی هەڵمژینی هەر هەوایەکی ئازادی کوردن. خۆ خۆت ومامت پەکەکە نەبوون، ئەردۆگان پێنج فەرزە جوێنی پێدەدان وهەڕەشەی لێدەکردن؟!

وەللاهی کێشەی تورک هەموو کوردە نەک پەکەکە، جا تورک پەکەکەشی پێ قبوڵ نەبێ کە غەرقی ناو ئینتەرناسیونالیدا بووە، لەسەر ئەدەبیاتی کۆنی کوردایەتی سزا دەدرێت، ئەگەر تورکیا بە پەیەدە ڕازی نەبێت کە جیاوازی نێوان عەرەبێک وکوردێک وتورکمانێکی ڕۆژئاوا ناکات، ئەی دەبێ بە کێ ڕازی بێت؟! ئەو ڕۆژە تورک پەنجەی پەشیمانی دەگەزن، کە کۆمەڵێک کوردی سەرسەخت وتواوە لە کوردایەتی دەرکەوتن، بەرامبەر هەر

کوژراوێکی کورد دە تورک بکوژن، ئەو کاتە دەبێ تورک خۆزگە بە پەکەکە و پەیەدە بخوازێ!

خانمی ڕۆمانووسی تورک، ئەسڵی ئۆردۆغان گووتی ئێمەی تورک لە منداڵیەوە هەر لە قۆناغی سەرەتایی خوێندنەوە فێری ڕقی کورد دەکرێین، تۆش گوایە سەرۆکی بەشێکی کوردستانی هێشتا ئەو هەقیقەت نەزانیوە، کە هەتا نەخوێندەوار ومناڵی کوردیش هەستی پێکردووە؟!

٢٠١٩/١١/٦

# *سوڵتانی سێبەر هاکان فیدان ئیبداع لە خۆفرۆشی و زەبوونیماڵەخۆ!

هاکان فیدان سەرۆکی موخابەراتی تورکی میت، ئەگەر بیناسن دەزانن زۆر لە قاسم سولێمانی ترسناکتر ودڕندەتر و بلیمەترە. لە کاتێکدا سولێمانی کارمەندێکی شارەوانی ئاسایی بوو، نیمچە خوێندەوار بوو، هاکان فیدا ماستەر و دکتۆرای لە ئەمریکا تەواو کردوە، لە دەیان پایەی هەستیار کاری کردوە. فیدان لە ٢٠١٠ یەوە سەرۆکی میتە، تەنها مانگێک لە ئاداری ٢٠١٥ دەستی کێشایەوە بۆ ئەوەی بێتە ناو پەرلەمانی تورکی لەسەر لیستی ئەردۆگان، بەڵام ئەردۆگان پەشیمانی کردەوە لە خۆ کاندیدکردن و داوای لێکرد بگەڕێتەوە سەر کاری خۆی وەک سەرۆکی موخابەراتی تورک .

ماڵپەڕی فەرەنسی ئەتلەنتیکۆ شتێکی زۆر ترسناک دەڵێت دەربارەی هاکان فیدان، دەڵێ ئەو کەسە گەورەترین چەواشەکارە کاتێ هەموو کارێکی دژی دیموکراتیەت و عەلمانیەت دەکات، لە هەمان کاتدا ڕوێکی تری نمایشکاری دیموکراتی و سێکیولاری نیشانی ئەوروپا و ئەمریکا دەدات بۆ ڕازیکردنیان و بەردەوامبوون لەو وەهمە خۆرئاواییەی کە دەڵێ ڕژێمی تورکی مسۆگەرکەری دیموکراتیەت وعەلمانیەتە!

ئەو پیاوە دەستی چەپەڵ و خوێناوی ئەردۆگانە، هەموو کارە قێزەونەکانی ئەردۆگان ئەو هاکان فیدانە جێبەجێی دەکات.

پەیوەندی نێوان بزوتنەوە وحزبە ئیسلامیە بەناو میانڕە و توندڕەوەکان ئەو پیاوە دیزاینەریتی، هەتا پەیوەندی داعش و تورکیا لە ڕێگای هاکان فیدانەوەیە، ئەو بوو بە دەیان ڕێگای نهێنی و ئاشکرا چەک و کۆمەکی بۆ داعش دەنارد، هەر ئەویش بوو ستافی کونسڵخانەی تورکی لە موسڵ ئازاد کرد لە دەستی داعش، کە لە کاتێکدا چۆلەکەش ڕزگاری نەدەبوو لەناو قەڵەمڕەوی داعش.

بەپێی سەرچاوە ئاگادارەکان هەر ئەو پیاوەش بوو پلانی لێدانی گوڵەنیەکانی دانا، بەبیانووی کودەتا ساختەکە کە لە سیناریۆی خۆی بوو، دوایی بە دەستێکی پۆڵایی لە گوڵەنیەکان و هەموو نەیارێکی هەقیقی و چاوەڕوانکراوی دا، بەبێ بەڵگە دەیان هەزاری لە زیندان پەستا، هەتا ئەوانەشی لەکاتی کودەتاکەش لەوێ نەبوون لە دەرەوەی وڵات دەیانهێنێتەوە لە ڕێگای پەیوەندی موخابەراتی و سیاسی قێزەون!

ئەو پیاوە تۆمەتبارە بە هەموو کردەوە قێزەونەکانی دژی کورد لە باکور و باشور و ڕۆژئاوا، بەرپرسە لە هەموو کارە تیرۆرستەکانی تورکیا لە دژی کورد. ئەو پیاوە و دەزگاکەی بەرپرسن لە ڕێکخستنی گروپەکانی بەناو ئۆپۆزسیۆنی سوری و گۆڕینیان بۆ گروپی تیرۆرستی و ئاڕاستە کردنیان لە دژی کورد لە ناوچەکە.

ئەمریکا و ئیسرائیل ئەو پیاوە تۆمەتبار دەکەن بە دزەپێکردنی نهێنی ئەو دەوڵەتانە بۆ ئێران! هەتا ناوی هەندێ کەسی سەر بە موخابەراتی ئیسرائیلی لە ئێران دزە پێکرد بۆ دەسەڵاتی ئێرانی کە دوایی هەمووی لە سێدارە دران! هەتا ڕۆژنامەنووس تۆلگا تانیش لە ڕۆژنامەی حوریەت تۆمەتباری کرد بە بوونی پەیوەندیەکی گوماناوی لە نێوان هاکان و موخابەراتی ئێران بەپێی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی.NSA

ئەو هاکان فیدانە تورکیای کردۆتە پردێک بۆ ئێران و حزب الله، هەزاران تۆن چەک وتەقەمەنی ئێران لە ڕێگای تورکیاوە دەگاتە حزب اللەی شیعی لە دژی ئیسرائیل!

هێندە خاتری ئێرانی دەوێ، کاتێ ئەڵمانیا داوای گرتنی قاچاغچیەکی چەک وبابەتی ئەتۆمی ئێرانی کرد لە تورکیا، فیدان بەوپەڕی ڕێزەوە بەڕێی کردەوە بۆ ئێران هەتا تەنگژەیەکیشی دروست کرد لە پەیوەندی تورکیا بە ئەڵمانیا!.

هەر ئەو پیاوە ڕاست وچۆپ توندڕەوی دینی و چەک بڵاودەکاتەوە بە ڕاست وچۆپی دنیا، لە ئەفریقیا دەستی تێکدەرانەی ئەو دەزگایە چەپەڵە گەیشتۆتە سۆماڵ ونێجیریا و سودان و دەیان شوێنی تر!

باوەڕناکەم قاسم سولێمانی هێندەی ئەو هاکان فیدانە زیانی زۆرتر بێ بۆ ئاسایش و بەرژەوەندی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ڕواڵەتدا! ئەگەریش یاریەکی هاوبەشی نێوان

ئەردۆگان و ئیسرائیل و ئەمریکا لە ئارادایە، کە من زۆرجار ئەو گومانەم لا دروست دەبێ، ئەوە بابەتێکی ترە!

سەیر کەوەدایە بەڵگەی زۆر بەهێز هەیە بۆ کوردبوونی ئەو پیاوە ترسناکە بۆگەنە، ئەوەی تێناگەم بۆچی کورد کاتێ خۆفرۆش دەبێت و کار بۆ بەرژەوەندییەکانی تورك وعەرەب و فارس دەکات تیایدا ئیبداع دەکات، بەڵام کاتێ دەبنە سەرکردەی کوردی هێندە لاواز و لەرزۆك و گەندەڵ دەبن، قاچاغچییەکی تورکیش دەتوانێ فریویاندا و بەکاریان بهێنێ؟!

٢٠٢١/١/٢١

# *بەس ئیسلامی بە هەرچی دەبی ببە!

دکتۆرێك هەیە کاتی خۆی هێندەی بەلا ئێراندا دەشکاندەوە، چەندین جار ڕەخنەی لەمن گرتووە کەنابێت بەو ڕاشکاوییە ئێرانی ئیسلامی ڕەخنە بکەین! هەتا کاتی خۆی نامیلکەیەکم لەسەر عەقیدەی شیعەی ئێران و دژایەتی کورد نووسی، بەس مابوو گاڵتەم پێ بکات، چۆن باسی حەدیس وفیقهی شیعیم کردوە دژی کورد!
ئەو کاتە مانگی هەنگوینی لەگەڵ ئێران بوو، بەردەوام ستایشی برا موسڵمانەکانی ئێرانی دەکرد هەتا لە نووسینەکانیدا.
ئەو کاتە ئێران چاك بوو چونکە هێشتا ئیسلامی سیاسی ئەردۆگانی دەرنەکەوتبوو! لەو ڕۆژەوە ئەردۆگان ڕووی سیاسی ئیسلامی نیشان داوە، بۆ چەندین ساڵ دەبیت پاڵی داوە بە ئەردۆگان و تورکیا!
بەردەوام خەریکی جرت وفرتە لە نێوان کوردستان و ئەنقەرە، سەیر لەوەدایە ئێستا خراپ لە شیعە وئێران هەڵگەڕاتەوە و لە وتارێکی نوێیدا دەڵێت شیعە دژی کوردن و قەت چاویان بە کورد هەڵنایەت، و قەت سەربەخۆیی بە کورد ڕەوا نابینن! لە هەمووی عەنتیکەتر هاتووە ئەوەی ئەمن بەر لە ٢٠ ساڵ نووسیبووم لەسەر کورد لە عەقیدەی شیعەدا، کە ئەو گاڵتەی پێدەکرد، ئەو ئێستا ئەو باسانەی من دەکاتەوە، کە چۆن شیعە لە کتێبەکانی حەدیس وفیقهدا هەر کورد بە مرۆڤ نازانن! بێگومان ئەوەش ڕای منە لە ئێران، بەڵام هەمان ڕاشم هەیە لە تورکیا!
ئەو زەلامە ئێستا بە چەند زمان لە خزمەت پڕۆژەی ئەردۆگاندایە، بە عەرەبی و ئینگلیزی و تەرجەمەی تورکی و کوردی بابەت بڵاودەکاتەوە لە خزمەت نامرۆڤ و بێ ڕەوشتێکی وەك ئەردۆگان.

ئیسلامیەکانیش بەوپەڕی ساویلکەییەوە وتارەکانی شێر دەکەن و یەك دانە ڕەخنەشیان لەسەری نییە، سەرەڕای خۆفرۆشتنی ئاشکرای بە تورکیا، هەر بارك الله فیکمی بۆ دەنووسن. لەناو ئیسلامیان بەس ئیسلامی بە و بەرگری لە تێزە ئیسلامیەکان بکە، حەز دەکەی دز بە، خۆفرۆش بە، ژن دز بە، داوێن پیس بە، هیچ وپوچ بە، کێشەیەك نییە هەرچی دەبیت ببە بەس ئیسلامی بە!

# *پەروەردەی یەکگرتوو لەوانیتر ترسناکترە!

ئەی نەمگووت جاشی عەقیدەیی و جاشی وەلائوبەڕاء زۆر ترسناکترن لە جاشی پارە و پایە و لاوازی دەروون!

ببینە ئەوەی ئەو گەنجە یەکگرتووە دەیڵێت هیچ چوارپێیەکی دینداری تورک و عەرەب و فارسیش وا تێنووە بە خوێنی میللەتەکەی خۆی؟!

هاوڕێیەکی بەڕێز ئەو پۆستەی بۆ ناردم کە تووشی شۆکی کردم، کە گەنجێکی کورد بە ناوی دینداریەوە کێرڤی دژایەتی میللەتەکەی خۆی وا بەرزبێتەوە!

ببینە ئەو بیروباوەڕە مونحەریفەی ئیسلامی سیاسی چەندە ترسناکە چۆن مندال و گەنجانمان دەکاتە دوژمنی کەس وکار و میللەتی خۆیان!

ئاواتە خوازە تورک وعەرەب و داعش و ئێرانیش هەموو کوردی ئێران و تورکیا و سوریا و عێراقیش لەناو ببات، نەك تەنها عەلمانیەکان! دوایی دەڵێت پێشمەرگە وعەلمانیش!

تف لە ئەخلاق و ئەو جۆرە دینداریە و دینیشت کەوا دڕندەت بکات ئاواتەخواز بیت هەموو کورد لەناو بچیت لەبەر عەقیدەیەکی بۆگەنی سیاسی دینی جاهیلی کە تەنها ڕقی لێ بەرهەم دێت !

ئەوە دەقی پۆستەکەی ئەو نا ئینسانەیە، کە ئەگەر کەس نەدۆزنەوە ڕقیان لێبێتەوە ڕقیان لە دایك وباوکیان ئەبێتەوە!

]خوایە گیان گەر تورک و داعش و ئێران و عەرەب بە ڕۆژێک هەموو کوردی سوریاو کوردی تورکیاو کوردی ئێران و هەموو پێشمەرگە و عەلمانییەکانی کورد لەناو بەرن سوێند بەناوە پیرۆزەکانت

تەنها بۆ یەک خولەک خەفەتی لێ نەخۆم[

بۆ خەم دەخۆیت خۆ گەلحۆکانی هاوڕێت لەناو داعش سەری پێشمەرگە و شەڕڤانان دەبڕن، خۆ گەلحۆکانی وەك تۆ سەری دایکیان بڕی چونکە عەلەوی بوو!

# *نەزانی و خۆفرۆشیش تا ئەو ڕادەیە ئیخوانچیەکان؟!

لە ئەکاونتی مزگەوتێکی ئیخوانچی هەر بە ناویەوە دیارە، کە ناوی برایەتییە لە بێرمنگهام، بابەتێکیان بڵاوکردیتەوە ڕەنگە تورکێکیش نووسیبای هێشتا گومانم هەبا، چونکە تورک ڕێویکی زۆر لە ئەتاتۆرک دەنێن، بە یاسا و دەستوریش ئەو ڕێزەیان سەپاندووە هەتا بەسەر ئەردۆگان وحزبە ئیخوانیە فاشیستەکەشی. ئەو وتارە وەک شیعری ئەو فەقێیەی کە نیشانی شێخ ڕەزای دا، پاش موجامەلەی شێخ ڕەزا، گوتی لە ئاودەستیش نووسیمە! وەک ئەو شیعرە بۆنی ئاودەستی مزگەوتی لێدێ!

ئەو وتارە هەموو کورد بە خیانەتکردن لە ئیسلام و ئەردۆگان تۆمەتبار دەکات ودەڵێت مێژوو خۆی دووبارە کردۆتەوە!

ئەوە لوتکەی خۆفرۆشی و نەزانیتانە، ئەی ئیخوانچیەکانی نامۆ بە مێژوو و ڕوحی کورد لەبەر ئەو تورکاندن وعەرەباندنە خۆبەخشەی بەسەرخۆتان هێناوە! تورکاندن وعەرەباندن هەر بە زمان ناکرێت، بەڵکو هەست وبیر و ویژدانیش تەتریک وتەعریب دەکرێت.

ئەوە چ ئاسایکی نزمب خۆفرۆشییە کە کورد تاوانبار دەکەن بە خۆفرۆشی بۆ ئاغەکەتان، ئەردۆگانی نامەرد و کورد کوژ. دەتانتوانی بڵێن فلان وفلان لە کورد خیانەتیان لە خەلیفەی عوسمانی کرد نەک کورد، ئەوە ئەگەر هەڵگەڕانەوە لە خەلیفەیەمی خوێنڕێژی عوسمانی خیانەت بێ!

چونکە بەو پێوەرە بێت ژمارەی ئەو تورکانەی دژی خەلیفەی عوسمانی بوون لە سیاسی و سوپا و پیاوماقوڵانی تورک سەد قاتی ژمارەی کورد بوو. ئەوە ئەگەر یاخیبوون لە سوڵتانی عوسمانی خیانەت حسێب بکرێ!

ئەوەی ئەلف وبێی مێژووی کورد بزانێت، دەزانێ کە لە کاتێکدا هەموو گەلانی ناو دەوڵەتب عوسمانی داوای ئازادی وسەربەخۆیی خۆیان دەکرد، شۆڕشیان دەکر و ڕاپەڕینیان دەکرد، کورد لە دواوەی هەموویانەوە بوو، ڕاپەڕینێکیشی کردبێت ویاخیش بوو

بێت لێره ولەویَ، وەک کاردانەوەیەک بووە دژی ستەمەکان و گەندەڵیەکانی خەلافەت، نەک شۆڕش لە پێناو لەناوبردنی خەلافەتی عوسمانی !
هەتا شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانیش یەک لە ئامانجەکانی گەڕانەوەی دەوڵەتی عوسمانی بوو، ئەوە جگە لە چەندین ڕاپەڕینی تر .
ئەگەر کوردێک هەڵەیەکیشی کردوە، دەبێت بەناوی ئەو کەسە تۆمار کریَ، نەک هەموو کورد بە خیانەتکار بزانیت!
بەڵام لێرەدا پرسیارێک یەخەی ئێوەی نەزان و نقووم بوو لە خۆفرۆشی دەگرێت: ئەگەر وا بەرگری لە خەلافەتی عوسمانی دەکەن ڕەنگە بڵێین لەبەر تەتبیقی شەریعەت بیَ، کە لەو بوارەش هێندە باش نەبوو نیوەی زیاتری یاساکانیان لە دەستورە عەلمانیەکانەوە وەرگرتبوو ( بڕوانە کتێبەکەم: دەوڵەتی عوسمانی لە شەریعەتەوە بۆ عەلمانیەت ) بەڵام پێم ناڵێن ئێستا ئێوە بە چ پاساوێک واخۆفرۆشی بۆ ئەردۆگانێکی خاوەن دەوڵەتێکی عەلمانی دەکەن و وڵاتەکەی پڕی قەحپەخانەیە و بودجەی سەرەکی وڵاتەکەی لە سیاحەی جینسی دێت، پاساوتان چییە جگە لە خۆفرۆشی؟!
من ئەو کاتە زانیم ئێوە گەورە بچووکتان و زانا و نەزانتان و قیادە وقاعیدەتان خۆفرۆش وترسنۆک وبیَ هەڵوێستن، کاتیَ سەرانتان وەک عەلی قەرەداغی ڕۆژانە بەڵگەی خۆفرۆشی خۆی بۆ تورک و ئەردۆگان لە میدیاکان بڵاودەکاتەوە، کەچی تا ئێستا یەک نارەزایی و یەک ئیستیقالەی لیَ نەکەوتەوە! خیانەتەکانی قەرەداغی و سەید ئەحمەد لەناو هەر جەماوەرێکیتر غەیری جەماوەری خەساوی ئیخوان نەبا، ئێستا بونیادی ئەو حزبەی هەژاندبوو، بەبیَ هەڵوێستی و بیَ دەنگیتان هەمووتان دەخاتە ڕیزی خیانەتکاران، ئەوەتە مزگەوتێکی بەناو برایەتی جاشایەتی دەکات بۆ دوژمنانی کورد، لە کاتێکدا لەسەر خێر وسەدەقەی کورد بەڕێوە دەچیَ!

# *قریشکە یان نزا و کڕوزانەوەی پیرێژنانە بۆ بەرگری لە عەلی قەرەدەغی؟!

بەداخەوە کەسانێک وەک پیرەژن وپیرە پیاوکانی سەردەمی سەدامیان لێهاتووە، کە چۆن بە مەعاشێکی بچوکی فەقیرانە شەو و ڕۆژ دەست بە دوعا و پاڕانەوە بوون بۆ سەدام! ئەوانە چینێکی ناهوشیار و هەژار و بێ دەرەتان بوون، لێیان ناگیرا، و تیایاندا هەبوو هەتا کوڕی پێشمەرگە یان شەهید بوو .
ئەوانە لەو کاتانەی دوعایان دەکرد بۆ سەدام، هێزەکانی سوپا و جەیشی شەعبی وئاسایشی کوردستان یان وێران دەکرد! ئێستاش کەسانێکی بەناو ڕۆشنبیر وئیسلامی و هەتا فشەکەری نەتەوەچیش دەیانەوێت بە دوعا و کڕوزانەوەی پیرەژنانەیان بەرگری لە عەلی قەرەداغی و مەلا ئۆردوگانیەکانیتر بکەن!

ئەوانە هەمان کردەی پیرەژن و پیرەمێردانی سەردەمی سەدام دووبارە کەنەوە، کە چاوپۆشیان لە هەموو تاوانەکانی سەدام دەکرد لەبەر پارەیەکی چڵکنی فەقیرانە! ئەو برادەرانەش دەیانەوێت بە باسی چەند کارێکی خێرخوازی قەرەداغی، هەموو خیانەتێک وبێ هەڵوێستیەکی عەلی قەرەداغی قەتەری بسڕنەوە، وەک چۆن پیرەکانی کورد بە مووچەیەکی رعایەی ئیجتماعی کەوتبونە هەلەکەسەما و هەموو تاوانی سەدامیان لەبیرکردبوو!

بەڵام ئەو قسە بێ بنەما و عاتیفیاتە هیچ لە تاوانی ئەو عەلی قەتەرییە کەم ناکاتەوە. کە لە هەموو بۆنەیەک وکارەساتێکی تورک بەسەر کوردی هێنا بێت هەردەم لایەنگیری تورکی کردوە. ئەگەر کورد کێشەی لەگەڵ ئێران هەبێت، ئەوە دەزگا سونییە تائیفیەکەی هانی دەدەن بۆ قسەگووتن بە ئێران، چونکە قسەکان دەچێتە دژی شیعە، بەڵام ئەگەر

خەلیفەی ئیخوان و یەکێتی ئیسلامی زانایانی موسڵمان، ئەردۆگان ئەگەر ناڕاستەوخۆش کۆبانیٚ کاوڵ کات بە دەستی تیرۆرستانی داعشیش عەلی قەرەداغی و یەکێتییە دوو ڕووە ئەردۆگانیەکەی بەیاننامەیەک دەرناکەن بۆ ئیدانەی داعشیش، چونکە دەزانن سوڵتان وخەلیفەکەیان لە دوای هێرشەکەی داعش بوو بۆ کۆبانیٚ! ئەگەر ڕاستەوخۆش وەک ئێستا هەوڵی لەباربردنی ڕۆژئاوا بدات، وکورد دەرکات لەسەر زێدی باب وباپیری ئەوە بێدەنگتر دەبن!

کابرایەکی ئیسلامی بەناوی بارزان ئەیوب خۆی وەک هونەرمەند دەناسێنیٚ، خۆی زۆر پیٚ کراوە و ئاسۆ فراوانە، بەردەوام باسی فرەژنی دەکات گوایە بە سوعبەت، زۆر جار هەڵوێستی باشیش نیشان دەدات وەک ڕەخنەی لە مەلا لەتیفی سەلەفی لەسەر سکانداڵەکەی، ڕەخنەی لە کۆمەڵ، هەتا بەرگری باشیشی کردوە لە ڕۆژئاوا، بەڵام!

نازانم چۆن بەرگری لە ڕۆژئاوا دەگونجیٚ لەگەڵ بەرگری لە بیٚ هەڵوێستی عەلی قەرەداغی؟!

کاک ئەیوب چونکە هەر ئیسلامیە، و ڕزگاربوون لەتەونی مەعنەوی ئیسلامی بوون هێندە ئاسان نییە وەک خۆی پێیوایە! جارێکیان بە منی گووت من ئیسلامی سیاسی نیم! بەڵام بیٚ ئەوەی بەخۆی بزانیٚ ئیسلامی سیاسییە تا سەر ئێسقان!

چووە لەسەر هەمان ستایلی ئیسلامی چیرۆکێکی بوستانی عاریفانی بۆ قەرەداغی داناوە گوایە قەرەداغی:

"لەگەرمەی شەڕی ناوخۆی پارتی و یەکێتیا عەلی قەراخی لەیەکێک لەوڵاتە عەرەبیەکان ئەچێتە لای مەسئولێکی عەرەب و داوای هاوکاری ماددی لیٚ ئەکات بۆ مناڵ و بێوەژن و کەمدەرامەتانی کورد ، کابرای عەرەبیش زۆر ڕقی لەکورد ئەبێت دەستی عەلی قەراخی ئەگرێت و تفێک ئەکاتە دەستیەوە ئەڵیٚ ئەوە هاوکاری بۆ کورد ، عەلی قەراخیش دەستی

ئەهێنێ بەدەم و چاوی خۆیداو بەکابرای عەرەب ئەڵێت ئەوە بەشی من بوو بەڵام بەجدی گەلی کورد هەژار و ستەم لێکراوی زۆرە لەبەرخودا بەشی ئەو مەزڵومانە هاوکاری بکە ، کابرای عەرەب شۆک ئەبێت باوەش بەعەلی قەراخیا ئەکات و داوای گەردن ئازادی لێ ئەکات و پێی ئەڵێ نەتەوەیەک پیاوێکی بەتەحەمولی وەک تۆی هەبێت پێویستە لەدنیاو قیامەت شانازیت پێوەبکەن و هەتا ماون مەمنونت بن کەئاوا لەوڵاتان سواڵیان بۆ ئەکەیت"

کورە برا چیرۆکەکانی بۆ سەید قوتبیان هەڵبەستوە هەمووی درۆ دەرچوو، دەتەوێ خەڵک بەو چیرۆکە عاتیفیە هەڵبەستراوە باوەڕ بکات؟!

لە قیژکەیەکی تردا دەڵێ قەرەداغی بە فەزڵی خودا و بە زیرەکی و بەهێز وبازووی خۆی گەیشتۆتە ئەو پلە، قەرزاری کەس نییە، دەسەڵاتی کوردی کورد قەرزاری ملیۆنەهای ئەون!
مانگانە موچەی هەزاران منالّی بێ باوک و بێوەژن دابین ئەکات..." کورد هێندە هەژار وسواڵکەر نییە بەو چرە پارەیەی شەو وڕۆژ بە چاوی دادەنەوە، خوا ڕووی گەندەڵان ڕەشکات دەنا دەبوایە پارەی خێر لە وڵاتی ئێمەدا بۆ هەژاران چوبایە، ئەو خێرەش لە ژێر ئاڕاستەیەکی حزبی وئایدیۆلۆژی دەکرێت، لە بنەڕەتیشدا پارەی سواڵی خەڵکی موسڵمانە، کە ئیسلامییەکان زۆر کارامەن لە هونەری سواڵکردن، سواڵکردن وەختە بڵێم ڕوکنێکە لە ئەرکانی هەموو دینەکان، هەر دین هونەری سواڵکردنی مادییە بە مەعنەوی!

ئینجا لە کروزانەوەیەکی تری پیرێژنانە باسی زانکۆکەی قەرەداغی و هێندە قوتابی کوردی سوری وەرگرتوە، زۆر باسی ئەو بابەتەم کردوە دەزانم ئامانجیش لێی چییە، بەڵام کاک بارزان لای گرنگ نییە بە چ ئامانجێک ئەو کارە دەکرێ، زۆر زۆر دەبنە ئیخوانی وئیسلامی، خۆ خۆشی ئیسلامیشە هێندەش سپۆرت و تەنزبازە!

لە خاڵێکیتردا دیسان باسی خێرەکانی قەرەداغی دەکات بە ڕۆژئاوا سەرەڕای زۆرترین جنێوی پێ دەدرێت ڕۆژنامەنوسانی کاسەلێسی حیزب و موڕاهیقان و دەم پیسانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان!

ئەو برادەرە سووکایەتی بە هەموو کوردێکی دڵسوتاو دەکات بۆ ڕۆژئاوا، کاتێ دەبینن میللەتەکەیان بە دەستی ئەردۆگانی هاوڕێی قەرەداغی بە ئاگر وئاسن دەکوژرێن ودەربەدەر دەکرێن و عەرەب دەهێننە سەر خاک وماڵیان و دەیانەوێت دیموگرافیەتی کوردستان بەتەواوی لەباربەرن ٣ ملیۆن غەوارە لە خاکیان بچێنن، قەرەداغیش کە ڕەنگە تەنها دەنگێکی دینی کورد بێت لەناو زۆرینەی ئیسلامی و موسڵمانانی دنیا ببیسترێ بێدەنگی لێدەکات، و بە فەزیلەت وچاکەشی دەزانێ کە بێ دەنگە! لەبەر خاتری چەند پەتوێک و خواردەمەنیەک بێدەنگ بن لە بێ هەڵوێستی!

ئەو برادەرە ئیسلامیشە بەڵام نرخی هەڵوێست و وشە نازانێت لە ئیسلامدا! لە ئیسلام جاروبار بە وشەیەک لە مەرگ ڕزگارت دەبێ! نویژنەکەر بۆ نمونە لە شەرعدا هاتوە ئەگەر لێیان پرسی بۆ نوێژ ناکەیت؟
گووتی باوەڕم پێ نییە هەر بە زەوق، دەکوژرێت!
گووتی وەڵڵا لەبەر تەمەڵی وتاقەتم نییە، ناکوژرێ!

شێخی شەعراوی دەربارەی ئەدیسۆن ئەو زانایەی ڕوناکی و کارەبای داهێناوە و ژیانی خەڵکی ڕوناک کردۆتەوە، گەورەترین خزمەتی بە خەڵک کردوە، چارەنووسی چییە؟! دەڵێ لە دۆزەخە بەو هەموو خێرەی بە مرۆڤایەتیشی کردووە! چونکە نەبۆتە موسڵمان !

دەی عەلی قەرەداغیش بە سەدا یەکی ئەدیسۆنی خێری بە مرۆڤایەتی نەکردوە، دە ئەوەندەش خێرات دابەش کات، بەوەندە نایەت لەو ساتە هەستیارەی میللەتی کورد پێیدا تێدەپەڕێ و دووچاری جەنگی لەناوبردن وخاک گۆڕین و تەکفیرکردن بۆتەوە وا بێ دەنگ

بێ، لەجیاتی لە دەنگدانی ئەردۆگان وڕیسواکردنی مەرامی شەڕانگێژی، دەیەوێت پەتی ڕزگاربوونی ئابووریە تەپیوەکەی بۆ هەڵدات، و دەیەوێت ئیستانبۆڵ بکاتە پایتەختی ئابووری ئیسلامی! ئەخر ئیستانبۆڵ پڕی قەحپەخانەی ناو جامخانەیە و بازرگانی سێکسی گەورەترین سێکتەری بازرگانییە تۆ لەبەر مەرامێکی مادی وئایدیۆلۆژی نەبێ چۆن بانگەشە بۆ ئەو شەرمەزارییە دەکەیت؟! یان دەتەوێ ئەو سێ چوار ملیۆنەی گوایە لە ڕۆژئاوای سەرف دەکەیت بە هەزار قات تۆڵەی بکەیتەوە بۆ ئەردۆگان؟!

ئینجا ئەگەر باس باسی ئابوورییە بۆ بە ئەردۆگان ناڵێیت تۆ لە ڕووی ئابوریەوە ملیارەها لە کوردستان قازانج دەکەیت، بە هەزار گزی وفڕ وفێڵ و عەنتەریات، بۆ نایەیت واز لەو شەڕە بهێنیت و کورد لە خەیاڵت دەرکەیت؟!

کاکە بارزان دوا تەنزی ئەوەیە خەڵک حەسودی بە قەرەداغی دەبات بۆیە قسەی پێ دەڵێن! دەک ماڵی تەنزتم ئاوا نەکرد، وەڵڵا هەموو کوردێکی دڵسۆز خۆزگە بە مەرگ دەخوازێ لە شوێنی قەرەداغی نەبێ!

کاکە بارزان دەزانم هەنگاوی باشت ناوە بۆ ڕزگاربوون لە تەونی ئیسلامی سیاسی، بەڵام هێشتا ڤایرۆسی ئیسلامی سیاسیت زۆر پێ ماوە بەشی دەپازدەساڵیتریشت دەکات تا لێی ڕزگار بیت و هەقیقەتەکان وەک خۆیان ببینیت[١٢].

[١٢] ٢٠١٩/١١/٢٣

# *دەی ئیسلامییەکان خۆ ئەردۆگانەکەی تۆ لە پێغەمبەر بە هەیبەت تر نییە؟!

چەندین ساڵە چاوەڕوانی یەك هەڵوێستی مرۆڤانە و کوردانە و هەتا ئیسلامانە لە ئیخوان وئیسلامییەکان دەکەم.
هەڵوێستی ئیسلامانە نەك ئیسلامیانە، چونکە جیاوازی زۆرە لە نێوان ئیسلام و ئیسلامی! ئەخر ئاساییە بۆ ئیخوانیەکی میسری، سودانی، کوێتی بێ ئاگا و عرٍوبە زاڵ بەسەر، کە هەست بە دەرد و ناسۆری کورد نەکات، لەبەر بێ سەوادی و عروبەتی و پێشداوەریەکانی دژی کورد، و لەبەر تێزە سەقەتەکانی ئیسلامیزم، بەڵام بۆ کەسانێکی وەك ئێوەی کە موعاناتی میللەتەکەتان ڕۆژانە دەبینن، شەرمە وەك ئیخوانەکی یا ئیسلامییەکی میسری و کوێ و کوێ چاو بنوقێنیت، لەو هەموو کارەساتەی کە ئەردۆگان بەسەر کوردانی باکور و ڕۆژئاوا وهەتا باشوریشیی هێناوە !

لەو کاتەیدا کە سەربازەکانی ئەردۆگان تاوان نەماوە نەیکەن دژی کورد و خەڵکی مەدەنی لە شارەکانی باکوور و کۆبانێ وعەفرین، بە وێنەیەك هەتا ئیسرائیل بەرامبەری عەرەبی نەکردوە، تۆ لەو کاتەدا شەرمە وەك موراهیقێکی سیاسی ئەردۆگان فریوت بدات وبێ دەنگ بیت لەو سەرکردە ڕوحییە خۆفرۆشانەت کە شانامە بەسەر ئەردۆگان دەڵێن!
ئێوە سوود لە ئیسلامیش وەرناگرن کە شەو و ڕۆژ خۆتان پێیەوە هەڵواسیوە، دەنا نمونەی زۆر باشت لەوێش دەست دەکەوێت لە بایکۆتی ستەمکاران و نزیك نەبوونەوە لێیان، نەك شانازی کردن بە بینینیان! ژیانی شافیعی و ابو حنیفە وسعیدی کوڕی جوبەیر بخوێنیتەوە بەسە بۆ تێگەیشتن لە ترسناکی نزیك بوونەوە لەو تاغوتانە! تاغوتەکانی ئەوسا زۆر لە ئەردۆگانەکەی تۆ موسڵمانتر و مرۆڤتریش بوون!

بێگومان لە سیرەی پێغەمبەر خوێندوتانەوە کاتێك پێغەمبەر هەموو غەنیمەکانی جەنگی حنین بەسەر قورەیش بە ئیسلام و مؤلفە قلوبهم ەوە دابەش دەکات، هیچ بە ئەنسار نادات، ئەنسارِ هەست بە نا عەدالەتی دەکات و مقۆمقۆ دەکەوێتە ناویان، پێغەمبەر کە پێی دەگاتەوە وەك لە دوو سەحیحەکە هاتوە "لە أنس ، لە هەندێ ڕیوایات ئەنسارەکان وتوویانە:

خودا لە پێغەمبەر خۆش بێت، ئەوەی هەیە دەیداتە قورەیش و ئێمەش فەرامۆش دەکات، لە کاتێکدا شمشێرەکانمان خوێنی قورەیشی لێ دەتکێ! " يغفر الله لرسول الله ، يعطي قريشًا ويتركنا، وسيوفنا تقطر من دمائهم".

دیارە سعد بن عبادە ش لایەنگیری ئەو ڕایە بووە، سەرەڕای گەورەیی پێغەمبەر لە دڵیدا، هەر لەگەڵ ماف و هەست وئازاری میللەتەکەی خۆی بوو، لە کاتێکدا ئێوە لە حزور ئەردۆگانێکی ستەمکار و کورد کوژ وا شەرمنن ناوێرن باسی کوشتنی خوشک وبراکانی خۆتانیان بۆ بکەن، باسی هەتك کردنی کچی کورد بکەن، کە جەندرمەکان پاش کوشتنیان ڕووتیان دەکەنەوە لەسەر شەقام، سوکایەتی بە جەستەی پیرۆزیان دەکەن!

بۆیە سەعد هەر خۆی چووە لای پێغەمبەر، بەڵام وەک قەرەداغی وسەید ئەحمەد بۆ ماستاوکردن نا، تا بڵێت من لەگەڵ ئەو نارەزایەتیەی قەومەکەم نیم، بەڵکو بۆ گەیاندنی نارەزاییەکان بوو و پیی گووت: پێغەمبەر ئەو لقەی ئەنسارِ دڵیان ئێشا لێت لەبەر ئەوەی کردت بە دابەشکردنی ئەو غەنیمانەی دەست کەوتن لەو جەنگە، کە دابەشت کردن بەسەر قەوم و قیلەت، و بەشی گەورە گەورەت بەخشیە هۆزەکانی عەرەب، هیچت نەدایە ئەو ئەنسارانە.

پێغەمبەر پێی گووت: ئەی تۆ هەڵوێستت چییە لەو باس و خوازە؟! : "وَأَيْنَ أَنْتَ يَا سَعْدُ؟ سەعد هێندە مەرد بوو، هەیبەتی نبوەت و پێغەمبەرایەتی نەیشڵەژاند بۆ پشتکردنە قەومی خۆی، کەچی ئەو کوردە ئیسلامیانە ناوێرن هەیبەتی موونافیقێکی وەک ئەردۆگان تەجاوز بکەن لەسەر کوشتنی قەومی خۆیان نەک ماف پێ نەدانیان! گووتی: منیش یەکێکم لەوان!

سەعد وەک پیاو و مرۆڤ و لایەنگری دەرد و نیگەرانی میللەتەکەی خۆی کرد، نە خۆشەویستی پیغەمبەر و نە هەیبەتی لە دڵیدا لاواز و بێ شەخسیەتی نەکرد و بە پێغەمبەری گووت: منیش یەکێکم لە قەوم و قیلەکەم! ما أنا إلا امرؤ من قومي! یانی هەمان ڕام هەیە!

دەی کاکی ئیسلامی هەڵوێستەکی وەك سەعدی کوڕی عیبادەتان بێ، خۆ ئەردۆگانەکەی تۆ لە پێغەمبەر بە هەیبەت تر نەبوو؟!

٢٠/٤/٢٠١٩

# *ترسم لە تلیاکی دواوەی عەقڵیەتی بایکۆتە!

من ترسم لە بایکۆتی دینی بۆ فەرەنسا و هەر وڵاتێکی تر نییە، ترسم لەو عەقڵیەتە چەواشەکارەیە لە دوای ئەو بایکۆتەیە. ترسم لەو تلیاکە سیاسییە دینیەیە کە لە پشتی ئەو هاندانەدا وەستاوە، تلیاک دوو جۆرە، جۆرێکیان ڕووەکییە کە دەیخۆی بۆ ماوەیەک هەستێکی خۆشت پێدەبەخشێ تا ئالودە دەبیت .تلیاکێکی تر هەیە پێیدەڵێن تلیاکی دینی وئایدیۆلۆژی، بەتایبەتی دینیەکە زۆر مەترسیدارترە، کاتێ عەقڵ بەنج دەکات وپەکی دەخات، تواناى بیرکردنەوەی لێ دەستێنێ ودەیکاتە شوێن کەوتەیەکی بێ ڕوح. بۆ نمونە ئەو عەقڵیەتە ئیسلامییە سیاسیەی کە لە دوای ئەو بیرۆکەی بایکۆتەی فەرەنسا یە، هەمان ئەو عەقڵیەتە بوو کە خۆشحاڵی بە داگیرکردنی عەفرین وشارە کوردییەکانی ڕۆژئاوا دەردەبڕی، وخوێی بە برین وزامە قوڵەکانی کورد دادەکرد. دەکرێ لە ئەگەری هێرشکردنە سەر هەر بەشێکی کوردستان و لەناوبردنی هەر قەوارەیەکی کوردیش ئەو عەقڵیەتە ئیسلامییەی کە ڕێشمەکەی لە دەستی تورکیا وئێران و وڵاتە عەرەبییەکانە، نەک تەنها خۆشحاڵی دەربڕێت، بەڵکو ئامادەی بەژداریکردنیش بێت لەو جیهادە موقەدەسە.

بۆیە من کاتێ کەسانێکی خۆ بە میانڕەو دەبینم ستایشی ئەو بایکۆتەی فەرەنسا دەکات، دەزانم چەندە مەترسییە ئەو عەقڵیەتە وا فریو بخوات بە پلانی دوژمنانی کورد وئینسانیەت، چونکە کە دەبینم تەنها ڕقی دژی فەرەنسا دەردەبڕی، دەزانم لەو قۆناغە ئەوانەی ئەو عەقڵیەتە ئیسلامی سیاسییە بەڕێوە دەبەن فەرەنسایان مەبەستە، دەنا زۆر لە فەرەنسا لە پێشتر هەیە بۆ بایکۆتکردنی، بۆ نمونە چین وەک وڵاتێک کە نەک هەر دژایەتی ئیسلامی سیاسی دەکات، بەڵکو دژی دینداریەکی ئاسایی دینیشە، ئەو کوشتار و لەناوبردنە و زیندانیکردنەی لەوێ هەیە، فەرەنسا لە چاو ئەوێ بەهەشتی ئیسلامییەکانە. بەڵام چونکە ئەردۆگان دەیەوێ پەیوەندی لەگەڵ چین زۆر باشتر بێ،

هەڵمەتەکەی لەسەر چین ڕاگرتووە، نەک هێندەش هەتا موسڵمانانی هەڵاتووی چینیش ڕادەستی حکومەتی ئیلحادی کۆمەنستی چینی، وەک ئیسلامییەکان وەسفی دەکەن، دەکات!

ئەو عەقڵیەتە تلیاککراوە لە خۆی ناپرسێ بۆ فەرەنسا و بۆ چین نا؟!

ئەو عەقڵیەتە پەکخراوە لە خۆی ناپرسێ بۆ پشتگیری هێزی داگیرکەری تورکی دەکات دژی خەڵکی کورد لە ڕۆژئاوا؟!

ئەو عەقڵیەتە دەستەمۆکراوە لە خۆی ناپرسێ، بۆ پشتگیری لە وێرانکردنی کۆبانێ وعەفرین و شارە کوردییەکانیتر دەکات؟!

بۆ پشتگیری لە ئاوارەبوونی ٥٠٠ هەزار خەڵکی موسڵمانی هەژار دەکات، کە بە هەموو پێوەرێک لە خەڵکی تورک موسڵمانترن؟!

مەترسیەکە لێرەدایە.

# *کێ زیاتر شایانی داوای لێبوردنە ئەمریکاییەکان یان تورکەکان؟!

ئەمریکاییەکان کاتی خۆی ڕەشپێستەکانیان وەک کۆیلە کڕی و هێنا بۆ ئەمریکا بۆ ئەوەی خزمەتی خۆیانیان پێبکەن. مێژووی یەکەم بە کۆمەڵ هێنانی کۆیلە بۆ ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ ١٦١٩ کە گروپێکی ٢٠ کەسی بوون، بەڵام لەگەڵ ساڵی ١٨٦٠ ژمارەی کۆیلەکان بووە چوار ملیۆن کۆیلەی ئەفریقی لە ئەمریکا! هێشتا زۆری مابوو باسی مافی مرۆڤ و ئەو شتانە بکرێ، بۆیە ئەمریکاییەکان زۆر بە چاوی نزم لە کۆیلەکانیان دەڕوانی هەتا وای لێهات دۆزی ئازادکردنی کۆیلەکان بووە هۆکاری جیابوونەوەی حەوت ویلایەتی ئەمریکی لە ئەمریکای یەکگرتوو.

لە ئەپریلی ١٨٦١ شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد تا ١٨٦٥ شەڕ بەردەوام بوو بوە هۆی کۆشتن و کەمئەندامبوونی نزیکەی دوو ملیۆن ئەمریکی.

سەیر لەوەدایە حزبی کۆماری کە ئێستا ترامپ سەرۆکایەتی دەکات ئەو کاتە بەرگریکەری یەکەم بوو لە مافی مرۆڤ و دەجەنگا لە پێناو ئازادکردنی کۆیلەکان!

شەڕ کۆتایی پێهات و لایەنگرانی بەردەوامی کۆیلایەتی شکەستیان هێنا، هێزەکانیان خۆیان دا بەدەستەوە، زیاتر لە چوار ملیۆن کۆیلە یەک دەفعە ڕزگارکران لە کۆیلایەتی!

نیوەی زیاتری ئەمریکیەکان لە ١٨٦١ وە باوەڕیان بە ئازادی و ڕزگاری مرۆڤی ڕەشپێست بووە لە کۆیلایەتی و ڕوبارێک خوێنیشیان بۆی داوە، وەرە بەراوردی ئەو هەڵوێستە بکە لەگەڵ هەڵوێستی تورکی دڕندە، کە وەک داگیرکەرێکی دڕندە لەناوەڕاستی ئاسیا و مەنگۆلیاوە هاتوون، کە بەر لە هاتنیان کورد بە هەزاران ساڵ لەو وڵاتەی خۆی ژیاوە، ڕۆژێکیش کۆیلایەتی نەکردوە نە بۆ تورک و نە بۆ کەسیتر، کەچی هێشتا تێڕوانینی ئەمریکاییەکانی ساڵی ١٨٦١ بۆ کۆیلەکان هەزار پلە ڕێزدارترە لە تێڕوانینی تورکەکان بۆ کورد لە ٢٠٢٠!

تورک وەک کۆیلەیەکی قێزەون دەڕوانێتە کورد، بە ناچاری و فێڵی سیاسی نەبێ، مافی ئەوەشی پێ نابینێ کە بە زمانی خۆی قسە بکات، گۆرانی بڵێت، بخوێنێت!
کورد لە هەموو ڕوێکەوە زۆر لە ڕەگەزی تورک مرۆڤدۆستتر و چاکتر وبێ زیانتر بوونە بۆ مرۆڤایەتی. لەوەتی هەن مێژوو باسی قەتل وعامێکی کوردان ناکات بۆ خەڵکی مەدەنی و ژن ومنداڵ لەسەر خاکێکی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان. بەڵام مێژووی تورک غەرقی ناو قەسابخانەیە، کەوابوو بۆچی کورد شعوری بەرامبەر تورکێک لە شعوری ڕەشپێستێک بەرامبەر سپی پێستێکی ئەمریکی لاوازترە؟!
ئەی بۆ شعوری بە کەمزانینی تورک بەرامبەر کورد زۆر پیستر و نزمترە لە شعوری ئەمریکیەکی سپی باڵای ڕەگەزپەرست بەرامبەر ڕەشپێستێک؟!
ئێستاش ئەمریکاییەکان دەتوانم بەو پەڕی متمانەوە بڵێم ٨٥% دژی ڕەگەزپەرستین، سەرەڕای هاندانی ئیدارەی تڕامپ بۆ زیندووکردنەوەی ڕەگەزپەرستی! بەڵام بەوپەڕی متمانەوە دەڵێم ٩٥% تورک لەگەڵ بە کۆیلەکردنی کورد و لەناوبردنیان و سڕینەوەی ناوی کوردستان وبە تورک کردنی کوردن، مەلایان لەسەر مینبەری خوا و پێغەمبەر دەڵێ بە ئەتۆم و کیمیاوی کورد لەناو بەرن! دڵنیام ڕەحمیشیانم پێکردوون کە ئەو ڕێژەیەی ٩٥% دەڵێم!
هەر لەو ڕووداوانە دەبینین چۆن ملیۆنەها سپی پێستی ئەمریکی چوونەتە پاڵ ناڕەزاییەکانی ڕەشپێستەکان و پۆلیسی ئەمریکی لەسەر چۆک داوای لێبوردن لە ڕەشپێستەکان دەکەن، هەرچەندە ڕێژەیەکی گەورەی تاوانەکان لەلایەن ڕەشپێستەکان ئەنجام دەدرێ! کورد خەونیش بەوە دەبینێ ڕۆژێ جەندرمە و پۆلیسی و سەربازی تورکی لەسەر چۆک داوای لێبوردنی لێبکات؟!
نەک هەر پۆلیس، خەڵکی سپی پێستی ئەمریکایی هەست بە بەرپرسیارەتی خۆیان دەکەن لەو ڕەگەزپەرستییەی ناو پۆلیس و دەنگەکانیتر ئەوانیش لەسەر چۆک داوای لێبوردن لە ڕەشپێستەکان دەکەن لە چەندین شوێن وبۆنەدا!
کورد چما لە ڕۆژی قیامەتیش لە تورک ڕادەبینێ داوای لێبوردنی لێبکات بەرامبەر ئەو هەموو حیقد وکینە و وێرانکاری و کوشتن و پەڕاوێزخستەی کورد و کوردستان؟!

ئەگەر کورد ئەو هەموو مافە دەستوری وپاسایەی ڕەشپستێکی ئەمریکی هەبا تا ڕۆژی قیامەتیش بیری لە ڕاپەڕین و ناڕەزایی نەدەکردەوە، چونکە ژیانی کورد لە تورکیا بە پلەی یەک و لەو ساڵە ٢٠٢٠ زۆر لە ژیانی کۆیلەکانی بەر لە ساڵی ١٨٦٥ خراپتر وسەختر وبێ کەرامەتترە!

ڕەنگە لە یەک حالەت ئەو تورکانە بێنە سەرچۆک، ئەویش کاتێ کورد لە تورکیا وپارچەکانی تریش، وەک ڕەشپێستەکان داروبەردیان بەسەردا بڕوخێنن وبسوتێنن.

٢٠٢٠/٦/٣

# بەشی پێنجەم

# ئەردۆگانچیەتی ئیسلامییەکان

# *یەکێتی زانایانی قەرزاوی ـ قەرەداغی یان بوکەڵەی قەتەر و ئەردۆگان؟!

بەڕاستی شورەییە کەسانێک پاش قسەکانی عەلی قەتەری وسەید ئەحمەدی دەمگەرم، هێشتا لەبەر جووتبوونی دەماری حزبی بەرگریان لێدەکەن!! ئەو برادەرانە یان وادەزانن ئێمە تێناگەین لە کوردی و عەرەبی، یانیش خۆیان لە گێلی دەدەن و تێناگەن !

عەلی قەرەداغی قەتەری بە ئاشکرا جاڕی دوژمنایەتی خۆی بۆ پەیەدە و پەکەکە دەدات وداوا دەکات سوپای بێ ڕەوشتی ئەردۆگان مولحید وبێ باوەڕەکان لەناو بەرن، کە مەبەستی پەیەدە و پەکەکەیە !

ودەڵێت: من لەگەڵ یەکێتی ئومەتی ئیسلامم و دژی بیری ئیلحادی و تیرۆرستیم لە هەر نەتەوەیەک بێت!

" :أنا مع وحدة الأمة الإسلامية، وضد الأفكار الإلحادية والإرهابية، من أي قوم كانت."

ئەوە ئەگەر تورکیا دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی با و شەریعەتی جێبەجێ کردبا، خۆ عەلە قەتەری و سەید ئەحمەدی ئیخوان فەتوای قەتڵوعامی کوردانیان بە ڕاشکاوی دەردەکرد!

وەک بڵێی تورکیا دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامییە، سەدان هەزار مەلها و نایت کڵەب و یانەی ڕووتی سەر دەریا و گەورەترین پایتەختی هۆمۆسیکچواڵیتی نییە؟!! قەرەداغی نازانێ دوور نییە ئەو پارەیەی لە تورکیا وەریدەگرێ، و ئەو نانەی لەوێ دەیخوا ڕەنجی دامێنی سۆزانیەکانی ئەستاتبۆڵ و قەرەکۆی و ئەنقەرە بێت!

ئەوانەی بەرگری لەو دوو ڕوو ڕەشە دەکەن، دەسەلمێنن تەنها کەسانێکی حزبین وبەس، ئیرادەی ئەوەیان نییە بە هەڵە بڵێن هەڵە و بە ڕاست بڵێن ڕاست.

## یەکێتی زانایانی قەرزاوی ـ قەرەداغی یان بوکەڵەی قەتەر و ئەردۆگان؟!

ئەو ڕێکخراوەی مەلاکانی ئیسلامی سیاسی کە ناوی الاتحاد العالمی لعلما المسلمین، کە لە ٢٠٠٤ لەلایەن قەرەزاوییەوە دامەزرا وەک یەکێتییەک هەموو مەلا و بانگخوازی ئیسلامی سیاسی ئیخوانی لە جیهان کۆبکاتەوە، لەوە دەچێت لە بنەڕەتدا پرۆژەیەکی قەتەری و ئەردۆگانی بێت، چونکە زۆر بێ شەرمانە خزمەت بە سیاسەتی ورد و درشتی قەتەر و تورکیای ئەردۆگان دەکات.

ئینجا وەک الجزیرە، بۆتە ئامرازێک لە دەستی قەتەر و دەیخاتە خزمەت هەر سیاسەت و کەسێ بیەوێ !
ئێستا قەتەر تڕۆکراوە لەلایەن سعودیە و ئیمارات وبەحرەین و میسر، بۆیە تاکە پەناگەی بۆتە ئەردۆگان، هەر بۆیەش کەناڵی الجزیرە زۆر شێلگێرانە خزمەتی سیاسەتەکانی ئەردۆگان دەکات، لەو شەڕەی تورکیا فەرزی کردوە بەسەر عەفرین، الجزیرە وەک کەناڵێکی تورکی بەوپەڕی لایەنگریەوە ڕوماڵی دەکات!

ئەردۆگان وایدەزانی کە ئەو مەرجەعیەتە دینییە ئیخوانیە و تیرۆرستانی لەسەر زەوی بە هانای دێن بۆ هێنانە دی خەونەکانی!
چاکترین کارێک بەودواییە کە کرا ئەو یەکێتییە قەتەریە تورکییە خرایە لیستی تیرۆری ئەو چوار دەوڵەتەی باسمان کردن لەسەرەوە. ئەو یەکێتییە تەنها ڕەپۆشێکی حزبی و سیاسیە هیچ وجودێکی شەعبی نییە، بۆیە ناتوانێت ببێتە مەرجەعیەتێکی ڕێزداری جیهانی ئیسلامی .

ئەو یەکێتییە خۆفرۆشەی قەرزاوی و قەرەداغی هێندە بوونەتە کلکی سیاسەتەکانی تورکیا و ئەردۆگان، خۆیان لە ناو کاروباری ناوخۆیی تورکیاش هەڵدەقورتێنن!

تۆ وەرە هێندە سووک بن لەسەر نەهێشتنی نیشتنوەی فرۆکەی چاوش ئۆغڵو و دەرکردنی وەزیرێکی ئافرەتی ئەکەپەی تورک، لە هۆڵەندا ئەو یەکێتییە ساختەچییە بێتە دەنگ و ئیدانەی هۆڵەندا بکات وبەیاننامە دەربکات!

لەوەش سەیرتر لە بۆ گۆڕینی سیستمی پەرلەمانی بۆ سەرۆکایەتی، ئەو ڕێکخراوە سووکەی قەڕەزاوی و قەرەداغی بەیانامە دەردەکات تێیدا هاتووە: کە ئەو ڕژێمەی ئەردۆگان داوەتی بۆ دەکات، لەگەڵ تەعالیمی ئیسلامی دەگونجێت، کە سەرۆک یان میری ئیمانداران دەکاتە ژمارە یەک لە دەوڵەتدا! لە هەڵوێستێکی تردا قەرەداغی قەرزاوی فەتوایان دەرکرد لە دژی هەوڵە ساختەکەی کودەتا، و گووتیان کودەتا حەڕامە و لە کەبائیرە بەسەر ئەردۆگان!

هەر ئەو یەکێتییە سووک و ڕیسوایە بۆ بچوکترین هۆ هەڵوێست وەردەگرێت بۆ تورکیا بۆ نمونە ئیدانەی تەقینەوەکانی تورکیا دەکات هەر جارەی ڕوودات، بەڵام کاتێ گەلێکی گەمارۆدراو بە قورسترین چەک دەکەونە ژێر هەڕەشەی تورکیا، نقەیان لێ نایەت لە پێناو موسڵمانی کوردی مەزلومدا، لەجیاتی ئەوە پشتگیری لە دوژمنی زاڵم و ستەمکار دەکەن!

بەڕاستی ئەو ڕێکخراوە تەنها واجیهەیەکی حزبیە و خزمەت بە حزبایەتی ئیسلامی سیاسی دەکات، بە هیچ جۆرێک خزمەت بە موسڵمانانی گشتی ناکات !

٢٠١٨/١/٢٩

## *لە ٢٠٠٤ وە قەرەزاوی فەتوای تیرۆر و خۆتەقاندنەوە دەدات!

لە بیرمە لە ساڵی ٢٠٠٤ کە تازە ڕژێمی سەدام ڕووخا بوو، سەرەتای کاری توندوتیژی لە عێراق دەستی پێکردبوو، لە ڕۆی ١٩ ئەیلولی ٢٠٠٤ هەر لە پاس مردنی ماهر عبدالله پێشکەشکاری بەرنامەی الشريعة و الحياة لە کەناڵی الجزيرة، ئەو کاتە کەناڵی جەزیرە خەریکی ئاگرخۆشکردنی عێراق بوو. قەرەزاوی یشیان هێنا بوو بۆ ئەو مەبەستە. وتارێکم نووسی بە عەرەبی لە سایتە عەرەبیەکان بە ناونیشانی: [القرضاوي (المعتدل جداً) يفتي للارهاب ايضاً!]* لەسەر ئەو بەرنامەیە.

لەو بەرنامەیەدا قەرەزاوی بە ڕاشکاوی پشتگیری لە هەموو کردەوە تیرۆرستیەکان کرد لە ڕفاندن، و سەربڕین، و کوشتن و هەتك کردن، پاش ئەوەی شێخ عەیاش یێك لە دەستەی زانایانی ئیسلامی سوونی لە ڕێگای تەلەفۆنەوە هاتە سەر خەت، گووتی: موجاهیدەکان ئەوانەی دەیانگرن و دەیانڕفێنن بە شێوەیەکی شەرعی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەن، و دوایی دەیانکوژن و سەریان دەبڕن.! یانی لای قەرەزاوی ئاساییە، کەسانێك بە دەستی تیرۆرستان بڕفێنرێن، و لێکۆڵینەوە و دادگاییان بکەن، بێ ئەوەی بتوانن هەتا بەرگری لە خۆیان بکەن، لە دادگای ئەو تیرۆرستانە کە جاروبار یەکتریش دەکوژن بەبێ دادگایی لەسەر بچوکترین جیاوازی دینی؟! ئینجا فەتوای دا بۆ هەموو عەرەب و موسڵمانان بێن لە عێراق شەڕی بەریتانیا و ئەمریکاییەکان بکەن، خۆشی کچەکانی لە بەریتانیا دەیانخوێند! ئەو پیاوە چونکە حزبییە هیج جیاوازیەك ناکات لە نێوان دەوڵەت و جەماعەت! ئەمرڕۆش لە نوێترین ڤیدیۆی کە ئاشکرا بووە، هەرچەندە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠١٤، شەرعییەتی کردەوەی خۆتەقاندنەوە دەداتە هەر کەسێك ئەگەر جەماعەت داوای لێ بکەن!

موفتی مەزنی ئیخوانەکان کە بە درێژایی مێژوویان بانگەشەی ڕەتکردنەوەی توندوتیژی دەکەن، دەڵێت: ئەسڵ لەو بابەتە ئەوەیە، ئەو کردەوەیە بە شێوەیەکی کۆمەڵ بکرێت،

نەك تاك! ئەگەر جەماعەت، [یانی هەر حزب و گروهێکی ئیسلامی جیهادی، جا تاڵیبان بێت، بۆکۆ حەڕام بێت، داعش بێت، نوسرە بێت، شباب محمدی سۆماڵ بێت] پێی باش بوو تاکێك خۆی بتەقێنێتەوە بە ئامانجێکی دوژمن، و ئاسانکاریان بۆی کرد، دروستە ئەنجامی بدات !نابێت خۆی تاك بە تەنها ڕەفتار بکات، دەبێت خۆی تەسلیمی جەماعەت بکات، جەماعەت دەتوانێت تاکەکان بەکار ببات لەو ڕێگایەی دەیەوێت! یانی کردەوەی خۆتەقاندنەوە درووستە ئەگەر جەماعە لەسەری هاوڕا بن و کەسە خۆکوژەکە بە تەنیا بڕیاری نەدابێت خۆی بتەقێنێتەوە"!

دەربارەی بە کوژرانی خەڵکی مەدەنی، قەرزاوی دەڵێت:" ئەوە دەوەستێتە سەر بڕیاری جەماعەکە کە چۆن ئامانجەکە دیار دەکەن و چەند ئەوە لەبەر چاو دەگرن زیانەکان کەمبن".

هەرچەندە ئەو ڤیدیۆیە دەربارەی ڕژێمی سوریایە، بەڵام کاتێ موفتی ئیخوانەکان قسە دەکات، ئیتر ئەوە دەبێتە فەتوا بۆ ئیخوانەکان، و ڕاهینانە لەسەر توندوتیژی و کردەی تیرۆرستی زۆر توندوتیژ، کە ئەمڕۆ هەموو جیهانی ئیسلامی بەدەستیەوە دەناڵێنێت!

کەوابوو ئەو پیاوە چی هێشتەوە بۆ ئەو میانڕەویەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن وەك ئیخوان؟! ئەگەر ئیخوان هەمان ئامراز و کردەی داعشیەکان پیادە بکەن؟! نەدەبوو بیگوتبایە خەباتێکی چەکداری پاك وخاوێن بکەن لە دژی هێزەکانی ڕژێمی سوریا، حەڕامە یەك مەدەنیش بکوژیت، یان بکەیتە ئامانج؟! نەدەبوو ئەو کاتە ئێمەش جیاوازیەك ببینین لە نێوان جیهادی سەلەفی پڕ لە خوێن و سەربڕین و خۆتەقاندنەوە و دەیان کاری تری قیزەون، و لە نێوان جیهادی جەماعەتێکی ئیخوانی، کە پابەند بن بە ڕەوشتێکی مرۆیی؟! هەموو جیهادیەکانی سەلەفیەت و ئیخوانییەت نەیان توانیوە بە قەد پێشمەرگەی کورد، سەرەڕای شەڕی ناوخۆیی و دەیان هەڵەیان، دەست بپارێزن لەو کردە قێزەونانەی موجاهیدەکان.

ئەو پیاوە ئامۆژگاری ئەردۆگانیش دەکات، و پفی دەدات، و توانی پەلکێشی کاتەوە ناو پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی ئیخوانی، بۆیەش ئەردۆگان وا لە خۆی بوغرا بوو، ئەو دڕندەیەی لێ دەرچوو، کە هەزاران تاوان بکات لە دژی میللەتی کورد، و دەست تێکەڵ بکات لەگەڵ تیرۆرستانی داعش. ئێستاش لە هەوڵی پاشەکشەیە پاش دۆڕان و هەرەسهێنان لە زۆر بواردا، بەڵام لەوە ناچێت بتوانێت ڕووی ڕەشی سپی بکاتەوە، بە فەتوا و ستایشی هەزار قەڕەزاوی و قەرەداغی[١٣]!

٢٠١٦/٧/٨

[١٣] YouTube - القرضاوي : فجر نفسك وإن سقط مدنيين أبرياء (٨٦٧)

## *نەك ئیسلامیەکان شێخە سەلەفیەکانیش درۆ بۆ ئەردۆگان دەکەن!!!

شتێکی سەیر نییە، پیاوێکی چەواشەکاری دوو ڕووی پڕ لە کەم و کورتی و هەڤدژی، کاتێ هەتا درۆکانیشی ئاشکرا دەبن، کەس لە ئیسلامیەکان ڕەخنەیەکی لێ ناگرن؟!

دژایەتی ئیسرائیلی کرد پڕ بە دنیا پڕوپاگەندەی قارەمانیەتیان بۆ کرد. کە سەری شۆڕ کرد بۆ ئیسرائیل هیچ ئیسلامیەك فزەی نەکرد. فڕۆکەی ڕوسیای بەردایەوە بە شانازیەوە بە گژ ڕوسیادا دەچوو، کاتێ سەری شۆڕ کرد بۆ ڕوسیا وەك بێ غیرەتترین پیاوی دنیا داوای لێبوردنی کرد، کارەکەی خستە ئەستۆی ئەو دوو ئەفسەرەی کە فڕۆکەکەیان بە فەرمانی خۆی بەردایەوە، پاش کودەتا سەقە تەکەش گرتنی و دوور نیە لەبەر خاتری ڕووسیا لە سێدارەشیان بدات، وەك لە نامەکەی بۆ پوتین وتبووی کە ئەو ئەفسەرانە سزا دەدات کە فڕۆکە ڕوسیەکەیان بەردایەوە!! ببینە ئیسلامیەکی موحتەرەم فزەی کرد؟! ئێستا خەریکە بۆ ئەسەدیش وا تەنازول دەکات لە دژی کورد، جەزائیر لە نێوانیان دایە.

هەتا سەلەفیەکانیش کە لە هەزاران زانایانی ئومەتی ئیسلامی ڕازی نین، بەو پەڕی گەمژەییەوە بەرگری لێ دەکەن. لە کوردستانیش چەند سەلەفیەکی کونیە پیس وەك هەر ئیخوانیەکی ئەردۆگانی بەرگری لە ئەردۆگان دەکەن! بەڵکو گەیشتە ڕادەی ئەوەی درۆی بۆ بکەن!!

ئەو شێخە داعشیە سعودییە سەلەفیە سعید مسفر، کە بانگخوازێکی ناسراوە و بە دکتۆرا لە عەقیدەوە، دانیشتووە درۆی زل بۆ ئەردۆگان دەکات. دەڵێت: هەموو ڕۆژ بەرلەوەی بچێتە دەوامی سەرۆکایەتی، لەسەر ڕێگا لادەدات پێیەکانی دایکی ماچ دەکات، ئینجا دەڕواتە دەوام!! پیاوێکی ساڵحە وەك دەزانن.!

دایکی دەڵێت: کوڕم ئەردۆ تۆ ئێستا سەرۆکی واز لەو کارە بێنە!

بۆ دایە گیان سەرۆك پێویستی بە بەهەشت نییە؟!!

بەهەشتی من لە بن پێیەکانی تۆیە!!!

تەکبیر بۆ ئەو درۆیە، ئەردۆگان بەر لە سێ ساڵ پێش بوونە سەرۆك دایکی مردوە.

٢٠١٧

# *قەڕەزاوی لە وەسیەتیشدا
# هەر نەیتوانی دوو قسە بۆ خوا بکات نەك ئەردۆگان!

بەر لە چەند ساڵێك قەڕەزاوی گووتی: خوا و پێغەمبەر و جوبڕایل و موسڵمانان لەگەڵ ئەردۆگانن!
خۆزگە دەمانزانی بۆ خوا و پێغەمبەر و جوبڕایل و موسڵمانان هەردەم لەگەڵ دکتاتۆر و پیاوکوژەکانی مێژووی ئیسلام بوون؟!

قەڕەزاوی ئەو ئایەتەی وەسفی پێغەمبەر دەکات لەسەر ئەردۆگانی جێبەجێ دەکات!!
ئەگەر ئەردۆگان بە نیفاقیش بێت دەڵێت من لە دەوڵەتدا پەیڕەو لە عەلمانیەت دەکەم.
کەوابوو خوا و پێغەمبەر و جوبڕایل یش پشتگیری لە عەلمانیەت دەکەن!
لەو ڤیدیۆیەشدا کە لە گیانەڵادایە، لە سەرەتای وتەکەیدا قەڕەزاوی دەڵێت: من بۆ جاری ئەخیری قسەتان بۆ دەکەم و نامەوێ لە ئاخیر جاردا ڕەزام قورس بێت لاتان و درێژی کەمەوە!

ئەوەش وەك وەسیەتنامەیەکە، دیارە باری تەندروستی زۆر شڕە. کۆڕەکە دیارە بۆ کوشتنی جەمال خاشوقچی ڕێکخراوە بۆ بەرژەوەندی ئەردۆگان و تورکیا، کە خۆی هەزاران دەکوژێت و لە زیندانی دەنێت، قەڕەزاوی و قەرەداغێ و ئەو پێڕە ئیخوانییەی خۆیان خستۆتە ژێر خزمەتی ئەردۆگان وتورکیا فزەش ناکەن، بەڵام دەبێ بۆ کەسێکی شۆڤێنی عروبی و ئیخوانچی وەك خاشوقچی دەبێت دنیا خراپ کەن!

خۆ هەزار دانەی وەك جەمال خاشوقچی ناگاتە سەلاحەدین دەمیرداش کە دەنگی ملیۆنەهای لەگەڵە! ئەی بۆ ئەو هەرایەی بۆ خاشوقچی دەکەن، کە کاسەلێسێکی دەرباری موخابەراتی سعودی، و دوایش تورکی بوو، بۆ بۆ سەرکردەیەکی گەورەی وەک دەمیرتاش ناکەن؟! بۆ بۆ ئەو هەموو قوربانیانەی دەستی سوپای تورکی و بەکرێگیراوانی لە عەفرین ناکەن؟!

تۆ بڕوانە مرۆڤێکی وەك قەرەزاوی پێیەك لە قەبر وپێیەك لە دنیا، ئەگەر بەڕاستی باوەڕی بە چوونەوە بەر دەمی خوا بێت، چۆن بەو شێوەیە فەرامۆشی ئەو هەموو ستەم و چەوسانەوەیەی کورد دەکات و بە درێژایی وتەکەی نزا و پاڕانەوە وستایش بۆ ئەردۆگان دەکات؟!

باوەڕتان هەبێت ئەو ئیمانە ومیزاجەی کە ئیسلامی سیاسی دروستی دەکات لای هەڵگرانی، هێندە موتەحەیز و نامرۆیانەیە تەنها پشتگیری لە هەڵگری ئایدیۆلۆژیاکە دەکات ئەگەر لە لوتکە جەور وستەمیش بێت!

سەیرە ئەو قەرەزاوییە ئەگەر دڵی بۆ کوردیش ناجوڵی، هەرنەبا دڵی بۆ سەدان هەزار گوڵەنی دەبوایە بجوڵابا، کە دەکوژرێن و ڕاودەنرێن و لە زیندان ئاخنراون، کە بزوتنەوەیەکی ئیسلامی هێندە چالاکن، ئەوان بونیادی گەڕانەوەی بیرۆکەی دین بۆ ناو کۆمەل وسیاسەت و دەوڵەت داڕژت بەلام بە شێوازێکی جیا و کاریگەرتریش لە هەوڵ و ڕێگای ئیخوانەکان!

قەرەزاوی و قەرەداغیێ و ئیخوانەکان دەزانن کە قورئان پێوەری بۆ چاکە و خراپە بە زەرەیە و بە گەردە، [فمن یعمل مثقال ذرة خیرا یره ومن یعمل مثقال ذرة شرا یره] یانی ئەو هەموو ستەمەی ئەردۆگان و تورك لە کورد و کوردستان ملیارەها زەرە وگەرد نییە، تا قەرەزاوی لەسەر لێواری گۆڕیش نەجوڵێنێ و بلێ ئەی ڕۆڵەکانی عمادالدین زەنکی و

سەلجوقییەکان ئازادی ویەکسانی ڕەوا ببینن بە ڕۆڵەکانی سەڵاحەدین ئەیوبی کە ناویشی دەهێنێ لە وتەکەی؟!

بڵێی قەڕەزاوی و شێخ ومەشایخی ئیسلامی سیاسی و ئەو ئیخوانانە باوەڕیان بە لیقائی خوا بێت ؟!

من گومانم هەیە!

٢٠١٨/١١/٩

# *یوسف ئیسلام
# خۆزگە هەر گۆرانیبێژەکەی پێشوو بایت
# نەك ڤایرۆسی دینی سیاسی لێتبدات!

ئەمن نازانم ئەو ئیسلامە بۆ ڤایرۆسی ملهوڕ وتاغیە پەرستی لە هەناوی هەڵگرتووە؟! یوسف ئیسلام، کە پێشتر ناوی کات ستیڤن بوو، گۆرانیبێژێکی ناوداری ئینگلیزی بوو، ئەو گوایە خوا هیدایەتی داوە، لەوەتی هاتۆتە ناو ئیسلام هەموو جوڵەکانی بازرگانییە، چەندین قوتابخانەی تایبەتی ئەهلی ئیسلامی کردۆتەوە، دەزانێ موسڵمانان تووشی فۆبیای شەرەف وجیاکردنەوەی کچ وکوڕبوون لە قوتابخانەکان، ئەویش ئەو غەریزەیە وەبەردەهێنێ! هەرچەندە من لە مامۆستایەکی قوتابخانەکەیم بیستووە قوتابخانەکانی لە ڕووی ڕەوشتیەوە خراپترن وچاکتر نین لە قوتابخانە ئاساییەکان، ئەو جیاکر نەوەیە کوڕان وکچانی زیاتر تەشویق کردوە بۆ یەکتر!

ئەمڕۆش کاکی بازرگان کە گوایە خوا هیدایەتی داوە، هەموو فەرهەنگی مافی مرۆڤ و مرۆڤپەروەری جێهێشتوە، وەک پۆخڵترین ئیخوانی ئیسلامی دەچێتە خزمەت ئەردۆگان ودیاری شەمەندەفەری ئاشتی پێ دەدات! من گوێم لێبوە کە ئەردۆگان پارەیەکی باشیشی داوەتێ بەناوی قوتابخانەکەی! خۆی سەرانی دینی مەجالی تێدانییە یەک لە سیفاتەکانیان سواڵکردنە بەناوی دین، یوسف ئیسلامیش دیارە لەو بەهرەیە بێ بەش نەکراوە سواڵیش کە کرا، مرۆڤ دەبێتە سواڵکەرێکی چاوشۆڕی بەردەم وەلی نیعمەکەی وپولبدەرەکەی!

من دڵنیام یوسف ئیسلام ئێستا هەر کات ستیڤن بوایە شەرمی دەکردەوە پشتگیری خوێنرێژێکی وەک ئەردۆگان بکات، بەڵام ئەو مێنتاڵیەتیەی ئەو دینە و توراسەکەی کاتێ قەوارەی عەقڵی هەر کەسێک داگیر دەکات، هێندە خراپ تەشویهی دەکات، پڕ دەبێ لە لاسەنگی وسەراوقون دیتنی ژیان وجیهان!

خۆزگە هەر گۆرانیبێژەکەی جاران بایت بە فەرهەنگێکی ئینسانی ومافی مرۆڤەوە، نەک ببیتە موسڵمان بە ڤایرۆسی نامرۆیی وبێ ئیحساس و پشتگیری جەوروستەمەوە!

٢٠١٩/١٠/٣١

# *نەفرەت لە دۆز و حەماس و قودسیشت!

خالید مشعل ی تیرۆرست و سەرۆکی حەماسی فەڵەستینی دەستخۆشی لە سەرکەوتنی ڕژێمی ئەردۆگان دەکات لە عەفرین..!
دەڵێت سەرکەوتنی عەفرین نمونەیەک بوو بۆ ئیرادە و ویستی تورکی، ئینشاڵڵا سەرکەوتنی قارەمانانەی تر تۆمار دەکەین بۆ سەرکەوتنی ئومەتمان!

یاخوا دەستی ئیسرائیل خۆش بێت و بەردەوام بێت لەسەرتان فەلەستینی حیز ودزی وڵاتان، یاخوا جوو هەر وا سواری گەورە و بچوک و نێر ومێتان بێت!

ئێوە کە گوایە میللەتێکی چەوساوەن هەست بە ئازاری چەوسانەوەی خەڵکیتر نەکەن، کەوابوو هەر بۆ چەوسانەوە و لەناوبردن باشن هەی بێ بەهاترین خەڵکی دنیا. نەفرەت لەو ئیسلامە ئیخوانیەتان و فکرە عروبەتیە سەخیفەتان. ئەگەر کورد هەتا ئیسلامیەکانیش یەک زەڕە شەڕەفیان هەبێت، جارێکیتر بۆ تۆپیوەکانتان ناگرین بە دەستی ئیسرائیل. هەزار جار دەستی ئیسرائیل خۆش بێت! نەفرەت لە خۆتان ولە فەڵەستین ولە قودسی ناشەریفیشتان.

# بەشی شەشەم

# ئەردۆگان و ئیسلامییە کەواسوورەکانی کورد

# *کورد جوجکە ڕەشەکەی ئیسلام!

ئیسلام وا لە قاڵب دراوە بۆتە چەکێکی دەستی ستەمکارانی ڕیاباز و دوو ڕوو. ئەوە هەر ئەمڕۆ نییە لە درێژایی مێژووی ئیسلام سەرنجی ئەوەم داوە، تەنها ماوەیەکی کورتی سەردەمی سەرەتای پەیامەکە نەبێت!

هەر خاوەن دەسەڵاتێک وەک معاویە و یەزید و عبدالملک بن مروان و ابو جعفری مەنسور و حەجاج و سەدام و ئەردۆگان توانیویانە و دەتوانێت بە ئاسانترین شێوە خەڵکی ئیسلامی بە خۆبەخشیەوە فریودات و خەڵکی موسڵمانیش لە سادەییەوە هەڵخەڵەتێنێ.

سەیرە کاتی خۆی خوا بەرگری لە عەرەبی بتپەرست کرد لە دژی سوپای ئەبرەهەی مەسیحی، کەچی بەناو زانا و سەرکردە ئیسلامیەکانی کورد وەک عەلی قەرەداغی و سەید ئەحمەد و سەلاحەدین بەهائەدین و عەلی باپیر، تەنها لەبەر چەند بەرژەوەندیەکی دنیایی و حزبی و حەساسەتیان بەرامبەر پەکەکە و پەیەدە ناتوانن بەرگری لە گەلێکی ستەملێکراو و بێ پشتیوان بکەن، کە گوایە خۆشیان ڕۆڵەیەکی ئەو گەلەن!

ناسیاوێکم برادەرێکی تورکی لە زانکۆ هەبوو و لە فەیسبوکیش برادەر بوون، تەنها لەسەر ئاڵای کوردستان بلۆکی کردبوو، سەلاحەدین بەهائەدین و عەلی قەرەداغی و عەلی باپیریش بە هەڵەداون بەرەو پیری داوەتە چەورەکانی ئەردۆگان دەچن، بێ ئەوەی هەست بە کەمترین بەرپرسیارەتی ڕەوشتی و ئازاری ویژدان بکەن.

بە درێژایی دوو مانگی هێرشی تورکی مەغۆل و تەتار بۆسەر شارێکی کوردی موسڵمان نشین و بە فەتوای سورەتی فەتح، چەند مردوێک قسەی کردوە، ئەوانیش هێندە! یان کە قسەشیان کردوە لە بەرژەوەندی سوڵتانی نیوعوسمانیەکان بووە!

ئەوە کێیە ئەو ویژدان و سۆزەی ئەوانەی وا سڕ کردوە لە ئاست ستەملێکراوی نەتەوەکەیان جگە لەو ئیسلامە مێژووییە تلیاکاوییە نەبێت؟! کە هەردەم هەق لەلای بەهێزە با ستەمکاریش بێت!

مرۆڤی نا تەندروستی ئیسلامی کورد بۆ ستەمی خەڵکانی هەزاران کیلۆمەتر دوور لەخۆی دەتاسێ، نەک ئەوە ئەو ئیسلامیانەی کورد ئامادەن بۆ هەموو ستەملێکراوانی موسڵمانی دنیا بتاسێن جگە لە کورد!

کورد لە نێوان موسڵمانانی تورک و عەرەب و فارس وەک موسڵمانی جوجکە ڕەشەکەی لێهاتووە، نەک تەنها قەومەچی شۆڤێنی و سێکیولاری پەڕگیری ئەو نەتەوانە کوردیان پێ قبوڵ نییە لە ناوچەکە وەک خاوەن هەق و قەوارەی خۆی، بەڵکو ئیسلامیەکانیشیان خراپترن لە حیساب نەکردن بۆ ئیسلامە جوجکە ڕەشەکەی کورد! تەنها هەستی ئیسلامی بۆ زیاتر سەرشۆڕکردن و لەکارخستن و پەکخستنی موسڵمان و ئیسلامی کورد بەکار دەهێنن، نەک بۆ یەکسانی، دەنا ئەردۆگان بۆ ناوی مزگەوتێکی مێژوویی کوردان دەگۆڕێت بۆ مزگەوتی تورک؟!

بۆ مەلا وزاناکانی تورک ڕۆژێک ناڵێن ئەو میللەتە موسڵمانە نابێت ستەمیان لێبکرێت؟! بۆچی دەڵێن دەبێت گەورە وبچوکیان بە ئەتۆم لێ بدرێت؟!

کێشە لەوە نییە ئەوان ئێمە بە جوجکەی ڕەشی ئیسلام دەبینن، بەڵکو کێشەکە لەوەیە ئیسلامیەکانی کوردیش هێندە ناخیان شوێندراوە بە دەق و لێکدانەوەی فریودەری دوژمنان و بەو تێڕوانینە دینی و سیاسیانەی تورک و عەرەب و ناوچەکە بۆ خۆیان، ئەوانیش خۆیان لێ بۆتە جوجکە ڕەشەکەی ئیسلام کە دەبێت هەموو سووکایەتی و بچووکی ولاقرتێ و ستەمی برا جوجەڵە زەردە جوانەکانی قبوڵ بکات!

ئەوەتە عەلی باپیر کتێب دەنووسێ لەسەر سۆزی نەتەوایەتی و کوردایەتی ئیسلامی، بۆ فریودانی گەنجی ئیسلامی کورد کە هێشتا میللەتی خۆی خۆش بوێت، کەچی بەو هەموو داگیرکاریە وتاڵانیەی تورکیای ئەردۆگان بۆ عەفرین پێی ئاساییە دوو مانگی ئەو هێرشە بەربەریە تەتارییە بێ دەنگ بێت یان بچێتە کۆنگرەی حزبی ئاکەپەی ئەردۆگان، و وێنە لەگەڵ ئەردۆگان و خالد مشعلی تیرۆریست بگرێت!

بڕواتان بێت ئەگەر موسڵمانی کورد یەک تۆز هەستی نەتەوایەتی تێدا بێت و خەمی دۆزی ڕەوای کوردی هەڵگرتبێت، موسڵمانانی تورک و عەرەب و میللەتانی تر ناوێرن وا خوێ بە زامەکانمان دابکەن و هەزاران حیسابیان بۆ دەکردن! بەڵام کە ئەو سەرکردە ئیسلامیانە دەبینیت لە حزووری سەرکردە ئیسلامیەکان شەرم لە خۆت دەکەیتەوە! من زۆریانم دیوە لەو بۆنانە، بەخوا ئەو عەلی قەرەداغیە هێندەی نەمابوو نەک ماستاوچیاتی بەڵکو چایەچیاتیش بکات بۆ کۆمەڵێ سەرکردەی عەرەبی ئیخوان لە کۆنگرەیەکی ئیسلامی کوردی ـ عەرەبی لە لەندەن کاتی خۆی!

کێشەیەکی گەورەیە ناحەزانت وەک جوجکەی ڕەشی ئیسلام بتبینن، و لەوەش کێشە گەورەتر ئەوەیە خودی ئیسلامیەکانی کوردیش خۆیان و میللەتەکەیان بە جوجکەی ڕەشی ئیسلام ببینن!

٢٠١٨/٤/٤

# *سوارەکانی حەمیدیە زۆر شەڕافەتمەندتر بوون لە ئەردۆگانیەکان!

ئەو بابەتە لەو نوسینانەوە ئیلهامی وەرگرتوە، کە بەراورد دەکەن لە نێوان سوارەکانی حەمیدیەی دوێنێ و ئەردۆگانیەکانی ئەمڕۆ. ڕاستە لە چەند ڕوێکەوە لێکجوون هەیە لە نێوانیان، بەڵام بەڕای من ئەردۆگانیەکان لە بەراوردا بە سوارەی حەمیدیە، کە لە دوو سەردەم و دوو هەل ومەرجی جیا و دوو ئاستی فەرهەنگی جیا و دوو جیهانی تەکنۆلۆژی جیا ژیاون، ئامرازی وریایی وتێگەیشتن و هەواڵ بیستن ودیتن لەو سەردەمە ئەرز وئاسمانی جیایە، لە سەردەمی سوارەی حەمیدیە، ئەو ئاستە فەرهەنگیەی ئەردۆگانیەکان تێیدان سەد پلەی لە سەرووی ئەو ئاستە فەرهەنگیەی کۆمەڵگای سوارەی حەمیدیە.

کەوابوو ئەردۆگانی و سوارەی حەمیدی لە دوو کۆمەڵگای جیا و لە دوو ئاستی جیا، و دوو هەل ومەرجی جیا، و دوو ڕوئیای جیادان. بۆیە ستەم لە سوارەکانی حەمیدیە دەکەین کە لایەنگری سوڵتانی فریودەربن بە دین، چونکە سەردەمەکە سەردەمی فیکری دینی بوو، هێشتا فیکری نەتەوەیی چەکەرەی نەکردبوو. هێشتا خەڵکەکە سەرچاوەی هەواڵیان دەمی مەلا ومزگەوت بوو، نە ڕۆژنامەیەک ونە ڕادیۆیەك نەبوو ئاگاداریان کاتەوە لەوەی ڕوو دەدات لە دەوروبەریان!

ئەردۆگانیەکان لەناو جەرگەی تەقینەوەی شۆڕشی ئینفۆمیدیاییین، شەڕەکانیان و خۆفرۆشیەکانیان لەسەر فەیسبوک وتویتەر و میدیا دەکەن! ئاگادارن بە هەموو دوژمنایەتیەکی ئەردۆگان دژی نەتەوەکەیان، بە هەموو کۆمەڵکوژیەکی سوڵتان ئەردۆگان دژی کورد، لە کۆبانێ و پرسوس و ئەنقەرە و دەیان شوێنیتر، بەڵام بە هوشیاریەوە جاشایەتی بۆ دەکەن، بە پاڵنەرێکی عەقیدی ساختە، کە لەسەر کێ بهێتە جێبەجێ کردن لەسەر ئەردۆگان نایەتە جیبەجێ! ئەردۆگان ئیسلامی سیاسی ئیخوانی پۆرشی دەکات و تاس ولووسی دەکات، دەنا ئەو پیاوە بەس کۆدێکی نهێنی دەیبەستێتەوە بە تیرۆرستان و ئیسلامی سیاسی بە گشتی. هیچ یاسایەکی شەریعەت لە وڵاتی ئەردۆگان

جێبەجێ ناکرێت، وڵاتێکە پڕاوپڕە لە تیاترۆخانە و سۆزانیخانەی ئاشکرا و نهێنی و مەیخانەی سەرجادەکانی سیاحەت، و سەرەڕای گەورەترین ڕێژەی هاوڕەگەزبازانی دنیا لەو وڵاتە هەن، بە هەموو دەزگایەکی ئاشکرایەوە! کەوابوو شەریعەت لە دەوڵەتی ئەردۆگان لە کوێیە؟!

ئەردۆگانیەکان لە سەردەمێك بەرگری لە سوڵتانە ساختەچیەکەیان دەکەن، کە هەموو نەتەوەکانی دەوروبەر خاوەنی دەوڵەت و قەوارەی سیاسی خۆیانن، بە ئاشکراش ئەو مافە بە زیاتر لە ٥٠ ملیۆن کورد بە ڕەوا نابینن! لە کاتێکدا بەرگری لەو تورکە ساختەچیە دەکەن، کە زۆربەی زۆری میللەتی تورك تەنها لەگەل بیستنی وسەی کوردستان و کورد هیستریای شێتی مانگا دەیانگرێت. ئەزموونێکی زانستی هەیە من زۆرجار ئەنجام داوە، وەرە لەبەردەم تورکێکی باش بڵێ کوردستان، ببینە دەموچاوی چی لێ دێت، چۆن نارەحەتی لەسەر ڕوخساری خۆی دەنوێنێت!

سوارەکانی حەمیدیە لە زەمەنی دواترین بەناو خیلافەتی ئیسلامی دەژیان، و بەرگریان لە وڵاتێك دەکرد تا ئەو ساتانەش هێمایەك بوو بۆ موسڵمانانی هەموو جیهان، شەریعەت پیادە دەکرا بە نیوەچڵیش بێت، خەلیفە خاوەندارێتی لە موسڵمانان دەکرد، ئەگەر بە قسەش بیت، خەڵکەکە لە سۆزی دینی بەولاوە هیچیتریان نەدەزانی، بۆیە بەڕای من سوارەکانی حەمیدیە بەو هەل ومەرجانەوە زۆر لەوانە شەرافەتمەندتر بوون، کە لەو سەردەمەی شۆرشی میدیا و ئینتەرنێتە هێشتا دوای قەزەمێکی وەك ئەردۆگان دەکەون بەو هەموو دەستی دەستی پێکرنەی بە کورد، بەو هەموو تاوانانەی ئەنجامی دەدات لە دژی کورد و دیموکراتیەت بە گشتی. سوارەکانی حەمیدیە نە ڕۆژنامەیەك و نە تەلەفزیۆن و هەتا ڕادیۆشیان نەبوو. زۆربەشیان عەشایەر ونەخوێندەوار بوون و تەژی بوون لە گیانی دینی دەمارگیر بە کاردانەوەی هێزە ئەوروپیە مەسیحیەکان و نێردە تەنشیریەکان، بەپێی سەردەم و هەل ومەرجەکە.

بۆیە دەڵێم سوارەکانی حەمیدیەی دوێنێ زۆر باشتر وپاکترن لە بەراوردا بە ئەردۆگانیەکانی ئەمڕۆ.

٢٠١٥/١١/١

# *قەرەداغی: سەرکەوتنی تورکیا سەرکەوتنە بۆ ئومەتەکەمان! بروسکەکانی پیرۆزبایی لە ئەردۆگان!

ئێستا نێچیرڤان و قیاداتی پارتی بروسکە دەنێرن بۆ بەرازێکی وەك ئەردۆگان، و خاکی وڵات بۆ سەربازە داگیرکەرەکانیان دەکەنەوە، بە سینیە یاپراخ و دۆڵمە پێشوازیان لێدەکەن، خەڵکیان بۆ دەگرن دەکوژن کێشە نییە، چونکە کاسبی و مانەوەی بەرژەوەندی خۆیان بە ئەردۆگان گرێداوە. من هەر پێویست ناکات ئاماژە بەو بروسکەیە بکەم، چونکە دەزانم بە چ ڕوحیەتێکەوە دەوترێ!

فوئاد مەعسومیش قەیناکا کابرا دەیەوێ بڵێ منیش هەم، ئەگەر ئەو بروسکانەش نەنێری، هەر خەڵك لەبیری دەچێتەوە سەرۆک کۆمارێك هەیە ناوی فوئاد مەعسومە... جارەکی لە بروسکە ناردنیش فەشەلی هێنابوو، کاتێ بروسکەیەکی بۆ ماڵی هونەرمەندێ ناردبوو لە فەیسبوک باسی کرابوو کەوا مردوە! خێزانەکەی هونەرمەندەکە شۆك ببوون بەو بروسکەیە خێرایەی سید الرئیس بە پڕوپاگەندەی فەیسبوك!

عەلی قەرەداغیش ناسراوە هەر کە گەیشتە دەروەی سنووری کوردستان، کوردیەکەی دەچێتە دەرەوەی بازنەی خزمەت، وەك عەرەبێك و تورکێکی ئیخوانی قسە دەکات. تەبەناکردنی زمانی داگیرکەران و بەکارهێنانی هەمان موفرەداتەکانیان زۆر ئاسانە بۆ مرۆڤ کە ڕەنگە سەدان دەرگای داخراوی لەناو تورك وعەرەب لێ بکاتەوە، بەڵام بەڕاستی دەرونێکی نزمی دۆڕاوی ناچیزی دەوێ بە ئەردۆگان بڵێی:

سەرکەوتنی تورکیا سەرکەوتنە بۆ ئومەتەکەمان! [أن نصر ترکیا هو نصر لأمتنا الإسلامیة]، ئینجا لەبیری ناچێ زاراوە ئیخوانیەکانی وەك الوسطیة و الاعتدال یش بەکار بێنێت و دەڵێت: سەرکەوتنەکەتان سەرکەوتنە بۆ پڕۆژەی میانڕەوی و نەرمگیری! [ونصر لمشروع الاعتدال والوسطیة]

ئینجا ئیسلامی عروبیشی لەبیرناچێت و دەڵێت: هەروەها سەرکەوتنیشە بۆ دۆزەکانی ئومەتەکەمان لە سەرووی هەموویانەوە دۆزی قودس و فەڵەستینە! [ونصر لقضایا الأمة التي تقع علی قمتها قضیة القدس وفلسطین.] ئەوەی بەسەر کورد هاتووە وەك میللەتێکی سەرووی چل ملیۆنی بە دەستی چوار دەوڵەتی ئیسلامی هەر بەراورد ناکرێ بەوەی بەسەر چوار پێنج ملیۆن فەڵەستینی هاتوە بەدەست یەک دەوڵەتی وەك ئیسرائیل! کەچی بڕیاری عروبەت وئیخوانە هەر دۆزی فەڵەستین لە ترۆپکی دۆزەکانەوە دەبێت، دۆزی کورد لە لقەکانیش ناوی نایەتە سەر زمانی ئیسلامی سیاسی هەتا بە جەستەش کوردبن وەك قەرەداغی!

# یەکێکی تر لەو بروسکانە
# بروسکەی سەلاحەدین بەهائەدینی یەکگرتووە!

بروسکەیەک کە ناکرێ خۆی لێ بدزێتەوە نەوەکو سکاڵای لێ بکرێ لای قەرەزاوی و عەلی قەرەداغیش خراپتر موزایەدەی بەسەر بکات و بۆی تێ بچێنێ!
ئەو پیاوە لە کوردستانیش دەژێ و یانی لە دەرەوەی بازنەش نییە، کەچی زۆر عەرەبانە یان ناکوردانە بروسکەکەی نووسیوە!
ئەخر ناکرێ ئێوە جارێک هەڵوێستێکی میللەت پەروەرانە نیشان بدەن؟ !
بەو ئاسانیە عەفرین و کۆبانێ و وێرانکردنی دەیان شارو گوندی کورد وا بە ئاسان لە سفر بدەن و لەبیر بکەن؟! ناڵێم بەرگری لە پەکەکە بکە یان هەدەپە. ئێوە هەر بە سروشت کەیفتان بە کوردبوونی خۆشتان نایە و لێتان بەڵایە، چ جای ئەوەی ئەو حزبە کوردیەش عەلمانی بێت و چەپڕەویش بێت. بەڵام هەر بەرگری لە دانیشتوانی کوردی ئەو شارانە بکەن!
سەلاحەدین بەهائەدینیش بە هەمان زمانێکی ئیخوانی بروسکەکەی نووسیوە، دەڵێی سەرۆکی ئیخوانی میسرییە یان سورییە، بێ خەم بە شان وباڵی ئەو دوژمنە گەورەیەی هەموو خەونەکانی کورد هەڵدەدا:
"بەبۆنەی سەرکەوتنی بەرچاوتان لە خوولی نوێی سەرۆکایەتیی کۆماردا، بەناوی خۆم و سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانەوە جوانترین و گەرمترین پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و وڵاتی تورکیا دەکەم بە گەل و سەرکردایەتییەوە. دیارە سەرکەوتنی ئەم کاروانەی ئێوە لە کاتێکدایە کە وڵاتەکەتان و ئوممەت ڕووبەڕووی تەحەدییاتی گەورە دەبنەوە، دەستنیشانکردنی ئێوە بۆ سەرکردایەتیکردنی ئەم کاروانە لە ئیرادەی گەلانی تورکیا بەرجەستە دەبێ بە هەموو ڕەنگ و شەبەنگەکانییەوە.."

تۆ بڕوانە ئەو زمانە ئیخوانییە ئیسلامییەی کە وادەزانێ هەموو دنیا کاری نییە تەنها موئامەرات لەسەر وڵاتانی ئیسلام دەگێڕێت!
ئەو زمانە سواوە لە سەردەمی حەسەن بەناوە تا ئەمڕۆ هەر بەکارە [دیارە سەرکەوتنی ئەم کاروانەی ئێوە لە کاتێکدایە کە وڵاتەکەتان و ئوممەت ڕووبەڕووی تەحەدییاتی گەورە دەبنەوە] کام تەحەدیات تورکیا ڕووبەڕووی دەبێتەوە؟! موئامەراتی سەڵیبی وسەهیۆنی؟! تەحەدیاتی هەرە گەورەی تورکیا درۆکردنیەتی لەگەڵ کورد و خیانەتکردنیەتی لە پرۆژەی ئاشتی ، پاش ساڵانێك دەسی پێکردن!
دوایێ توخواکەی شەرم نییە بۆ مرۆڤێك بروسکەی ئاشتی بۆ یەکیك بنێرێ کە هاوپەیمانی حزبێکی ڕەگەزپەرستی فاشیستی تێنوو بە خوێنی کوردی وەك مەهەپەیە؟! ئەخر عەرەبێك کێشەی عەرەبی نییە لە تورکیا ئاساییە ڕەچاوی ئەوە نەکات، بەڵام قەرەداغی و تۆی ئەمینداری حزبێکی کوردستان چۆن فەزیحەیەکی وا نا ئەخلاقی دەکەن؟!

هەشە هەر حەزی لەو بروسکە و مروسکەیەیە، نەشینێرێ نە کەس گلەیی لێ دەکات، و نە کەس سزای دەدات وەک کۆسرەت!
لە بڕگەیەکی بروسکەکەی بۆ ئەردۆگان دەڵێ: "ئیدارەدانی وڵاتێکی گەورەی وەکو تورکیا کارێکی ئاسان نییە، بەڵام بۆ جەنابتان کە توانیوتانە بە دەست و بازووی خۆتان بگەنە ئەو پۆستە چاوەڕوانی زۆرتان لێدەکرێت"

کاکە تۆ لەسەر ئۆکسجینی ئێران دەژیت، خۆ وەک پارتی بۆڕی هەناسەت لە ئەنقەرەوە نییە، چ پێویست بە بروسکە ناردن دەکات بۆ ئەو ستەمکارە کە دوێنێ عەفرینی خەڵتانی خوێن کرد؟! یانی نابێ خۆتی لێ بدزیەوە؟ !دوایێ کێ لە تۆ دەگرێ خۆ تەندروستیت هێندە خراپە، سەلامیش جواب نەدەیەوە کەس لێت ناگرێ!

ئەو برگەیەی [کە توانیوتانە بە دەست و بازووی خۆتان بگەنە ئەو پۆستە ] ئەو ئامۆژگاریەی بیرهێنامەوە: نازانم بۆ بۆخۆت دانانیشی و کەمێک چێژ وەرگریت بەو هەموو سەروەت وسامانەی کە توانیوتانە بە دەست و بازووی خۆتان و ڕەنجی شانی خۆت کۆیکەنەوە؟!

بەس مرۆڤ بۆ خوا بیڵێ، هەرچەندە ئەردۆگان گوێشی پێ نادا، بەڵام کاک کۆسرەت ئەلهەقی ئامۆژگاری باشیشی کردوە وەک: "هەر بۆیە پێویستە هەموومان بەخۆماندا بچینەوە و چارەسەری کێشەکان بکەین، ئەوەی بە ئاشتی و گفتوگۆ چارەسەردەکرێت هیچ رێگایەکی تری نییە بۆ گەیشتن بە دیموکراسیەت."

یانی هەر بەراورد ناکرێ بەو زمانە عەرەبیە تورکیە ئیخوانیەی کە قەرەداغی و سەلاحەدین بەهائەدین پێیان نووسیوە! بەس هەر پێویستی ناکرد کاک کۆسرەت خۆت وا سەخڵەت کردبا![١٤]

٢٠١٨/٦/٢٧

[١٤] - سەرچاوەی نامەکەی قەرەداغی:
http://www.alarab.qa/story/١٣١٧٤٨٧/

# *چەواشەکاری عەلی قەرەدەغی لە نێوان عەرەبی وتورکی و کوردی فەقیردا!

بەداخەوە کەسانێک وەک پیرەژن وپیرە پیاوکانی سەردەمی سەدامیان لێهاتووە، کە چۆن بە مەعاشێکی بچوکی فەقیرانە شەو و ڕۆژ دەست بە دوعا و پاڕانەوە بوون بۆ سەدام ! ئەوانە چینێکی ناهوشیار و هەژار و بێ دەرەتان بوون، لێیان ناگیرا، و تیایاندا هەبوو هەتا کوڕی پێشمەرگە یان شەهید بوو .

پارەش لای گەنج و سەرکردەکان تاقیکردنەوەیەکی سەختە، چ جای لای چینێکی پیری عەقڵ کلۆڵی ناهوشیار. ئەوانە لەو کاتانەی دوعایان دەکرد بۆ سەدام، هێزەکانی سوپا و جەیشی شەعبی وئاسایشی کوردستان یان وێران دەکرد! ئێستاش کەسانێکی بەناو ڕۆشنبیر دەیانەوێت بە دوعا و بەرگرێیەکانیان لە عەلی قەرەداغی و مەلا ئۆردوگانیەکانیتر هەمان کردەی پیرەژن و پیرەمێردانی سەردەمی سەدام دووبارە کەنەوە، ودەیانەوێت بە باسی چەند کارێکی خێرخوازی هەموو خیانەتێک وبێ هەڵوێستیەکی عەلی قەرەداغی قەتەری بسڕنەوە، وەک چۆن پیرەکانی کورد بە مووچەیەکی رعایەی ئیجتماعی هەموو تاوانی سەدامیان لەبیرکردبوو!

بەڵام ئەو قسە بێ بنەما و عاتیفیاتە هیچ لە تاوانی ئەو عەلی قەتەرییە کەم ناکاتەوە. کە لە هەموو بۆنەیەک وکارەساتێکی تورک بەسەر کوردی هێنا بێت هەردەم لایەنگیری تورکی کردوە. ئەگەر کورد کێشەی لەگەڵ ئێران هەبێت، ئەوە دەزگا سونییە تائیفیەکەی هانی دەدەن بۆ قسەگووتن چونکە قسەکان دەچێتە دژی شیعە، بەڵام ئەگەر خەلیفەی ئیخوان و یەکێتی ئیسلامی زانایانی موسڵمان، ئەردۆگان ئەگەر ناڕاستەوخۆش کۆبانێ کاوڵ کات بە دەستی تیرۆرستانی داعشیش عەلی قەرەداغی و یەکێتییە دوو ڕووە ئەردۆگانیەکەی بەیاننامەیەک دەرناکەن بۆ ئیدانەی داعشیش، چونکە دەزانن سوڵتان وخەلیفەکەیان لە دواى هێرشەکەی داعش بوو بۆ کۆبانێ! لەبیرمە لەکاتی گەرمەی

هێرشەکەی کۆبانی، عەلی قەرەداغی لە ئەکاونتەکەی ئیدانەی تەقاندنەوەی مزگەوتێکی دەکرد لە کوێت!

کاتێ بۆمان نووسی تۆ شەرم ناکەیت بۆ بچوکترین ڕووداو بەیانامە دەردەکەیت، کەچی خۆت کردۆتە کەڕەی شەربەت بۆ کۆبانێ؟!

بڕوا بکەن هەر زوو بە زوو وشەی کۆبانێی تێخستە ناو نووسینەکەی ئێمەش هەردوو نووسینەکەیمان بڵاوکردەوە!

لە ٢٠١٦/١١/٢٤ کاتێ ئەردۆگان چەندین شاری کوردی لە باکوور وێران دەکرد، اتحادەکەی قەڕەزاوی و قەرەداغی ڕووداوی کوشتنی مەلا هوشیاری پێ گەورەتر بوو لە وێران کردنی هەزاران ماڵ و کوشتنی سەدان کەس، بۆیە بەیانامەی بۆ مەلا هوشیار دەرکرد لەبەر ئیخوانیەتی مەلا هوشیار، بۆ وێران وکوشتنی شار و مرۆڤی کوردی باکوور بێ دەنگ بوو!

ئەو کاتەش نووسیمان:

خۆزگە قەرەداغی و قەڕەزاوی" و الاتحاد العالمي لعلماء المسلمين، چۆن ئەو هەموو کوردە عەلمانیە و هەتا چەپڕەوەکانیش ئیدانەی تیرۆرکردنی مامۆستا هوشیار یان کرد، بە هەمان شێوە بێ دەنگ نەدەبوون لە بەرامبەر شەهیدکردنی سەدان و هەزاران کوردی باکوور و ڕۆژئاوا، کە هیچیان خوێنیان لە مامۆستا هوشیار کەمتر و زیاتر نەبووە"!

هەر قەرەداغی وەکیلی ئەردۆگان لە دوای پەڕینەوەی سوپای تورکی شۆڤێنی بۆ سوریا بۆ لێدانی کورد لەوێ، ئەوەشی کردە بۆنەیەک بۆ نیشاندانی وەلا و ملکەچی بۆ ئەردۆگان و موزایەدەی بەسەر ئەردۆگان یش دەکرد و دەیگووت سوپای تورک بۆ تیرۆرستان پەڕیوەتەوە لە پێناو مسۆگەرکردنی ئاسایشی سنوری خۆی! ئێمەش گووتمان:

## * خۆفرۆشەکەش  بە دەنگ هات
## قەرەداغی پشتگیری تورکیا دەکات بۆ داگیرکردنی جەرابلوس !

ئێستا دەزانم ئەو عەرەب و تورکانە چەند زیرەك بوون کە کوردێکی وا لە رزۆك و بێ کەسایەتیان هەڵبژاردوە بۆ پایەکی دینی وا قەبە .
ئێستا لە جیاتی موفتیەکی عەرەب یان تورك دژی کورد بدوێت، کوردێك دەدوێت و فەتوایان بۆ دەدات .
ئەخر هەی سوکی خۆفرۆش ئەردۆگان خۆی دەڵێت ئامانج لەو دەستێوەردانە کورد و داعشە! هەرچەندە خۆشی داعشە .
تۆ بۆ دەڵێی ئامانج لەو ئۆپەراسیۆنە دروستکردنی ناوچەیەکی دابڕاوە بۆ ڕێگرتن لە هاتوچۆی تیرۆرستان و ڕێگایەك بۆ پەناهەندان!
لەو ڕۆژانەش لەوەتی هێرشەکانی ئەردۆگان و چەتە بەکرێگیراوەکانی بۆ سەر عەفرین، ئاژانسی هەواڵی تورکی نەماوە پشتگیرییەکانی عەلە ئەردۆگانی وسەید ئەحمەد نەگوازێتەوە، کەچی بە کوردی هاواریەتی کە شتی وای نەگوتوە و بەیانی وای دەرنەکردوە!!
هاتوە بۆ میدیای کوردی خۆی پیاوچاک نیشان دەدا، لەشکرێک حزبی وئیخوانی و ڕۆشنبیری پیرێژن ئاسای سەردەمی سەدامیش باسی فەقیرانەکانی قەرەداغی دەکەن، کە چەندی داوە بە هەتیوان وچەند مزگەوتی دروست کردوە، وچەند بیری لێداوە و چەند قوتابی کوردی ڕۆژئاوای قبوڵ کردوە لە زانکۆکانی خۆیان بە خۆڕایی!!!
ئەو ساویلکانە لەوە ناگەن هیچ شتێکی بە خۆڕایی نەکردوە، ئەوە تەنها ڕێگایەکە بۆ برەودان بە ئیخوانیەت و کۆکردنەوەی خەڵکە لە دەوری ئیسلامی سیاسی! کە ٢٣٠ قوتابی ڕۆژئاوا وەردەگرێت ئەوە هەوڵێکە بۆ ناردنەوەی ٢٣٠ قوتابی ئیخوانی و ئیسلامی، نەک بۆ خوا ولەڕای خوا!

یان دەڵێن کەسی نەکوشتوە و شەڕی پەکەکەی نەکردوە !!!
دڵنیایت ئەگەر هێزێکی وەک پارتی ویەکێتی هەبوایە هەر ئێستا نەیدەنارده ڕۆژئاوا بۆ چـونە پاڵ سوپای تورک و هێزە بەکرێگیراوەکانی؟! ئەوەی نەیکردوە پێی نەکراوە، دەنا ئەوە خەلیفەکەی ئیسلامی سیاسی و ئیخوان نابینن چ دڕندایەتیەک دەکات دژی کورد و خەڵکانی تر بە موبارەکەی قەڕزاوی و قەرەداغاوی؟!
هەموو ئاژانسەکانی تورک دەڵێن عەلی قەرەداغی بەیانێکی ناردوە بە تەوقیعی خۆی پشتگیری تورکیا دەکات! ماقوڵە درۆ و بوهتانی بۆ هەڵبەستن؟! ئەی بۆ سکاڵایان لەسەر تۆمار ناکات؟ !
من زۆر گەڕام بۆ بەیانەکەی کە بۆ تورکەکانی ناردوە بە ئیمزای خۆی لە هیچ سایتێکی خۆی داینەناوە، بۆیە دڵنیام ئەوەش جۆرێکە لە فرتوفێڵ وشاردنەوە!
هەتا قسە کوردیەکانی ڕووداویشی تەنها لە سایتە کوردیەکەی داناوە، نەوەک عەرەبەکان ببینن و سکاڵای لێبکەن لەلای سوڵتانی عوسمانی وئیخوانی و ئیسلامی سیاسی!
ناوەڵڵا خۆزگە کوردێکی تورکی زان قسە کوردیەکانی دەکردنە تورکی و بۆ میدیاکانی تورکی دەناردن، من تورکی نازانم دەنا دەمکرد! دڵنیام ئەگەر ئەردۆگان خۆی ئاگای لەو دەبڵ ستانداردە و دەبڵ زمانەی قەرەداغی نەبێت سێ ڕۆژی تر دەوام ناکات لەو پایەیەی لە ڕێکخراوەکەی ئەردۆگان الاتحاد العالمی لعلماء المسلمین! بەڵام من گومانم هەیە ئەردۆگان و دەزگا موخابەراتەکانی نەزانن، بە عەرەبی وتورکی چی دەڵێت و بە کوردی لە ڕووداو چیتر دەڵێت، چونکە ڕووداو ئەگەر هی تورکەکان نەبێت، ئەوە بەلۆعەکەی لە دەستی تورکدایە!
ئەو دوو زمانییە بیدعەیەکی عبدالباری عەتوانە، کە بە ئینگلیزی قسە دەکات دەڵێی ئەو پیاوە دیموکراتیەتی داهێناوە! کە بۆ دەزگا عەرەببەکانیش قسە دەکات کەمەک لە بەغدادی و بن لادن نەرمترە!

١/٢/٢٠١٨

# *قامچی زمانت ئاڕاستەی ئەردۆگان بکە لە جیاتی بایدن شێخی مەهزەلە!

مرۆڤ کە خواربوو بە ڕاستەش خەت بکێشێ ڕاست دەرناچێ. عەلی قەرەداغی بە بەرچاوی ئەو ئەردۆگانی تورکپەرست خەریکی لێدانی کوردە بە هەموو ئامرازێک، بۆڵتن گووتەنی ئەردۆگان گووتی هیچ کوردێک باش نییە، تەنها کوردی مردوو نەبێ. لەبەر چاوی ئەو هاوپەیمانی مەهەپەی باخچەلییە کە لە نازیست وفاشیستەکانیش خراپتر و نەژادپەرستە، بەبەرچاوی ئەو سەدان هەزار کورد دەربەدەر دەکات، و چەندین شاری کورد داگیر و وێران دەکات، و خەڵکی عەرەب و تورکی ئیغۆر لە شوێنیان نیشتەجێ دەکات، کەچی شێخی مەهزەلەی کوردی، کارمەندەکەی ئەوقافی ئەردۆگان، بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵک، هاتووە نامەیەکی درێژدادڕی نووسیوە، لە جیاتی ئەردۆگان، داوا لە بایدن دەکات ڕەچاوی مافی مرۆڤ و نەژادپەرستی بکات! لە نامەکەی هاتووە:

"پیرۆزباییت لێدەکەم...وتارەکەت چەندین پرنسیپی گرنگی گرتەخۆ وەک تورهەڵدانی نەژادپەرستی وجیاکاری ڕەگەزی، هیوادارم سەرکەوتوو بن لە گەڕاندنەوەی بەها ڕەوشتی و ئینسانییەکان بۆ پەیوەندییەکانی وڵاتەکان وگەلان"!

ئەو شێخە مەهزەلەیە خەمی ئەمریکایەتی کە نەژادپەرستی نەهێڵێ، لە کاتێکدا گەورەترین وڵاتی دیموکراتی جیهانە، زۆرینەی خەڵکەکەشی دژی نەژادپەرستیە، چونکە ترامپ ئەو چوار ساڵەی ڕابردوو قورقوشمی بە قورگدا کردن، ئیسلامییەکان بە ئێرانیشەوە وادەزانن بایدن محمدی مەهدییە هاتووە بە شەریعەتی ئیسلام حوکم بکات، وا شاگەشکە بوونە!

دڵنیام هەر ئەو عەلی قەرەداغییە ڕۆژێکی تر قسە بە بایدن دەڵێت، ئەگەر بایدن بەردەوام بێ لەسەر هەڵوێستی لە فەرامۆشکردنی ئەردۆگان، ئەو ئەردۆگانەی کە سواڵی تەلەفۆنێکی بایدن دەکات، و بۆی ناکات!

جارێ چرای سەوزی ئەردۆگان هەڵنەکراوە بۆ هێرشکردنە سەر بایدن، کە هەڵکرا ئەو دمبکچییەی ئەردۆگان یەکەم کەس هێرش دەکاتە سەر بایدن!

ئینجا شێخی مەهزەلەی دووڕوو زیاتر ئامۆژگاری بایدن دەکات لەجیاتی ئەردۆگان ودەڵێت: بانگی بەڕێزتان دەکەم بۆ:

ئەوپەڕی کۆششکردن و هاریکاری لە هەڵگرتنی ستەم لەسەر مرۆڤایەتی، وهێنانەدی دادگەری وئازادی و کەڕامەت و مافەکانی مرۆڤ!

دەڵێی باسی تورکیا و ئەردۆگان دەکات! ئەخر نەک کوردەکانی تورکیا، بەڵکو کوردی هەر چوارپێنج پارچەکە دەناڵێنن لە دەستی جەور وستەم و نادادپەروەری و نەبوونی مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی کەرامەتی نەتەوەییان بە دەستی ئەردۆگانی ئاغاکەت، دە بۆ جارێک لە ژیانت مرۆڤ بە وپیاو بە ئەو ئامۆژگارییانە ئاڕاستەی ئەردۆگان بکە!

ئەخر بایدن هەموو ژیانی لەناو دیموکراتیەت و وڵاتێکی دیموکرات بەسەر بردووە، چ پێویستی بەو ئامۆژگاریانەیە؟! خۆ بایدن زمانی ئیسپانی ولاتینییەکان وزمانیتری قەدەغە نەکردوە لە ئەمریکا؟! هەتا تڕامپیش ئەوەی نەکردوە وکەس ناتوانێ وابکات !

خۆ وەک تورکیا وئەردۆگان زمانێکی وەک کوردی، پاکتر وکۆنتر لە زمانی تورکی تیرۆر نەکردوە، نەهێڵێ لە قوتابخانەی شارە کوردییەکانیش قەدەغە بکرێ؟!

خۆ بایدن ملیۆنەها کوردی لەسەر خاکی خۆیان ڕانەگواستوە بۆ بە تورک کردنی؟!

کاتی خۆی دەڵێن لەسەردەمی پاشا ستەمکارەکان لە ئەوروپا و بەڕیتانیا کاتێ منداڵی پاشا لە خوێندندا هەڵەی بکردبا، مامۆستاکەی لەبەر بڕینی مووچە وپاداشتی شا، نەدەوێرا لە میری کوڕی پاشا بدات، لە جیاتی منداڵێکی هەژاری خزمەتکاریان لە تەکی دادەنا، لەویان دەدا! بەو مناڵە دەگوترا مناڵی قامچی لێدان Whipping boy بڕوانە ویکیپیدیا لە یەکەم کۆمێنت.

شێخی مەهزەلە و حەڕامخۆر لەژێر پەردەی دین، وەک مامۆستایانی میرەکانی ئەوروپا لە جیاتی قامچی وشەکانی ئاڕاستەی ئەردۆگانی فاشیست وتورکپەرست بکات لەسەر میللەتە داماوەکەی بەجواب بێت، ئاڕاستەی جۆ بایدنی سەرۆکی ئەمریکا دەکات!

ئەوەیە وشەی هەق لای سوڵتانی ستەمکار گووتن، کلمة الحق عند سلطان جائر!

هەڵبەتە زۆر درێژدادڕی کردووە بەڵام هەر هێندە شایانی لەسەر وەستانە.

٢٠٢١/١/٢٢

# شورەییە بەرگریکردن لە عەلی قەتەری و سەید ئەحمەدا!

بەڕاستی شورەییە کەسانێک پاش قسەکانی عەلە قەتەری وسەید ئەحمەدی دەسباز، هێشتا لەبەر جووتبوونی دەماری حزبی بەرگریان لێدەکەن!!
ئەو برادەرانە یان وادەزانن ئێمە تێناگەین لە کوردی و عەرەبی، یانیش خۆیان لە گێلی دەدەن و تێناگەن !
عەلە قەتەری بە ئاشکرا جاڕی دوژمنایەتی خۆی بۆ پەیەدە و پەکەکە دەدات وداوا دەکات سوپای بێ ڕەوشتی ئەردۆگان مولحید وبێ باوەڕەکان لەناو بەرن، کە مەبەستی پەیەدە و پەکەکەیە !
ودەڵێت: من لەگەڵ یەکێتی ئومەتی ئیسلامم و دژی بیری ئیلحادی و تیرۆرستیم لە هەر نەتەوەیەک بێت!
" :أنا مع وحدة الأمة الإسلامية، وضد الأفكار الإلحادية والإرهابية، من أي قوم كانت."
ئەوە ئەگەر تورکیا دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی با و شەریعەتی جێبەجێ کردبا، خۆ عەلە قەتەری و سەید دەسباز فەتوای قەتڵوعامی کوردانیان بە ڕاشکاوی دەردەکرد!
وەک بڵێی تورکیا دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامییە، سەدان هەزار مەلها و نایت کڵەب و یانەی ڕووتی سەر دەریا و گەورەترین پایتەختی هۆمۆسیکچواڵیتی نییە؟!!
عەلە نازانێ دوور نییە ئەو پارەیەی لە تورکیا وەریدەگرێ و ئەو نانەی لەوێ دەیخوا ڕەنجی دامێنی سۆزانیەکانی ئەستاتبۆڵ و قەرەکۆی و ئەنقەرە بێت!
ئەوانەی بەرگری لەو دوو ڕوو ڕەشە دەکەن، دەسەلمێنن تەنها کەسانێکی حزبین وبەس، ئیرادەی ئەوەیان نییە بە هەڵە بڵێن هەڵە و بە ڕاست بڵێن ڕاست.

٢٠١٨/١/٢٩

# *دەی تۆش قسەیەك لەسەر پولەکە بۆ خوا بکە خوانەناس!

ئەوە چەندین ڕۆژە عەلی قەرەداغی یەخەی تونس و عبیر موسی کە ژنێکی بوێری چقڵی چاوی ئیخوانەکانی تونسی گرتووە، پەلەقاژەی مانەوەی ئیخوان ونەهزەی تونسیتی، وهەڕەشەش لەو ژنە بوێرە دەکات چونکە ناهێڵێ بە ئاسوودەیی خۆیان تونس لە دەوڵەتێکی مەدەنی و زۆر پێشکەوتوو لە بواری یاسا و مافەکانی ژنان و مرۆڤ، بگۆڕن بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی ئیخوانی، هەموو یاسا پێشکەوتووەکان و دەستکەوتەکانی سەردەمی بۆرقێبە بەتاڵ کەنەوە .

ئەو عەلە بێ خێرە باسی ئەرمێنیاش دەکات، ودەڵێت داگیرکەرن، باسی تونس و کشمیر و هیند وسند دەکات، تا لە خزمەت ئەردۆگان بێت، بەڵام کە کار گەیشتە سەر کورد خۆی و زوڕناکانی تری ئیخوانی لە برایانی نەوزەر کارامازۆف، یان بێدەنگ دەبن، یانیش پشتگیری ئەردۆگان دەکەن.

دەی عەلی قەرەداغی بە ئەردۆگانی ئاغات بڵێ، ئەو پولە گوزارش دەکات لە نیشتیمانی کوردان، بۆ وا هەڵچوون سووکایەتی نەماوە بە کورد و نەخشەی کوردستان نەکەن؟!

بە باخچەڵی گەوادی هاوپەیمانی پیاوە خواییەکەت ئەردۆگان بڵێ، تۆ چۆن دەڵێی نەخشەی کوردستان لە ژێر پێمانە، ئەواتیش نەتەوەیەکی موسڵمانن هەتا عوسمانلییەکانی بەرایش دانیان بە نەخشەیەکی کوردستانی لەوە گەورەتر هێنابوو!

بە ئەردۆگان بڵێ ئەگەر تۆ خۆت بە وەچەی عوسمانیلییەکان دەزانیت، هەرنەبێ وەک عوسمانییەکان بە، تووشی سەکتە وجەڵتە مەبە بە ناوهێنانی کورد و کوردستان!

بەڵام پیاوێکی بودەڵەی نەزان بە مێژووی میللەتەکەی و بارگاوی کراو بە ئلیدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی دەسکەلای دکتاتۆر وگەندەڵەکان، چۆن دەتوانێ قسەیەکی هەق و خێر بکات؟!

تۆ پیاوی خوا نیت، ئەگەر پیاوی خوا بایت هەقت دەگووت لەسەر نەفسی خۆشت. تۆ پیاوێکی بودەڵەی حزب و ئایدیۆلۆژیا و دوژمنانی.

٢٠٢١/٣/١٢

# *مەوعیزەکەی قەرەداغی بە ڕەسمی بەیانامە!

هەندێ برادەری باشی یەکگرتوو و ئیخوان، وادیارە فشاری ویژدانیان زۆر بەرز فڕیوە، توانیویانە چەند هەنگاوێك لە هەڵوێستی نامرۆیی و ناکوردانەی هێما کوردیەکەیان عەلی قەردەغی و ئیخوانی عەرەبی وتورکی دوور کەونەوە، هەرچەندە تا ئێستاش هەنگاوەکان هەر شەرمنانەیە، بەڵام درەنگ بێیت باشترە لەوەی هەر نەیەیت.

عەلی قەرەداغی ئەمینداری گشتی زانایانی ئیخوانی ئیسلامی لە سەروبەندی ئەو هێرشە تورکییە مەغۆلیەی سەر ڕۆژئاوای کوردستان، لەبەر گەورەیی ڕووداوەکە و هەستیاری نەیوێرا دیسان بەیانامەیەکی پشتگیری بۆ ئەردۆگان وهەقی تورکیا دەربکات لە پاراستنی سنوورەکانیان لە دژی هێزە مولحیدەکان! وەك لە بایانامەی کاتی داگیرکردنی عەفرین دەریکرد! دینەکەی خۆی کە خۆی بە سەرۆکی زانایانی بەشێکی دەزانێت، بای هێندە دەق و نسوس و قال و قیلەی تێدایە کە مرۆڤ بەرگری لە مەزڵومی بێ باوەڕیش بکات لە دژی زاڵمی باوەڕدار، وەك لە وتارەکەم دەربارەی ٩ ئایەتەکەی سورەتی النساء باسم کردوە کە گوایە بۆ تەبریەکردنی جووێك دابەزیوە لە دژی سەحابەیەك!

بەڵام کە دین هاتە ناو سیاسەت، دین وسیاسەت بۆگەن دەبن وکەڵکیان دەبڕێ!

عەلی قەردەداغی لەناو گەرمەی ئەو هێرشە بەڕبەڕییەی ئەردۆگان وچەتە بێ ڕەوشتەکانی سوپای حوڕی سوری بەکرێگیراو، ئەو هێرشەی هەموو جیهان وکوردی هەژاند، زۆر لە گەشبینانی کورد وایانزانی ئەوجارە ستەمەکەی ئەردۆگان هێندە ڕوونە قەرەداغی هەڵوێستێکی دەبێ! بەڵام عەرەب گووتەنی هەیهات! هەیهات کەسێ نانی ئەو هەڵوێستە دژە کوردانەی دەخوات، هەتا قەناعەتیشی بێت هەڵوێست بگۆڕێت.

جارێ لە ڕۆژانی یەکەمی ودووەم فشارەکانی بۆ توندتر بوو، لێدوانێکی دا وگووتی من علي قەرەداغی هیچ لێدوانێکم نەداوە لەسەر وەزعی سوریا [ڕۆژئاوا]! وەك بڵێی لێدوان

نەدان لەناو کارەساتێکی وا گەورە و جینۆسایدێکی ڕوون و ئاشکرا هەڵوێستێکی قارەمانانە بێت!

بێدەنگی شورەییەکەی هیچی کەمتر نییە لە شورەیی پشتگیری کردن لە ستەمکار، سەرەڕای ئەوەش وەك گوتمان حەدیس دەڵێت الساکت عن الحق شیطان اخرس.

دیارە فشارەکان جارێکیتر زۆری بۆ قەرەداغی هێناوە، هاتووە مەوعیزەیەکی هێمنانەی شەرمنانەی نووسیوە ڕەنگە بۆ خودی ئەردۆگانی بخوێنێتەوە دەستخۆشی لیبکات: ئافەرم ڤەلەد قەرداغی یاساشن!

مەوعیزەکە هەندێ لەو ئیخوانە نیازباشانەی دڵخۆشکردووە، گوایە ئەوە هەڵوێستە! هەڵوێستی چی کە تۆ بە ڕاشکاوی بە ستەمکار نەڵێیت ستەمکار؟!

مەوعیزەکە دەڵێت:

لا یمکن للعالم الرباني القبول بالظلم من أي طرف، فالظلم ظلمات، ومهلكة، ومحرقة، وقد حصر الله تعالى هلاك الأمم في الظلم والطغيان، فقال تعالى:{هَلْ يُهْلَكُ إِلَّا الْقَوْمُ الظَّالِمُونَ}، وقال صلى الله عليه وسلم:" اتَّقُوا دَعْوَةَ الْمَظْلُوم وَإِنْ كَانَ كَافِرًا فَإِنَّهُ لَيْسَ دُونَهَا حِجَابٌ"، وفي رواية بلفظ:" وَإِنْ كَانَ فَاجِرًا فَفُجُورُهُ عَلَى نَفْسِهِ."

زانای ئاینیی خواناس بە زانست و بە کردەوە، بۆی نیەو ناتوانێت ستەم پەسەند بکات ئیتر لە هەر لایەنێکەوە بێت، چونکە ستەمکردن بە حەتمی تاریکایی و شەوەزەنگە، لەناوچوون و فەوتانە، سوتێنگەو سوتێنەرە، خوای باڵادەست لەناوچوونی گەلانی وابەستەکردووە بە ستەمکردن و ملهوڕییەوە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ هَلْ يُهْلَكُ إِلَّا الْقَوْمُ الظَّالِمُونَ﴾ واتە: بە حەتمی کە خەڵکانی ستەمکار لەناودەچن، پێغەمبەری (د.خ) دەفەرموێ: (( خۆتان بپارێزن لە نزاو دۆعای ستەملێکراو ، چونکە هیچ بەربەستێك نیە لە نێوان ئەو و پەروەردگاریدا))

تۆ ئەگەر سیاسەت نەکەی ئاساییە ئەو مەوعیزەیە گشتییە بدەیت و خۆتی پێ دەرباز کەیت، بەڵام لەسەر سەدان کێشەی وەك کێشەی فەڵەستین و کشمیر و سودان و بۆرما و وەزیرێکی ئەردۆغان ڕێگری لێکرا لە هۆڵەندا بانگەشەی هەڵبژاردن بکات بەیانامە بنووسیت، بەڵام بێیتە سەر جەنگی ئیبادەی کوردان چەندین ڕۆژ بێ دەنگ بیت، دوایش

لە ژێر فشار ئەو مەوعیزۆکەت لێ بێتە دەر وەك دەڵێن شاخ ژانی گرت و مشکێکی بوو! هێشتا دەتەوێ ئەو مەوعیزەیەت بە بەیانامە وهەڵوێست حسێب بکەین؟!

من دەزانم وەزعت شرە لە ئەمینداریەتی گشتی، لە نۆڤەمبەری ٢٠١٨ لە ئەستانبۆڵ دۆڕای لە هەڵبژاردن، بەرامبەر نووسەر وزانای لیبی علي الصلابي، کە وابزانم لە ژێر فشاری ئەردۆگان و قەرەزاوی تەنازولی بۆ کردی، دەنا دۆرا بوویت سەرەڕای ئەو هەموو خزمەتەت بەو دوژمنانەی کورد لە عەرەب وتورك!

ئەو یەکێتی زانایانی موسڵمانانی جیهانی ئیخوانی هەوڵدەدات پێگەی کورد لەناو ئەو یەکێتییە پتەو کات، تا بەکاریان بهێنێت لە دژی خودی کورد وخەباتەکەی بە لاڕێدا ببەن، لە ڕێگای زۆرکردنی ژمارەی کورد لە ئەنجوومەنی ئەمانەت بە هەڵبژاردنی ٣ ئەندامی کورد کە محسن عبدالحمید و سید احمد عبدالوهاب و عبد الرحمن بيراني کە کوردێکەی ئێرانە، لە ٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨ لە ئەستانبۆڵ.

هەروەها لە ڕێی کردنەوەی لقی ئەو یەکێتییە لە هەرێمی کوردستان و کە لە وتەی کردنەوەکەیدا گووتی: دڵخۆشم بە کردنەوەی ئەو لقە لە کودستان چونکە ئەو گەلە پێویستی بە گەیاندنی دەنگی هەیە بۆ هەموو جیهان، ئینشاڵا ئەو لقە بەژدار دەبێ لە گەیاندنی ئەو دەنگە بۆ جیهان!

ئەوە چۆن دەنگ گەیاندنێکە تۆ تا ئێستا ناوێریت لە گەرمەی جینۆسایدکردنی کوردا بەیانامەیەك دەربکەیت؟! دەتەوێ بە مەوعیزەیەکی لێڵ وبێ ناونیشان خۆت لە ئاست ئەو کارەساتە گەورەیە بکەیتە کەڕەی شەربەت!

بڕوانە ڤیدیۆی هاوپێچ چۆن بۆ گەلی موسڵمانی بۆرما دەگریێ، بۆ کوردیش بێ دەنگی دەکات یان مەوعیزەیەک دەنووسێ!

٢٠١٩/١٠/١٥

## *ئەردۆگان و قەرەداغی کەڕەنایەکەشی دەڵێن ئەیاسۆفیا کڕاوە!

تۆ بڕوانە هەر کە ئەردۆگان دەیەوێ کەتنێک بکات، سوپایەک لە ئیخوان و میدیای جەزیرەی قەتەری و چڵکاوخۆر و تۆقیوەکان لە ئوردۆگان، دەبنە بڵندگۆی ئەردۆگان، بە هەموو زمان و زاراوەکان دەکەونە دووبارەکردنەوەی بیانووەکانی ئەردۆگان.
کە ویستی عەفرین داگیر بکات، ویستی ناوچەی ئارام لەناو کوردستانی ڕۆژئاوا دابنێت، ئێستاش لە پێناو بەرزکردنەوەی ڕەسیدی شکاوی وئابووری داتەپاوی بە دەست دەستدرێژی و شەڕ و شۆڕەکانی، دەیەوێ شەرعیەتیێکی هاوچەرخ بداتە گۆڕینی کەنیسەی ئەیا سۆفیا بۆ مزگەوت، هەمان لەشکری ئەردۆگانی و چڵکاوخۆرانی لە نێویانیشدا عەلی قەرەداغی جارێکیتر دیارکەوتەوە بۆ دەستخۆشی کردن لە ئەردۆگان و دووبارەکردنەوەی پڕوپاگەندە ودرۆکانی!
ئەگەر عەلی قەرەداغی پشتگیری بکات بۆ هێرشکردنە سەر ڕۆژئاوا و داگیرکردنی وبڵێ هێرشی دڕندانەی تورک لە پێناو ناوچەیەکی ئارامە بۆ پەناهەندە سوریەکان، چۆن پشتگیری لە گۆڕینی ئەیاسۆفیا ناکات لە کەنیسەوە بۆ مزگەوت؟!
جارێ لە بنەڕەتدا ئەردۆگان پێویستی بەو درۆ و دەلەسەی کڕینەی ئەیاسۆفیا نییە بە پولی تایبەتی سوڵتان فاتیح، چونکە لە تێگەیشتنی فیقهی ئیسلامدا هەر شارێک فتحت عنوة، واتە بە هێز وشمشێر داگیرکراوە، هەموو شارەکە بە داروبەرد و پەرستگا و ئاژەڵ و خەڵکەکەشی دەبێتە موڵکی خەلیفە وسوڵتان و دەوڵەت! یانی ئەگەر ئەردۆگان دووڕوو و مونافیق نەبێ، پێویستی بەو وتارە دوور ودرێژە نەدەبوو تیایدا بڵێ سوڵتان محمد فاتح ئەیاسۆفیای کڕیوەتەوە بە پارەی شەخسی وتایبەتی خۆی، ئینجا کردویەتی بە مزگەوت، بەڵکو دەیگووت قوستەنتینەی مەسیحی بە شمشێری فاتح فەتح کرا، و بە هەقی شمشێر کەنیسەی ئەیاسۆفیامان کردە مزگەوت، دوایی ئەتاتۆرکی عەلمانی کافر وماسۆنی کردیە

مۆزەخانە، ئێستاش حوکمی منی ئیسلامییە هەڵەکەی ئەتاتۆرک ڕاست دەکەمەوە، ئەیاسۆفیا دەکەمەوە مزگەوت!

نەک ئەردۆگانی مونافیق بڵێ ئەتاتۆرک شتی وای نەکردوە، هیچ بڕیارێکی گۆڕینی ئەیاسۆفیای بۆ مۆزەخانە نەداوە، ئیمزای سەر بەڵگەنامەکەش تەزویرە هی ئەتاتۆرک نییە! ئەخر گەمژەییش تا ئەو حەدە؟! باشە گوتمان ئیمزاکەی ئەتاتۆرک تەزویرە، ئەی خۆی لە ژیاندا نەبوو ئەیاسۆفیا بەبەرچاوی کرایە مۆزەخانە بەناوی ئەو، کە زۆرینەی زۆری خەڵکی ڕەگەزپەرستی قەومی ودینی تورک پێیان ناخۆش بوو، هەزاران ڕەخنەیان گرت، بۆ ئەتاتۆرک ئەو کارە چەوتەی بەناوی ئەو کرابوو ڕاستی نەکردەوە؟!

دەزانن ئەردۆگان بۆ درۆ دەکات بەبەردەوامی؟ چونکە لە بنەڕەتدا دەسەڵات و حزبەکەی لەسەر درۆ بنیات ناوە. من ئاگاداری بڵاوکراوەکانی حزبەکەیم بە عەرەبی وئینگلیزی، لە یەکەم ڕۆژەکانی حزبەکەیەوە دەڵێ من حزبێکی مەدەنی عەلمانی دیموکراتیم، دەمەوێ دیموکراتی هەقیقی بگەڕێنمەوە بۆ تورکیا، کەچی هەموو هەنگا و کردەوەکانی وەک ئیسلامییەک یان سپۆنسەر وبەکارهێنەری ئیسلامییەکان دەردەکەوێت! هەموو وەزعی تورکیا بەرەو ئیسلامیزەکردن هەنگاوی خێراتر دەنێ!

بۆیە نەوێراوە ڕۆژێ بە ڕاشکاوی بڵێ من ئیسلامیم، بۆیە تورکیا دەکەمە پەناگەی ئیخوان وئیسلامییەکانی جیهان، من ئیسلامیم بۆیە لە باکور ژمارەی قوتابخانەی دینی لە یەک دوێکەوە دەکەمە ٥٥٠ قوتابخانە وحوجرەی دینی! نەوێراوە بڵێ بۆچی زۆربەی کۆبوونەوەکانی بزوتنەوە ئیسلانییە سیاسییەکان بۆ لە تۆرکیا دەبەسترێ!

بۆیە ناچارە ستایشی ئەتاتۆرک بکات، ودرۆیەکی مێژوویش بکات گوایە سوڵتان فاتیح ئەیاسۆفیای کڕیوەتەوە، هەموو ئەردۆگانیەکان درۆکەی دووبارەکەنەوە، قەرەداغی ڕیسواش بڵێ: "سوڵتان محمدی فاتیح ئەیاسۆفیای کڕیوە بە پارەی تایبەتی خۆی لە قەشەکانی، وگەڕاندنەوەی بۆ مزگەوت، گەڕانەوەیە بۆ باری ئاسایی و ڕەسەنی خۆی کە بۆی وەقف کرابوو"!

ئەو درۆیە کڕینی ئەیاسۆفیاشی بۆ خۆرئاوایە، نایەوێ بڵێ من بە حوکمی شمشێر ئەیاسۆفیام کردەوە مزگەوت، بڕیاری ئەتاتۆرکم هەڵوەشاندەوە، چونکە ئەو عەلمانییەکی پەڕگیر بوو، من ئیسلامیم یان ئیسلامییەکان بەکاردەهێنم!

بەڵام هەروەک چۆن موسڵمانانی ساویلکە فریودەدات، ئاسان نییە ئەو هەموو دەزگا موخابەراتیە و مەڵبەندە توێژینەوانەی خۆرئاوا فریو بدات، بەڵام نازانم تا کەی کارێکی جدی ناکەن لە دژیدا؟! من سەرەڕای ڕقیشم لە ئەتاتۆرک وەک دوژمنی کورد، بەڵام کردنی ئەیاسۆفیا بە مۆزەخانە بە کارێکی چاکی دەزانم کە تورکیای لەو ئیحراجییە مێژووییە ڕزگار کردبوو، دەیسەلماند کە تورکیا دەوڵەتێکی نوێ وهاوچەرخە باوەڕی بە گۆڕینی پەرستگاکانی دینەکانیتر نییە بۆ مزگەوت، بەڵام ئەردۆگان بۆ چەند ئامانجێکی سیاسی ئەو دەبەنگیەشی کرد، بە بیانووی نوێژخوێنان، کە پێویستی پێی نەبوو، مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد سەد مەترێک لە ئەیاسۆفیاوە دوورە، ودەیان مزگەوتیتر لەوناوە هەن!

هەڵبەتە من سێرچێکی زۆرم کرد بۆ بینینی ئەو بەڵگەنامەیەی کڕینەی سوڵتان محمد فاتح بۆ ئایاسۆفیا، چەند شتێکیان بڵاوکردۆتەوە بەڵام کەسیان باسی ناوەرۆکی ئەو بەڵگەنامەیان نەکردوە، تا ئێستاش بۆ خەڵکیان ڕوون نەکردۆتەوە! ئەردۆگانی دوو ڕوو لە وتارە درێژەکەی تایبەت بە ئایاسۆفیا باسی نەفرەت وهەڕەشەکانی محمد فاتیحی بە درێژی کرد دژی هەر کەسێک ئایاسۆفیا دەسکاری بکات وبیگۆڕێت یان لە مزگەوتەوە بیگۆڕن، بەڵام ناوەرۆکی ئەو بەڵگەیەی کڕینەشی لە ڕستەیەک باس نەکرد، کە من دڵنیام ئەگەر درۆ نەبا ئێستا جەزیرە ومیدیاکانی تورکیا ومیدیا ئیخوانیەکان بە سەد زمان بڵاویان کردبۆوە!

دوایێ ئەردۆگان خۆی دەڵێ کە فاتیح هاتە ناو ئایاسۆفیا ئاڵاکەی لە ناو مزگەوتەکە داچەقاند و تیرێکی گرتە گومبەزەکەشی بە مانای داگیرکردنی، بە سێ ڕۆژ کەنیسەکەی گۆڕی بۆ مزگەوت!

دوایێ کێ هەقی فرۆشتنی بە قەشەکان داوە؟! خۆ بەرپرسە گەندەڵەکانی کورد نەبوون کە سڵ ناکەنەوە مرۆڤەکانیش وەک ئاژەڵ بفرۆشن بۆ پارە؟!

باشە ئەردۆگان سیاسییە درۆدەکات، ئەخر قەرەداغی هەی ڕیسوا خۆ تۆ دنیایێ شەهادە و مەدالیات بەخۆت هەڵواسیوە، بێکار وبێ بەرهەم بۆ درۆکەی دووبارە دەکەیتەوە ودەبیتە کەڕەنای درۆ؟!

٢٠٢٠/٧/١٢

# *قەرەداغی پیاوی ئیخوانی جیهانی داوای سەربڕینی مەزنی جووەکان دەکات!

ئەخر بۆیە مرۆڤ ناتوانیت باوەر بە ئاشتیخوازی ئەو ئیخوانە بکات، دەبێت هەردەم چاوەڕێی تووندوتیژی لیبکەیت لە هەر دەرفەتێکی گونجاودا! ئێمە وا پێشبینیمان دەکرد ئیخوان داوا لە ڕاپەڕینی چەقۆوەشانی فەلەستین بکات بەو شێوەیە نامرۆییە پڕ نەدەنە پیر و منداڵ وژن و مەدەنی لەسەر شەقامەکان.

چونکە ئەوەی ئەو عەرەبە فەلەستینیانە دەیکەن هەر چی بێت نەخەباتە و نە جیهاد، تەنها تیرۆرێکی رووتی نائینسانیە، لەوانەیە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی هەموو جۆرە هاوسۆزیەک و تەعاتوفێکی جیهانیش لەگەڵ دۆزی فەلەستین. کەچی مەلا زۆر کوردەکە بە پۆشاکیکی عەرەبی فەتوای سەربڕینی مەزن دەدات!

کێشەکە ئەوەیە هاندان دژی جوو و ئیسرائیل باجی لەسەر نییە، دەبا ئیسرائیل یەك تۆز حیساب بۆ ئەو لێدوانە ترسنۆک و پڕ کەراهەتیانە بکات، بزانە ئەو مەلا عەلییە چۆن دەتۆقێت لە ترساندا!

چی دەمێنێتەوە بۆ میانرەوی؟! من تێناگەم ئەو پیاوە بۆ باسی بایەخ وگرنگی و پیرۆزی ئامەد ناکات و بۆ باسی قوربانیدان ناکات بۆ خاکی پیرۆزی کوردستان لە باکوور و ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا!؟

ئەوەیە ئەو جۆرە ئیسلامەی لە خزمەتی عروبەتدایە. دەبێت جلی ئەوان لەبەر کەیت و سەروریش وهەیئەتی ئەوان هەڵگریت، بەزمانی ئەوان بدوێیت و خاکە پیرۆزەکانی ئەوان تەقدیس بکەیت، ومنداڵت هاندەی فێری زمانی ئەوان بن، وخەمت کێشەکانی ئەوان بێت بە پلە یەك، تا ببیتە موسڵمانێکی مەقبول وباش! ئیسلامیبوون وەک ئاوی ناو جۆگەیەکە لە هەورازدا هەر دەبێت بەرەو لیژایی بەناو ڕەوگەی عروبەت دابەزێت!

٢٠١٥/١٠/١٩

# *دووانەی خیانەت قەرەداغی و گەرمیانی!

ڕاستە عوسمان عەلی [ناسراو بە ئازاد گەرمیانی] وەك دڵشاد گەرمیانی توندڕەوی سەلەفیەتی زاهیر نییە و وەك قەرەداغی یش ناودار نییە، چونکە ئەفەندییە و بێ عەبا ومێزەری فریودەری دینە، بەڵام وەك لە وتارێکدا گووتم:[ئەو ئەردۆگانیە بناسن، عەلی قەرەداغی لە چاو ئەودا شێخ سەعیدی پیرانە!]. ئەو پیاوە بە ئاشکرا خزمەتی ئەجێندای ئەردۆگان دەکات لە سەرتاسەری کوردستان، دەیەها وتار بۆ سایتە تورکی و ئینگیلیزیەکانی تورك دەنووسێت، کە هەمووی لە بەرژەوەندی سیاسەتی ئەکەپە و ئەردۆگانە بە ڕیعایەتی پارتیش، کە پاش زەواجی پێنجەمی لە خزمانی پارتی زیاتر خۆی کردۆتە گرێدراوی ئەردۆگان، و ئێستا پاداشتیان کردوە و لە زانکۆیەکی تورکیا کردویانە بە وانەبێژ!

ئەوانەی کە دڵخۆشن بە داگیرکردنی عەفرین، هەتا ئەگەر بە گریان و فیغانیش پێ خۆشبوونی خۆیان بشارنەوە لای کەسانێکی وەك من و زۆربەی خەڵکی دڵسۆز بۆ کورد ناشاردرێنەوە! چونکە مرۆڤ لە تۆن و وشە و شێوازی دەربڕینیدا خۆی ئاشکرا دەکات، بۆیە لە کۆنەوە دەڵێن: کورد بدوێنە شەرحی حاڵی خۆی دەکات!

"ئەو زەلامە زۆر بێ شەرمانە هەموو قسەکانی موخابەراتی تورکی وئەردۆگان بە زیادەوە دەسەلمێنێت لە دژی پەیەدە وکوردانی باکووردا...لە وتارەکانی دەڵێت پەیەدە بەکرێگیراوی ئەسەد و ئێرانن، دەرکەوت سوریا و ئێران چۆن تەماشاکەر بوون بۆ عەفرین! دەڵێت پەیەدە بوو تەقاندنەوەی لە ئەنقەرە کرد! پەیەدە ئەو چەکانەی بە یارمەتی وەریدەگرێت لە ئەمریکا و وڵاتانیتر بۆ پ ک ک ی دەنێرێت! دەڵێت پەیەدە گەریلا لە کوردستانی سوریا مەشق پێدەکات و دەیاننێرێتە تورکیا! پەیەدە ستەمی کردوە لە عەرەب و تورکمان وەك قسەکانی ئەردۆگان و داود ئۆغلۆ!"

پاش خۆفرۆشیەکانی عەلی قەرەداغی بە بروسکە و پیرۆزبایی لە ئەردۆگان، هەموو جار نۆرەی عوسمان عەلی [ئازاد گەرمیانی] خۆفرۆش دێت بە وتارە چەواشەکارە عەرەبی و تورکی وئینگلیزیەکانی بۆ پشتگیری لە ئەردۆگان و کۆمەڵکوژیەکەی لە بەرگی خەمخۆریدا بۆ کورد! وادەزانێ خەڵك هەمووی ئەو پێڕە ئیسلامییە گێلانەن کە لە دەورویدا زۆر بێ شەرمانە بەو ڕشانەوانەی دەڵێن: دەستخۆش دکتۆر!

لەو وتارەش ناتوانێت پێخۆشحاڵی خۆی بە کەوتنی عەفرین بشارێتەوە و دەیەوێ خۆی وەك ئامۆژگاریکەرێك نیشان بدات، داوا لە سەرکردەکانی کورد لە تورکیا و سوریا دەکات پشت بە هاوکاری دەرەکی نەبەستن [وەك بڵێی زۆر پشتیان پێیان بەستبن!] چونکە قەدەرمان وایە لەبەر جوگرافیا لەگەل تورک بژین و ڕژێمی تورک خاوەن شەعبیەت وهێزی عەسکەری گەورەیە ، دەبێت قیادەی کوردی عەقلیەتی چەپگەرایی خۆی بگۆڕێ کە لە ژێر هەژموونی چەپی تورکی و هەیمەنەی عەلەویەتە، بۆیەش پاڵی پیوە دەنێن بۆ بەگژچوونەوەی حکومەتی تورکی! یانی حکومەتی تورک عەیبی نییە، ئەو پەکەکە و پەیەدەن پڕی دەدەنێ بە پاڵنەری چەپی تورک و هێزی عەلەویەکانی ناو پەکەکە!

دەڵێت لەبەر ئەجێندای چەپڕەوی تورکی کورد لە باکوور قوربانیان بەو هەلە زێڕینەدا بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئیئتیلافی لەگەل ئەردۆگان، ودەڵێت دەمیرداش هەرزەکار بوو لە سیاسەت! هەموو دنیا دەزانێ کە ئەردۆگان لەیەکەم ساتی کۆتایی هەڵبژاردنەکەوە دژی هەر هاوپەیمانیەک بوو لەگەڵ هەدەپە، ئەو خۆفرۆشە زاکیرەی کورتە یان لەبەر خۆفرۆشی دەبیت بیانوو بۆ ئاغاکان و سوڵتانەکەی بهێنێتەوە. ئەردۆگان تەنها دەتوانێ هاوپەیمانی لەگەڵ حزبی نەتەوەیی تورکی شۆڤینی بکات، کە ئێستا خۆشی بۆتە ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای شۆڤێنیەتی تورکی حزبی دەولەت باخچەلی.

ئەو ئازاد گەرمیانییە کە لە دلشاد گەرمیانی زیانبەخشتر نەبێت بۆ کورد، کەمتر نییە، وەك پیشەی هەر خۆفرۆشێك بەردەوام دەبێت لەسەر هێنانەوەی پڕوپاگەندەی میتی تورکی ودەزگا شۆڤێنییە میدیاکانیان ودەلێت: هەدەپە بە ئەجێندای چەپرەوی توندڕەو چووە ناو هەڵبژاردنەوە و ژمارەیەکی زۆری چەپڕەوی توندڕەو و عەلەوی و کەسایەتی هاوڕەگەزبازیان

کاندید کرد، وداوایان لە کوردی موسڵمان کرد دەنگ بدەن بەو شاز مونحەریفانە [مەبەستی هاوڕەگەزباز و هۆمۆسێکچواڵانە]!

ئەو شانامە درۆیەی مەکینەی میدیایی ئەردۆگانی بۆ سەلاحەدین دەمیرتاشیان دروستکردوە، کە ئەردۆگان و داود ئۆغلۆ بەشێوەیەکی کەسی ئەو قسەیان بۆی هەڵبەست، شەرم ناکەن، هەر خۆشیان پەخشیان کردوە، گوایە دەمیرتاش باسی پێدانی مافی هاوڕەگەزبازانی تورکیای کردوە! سەرەڕای ئەوەی دەمیرتاش خۆشی نکوڵی لە وتنی قسەی وا کرد، بەڵام دەزگا جاسوسی وکەسە جاسوسەکان هەر دەڵێن ودەیڵێنەوە، ئەوە لە کاتێکدا دادگاکانی ئەردۆگان سزای هەر کەسێك دەدەن بەو هۆمۆسێکچواڵانە بڵێت مونحەریف چەندین کەیسی وا ڕویداوە لە تورکیا!

هەر ئەویٚ ڕۆژیٚ ئەردۆگان گووتی ئێمە لەبەر خاتری چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا ڕێگامان داوە بە هەموو جۆرە چالاکیەکی سێکسی مونحەریف! ئەمڕۆ لە وڵاتێك کە بەتەمایە بچێتە ناو یەکێتی ئەوروپا سەلەفیەکی وەك ئەردۆگانیش دەبێت بڵێٚ دژی ئازادی هاوڕەگەزبازان نیم، چونکە ئازادی سێکسی تاکەکەسی یەکێکە لە کۆڵەگەکانی مافی مرۆڤ.

هەموو دنیا دەزانێت، کە ئەردۆگان فەشەلی هێنا لەوەی ڕژیمی تورکیا بکاتە سەرۆکایەتی، کاتیٚ هەدەپ سەرکەوت لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٥، بۆیە کەوتە گرتن وکوشتن وڕاوانانی هەدەپە، وهەتا لە ڕۆژی هەڵبژاردنی دووبارە دەستدرێژیان دەکردە سەر دەنگدەرانیش، وهەزارەها تەزویر وپێشێلی کرا بە شاهێدی ڕێکخراوە بیٚ لایەنەکان، کەچی ئەو گەرمیانییە عەقڵ تورکچییە دەڵێت: هەدەپە لە خولی دوەم چونکە فەشەلی هێنا، گووتی خەتای تەزویر و تۆقاندنی ئەردۆگان بوو!

یانی هەتا چەندین نووسەری تورکە شەریفەکانیش ئاگاداری ئەو تەزویر وتۆقاندنەن کە جەندرمەکانی ئەردۆگان کردیان کەچی ئەو کڵاوخوارەی تورکان پاکانەی بۆ دەکات و هەموو تاوانەکان دەخاتە ملی کورد!

هەموو میدیای جیهان و هەتا میدیای ئازادی تورکیاش باسی ئەو دیکتاتۆریەتە وتۆقاندنەی ئەردۆگان دەکەن، کە ئێستا سەدان هەزاران تورک، نەک هەر کورد لە

زیندانەکانن، و زیاتر لە هەزار تورک لە روبار ودەریاکانی نێوان تورکیا و یۆنان خنکاون، لەکاتی هەوڵی ڕاکردنیان لە تورکیا!

کەچی ئەو جاسوسە خۆفرۆشە دەڵێت: کوردی باکوور دەرسیان وەرگرتوە کە سیاسەتی پەکەکە لە ڕوبەڕووبوونەوەی سەربازی دژی تورکیا بێ سوود وتێکدەرانەیە، بۆیە جەماوەرێکی زۆری لە دەست داوە، گەورەتری بەڵگەش دیتتان چۆن ملیۆنێك کورد پێشوازی ئەردۆگانی کرد لە دیاربەکر! خۆشی دەڵێت ملیۆنێك زیادەڕۆییە، بەڵام ئەو تورکیزانە ئاگاداریش نییە لە میدیاکانی تورکیا دەڵێن کە سەدان پاسی پڕ تورک هێنراوە بۆ دیاربەکر و هەموو قوتابخانە و زانکو و دایەرەی حکومیەکان نامەی هەڕەشەی دەرکردنیان بۆ چووە بۆ پێشوازی لە ئەردۆگان یان دەرکردن لەسەر کار!

سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە ٣٠٠ هەزار تورک وتورکمان و کارمەند وعەسکەری تورك لە دیاربەکرن! ببینە ئەو چەواشەکاریانەی کە بائاگاوە دەکرێ لەلایەن ئەو خۆفرۆشە؟! ناڵێ ئەردۆگان وەك سەدام خەڵکی تۆقاندوە و زیندانەکانی پڕکردوە، ونەیارەکانی بە شێوەی مافیایی دەکوژێت، دەڵێت ئەو کۆکردنەوە زۆرەملێیە بەڵگەی پشتلێکردنی کوردە لە پەکەکە و خۆشەویستی کوردە بۆ ئەردۆگان!

ئەو بەناو ئەکادیمیە چەواشەکارە وا قسە دەکات، تورکێکیش پێی شەرمە وا درۆ بکات، وەك بڵێی پەیەدە هێرشی کردبێتە سەر تورکیا، نەك تورکیا لە سنوور بۆیان پەڕیبێتەوە! دەڵێت: لە عەفرین سەرکردەکانی پەیەدە [یەپەگە] چوونە ناو وەهمێك کە دەتوانن حکومەتی تورکی ئیسلامی بڕوخێنن! بەو کەمە چەکە ی هەیانە وبەو پێرە مارکسیانەی کە لە ئەوروپاوە هاتنە ناویان، و بە پاڵپشتی وەهمی ئەمریکا وڕووس و ڕژێمی ئەسەد! بۆیە [چوونە] شەڕێکی نابەرابەر، بەر لە کاتی گونجاو لەگەڵ سوپایەکی مەزنی زەبەلاحی ناتۆ، و کوردەکان گوتیان عەفرین دەکەنە گۆڕستانی داگیرکەرانی تورك. بەڵام ئەنجامەکەی لەناوبردنی سەرتاسەری زۆربەی لادێکانی کورد بوو و عەفرینیش لە ماوەی کەمتر لە سەعاتێك تەسلیم بە سوپای تورک و سوپای ئازاد کرا!

ئەوەیە درۆی مرۆڤی نا موحتەرەم و سووک لە ناخی خۆیدا! کەی پەیەدە لە خەویش بیری لەوە کردۆتەوە حکومەتی ئیسلامی ئەردۆگان بڕوخێنێ؟! کەی یەپەگە گوللەیەکی دژی

سنووری تورک تەقاندوە سەرەڕای ئیستیفزازی بەردەوامی تورکیا؟! ئەفر تورکێکی بێ شەڕەفیش ئەو قسانەی نەکردوە وپێی نەکراوە! کەی کورد لە سوریا چۆتە ناو شەڕی تورکیاوە؟! ئەگەر کورد هێرشکەر بێت بۆ دەڵێن عەفرین دەکەنە گۆڕستانی تورك؟! دوایێ پاش شەست ٦٠ ڕۆژ لە بەرگریەکی بێ وێنە بەرامبەر دووەم سوپای ناتۆ و مریشکدزانی سوپای جیش الحر، و بێ پشتیوانی هیچ کەسێك ئینجا عەفرین کەوتە دەستیان، کەی لەماوەی کەمتر لە سەعاتێك کەوتوە؟! ئەخر ئەردۆگانیش درۆی وای نەکردوە بڵێ عەفرین بە سەعاتێك کەوتوە!

ئینجا ئەو میتە ئیسلامییە بێ شەرمە دەڵێت پەیەدە دەیتوانی لەو شەڕە خۆی لادا، ئەگەر پاشکسەی کردبا لە کۆمەڵێ سیاسەتی چەوت! خۆی بەدرۆدەخاتەوە کە پێشتر دەڵێ پەیەدە چووە شەڕ دژی تورکیا، کەچی ئێستا دەڵی دەیتوانی خۆی لە شەڕەکە لادا! کەوابوو شەڕەکە ئەردۆگانی سوڵتانت سەپاندوویەتی!

ئەو سیاسەتە چەوتانە چییە کە پەیەدە دەبێت ڕاستیان کاتەوە:

یەکەم: واز لە هاوپەیمانیەتی دیمەشق وتەهران بهێنیت!

دووەم: گرەونەکردنی تەواو لەسەر ڕووس و ئەمریکاییەکان!

سێیەم: وازهێنان لە بیرۆکەی حزبی قائید و حزبەکانی ئەنەکەسە و پێشمەرگەی ڕۆژئاوا بخاتە ناو حکومەت! دانی گرەنتی بە تورکیا کە قەوارەی کوردی ڕۆژئاوا هیچ مەترسیەک دروست ناکات لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکی!

یانی بە کورتی ببنە وەک پارتی بۆ تورکیا، سزاشیان دا و لێشیان دا و خەڵکیشیان لێ هاندا، هەر تەسبیحات بۆ ئەردۆگان بکەن!

ئەوانە هەمووی قسەکانی میت و میدیای ئەردۆگانن، ئەگەر پەیەدە وەک نوێنەری کورد لە سوریا، ئەو هاوپەیمانە بووایە لەگەل دیمەشق وتەهران و ڕووس وئەمریکا، ئەو وڵاتانە وا تەماشاکەر نەدەبوون بەرامبەر ئەو هێرشەی تورکیا بە قورسترین چەکی ئەرزی و ئاسمانی! ئەوەی زەرەیەك ویژدان و ئەخلاق و ئیمانی هەبێت قسەی وا ناکات. ناڵێت ئەردۆگان بۆتە سۆزانییەک ئامادەیە لەگەڵ ئێران و سوریا و ڕووسیا و ئەمریکا و ئەورووپاش

**بخەوێت، تەنها لێیگەڕێن کورد تێکبشکینێ، هیشتا کورد تۆمەتبر دەکات بە خۆفرۆشی بۆ ئەو وڵاتانە!؟**

**ئینجا وەك خۆی ئاماژەی پێدەکات، دەیەوێ ئەو حزبە خۆفرۆشانەی ئەنەکەسە و پێشمەرگە مریشکدزانەی ڕۆژئاوا کە سەر بە تورکیا وپارتین بخاتە ناو حکومەتی ڕۆژئاوا، تا وەك حکومەتی باشوور ببنە پیاوی ملکەچی ئەردۆگان، هەتا ئەردۆگان سواریشیان بێت، ئەوان بروسکەی پیرۆزبایی داگیرکردنی عەفرینی بۆ بنێرن!**[١٥]

[١٥] ٢٠١٨/٣/٢٠

# *ئەو ئەردۆگانیە بناسن،
# عەلی قەرەداغی لە چاو ئەودا شێخ سەعیدی پیرانە!

عوسمان عەلی ناسراو بە ئازاد گەرمیانی، وتارێکی بە عەرەبی بە ناونیشانی: "ترکیا والولايات المتحد ة والحزب الاتحاد الدمقراطی (PYD) الکردی والافاق المستقبلیة" لە سایتی ستاندارد کورد بڵاوکردۆتەوە، بە ڕوحیەتی جەندرمەیەکی بێ ویژدانی تورکی شۆڤێنی نوسراوە، بە یەك وشەش هەتا ئاماژەی بۆ کوژراوە مەدەنیەکانی دەستی شۆڤێنستەکانی خەلیفە خوێن ڕێژەکەی ئەردۆگانی نەکردوە! ئێستا من زیاتر بۆم ڕوونە بۆچی کورد تا ئەمڕۆ وابێ دەوڵەتە و هەر لە ژێر دەستی دوژمنان دایە! ئەگەر دکتۆرە مێژوونووسەکەی، کە دکتۆراکەی لە کەنەدا هێنا بێت وا بێ ویژدان بێت دژی میللەتەکەی و ئەو هەموو کارەساتە مێژووەی بەسەر کورد هاتووە لە ئەنجامی نەزانی و خۆفرۆشی نوخبەی ڕۆشنبیری، وانەیەکی فێرنەکات و بە کەمترین نرخ خۆی بفرۆشێت بە ئەردۆگانی شۆڤێنست، ئەی چی لە جاشێکی نەخوێندەواری دوژمنداری بێ ئاگا بکەین؟!

ئەو زەلامە زۆر بێ شەرمانە هەموو قسەکانی موخابەراتی تورکی وئەردۆگان بە زیادەوە دەسەلمێنێت لە دژی پەیەدە وکوردانی باکووردا...دەڵێت پەیەدە بەکرێگیراوی ئەسەد و ئێرانن، هەتا ئەمریکاش ئەو قسەیەی بەدرۆخستەوە! دەڵێت پەیەدە بوو تەقاندنەوەی لە ئەنقەرە کرد! پەیەدە ئەو چەکانەی بە یارمەتی وەریدەگرێت لە ئەمریکا و وڵاتانیتر بۆ پ ک ک ی دەنێرێت!

دەڵێت پەیەدە گەریلا لە کوردستانی سوریا مەشق پێدەکات و دەیاننێرێتە تورکیا! پەیەدە ستەمی کردوە لە عەرەب و تورکمان وەك قسەکانی ئەردۆگان و داود ئۆغلۆ!
من لەوتارێکدا بە ناونیشانی:[ نووسین بە ڕوحیەتی ئیسلامی تورکی!] لە دوو ئەڵقەدا ماهیەتی عوسمان عەلی یم بۆ خوێنەرانی کورد دەرخست و لە بەشێکیدا گوتومە: "قەت باوەڕ ناکەم میللەتێك لەو جیهانە هەبێت نوخبە و دەستەبژێرەکانی بە ڕادەی کورد ڕۆڵی نێگەتیڤیان هەبێت، کاتێك وتاری عەرەبێك یان تورکێك یان فارسێکی شیعی یان سێکیولار دەخوێنیەوە لەسەر دۆزی کورد، ئێمە چاوەڕوانی هەموو تەزویرو بێ ویژدانی و دارمانێکی ڕەوشتی و بەهایین لێدەکەین، بەڵام بەداخەوە هەندێك نووسینی بەناو کوردانێك دەخوێنینەوە هەست دەکەیت بە ڕوحیەتێکی بێ ڕەحمانە و بێ ویژدانانە زیاتر لە ڕوحیەتی نەتەوەی سەردەستی تورك یان عەرەب نووسراوە.

بروانە عبدالباري عەتوان چۆن ڕوحی بەرگری و عەرەبچێتی و عروبەت بڵاودەکاتەوە، کە بۆ میدیای بێگانەش قسە دەکات باس لە مەزڵومیەت و بێ دەرەتانی عەرەب دەکات، هەتا پاکانە بۆ هەموو توندرەوی و مرۆڤ کوژیەکی گروپە توندڕەو و تیرۆرستەکانیش دەکات.

نوخبەی کوردی لە پێناو ئایدیۆلۆژیەتی تەسک ئامادەیە مێژوو تەزویر بکات لە بەرژەوەندی دوژمنانی کورد، و کورد تاوانبار بکات، مەزڵومیەتی کورد پەردەپۆش بکات و بیانکاتە زاڵم، خاڵی لاوازی کورد بە دیاری بۆ ئاغایانی بنێرێت، و شاری کوردی لە ناسنامەی کوردی داماڵێت تا عەرەبێك پێی بڵێت بارك الله و فارسێك پێی بڵێت ئەهسەنت ئاغا، و تورکێشیش بڵێت: عەفارم ئۆغلم! لە خوارەوە لینکی ئەو وتارە نوییەی ئەو تورکچیە دادەنێم لەگەڵ وتارەکەی من لەسەر ئەو، هیوادارم ئەوەی عەرەبی بزانە بیخوێنێتەوە بزانە عەلی قەرەداغی لەچاو ئەو شێخ سەعیدی پیران نییە!

٢٠١٦/٢/٢٨

# *نووسین بە ڕوحیەتی ئیسلامی تورکی!

## - ١ -

قەت باوەڕ ناکەم میللەتێك لەو جیهانە هەبێت نوخبەکانی و دەستەبژێری بە ڕادەی کورد ڕۆڵی نێگەتیڤیان هەبێت، کاتێك وتاری عەرەبێك یان تورکێك یان فارسێکی شیعی یان سێکیولار دەخوێنیەوە لەسەر دۆزی کورد، ئێمە چاوەڕوانی هەموو تەزویرێك و بێ ویژدانیەك و دارمانێکی ڕەوشتی و بەهایین لێیان، بەڵام بەداخەوە هەندێك نووسینی بەناو کوردانێك دەخوێنینەوە هەست دەکەیت بە ڕوحیەتێکی بێ ڕەحمانە و بێ ویژدانانە زیاتر لە ڕوحیەتی نەتەوەی سەردەستی تورك یان عەرەب نووسراوە. بروانە عبدالباري عەتوان چۆن ڕوحی بەرگری و عەرەبچێتی و عروبەت بڵاودەکاتەوە، کە بۆ میدیای بێگانەش قسە دەکات باس لە مەزڵومیەت و بێ دەرەتانی عەرەب دەکات، هەتا پاکانە بۆ هەموو توندرەویەك و مرۆڤ کوژی گروپە توندڕەو و تیرۆرستەکانیش دەکات.

نوخبەی کوردی لە پێناو ئایدیۆلۆژیەتی تەسکی ئامادەیە مێژوو تەزویر بکات لە بەرژەوەندی دوژمنانی کورد، و کورد تاوانبار بکات، مەزڵومیەتی کورد پەردەپۆش بکات و بیانکاتە زاڵم، خاڵی لاوازی کورد بە دیاری بۆ ئاغایانی بنێرێت، و شاری کوردی لە ناسنامەی کوردی داماڵێت تا عەرەبێك پێی بڵێت بارك الله و فارسێك پێی بڵێت ئەهسەنت ئاغا، و تورکێشیش بڵێت: عەفارم ئۆغلم! مامۆستا عوسمان دەمیکە برادەرێکی منە و هەردەم جێگای ڕیزی من بووە، و زۆر شتیشی لێ فێربووم لەبواری مێژوودا، بەڵام وەك دەڵێن فلان حبيبنا، و الحق احب الينا منه!

خۆی دەزانێت من موجامەلات نازانم لە گەرمترین کاتی دۆستایەتیم لەگەڵ مامۆستا عوسمان عەلی، ناسراو بە ئازاد گەرمیانی، کە مامۆستای مێژووە لە زانکۆی سەلاحەدین، ڕەخنەی خۆمم پێی گوتوە بەوپەڕی دڵسۆزی و ڕیزەوە، بەڵام بەوپەڕی ڕاشکاویەوەش. هیچ کاتێك ئەو پەیوەندیە نا هاوسەنگیەی ئەو و تورکەکانی ئاك پارتی ئەردۆگانم بە دڵ نەبووە، خۆشی ئەو هەقیقەتە دەزانێت.

لە بیرمە جارێك نامەیەکی پڕ لە ئامۆژگاری نووسیبوو بۆ ئەردۆگان و عەبدوڵڵا گوڵ کە چۆن هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ کورد و دۆزی کورد، کە ئەو کاتە پەیوەندیان لەگەڵ باشوور بە گشتی و پارتیش خراپ بوو، داوای ڕای منی کرد لەسەر نامەکە، منیش وەك کوردێك و برایەکی دینی و لە پرنسیپی الدين نصيحة، دین ئامۆژگاریە، پێیم گووت: ئەو نامەیە ئەگەر ناوی تۆی لەسەر نەبا دەمگووت لە نامەی سەرۆک مستەشارێکی وەك ارشد زیباری دەچێت بۆ سەدام حسێن نووسیبێتی، ئەو نامەیە لە کەسێکەوە نەنووسراوە خەمی دۆز و مافی کوردی هەبێت، بە قەد ئەوەی خەمی باڵادەستی دوژمنی میللەتەکەی بێت لە ژێر هەر پاساوێك و پەردەیەك وبیانوێك بیت! وابزانم ئێستاش نامەکەم لە ئەرشیفێکدا ماوە .ئەوەش هۆکارە زاهیرەکەیە لای کاک ئازاد گەرمیانی لە پاکانەکردن بۆ ئەو هەڵوێستانە، چونکە من هەموو هۆکارەکان نازانم، لەبەر ئەوەیە چونکە حزبە کوردیەکانی باشوور و باکوور سێکیولارن و دژە ئیسلامن، بەڵام دەسەڵاتی تورکیا بۆ نمونە ئیسلامی و هەڵگری پرۆژەیەکی ئیسلامی پەنهانین.

جارێکیتریش کە بابەتێکی لەسەر کەرکوك و پەیوەندی کورد وتورکمان نووسیبوو کە من ئێستاش بابەتەکەیم ماوە، لە عەرەبێك و تورکمانێك بەخشندەتر بوو لە دانهێنان بە وەی کەرکوك پێناسنامەی تورکمانییە یان ناتوانیت بڵێیت کوردیە یان تورکمانی یان عەرەبی، بەڵکو ئەو گومانەی دەخستە پێناسنامەی هەولێریش، وەك توندڕەوترین ئەندامی جەبهەی تورکمانی! منیش وەك سەرنووسەری گۆڤار ئەو بڕگەیەکم لە وتارەکەی بڕی، یەکەم لەبەر سومعەی خۆی، دووەم لەبەر سومعەی گۆڤارەکە و خۆشم وەك سەرنووسەر، بێگومان زۆر توڕە بوو، بەڵام منیش ڕای خۆم پیی گووت، دوایی هەر بە هەمان بڕگەکانی بڵاویکردەوە لە چەند گۆڤار وسایتی عەرەبی، کە مایەی دەستخۆشیەکی زۆری عەرەب و تورکمان بوو وتارەکە!

سەیرم لەوە دێت مرۆڤ نزیکەی بۆ دەساڵێك دەبێت گەرابیتەوە کوردستان، هێشتا بجوکترین گۆڕانکاری لە هەڵوێست و ئەو نەزعەیە ئیسلامییە سەرەتاییە توندئاژۆیانەی لەو پیاوە دایە نەگۆڕیوە، بە هەمان ڕوحیەتی جاران پشتگیری لە ئەردۆگان دەکات، وادیارە وجودیشی لە ناوچەی پارتی و نزیك بوونەوەی لە بازنەکانی پارتی زیاتر هاندەرە بۆ

ئەو ئەردۆگانیزمیستەی کە بەڕای من هیچی کەمتر نییە لە ئەردۆگانیستیەکەی شێخ عەلی قەرەداغی، کە وابزانم کار وابڕوات دەبێتە دیاردەیەك لەناو ئیسلامیەکان لە ژێر ناوی عەلی قەرەداغیزم.

ئەو قسانەم بە بۆنەی خوێندنەوە وتارێکی دکتۆر عوسمان عەلی کرد، کە لەسەر هەڵبژاردنەکەی سەرەتای ئەو مانگە نووسیبوی بە ناونیشانی :

ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی هەڵبژاردن و کاریگەریەکانی لەسەر کورد The possible outcomes of the elections and their effects on Kurds !

بەداخەوە لەو وتارە کاک عوسمان هەروەك چاوەڕوان بووم یەك تاقە قسەیەکی خێریش بۆ کورد ناکات، من زۆر وتاری تورکەکان بە ئینگلیزی دەخوێنمەوە، لە هەموو ئاڕاستەیەکی سێکیولاری و ئیسلامی و نەتەوەیی، بە خودای گەورە تورکەکان زۆر مونسیفتر و عادیلتر بوون لە دابەشکردنی ڕەخنەکان بەسەر ئەردۆگان و پەکەکە، ئەوە باسی وتاری کافرەکانی ئەوروپا و ئەمریکا هەر ناکەم، چونکە کاک عوسمان پێیوایە ئەوڕوپا و ئەمریکا و ئیسرائیل و عەلمانیە کافرەکان هەمووی دژی ئەردۆگانن و لێی دەترسن وەك لە چەندین وتار و کتێب و کۆمێنتێ وادەڵێت!

بەڵکو هاوڕێەکمان بە دوژمنایەتی ئیسلام تۆمەتبار دەکات چونکە ڕەخنەی لە ئەردۆگان گرتووە! من لێدەگەڕێم خۆی قسەکان بکات، تەنها وەریدەگێرمە سەر کوردی و دەقە ئینگلیزیەکەش دەتوانن لە لینکی وتارەکە بچنەوە سەری، لەگەل کۆمێنتێکی خۆم: "بڕیاری نا عاقڵانەی هەدەب بە لە کیسدانی هەلی ئەوەی ببێتە نوێنەرێک لە پڕۆسەی ئاشتی، کە لەلایەن ئاک پارتی دەستی پێکرد، ئەویش بە پشتگیری کردنی لە توندوتیژی پ ك ك، بووە هۆی بێ هیوابوونی کورد لە هەدەب، چونکە کورد ئەو پڕۆسێسە بە تەنها ڕێگا بۆ بنیاتنانی ئاشتیەکی هەمیشەیی لە ناوچەکە دەبینێت".

مامۆستا عوسمان نازانم چۆن تۆمەتی پشتگیری هەدەپ بۆ توندوتیژی پ ك ك وابێ باکانە دەبەخشێتەوە، چونکە ئەگەر وابا ئەردۆگان دەمێك بوو هەدەپی داخستبوو. دووەم سەیرە یەکێك خۆی بە کورد بزانێت لەسەر برین و ناسۆری کۆبانێ باز بدات، کە هەموو جیهان شاهێدی بوو، چۆن ئەردۆگان یارمەتی تیرۆرستانی داعشی دەدا بۆ کوشتنی

کورد، چۆن ئەو تەقاندنەوانەی گەنجانی جوانی هەدەپە لە پرسوس و ئامەد و ئەنقەرەت چاوپۆشی لێکرد، کە هەموو جیهان دەزانێت کاری سوڵتانەکەتە!؟
چۆن ئەوە لە بیر دەکات کە هەتا بڕیاری لێدانی داعش لەلایەن ئەردۆگان بۆ لێدانی یەپەگە و پ ک ک بوو، بە شاهێدی هەموو ڕۆژنامە موعتەبەرەکانی جیهان. ئینجا کەی ئەردۆگان ئامادە بووە هەدەپ بکاتە هاوبەش لە دەسەڵات؟! باشە گوتمان هەدەب بریاری بێ عەقڵانەیدا، باشە بۆ ئەردۆگان لەگەل مەهەپ و جەهەپ حکومەتی پێك نەهێنا؟!
خۆ ئەردۆگان هیچی لەوان کەمتر نییە لە تورکچیاتی و ڕەگەزپەرستی !یان تەنها ڕازیە بە حکومەتێکی تاک ڕەوانەی فول ئاك پارتی؟! لە بەشێکیتردا دەڵێت: "بە پێچەوانەی حکومەتەکانی پێشوو، وتاری ئاك پارتی دەرهەق بە دۆزی کورد لەگەڵ چارەسەری ئەمنیدا نییە بۆ ئەو دۆزە، ئاك پارتی پێی پەسندترە کە مامەڵە لەگەڵ هەقیقەتی کوردی بکات بە هەستی دان پێداهێنانەوە، لەبەر ئەو هۆیانە ئاک پارتی هەوڵیدا چارەسەرێکی سیاسی بۆ ئەو دۆزە بدۆزیتەوە. ئەوەش دەکرێت لە تۆماری ئاك پارتی بۆ دەیەی رابردوو ببینرێت. ئەو تۆمارە بەدەنگی بەرز دەڵیت تابۆی کۆن سەبارەت بە بوونی کورد لە تورکیا تێکشکێندرا".
جاری وەهمێك هەیە لای ئیسلامیەکانی کورد بە گشتی کەوا ئەردۆگان پرۆسەی ئاشتی دەست پیکردوە لەگەل کورد!
لە ڕاستیدا تورگوت ئۆزال ١٩٢٧- ١٩٩٣یەك سەرۆکی تورکیا بوو، لە حزبی نیشتیمانی دایك [ئەنا پارتی] کە سیاسەتی کرانەوەی کوردی دەست پیکرد لە نەوەدەکان، لە پاش یەکەم دانیشتن لەگەڵ پ ك ك، بڕیاری ئاگربەستی پ ك ك دەرچوو ١٩٩٣/٣/٢٠، ئۆزال کە نیوەی کورد بوو، تا سەر ئێسقان حەزی بە چارەسەری ئەو کیشەیە دەکرد و هەوڵی زۆریشی بۆدا، و مرۆڤێکی تا بڵیی دیموکراتی هەقیقی بوو، بە هانای کوردیش هات لە کۆڕەوە گەورەکە، هێندەی نەبرد لە بارودۆخێکی تەم ومژاویدا گیانی لە دەستدا، زۆربە سیاسەتوان و بیرمەندان و نووسەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەو پیاوە بە دەستی ناحەزانێ ئاشتی ڕەشکوژ کرا.

## - ٢ -

من گومانم نییە ئەگەر تەمەن بواری تورگوت ئۆزالی دابایە، دەمێك بوو کیشەی کورد چارەسەر کرابوو، خەڵکی تورکیش ناچار نەدەبوون متمانەی خۆیان بدەنە دەست ئەردۆگانێک کە تەنها یاری بە کات دەکات و هێزەکانی کۆمەڵگای تورکیا یەك بە دوای یەك سەرکووت دەکات بە نەزعەیەکی ئیسلامی پەنهانی و لە ژێر پەردەیەکی تەنکی دیموکراسیدا، کە هەموو عەورەتی دیکتاتۆریانەی لێوە دیارە. ئەردۆگان بیرۆکەی ئۆزالی برد، بەڵام لە ناوەرۆکی خۆی بەتاڵیکردەوە، ئەردۆگان کارتی کوردی بەکارهێنا دژی سوپا و دادگای باڵای دەستوری تا توانی ئەوان کۆنترۆڵ بکات، بەڵام کە ئەوانی لە پەل و پۆ خست، بایداوە لای کورد ولێیدان، ئێستا دەستی لەگەڵ تاریکپەرسترین هێزی جیهان کە داعشە تێکەڵ کردوە لە پێناولێدانی کورد لە سوریا و تورکیا!

ئەو پیاوە دەساڵ زیاترە مێشکی کاس کردووین بە باسی چارەسەری کێشەی کورد، کەچی یەك هەنگاویش نە چۆتە پێش، بەڵکو گەڕانەوەیەکی خێرا هەیە بەرەو خاڵی سفر! کێ فریو دەخوات بە پڕۆژەی چەواشەکارانەی ئەردۆگان جگە لە فریوخواردوە خۆبەخشەکان نەبێت؟!

ئینجا باسی چاکەکانی ئەردۆگان بەردەوام دەبێت، کە کوردستانی کردۆتە دووەم بازاڕی هەناردەی کەل وپەلەکانی! نازانم کێ زیاتر سوود لە کێ وەردەگرێت وکێ دەبێ مەمنوونی کێ بێت؟!

لە دنیای بزنسدا فرۆشیار هەموو جۆرە نازێکی کڕیار دەگرێت، هەتا هەڵەیش بکات، چونکە دەڵێن کریار هەردەم لەسەر هەقە، کەچی مامۆستا عوسمان هێشتا ئەو فرۆشیارە تورکەمان بە چاکە پێ دەفرۆشێتەوە، کە هەموو کاڵای ساختە وبەسەرچوویان بەسەر کوردستانی باشوور ساغ دەکەنەوە، هەر خۆی دەڵێت کاتی خۆی تورکیای ئەردۆگان لە ترسی نفوزی ئێرانی گەمارۆی لەسەر کوردستان هەڵگرت! کەوابوو ئەگەر ئەو مامەڵەیە پڕ

قازانجەی ئەردۆگان بە چاکەش لە قەڵەم بدرێت، ئەوە لەبەر ئیسلامەتی وپیاوەتی ئەردۆگان نەبووە، بەڵکو لە ترسی نفوزی ئێرانی بوە!

دوایی دەمانترسێنی بەوەی کە لە ئاك پارتی باشتر بۆ کورد نە هەبووە و نەدەشبێت، ئەگەر بدۆڕێنێت، گەورەترین زیان بەر کورد دەکەوێت! "ئەگەر حزبەکەی ئەردۆگان نەمێنێت، ئەوە کورد ئەو ڕێگایەی هەناردەکردنی ]نەوتی] لێ دەگیرێت، تورکیاش ئەو سەرچاوە داراییە پڕ بەهایەی هەناردەکانی بازرگانی دەرەوەی لەدەست دەچێت"! یانی باشە ئەوەندەش ئیعتیراف دەکەیت کە تورکیاش سەرچاوەی دارایی هەناردەکانی بازرگانی دەرەوەی لەدەست دەچێت، بەڵام لە بیری چوو بڵێ، ئەو هەموو نەوتە هەرزانەی کوردستان و داعشستانیشی لە دەست دەچێت!

ئینجا لەسەر شێوازی ئەوانەی هیچ بەڵگەیەکیان نییە دەڵێت: " ئیجماع هەیە لەناو کورددا کە هەدەپە ئەو دەسەڵاتەی کە دەنگدەرانی کورد پییان دا بەکاری نەهێنا بۆ بەرژەوەندی کورد. دەبوایە هەدەب ئەو هەلەی بقۆزتایەوە بۆ نیشاندانی لایەنی مەدەنی و دیموکراتی خەباتی کوردی بۆ تورک و بۆ هێزە خۆرئاواییەکان، هەروەها پەکەکەش، لەجیاتی پەنابردنەوە بەر تووندوتیژی و کۆتایی هێنان بە پرۆسەی ئاشتی"

جارێ نازانم ئەو ئیجماعەی لە کوێ هێناوە مامۆستا عوسمان کە کورد هەمووی وا سەرکۆنەی هەدەپ دەکەن، ئینجا کە دەڵێم بە ڕوحیەتێکی تورکتر لە تورک ئەو وتارە نووسراوە بۆ رازیکردنی دەسەڵاتی ئاك پارتی و تێرکردنی غروری ئەردۆگان و تورکی فاشیست، هێشتا کەمم گووتوە. چونکە هەدەپ کە ڕووی دیموکراتی و نزیکی لە لیبراڵیەت نیسان دەدات، هەر ئیسلامیەکانی تورک وکورد دەهۆڵی پشتگیری لە هاوڕەگەزبازی بۆ لێدەدەن، لە کاتێکدا ئەردۆگان بە واقیعی دانی بە مافەکانیان دا هێناوە !

کەباسی پەنابردنەوە بەر تووندوتیژی پەکەکە و کۆتایی هێنان بە پرۆسەی ئاشتی دەکەیت، ئەوە کەس هەیە نەزانێت ئەردۆگان لە کۆبانی توندوتیژی بەکاردەهێنا ویارمەتی داعشی دەدا بە سنوور بۆ کردنەوە و بە چەك، بەوەش نەوەستا هەستا بە ئەنجامدانی زنجیرەیەك تەقاندنەوە لەناو لایەنگارانی هەدەپە لە پرسوس و ئەنقەرە و ئامەد و شوێنیتریش، هەر سەرۆك وەزیران داود ئۆغلۆش دانی بەوەدا هێنا کە خۆکوژەکانیش

دەناسن بەڵام ناتوانن بیانگرن چونکە زۆر دیموکراتین! بەڵام هەزاران لایەنگر و چالاکوانی هەدەپ بگرن کیشەیەك نییە بۆ دیموکراتی، و کەمپینی هەڵبژاردن سوور کەن لە خوێنی لایەنگرانی هەدەپە کێشەیەک نییە بۆ دیموکراتی!

ئاسایە بۆ تورکیك ئەو هەموو خیانەت و دژایەتیەی ئەردۆگان بۆ کورد نەبینێت، بەڵام بەخوای بۆ کوردێك لە پایزی تەمەن و دکتۆر لە مێژووی کوردیدا نەنگییە و ئەوپەڕی بێ ئاگایی و بێ ویژدانییە خۆی وانیشاندا پیی نازانێت. کە دەڵێم هەتا تورکەکان کە دەنوسن بە ویژدانتر دەنووسن، ئەو دوو بڕگەیەو وتارێکی تورکێك دەخەینە ڕوو، کە لە وتارێکدا هاتووە، کە خودی کاك عوسمان لە وتارەی کۆتەیشنی لێ وەرگرتوە، تا بزانین چۆن نوخبەی کوردی زۆر نادادپەروەرتر و نابابەتیانەترن لە دەستەبژێری میللەتانی سەردەست لە داگیرکەرانی کوردستان، نوسەری وتاری Turkey Is in Serious Trouble ، نوسەر Soner Cagaptay دەڵێت :

"لە گەرمەی یاخیبوونی پەکەکە دا لە ۱۹۹۰ دەکان، چومە تازیەی ناشتنی کە چەند ئەندامێکی خێزانیک لە ئۆفیسەری ئاسایش کوژرابوون لە شەڕی پ ك ك، خێزانەکە ستایشی ڕۆڵی حوکمەتیان دەکرد لە بەرەنگاربوونەوەی یاخیەکان، و سوپاسی حکومەتیان دەکرد لە ستایشی ڕۆڵی خۆشەویستانیان. لە تەموزەوە ۷۰ پۆلیس و سەربازی تورك کوژراون لەلایەن پ ك ك وە، بەڵام لە زۆربەی حالەتدا ئەو جەنازانە گۆڕاون بۆ دژایەتی ئاك پارتی و خۆیشاندان دژی ئەردۆگان. " لێرەدا دەردەکەوێت هەتا تورکەکانیش ئەردۆگان بە موسەبیبی ئەو ئاشتی تێکچوونە دەزانن!

لە بەشێکی تری وتارەکەدا باسی ستراتیژیەتی فریودەرانەی ئەردۆگان دەدا بۆ لێدانی بە نۆرەی هێزەکانی تورکیا و لیدانی کوردیش لەوەوە دێت کە نۆری هاتووە لێیبدرێت: "سەرچاوەی جەمسەرگیری کێشمە کێش هەر ئەردۆگان خۆیەتی. ئەردۆگان زنجیرەیەک هەڵبژاردنی بردۆتەوە لە ساڵی ۲۰۰۲ وەوە، و عیبادەتی شەخسی بنیات ناوە، وەك جۆرێك لە دەسەڵاتداری موستەزعەف، خۆی وەک قوربانیەك وینا دەکات کە ناچار بووە بە تووندی لەو [پیلانگێڕانە بدات] کە دژایەتی دەسەڵاتی ئەو دەکەن. لەسەر ئەو بنچینەیە توانی بە سەرکەوتوویی و دڕندایەتیەکی سیاسی سوپای سێکیولاری تورک، و بیزنس و

لێبرالّەکان و جووەکان و دەنگدەرە چەپڕەوەکان و عەلەویەکانیش بکاتە ئامانج، و ئێستاش کورد!

ببینە ئەو تورکە چەند شەفافتر شتەکان دەبینێت، کە تۆ لەو چەند دێرێکت وەرگرتووە، ماقوڵە ئەو ڕەخنانەی ئەویشت نەدیوە؟ !هەر وتارەکە خۆی ناونیشانەکەی زەنگێکی ترسناکە: تورکیا لە کێشەیەکی جیدی دایە!

لە کۆمێنتێکتدا دەڵێیت من ڕەخنەم گرتوە لە ئەردۆگان، باشە کاک عوسمان من چ لە ڕەخنەی تۆ بکەم لە ئەردۆگان کە لە ڕووداو و سپێدە وکۆمەڵ دەیگریت بە کوردی، کەچی لەولاوەش بە ئینگلیزی بۆ ئەردۆگان و داود ئۆغلۆ دەنووسیت و بۆشت دەکەن بە تورکی، تیایدا یەك پارچە ستایشی ئەردۆگان و حزبەکەیتی، وەك مەهدی مونتەزەر نیشانی دەدەیت، و هەموو ڕەخنەکانیشت ئاڕاستەی هەدەپ و پەکەکە دەکەیت؟! تۆ ئەگەر ڕاست دەکەیت ڕەخنەت لە ئەردۆگان هەیە، لەو وتارە هاوسەنگی خۆت بپاراستبا و یەك دوو ڕەخنەت ئاڕاستەی ئەویش کردبا! خۆ تۆ علی قەرەداغی نیت لە کوردستان کوردستانی و لەدەرەوە قەتەریانە بدوێیت؟!

خۆزگە هەر بەبواری مێژوو خەریك دەبوویت خۆت لە سیاسەت و دەستوورناسی و هەندێ دۆزیتری فیکری هەڵنەدەقورتاند تا نەکەویتە ئەو هەڵە کوشندانە. هیوادارم وتارەکەم ببێتە خاڵێک بۆ بەخۆداچوونەوەت، ئاوڕدانەوەیەک لە نەتەوە و میللەتی خۆت، کە دەبێت لە پێش هەموو کەسانیتر بن دوور لەو عەقیدە ساختەیەی ولاء وبراء ی سەلەفی!

٢٠١٥/١١/١٤

سەرچاوەی وتارەکەی:

http://www.dailysabah.com/op-ed/٢٠١٥/١٠/٣٠/the-possible-outcomes-of-the-elections-and-their-effects-on-kurds

# *ئەگەر بەڵگە لەسەر خیانەتی مەلای خەتێش نەبێ خۆ ئێستا دەیان مەلای خەتێ هەن!
## بەشی یەکەم

خۆزگە خۆت نەدەهاوێشتە ئەو گێژەلۆکەیەی مەلای خەتێ و ئەو شانامەیە دوور ودرێژەی پێویست نەدەکرد، چونکە بەر لە بڵاوکردنەوەی وتارەکەی کاک ئیبراهیم بۆ منی نارد بۆ پێداچوونەوەی، هەر خۆی لە کۆتایی وتارەکەی [من ملا الخطي الى عثمان علي التاريخ يعيد نفسه] نووسیبووی کە ئەو باوەڕی بەوە نییە مەلای خەتێ خیانەتی کردبێت، بەڵام لە نێوەندی فەرهەنگی کوردی وا باوە کە ناوی مەلای خەتێ وەک سیمبۆلیك بۆ خیانەت بەکار هاتووە، بۆیە بەکاری دەهێنم... سەیر لەوەدایە تۆ و کەسانیتریش هاتوون لەو وتارە بەس ناونیشانەکەی دەبینن، بێ ئەوەی بچیتە ناو ناوەرۆکەکەی ببینیت عوسمان عەلی چۆن خۆی هەرزان فرۆش کردوە و چۆن ڕێ وشوێن بۆ تورک وئەردۆگان دادەنێت بۆ زیاتر لێدانی کورد و ناوزڕاندنی کورد و تاوانبارکردنیان بە تیرۆریزم.

ئینجا ئەگەر کاک ئیبراهیم موەفەق نەبوو بێت لە هەڵبژاردنی عینوانی مەقالەکەی، ئەوە عینوانی مەقالەکەی تۆ: [لە سەروەری مەلای خەتێ وە بۆ سەروەری دکتۆر عوسمان عەلی] نەك هەر هەڵەیە بەڵکو خیانەتە لە کورد و لە بابەتخوازی و لایەنگیریکردنێکی ڕووتە بۆ ئیسلامیزمیەکەت.

نمونە زۆرە بۆ نمونە تۆ هیلاك بویت هێندەی بەرگری لە زەواجی عائیشە بە پێغەمبەر بکەیت وبڵێیت لە ٩ ساڵی نەبوو، بەڵکو لە ١٨ ساڵی بوو، توێژینەیەکی درێژت وەرگێڕا لەو بارەوە، بەڵام جارێ تۆ و نوسەری ئەو توێژینەوە لەلایەن ئەوانەی ئەهلی سونە و حەدیسن تەحریفچی و چەواشەکار حسێبن، چونکە بەڵگەی حەدیسی بوخاری وموسلیم بە درۆ

دەخەنەوە، دووەم دەیانی وەک تۆش بابەتی وای نوسیوە، کەچی هێشتا هەر زانایەکی ئیسلامی دەوی بکاتەوە بڵێت راست نیە عائیشە لە ٩ساڵان زەواجی کردبیت لەگەڵ پێغەمبەر، ئەوە سەدان زانا دەمکووتی دەکەن!

کەوابوو توێژینەوەکەی کە وەرت گێڕاوە لەوانەیە هەر دڵی خۆت و دوو سێ منداڵە ئیسلامی خۆش کات و هیچیتر، ئێستاش ئومەتی ئیسلامی لەسەر ئەو قەناعەتەیە کە عائیشە لە ٩ساڵی دراوەتە دەستی پێغەمبەر، و ڕۆژانە زیاتر لە ٣٠٠٠٠ سی هەزار کچی منداڵ باجی ئەو نامرۆییە دەدات!

باوەڕ ناکەم نە بە قەد من عوسمان عەلیت ناسیبێت، و نە بە قەد من وتوویژت لەگەڵ کردبێت، ڤایرۆسێك هەیە لە ئیسلامیان دەدات، هیوادارم هێشتا لە تۆی نەدابێت، کە بە درێژایی کات دەیانکاتە دژی کورد، بە بیانووی ئایدیۆلۆژی ئیسلامی، لەوەتی ئەو پیاوە هەیە من سەرنجی ئەوەم لێیداوە، ئامادەبوو کار بۆ ڕژێمی سەدام و جمهوری ئیسلامی ئێران و ئێستاش لەوەتی ئەردۆگان لەسەر حوکمە کاری بۆ دەکات، بە ڕوحیەتیکی کۆیلەی زەلیلی خۆفرۆش، کە دەیانجار رەخنەم لێگرتووە ڕوو بەڕوو کە ئەو کارە عەیبە لە دژی میللەتی خۆت!

نەك هەر هێندە جارێك بابەتێکی نوسیبوو لەسەر کەرکوك، کە خۆشی گوایە کەرکوکیە، تیایدا پێناسنامەی کەرکوکی خستبوە ژێر پرسیارەوە، و حەرفیەن نوسیبووی، کەرکوك ناتوانیت بڵێی شارێکی کوردیە یان تورکمانیە یان عەرەبی! هەتا کە من ئەو بڕگەیەم لادا پێش بڵاوکردنەوەی لە ئاڵای ئیسلام، زۆر لە من توڕە بوو، منیش گووتم توڕە بیت یان نا، من ناهێڵم شتی وا بڵاوبێتەوە لە ژێر دەستبەکاری مندا وەك سەرنووسەری گۆڤارەکە. دوایی بە هەمان عیبارەتە لادراوەکاندا بۆ عێڕاقیە عەرەبەکانی ناردبوو لە چەندین گۆڤار و شوێن بڵاویکردبوەوە کە کەرکوك کوردی نییە.

**کاتی خۆی نامەیەکی بۆ ئەردۆگان و گوڵ نوسیبوو، بەس بڵاوی کەمەوە، باوەڕت بێت دەبێت وەك شەیتانی حەج پەیکەرێکی بۆ بکەن و ئەوەی کورد بێت بەردی تێبگرن! جارێ نامەکە لەبەر دەستم نییە کە دۆزیمەوە بۆتی دەنێرم، ئەو کاتە دەزانیت ئەو سەروەرییەی بەو پیاوەت داوە تاوانێکی گەورەیە، چونکە تۆ بە یەک وشە ئیدانەی ئەو وتارەت نەکردوە کە تیایدا عوسمان عەلی بە ڕونترین شێوە خۆفرۆشی بۆ ئەردۆگان دەکات.**

# گرێی مەلای خەتێ

ئینجا با بێینە سەر گرێ کۆرەی مەلای خەتێ، نازانم جەنابت و هەموو ئیسلامیەکان بۆ هێندە سەخڵەت دەبن بە ناوهێنانی مەلای خەتێ! بێگومان ناهەقتان نییە چونکە ئەو پیاوە لە مێژوودا تۆمەتی خیانەتکردنی لە میری سۆران دراوەتە پاڵ، دیارە خیانەتیش لای ئێوەی ئیسلامی دەبێت زۆر گەورە بێت! ئەوە بەهایەکی جوانە کە بەو ڕوانگەیە بروانن بۆ خیانەت، بە مەرجێك لە حاڵی ئێستادا مەناعەتتان دژی خیانەتکردن نەگەیشتبێتە چڵە پۆپەی! بەڕای تۆ وەك نووسەرێکی ئیسلامی، شارەزا لە مێژوو خیانەت چییە؟

خیانەت چیە لەوەی زیاتر حەز بە دۆڕاندنی میللەتەکەت بکەیت لە پێناو سۆزانی سیفەتێکی تورکی وەك ئەردۆگان؟! خیانەت چیە لەوەی زیاتر ئەردۆگان بە فریشتە ببینیت، و چاو لە هەموو ڕاپۆرت و وتارەکانی هەتا بە دەستی تورکیش نوسراو بپۆشیت کە ئاماژە بۆ شەڕانگێژی ئەردۆگان دەکەن، لە جیاتی بێیت هەدەپە تاوانبار کەیت و گاڵتە بە دەمیرتاش بکەیت؟!

تۆ کە بە تەوسەوە بە دەمیرتاش دەڵێیت ئۆبامای کوردی، زۆربەی کورد وەك خۆت دەڵێیت متمانەیان بەو پیاوە داوە، و کوردەکانی هەرچوار پارچەی کوردستانیش خۆشیان دەوێت، ئەوە دژایەتی کورد نییە لەبەرئەوەی ئیسلامی نییە گاڵتەی پی بکەیت؟!

خیانەت لەوەی زیاتر چییە فریو خواردوو بیت بە دوژمنێکی کورد وەك ئەردۆگان، فریو بخۆیت بە ئیسلامەتی ئەو دژی هەموو میللەتەکەت، چونکە بەڕای تۆ حزبێکی نا ئیسلامی چەپرەو خەباتی کورد بەڕێوە دەبات؟!

هەرچەندە هەدەپ لە لیبڕالیزمەوە نزیکترە تا لە چەپرەوی، بەڵام گریمان چەپڕەویش بوون، خۆ چەپڕەو بیت و ڕاستگۆ بیت دوور بیت لە ئەندێشەی ئیسلامی سیاسی داعشی، سەدان قات چاکترە لەوەی فریو بخۆیت بە ئیسلامەتیە سۆزانیەکەی ئەردۆگان؟!
خیانەت چیە لەوەی زیاتر تا ئەو ساتەش بەرگری لە پەرێزی پیسی ئەردۆگان بکەیت، کەچی دوو دێرە وتارێك نەنووسیت لەسەر ئەو هەموو دایك و خوشک و برا و منداڵانەمان کە بەدەستی ئەو ئیسلامیە سۆزانیە دەکوژرێن؟!

تۆش بە هەمان لۆژیکی دکتۆر عوسمان لە وتاری The possible outcomes of the elections and their effects on Kurds
کە بۆ تورکەکانی نوسیبوو، دەتەوێ چاکە وفەزڵی ئەردۆگان بە چاوی کورد دادەیەوە و دەڵێیت:
"من نامەوێ ناوەڕۆکی هیچ یەکێک لەو کتابانە باس بکەم ، تەنیا ئەوەندە نەبێت دەمەوێ پرسیارێک لە تاکی کوردی دەرەوەی هەژموونی حیزبی کوردی بکەم : ئایا لە ١٩٢١ەوە هەتا ٢٠٠١ هیچ حیزبێکی عەلمانی لە تورکیا دەرگای لە شوناسی کورد کردەوە؟؟ ئەوەی عەدنان مەندەریس و جەلال بەیار لە پەنجاکان کردیان بە ئینقلابێکی جەندرمە و جەمال وەڵامدرایەوە و گیانی سەدان کەسی وەک عەدنان مەندەریس لە تورک و کورد...هەڵوشی! لەو هەشتا ساڵە شوناسی کوردی، زمانی کوردی ، دۆزی کوردی ، ئاڵای کورد تەواو قەدەغە و بقە بوو، چونکە بەپێی دەستووری ئینقلابچیەکانی تورکیا یەک نەتەوە و زمان و ئاڵا هەبوو. "

## منیش هەمان وەڵام بۆ تۆ دەنوسم:

[جاری وەهمێك هەیە لای ئیسلامیەکانی کورد بە گشتی کەوا ئەردۆگان پرۆسەی ئاشتی دەست پیکردوە لەگەل کورد! لە ڕاستیدا تورگوت ئۆزال ١٩٢٧ -١٩٩٣یەکەم سەرۆکی تورکیا بوو، لە حزبی نیشتیمانی دایك [ئەنا پارتی] کە سیاسەتی کرانەوەی کوردی دەست پیکرد لە نەوەدەکان، لە پاش یەکەم دانیشتن لەگەڵ پ ك ك، بڕیاری ئاگربەستی پ ك ك دەرچوو ١٩٩٣/٣/٢٠، ئۆزال کە نیوەی کورد بوو، تا سەر ئێسقان حەزی بە چارەسەری ئەو کیشەیە دەکرد و هەوڵی زۆریشی بۆدا، و مرۆڤێکی تا بڵیی دیموکراتی هەقیقی بوو، بە هانای کوردیش هات لە کۆڕەوە گەورەکە، هێندەی نەبرد لە بارودۆخێکی تەم ومژاویدا گیانی لە دەستدا، زۆربە سیاسەتوان و بیرمەندان و نووسەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەو پیاوە بە دەستی ناحەزانی ئاشتی کوژرا من گومانم نییە ئەگەر تەمەن بواری تورگوت ئۆزالی دابایە، دەمێك بوو کیشەی کورد چارەسەر کرابوو، خەڵکی تورکیش ناچار نەدەبوون متمانەی خۆیان بدەنە دەست ئەردۆگانێک کە تەنها یاری بە کات دەکات و هێزەکانی کۆمەڵگای تورکیا یەك بە دوای یەك سەرکووت دەکات بە نەزعەیەکی ئیسلامی پەنهانی و لە ژێر پەردەیەکی تەنکی دیموکراسیدا، کە هەموو عەورەتی دیکتاتۆریانەی لێوە دیارە.

ئەردۆگان بیرۆکەی ئۆزالی برد، بەڵام لە ناوەرۆکی خۆی بەتاڵیکردەوە، ئەردۆگان کارتی کوردی بەکارهێنا دژی سوپا و دادگای باڵای دەستوری تا توانی ئەوان کۆنترۆڵ بکات، بەڵام کە ئەوانی لە پەل و پۆ خست، بایدایەوە سەر کورد ولێیدان، ئێستا دەستی لەگەڵ تاریکپەرسترین هێزی جیهان کە داعشە تێکەڵ کردوە لە پێناولێدانی کورد لە سوریا و تورکیا! ئەو پیاوە دەساڵ زیاترە مێشکی کاس کردووین بە باسی چارەسەری کێشەی کورد، کەچی یەك هەنگاویش نە چۆتە پێش، بەڵکو گەڕانەوەیەکی خێرا هەیە بەرەو خاڵی سفر! کێ فریو دەخوات بە پڕۆژەی چەواشەکارانەی ئەردۆگان جگە لە فریوخواردوە خۆبەخشەکان نەبێت؟.!

# بەشی دووەم و کۆتایی

تۆ و بەر لە تۆش دکتۆر عوسمان هەمان قسەی کرد لە تاوانبارکردنی هەدەپ لە وتارە ئینگلیزیەکەی کە بۆ میدیای تورکی نووسیبوو ودەڵێت: " ئیجماع هەیە لەناو کورددا کە هەدەپە ئەو دەسەڵاتەی کە دەنگدەرانی کورد پییان دا بەکاری نەهێنا بۆ بەرژەوەندی کورد. دەبوایە هەدەب ئەو هەلەی بقۆزتایەوە بۆ نیشاندانی لایەنی مەدەنی و دیموکراتی خەباتی کوردی بۆ تورک و بۆ هێزە خۆرئاواییەکان، هەروەها پەکەکەش، لەجیاتی پەنابردنەوە بەر تووندوتیژی و کۆتایی هێنان بە پرۆسەی ئاشتی"

سبحان الله قسەکانتان چەند بەیەك دەچێت چونکە هەڵگری هەمان ڤایرۆسن! کە تۆش دەڵێیت:

"زۆربەی کوردی باکوور هەموو لە چواردەورەی هەدەپە کۆبوونەتەوە،ئەوانیش زۆربە ئۆجەلان بە ڕێبەری خۆیان دەزانن ، ئۆجەلانیش لە شوباتی ١٩٩٩ دیلە لای تورکەکان ، کەواتە دەبوو پرسی هەبوونی کورد و بەردانی ئۆجەلان لە کارە بەراییەکانی هەدەب بوایە ، دەمیرتاشی ئۆبامای کوردانی چەپ دەبوو دوای بردنەوەی لە هەڵبژاردن کاری لە سەر شوناسی کورد و گۆڕینی دەستووری تورکی ...بکردبایە ، بەڵام ئەو ئۆمابایە یەکسەر دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی حوزەیرانی ٢٠١٥ بە زەبر و دیماگۆژی ئەمریکا وتی :" هەدەپ حکومەت لەگەڵ ئاکپارتی پێکناهێنێت!

جارێ نازانم دکتۆر عوسمان ئەو ئیجماعەی لە کوێ هێناوە کە کورد هەمووی وا سەرکۆنەی هەدەپ دەکەن، ئینجا کە دەڵێم بە ڕوحیەتێکی تورکتر لە تورک ئەو وتارەکانی دەنوسێت

بۆ رازیکردنی دەسەڵاتی ئاك پارتی و تێرکردنی غروری ئەردۆگان و تورکی فاشیست، هێشتا کەمم گووتوە.

چونکە هەدەپ کە ڕووی دیموکراتی و نزیکی لە لیبرالیەت نیشان دەدات، هەر ئیسلامیەکانی تورك وکورد دەهۆڵی پشتگیری لە هاوڕەگەزبازی بۆ لێدەدەن، لە کاتێکدا ئەردۆگان بە واقیعی دانی بە مافەکانی هاوڕەگەزبازان دا هێناوە !کەباسی پەنابردنەوە بەر توندوتیژی پەکەکە و کۆتایی هێنان بە پرۆسەی ئاشتی دەکەیت، ئەوە کەس هەیە نەزانێت کە ئەردۆگان لە دەیەها وتاریدا ناوی پ ك ك ەی بە تیرۆرست هێنا و پرۆسەی فریودەری ئاشتی تێکدا!

لە کۆبانی توندوتیژی بەکارهێنا ویارمەتی داعشی دەدا بە سنوور بۆ کردنەوە و بە چەك، هەتا ئەو ساتەش هەروا دەکات بۆردومانی عەفرین و ناوچەکانیتر دەکات، پێری سەدان سەگوسواری ئیسلامی داعشی ناردە سەر گرێ سپی، بەوەش نەوەستا هەستا بە ئەنجامدانی زنجیرەیەك تەقاندنەوە لەناو لایەنگارانی هەدەپە لە پرسوس و ئەنقەرە و ئامەد و شوێنیتریش، هەر سەرۆك وەزیران داود ئۆغلۆش دانی بەوەدا هێنا کە خۆکوژەکانیش دەناسن بەڵام ناتوانن بیانگرن چونکە زۆر دیموکراتین! بەڵام هەزاران پیرو گەنجی کورد بکوژن و هەزاران لایەنگر و چالاکوانی هەدەب بگرن کێشەیەك نییە بۆ دیموکراتی، و کەمپینی هەڵبژاردن سوور کەن لە خوێنی لایەنگرانی هەدەپە کێشەیەک نییە بۆ دیموکراتی!

کەچی تۆ و دکتۆر عوسمان باسی دژایەتی هەدەپ بۆ ئاشتی دەکەن؟! ئەو ساویلکەییە لە تۆ نەدەوەشایەوە، بەس ئاخ ئایدیۆلۆژیا مرۆڤ چۆن هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکات!
ئینجا پێمخۆشە وەڵامی نوسەرێکی تورکت نیشان بدەم کە شایەدی دەدات ئەردۆگان هۆکاری وەستاندنی پرۆسەی ئاشتیە و مرۆڤێکی دیکتاتۆرە وەك ئێستا ناویان ناوە بە

قەزافی تورکیا لە نێوەندی میدیایی جیهانی! نوسەری وتاری Turkey Is in Serious Trouble، نوسەر Soner Cagaptay دەڵێت :

"لە گەرمەی یاخیبوونی پەکەکە دا لە ١٩٩٠ دەکان، چومە ڕێورەسمی ناشتنی چەند ئەندامێکی خێزانی ئۆفیسەرێکی ئاسایش کوژرابوون لە شەڕی پ ك ك، خێزانەکە ستایشی ڕۆڵی حوکمەتیان دەکرد لە بەرەنگاربوونەوەی یاخیەکان، و سوپاسی حکومەتیان دەکرد لە ستایشی ڕۆڵی خۆشەویستانیان. لە تەموزەوە ٧٠ پۆلیس و سەربازی تورك کوژراون لەلایەن پ ك ك وە، بەڵام لە زۆربەی حالەتدا ئەو جەنازانە گۆراون بۆ دژایەتی ئاك پارتی و خۆیشاندان دژی ئەردۆگان. " لێرەدا دەردەکەوێت هەتا تورکەکانیش ئەردۆگان بە موسەبیبی ئەو ئاشتی تێکچوونە دەزانن!

لە بەشێکی تری وتارەکەدا باسی ستراتیژیەتی فریودەرانەی ئەردۆگان دەدا بۆ لێدانی بە نۆرەی هێزەکانی تورکیا و لیدانی کوردیش لەوەوە دێت کە نۆرەی هاتووە لێیبدرێت:
"سەرچاوەی جەمسەرگیری کێشمە کێش هەر ئەردۆگان خۆیەتی. ئەردۆگان زنجیرەیەک هەڵبژاردنی بردۆتەوە لەساڵی ٢٠٠٢ ەوە، و عیبادەتی شەخسی بنیات ناوە، وەك جۆرێك لە دەسەڵاتداری ستەملێکراو، خۆی وەک قوربانیەك وێنا دەکات کە ناچار بووە بە توندی لەو [پیلانگێڕانە بدات] کە دژایەتی دەسەڵاتی ئەو دەکەن. لەسەر ئەو بنچینەیە توانی بە سەرکەوتوویی و دڕندایەتیەکی سیاسی سوپای سێکیولاری تورک، و بیزنس و لیبڕاڵەکان و جووەکان و دەنگدەرە چەپڕەوەکان و عەلەویەکانیش بکاتە ئامانج، و ئێستاش کورد!

ئاسایە بۆ تورکیك ئەو هەموو خیانەت و دژایەتیەی ئەردۆگان بۆ کورد نەبینێت، بەڵام بەخوای بۆ کوردێکی دکتۆر لە مێژووی کورد و بۆ تۆی شارەزا ونووسەر لە مێژووی کورددا زۆر نەنگییە و ئەوپەڕی بێ ئاگایی و بێ ویژدانییە تۆمەتباری قوربانی بکەن و ستایشی جەلاد بکەن!

سەیرم بەوەش دێت کە دەڵێیت: "هیچ کەسێک چاوەڕێ ناکات ئەردۆگان وەک کوردێک و موسلمانێکی عەقیدەیی بیربکاتەوە. ئەو ئیسلامیەی ئەو بانگەشەی بۆ دەکات ئیسلامیەکەی مێژووییە ، نەک عەقیدەیی، بەڵام هەر ئەو حیزبەکەی بوو چۆکی بە عەلمانیەتی عەسکەری تورکیا دادا . ئەو دەرگاکردنەوەی ئەردۆگان لە کورد دەبوو حیزبی کوردی باکوور تەواو پاڵپشتی بکردبایە ، چونکە ٨٠ ساڵە کورد لە شوناس و مافی دەستوری و سەرکردەکەی دوورە، بەداخەوە باڵەکانی پەکەکە لە باکوور و رۆژئاوا خەریکی دروستکردنی قەڵەمڕەوی ئایدیۆلۆژی ئیکسپایەر بوو.

ئەو ئەمریکا و رووسیایەی هەردەم خەون بە لەناوبردنی " ئیسلامی کەمانجەژەن"یشە ، جا باڵەکانی پەکەکە لە باکوور و رۆژئاوا بوونەتە ئامێرێک بە دەست دژەکانی ئەردۆگان!!"
جارێ ئەگەر ئیسلامی مێژوویی ئیسلامی ئەردۆگانە، ئەدی بۆ ئیسلامی ئایدیۆلۆژی وەک ئێوە و دکتۆر عوسمان و قەرەداغی و قەرەزاوی و هەموو جیهادی و ئیخوانی دنیا هێندە پەرۆشی ئەردۆگانن؟! لەوەش نەتپێکاوە چونکە ئەردۆگان بە فێڵ ئەو ڕووە ئیسلامیە مێژووییە نیشان دەدات، دەنا تا سەرئێسقان ئیسلامی و ئیخوانییە، خەریکە تورکیا لە وڵاتێکی سێکیولار دەکاتە سەڵتەنەتی نیو عوسمانی، بۆتە قیبلەی ئیسلامی و داعشیەکان!

ئەو چۆک بە عەسکەر دادانەشی هەر لە فێڵەوە بۆی چوە سەر، چونکە بەناوی دیموکراتیەت وباوەڕ بە سێکیولاریزم هاتە ناو گەمەی سیاسی، و بە نۆرە هەموو هێزە سێکیولاریەکان و دام ودەزگاکانی دەستبەسەر کرد تا گەیشت بە کورد! ئینجا دەرگای چی لە کورد کردەوە؟!
زەلامێك بەو هەموو ماوەیە نەتوانێت هەنگاوێك بهاوێژێت بۆ چارەسەری کێشەی کورد سەرەڕای پاڵپشتی پ ک ک بە ڕاگرتنی هەموو چالاکیەکی و سەرەڕای پاڵپشتی دەنگدەری کورد بە ملیۆنەها بۆ ئەو موناڤیقە، دەتەوێ تاکەی کورد خۆی فریودات بە پاڵپشتیکردنی؟!

ئەردۆگانێك سەدان ڕێکەوتنی سەربازی و ئابووری هەیە لەگەڵ ئیسرائیل و گەورەترین هاوپەیمانی ناتۆ و ئەمریکا، هێشتا تۆ دەڵێیت: "جا باڵەکانی پەکەکە لە باکوور و رۆژئاوا بوونەتە ئامێرێک بە دەست دژەکانی ئەردۆگان!!" کورد لە ڕۆژئاوا بەرگری لە وجودی خۆی دەکات، ئەردۆگان هێزەکی دەرەکییە شەڕیان پێ دەفرۆشێت ودەیەوێت داعش ونوسرە ناوچە کوردیەکان داگیرکەن، کەوابوو کوا عەقڵ و لۆژیک لەو تەرحە؟!

پێکەنینم بەو قسانە هات: "هەندێ قەڵەمدار نایانەوێ ئێمەی کورد بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێین ، بەڵکو هەر بەرەو پاشەوە بگەڕێینەوە ناهەقیان نییە ئەوان تەڵقیندراون ، نەک ئاکتیڤ ، ئەگینا لە نێو کورددا کەم مێژوونووسی وەک دکتۆر عوسمان هەن ...ئاخر دکتۆر عوسمان چ بکا پەیەدە قەبووڵی سوپای بەشار لە قامیشلۆ بکات ، بەڵام قەبووڵی هێزێکی کوردی نەکات ! من دژی پەیوەندی پەیەدە و بەشار نیم ، چونکە موعارەزەی سوری لە بەشار شەریفتر نین ، ئەوانیش باوەڕیان بە مافی کورد لە سوریا نییە!"

پێمناڵێیت کێ داوای چونە پاسەوەی کردوە، ئەوەی دەیەوێت کورد تەسلیمی ئەردۆگانی ئیسلامی داعشی بێت کە هیچ ئاسۆیەکی لە ئاییندەشدا لێ چاوەڕێ ناکرێت، هەموو جیهان لێی پەستە چونکە عەڕابی داعیشە، یان ئەوانەی پشتگیری خەباتی کورد دەکەن بۆ سەربەخۆیی؟! ستایشی عوسمان عەلی دەکەیت وەک مێژوو نووسێك، ئەوە هیچ نرخێکی زانستی نییە، چونکە تۆ بە پاڵنەری ئیسلامی عەقیدەیی ئەو قسە دەکەیت، و لە بواری مێژووشدا خولیاکاریت زیاتر لەوەی پڕۆفێشناڵ بیت! لەبەرنەبوونی ڕەخنەی جیدی و ڕەخنە بەگشتی کەسانیك لیمان دەبنە ئەو لوتکەیە. دەبا دوو سێ تایبەتکار لە مێژوو هەبا بە چاوێکی ڕەخنەیی نوسینەکانی هەڵبژاردبا بزانە دەتوانی وا ستایشی بکەیت! خەڵک هەیە پازدە بیست کتێبی لە بازاڕە هێشتا ڕەخنەگرێك نییە دووانیانی بۆ هەڵسەنگێنێت!

سەیرە هەمان قسەی پارتی و پرۆکسی ئەردۆگان، عوسمان عەلی دوبارە دەکەیتەوە: " ئاخر دکتۆر عوسمان چ بکا پەیەدە قەبووڵی سوپای بەشار لە قامیشلۆ بکات ، بەڵام قەبووڵی هێزێکی کوردی نەکات !" پەیەدە هەر دوێنێ گەورەترین پێکدادانی کرد لەگەڵ سوپای ئەسەد، ئەمریکا بەدەمی خۆی شایەدی دووری پەیەدەی دا لە بوونی هیچ پەیوەندیەك لەگەڵ بەشار ئەسەد، هەرچەندە من ئێستا دەڵێم بەشار ئەسەد لە داعش ونوسرە و جیش الحر و جیش الاسلام وباقی پۆخڵەواتەکانیتر باشترە. پەیەدە کام هێزی کوردی قبوڵ نەکردوە؟! ئەوەی پارتی بە ئیعازی ئەردۆگان دروستی کردوون؟! دەك دەستیان خۆس بێت کە ناهێڵن هێزێکی سەگوسواری ئەردۆگان هەبن لەو مەیدانەدا.

ئێوە تا سەر ئیسقان بەرگری لە پەرێز پاکی مەلای خەتێ دەکەن، بەڵام بەخوا مەلای خەتێ ئەو تاوانەشی کردبا هێشتا ناگاتە بە تاوانی کەسانێکی شارەزا بە مێژووی تورک و کورد، کە لەوەتی هەن تورك ستەم لە کورد دەکات، کەچی هێشتا لەبەر ئیسلامەتیەکی ڕووکەشی ساختەچیانە پشتی برایانی میللەتی خۆیان دەدەن لە عەرز و پشتی سۆزانیە سیاسیەکانی وەک ئەردۆگان و داود ئۆغلۆ دەگرن! ئێوە نکولی لە خیانەتێکی تەنها دەکەن بۆ مەلای خەتێ، کەچی پێتان ئاساییە ڕۆژانە خیانەتێکی وەك ئەو بکەن.
لە کۆتاییدا دەڵێم لە بیرمە زۆر سەرسام بووم بە کوردپەروەری تۆ، پێش ئەوەی تووشی پەتای ئیسلامی سیاسی بیت، قەت باوەڕم نەدەکرد ڕۆژێك بگەیت بەو ئاستە پەسندی ئەردۆگان بدەیت بەسەر بە شەرەفترین و ئازاترین کوردا، بەڵام کە ڕۆژێك ئەگەر بەبیرت بێت پیت گووتم من زۆرم پێ خۆش بوو ئۆجەلان گیرا و ڕیسوا بوو، هەستم کرد پەتایەکە لە تۆشی داوە، هیوادارم بە خۆت دابچیتەوە دوای کەسانێك مەکەوە لەسەد ئاوی خیانەتیانداوە تا ئێستا بێ ئەوەی تەڕ ببن!

https://www.facebook.com/salam.bakir/posts/١٢٥٦٤١٣٥٢٤٣٨٨٦٨٨?comment_id=١٢٥٧٠٤٠٧٦٧٦٥٩٢٩٧&notif_t=feed_comment_reply

٢٠١٦/٢/٢٩

# *ئەردۆگانیەکان وەك ئەردۆگان قەڵسن بە نەورۆز!

کابرایەکی مێژووچی کە تا سەر ئێسقان خۆیی و فیکر وقەڵەمی خستۆتە خزمەت ئەردۆگان و هەر زیانێك بۆ کورد، هاتوە وتارێکی نوسیوە بە عەرەبی لەسەر نەورۆز هەمان بیانووەکانی مەلا سەلەفیەکان و ئیسلامیەکان بە گشتی دووبارە دەکاتەوە، نازانیت چۆن بڵێت نەورۆز حەڕامە و بیدعەیە، بە ناچاری پەنا دەبەنە بەر بیانووی تر...

کاتی خۆی لە بیرمە ئیسلامیەکان کە بەژداری هیچ ئاهەنگ و گەشتێکیان نەدەکرد، کە کوران وکچان لێیان دەپرسین بۆ بەژداری ناکەن، دەیانگووت چۆن بەو هەموو ئەنفالە و کیمیالێدراوانە بەژداری ئاهەنگ وگەشت بکەین! شەرمیان دەکرد بڵێن ئاهەنگ وگۆرانی وگەشتیش حەڕامە بە تایبەتی ئەگەر کچ وکوڕ تێکەڵاوبوون!

دەڵێت: شەرع هیچ قەدەغەیەکی تێدا نییە بۆ ئاهەنگ گێڕان بە نەورۆز نە لە ئیسلام و نە دینە تەوحیدیەکانی تر، بەڵام لەوانەیە ئاهەنگ گێران بەو شێوەیە خزمەتی ئامانجە باسکراوەکان ناکات، ئەگەر لە دەستپێکی هەلەوە دەستمان پێکرد!"

"نعم ليس هناك في الشرع ما يمنع الاحتفال بمناسبة النورورز لا في الاسلام ولا القيم التوحيدية السماوية الاخرى.ولكن قد يكون الاحتفال بهذه المناسبة بطريقة لا تخدم اهدافها المذكورة اعلاها اذا انطلقنا من بعض المنطلقات الخاطئة":

ئەو پیاوە وادەزانێت کە لەقەبت گەورە بوو، دەتوانی بە کەیفی خۆت قسە بکەیت. نەزانیەکەی بەڵایە، نازانم لە کام شەرعی ئیسلام نەورۆز بە شێوەیەکی زانستی و دۆستانە باسکراوە، شەرع لە کوێ ڕێگای بە نەورۆز داوە!؟

دەستپێکە هەڵەکانی ئەوانەن:

یەکەم: دانانی ئەو بۆنەیە بە جەژنێکی نەتەوەیی تایبەت بە کورد لەسەر بنچینەی مێژوویی هەقیقی بنیات نەنراوە، و هەوڵێکی بێ هودەیە بۆ داهێنانی میسۆلۆۆژیایەك بۆ بیری نەتەوەیی کوردی لەسەر بنچینەی نازانستی.

اولا ان اعتبار هذا المناسبة هو العيد القومي الكوردي الخالص لا تسند على اسس تاريخية حقيقية ومحاولة يائسة لخلق ميثولوجيا للفكر القومي الكوردي على اسس غير علمية .

جارێ هیچ کوردێك نەیگوتوە نەورۆز تەنها جەژنێکی کوردیە، بەڵام کورد دەڵێت وەك چۆن فارس بە جەژنی خۆیان دەزانن ئەوانیش بە جەژنی خۆیان دەزانن، وکورد هیچ میسۆلۆژیایەکی لێ دروست نەکردوە، بەڵکو هەزاران ساڵە کورد ئاهەنگی بۆ دەگێڕێت، وەك مێژوو باسی دەکات، لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسی و ئەیوبیەوە تا دەگاتە عوسمانی. چ ڕێگە دەگرێت گەر کوردە نەتەوەییەکان سودی لێ وەرگرن بۆ بەهێزکردنی گیانی کوردبوون؟! کورد تەنها بەو جەژنە مەگەر کوردایەتی بجوڵێت، ئەی خۆ بە تەما نیت بە جەژنی قوربان گیانی خەباتی بجوڵێت کە ئەویش جەژنێکی هەر کوردی نییە؟!

ئینجا دەڵێت: "فارسە ئێرانیەکاان ئەو بۆنەیە بە ڕۆژێکی قەومی خۆیان دەزانن [بە پێی ئەفسانەی شاهنامەی فردەوسی] کە لەو ڕۆژەدا کاوەی ئاسنگەری فارسی سەرکەوت بەسەر دواهەمین شای میدیەکانی کورد زوحاك. ئەو ئەفاسانەیە ڕاستیە مێژوویەکان پاڵپشتی ناکەن. ئەگەر فارسەکان ئاهەنگی پی دەگێڕن لەبەر ئامانجی نەتەوەیی خۆیان تێناگەم بۆ ڕۆشنبیرە کوردەکان برەو بەو درۆیە دەدەن بۆ فریودانی گەل. گەلی کورد دێرینە شکۆمەنەدی و دیرەگی نەتەوەیی سەروزیادی هەیە، پێویستمان بەو ئەفسانەیە نییە!"

يعتبر الايرانيون الفرس هذه المناسبة يوما قوميا لهم لانهم يعتقدون (وحسب اسطورة الشهنامه التي الفه الكاتب الايراني الفردوسي) في يوم نوروز انتصر كاوة الحداد الفارسي على اخر ملوك الميدين الكورد زوحاك ( ازديهاك). هذه اسطورة لا تدعمه الحقائق التاريخية. واذا كان الفرس يحتفلون بها لاهداف قومية لهم لا افهم لماذا يقوم المثقفون الكورد بترويج هذه الاكذوبة وخداع الشعب. فالشعب الكوردي شعب عريق وله من الامجاد والمقومات القومية الكافية لسنا بحاجة الى هذه الاسطورة الكاذبة.

ئەوەیە ئامانجی هەقیقی لەو وتارە ترسنۆکە و چەواشەکارە، ناوێرێت بڵێت نەورۆز حەرامە و بیدعەیە وەك مەلا عبداللطیفی مەدخەلی، دێت باسی بنچینەی مێژوویی و کوردبونی زوحاك و فارس بوونیکاوە دەکات!

برادەرەکەی فەیسەڵ قاسمی شۆڤێنیش کە ڤایرۆسی سەلەفیەتی داعشیەت لێیداوە، ئەوەی بە ناوی علی سیرینی دەنوسێت، شەو ورۆژ ستایشی ئەردۆگان و فەیسەڵ قاسم دەکات وجوێن بە شەرڤانانی کورد دەدات، ئەویش وەك ئەو ئەردۆگانیە هەر بە عەرەبی دەڵێت: " لە ٢١ ئادار ڕۆژی ئەوەی ناوی دەنێن بە جەژنی نەورۆز تێدەپەڕێت. گەلی کورد لەوانەیە تەنها گەلێك بێت لە جیهان کە ئاهەنگ بەبۆنەی دارمان و دۆڕانی دەگێڕێت...لەو ڕۆژە دوا شای میدیەکان زوحاك لەناوبردرا، کاتێ کۆرشی مەزن، کە دایکی کچی ئەو سایە میدیە زوحاك بوو، توانی کۆدەتا بکات بەسەر باپیری ودەست بگرێت بەسەر مولکی و بنچینەی یەکەم دەوڵەتی ئەخمینی فارسی دامەزرێنیت بۆ یەکەمجار لە مێژوو، لە ساڵی ٥٥٠ ی پێش زاینی"!

ي ٢١ آذار من كل عام تمر ذكرى ما يسمى بعيد النيروز." الشعب الكُردي قد يكون الوحيد في العالم في الإحتفال بسقوطه وهزيمته أمام أعدائه. ما يسمى بعيد النيروز ليس سوى تتويج للفرس وحيازتهم لأول مرة على الحكم.... لكن الغريب هو قصة نيروز. ففي هذا اليوم تم القضاء على آخر ملك ميدي وهو أستياك (يسميه العرب ضحاك) حيث قام كورش الكبير، الذي كانت أمه بنت هذا الملك الميدي، بالإنقلاب على جده (أب أمه) واستولى على ملكه، وبذلك أسس أول بنيان للدولة الأخمينية الفارسية لأول مرة في التاريخ، في عام ٥٥٠ قبل التاريخ.

بە نسبەت ئەو دوو ئەردۆگانیەوە دەڵێم :

ئەوە تەنها بیانوی دینداریە وات لیدەکات ئەو قسە هیچ و بێ بنەمایانەی فیردەوسی لەلایەك بڵێیت ئەفسانەیە و لەلایەکیتر بڵێیت کەوابوو نابێت کورد بە ڕۆژی خۆی بزانێت چونکە شاهنامە دەڵێت جەژنی فارسە! و لە لایەکیتر بڵێیت کورد لە دێرینەوە هەتا لە سەردەمی ئەیوبیەکانیش ئاهەنگیان گێڕاوە بە نەورۆز! لەلایەکیتر بڵێیت کوردە نەتەوەیەکان دەیانەوێت نەورۆز بکەنە میسۆلۆژیا فکری نەتەوەیی! ئەو هەموو هەڤدژیە

تەنها ئاماژە دەکات کە تۆ بە پاڵنەرێکی دینی ئیسلامی سیاسی کە دژی هەموو بۆنەیەکی نا ئیسلامیە دەوەستیتەوە چونکە بەڕای ئێوە ناکۆکە لەگەڵ ئەندێشەکانی سەلەفی ساڵح ! ئەوە کاری مێژوو نوسانە بێن بەرگری لە مێژووی میلەتەکەیان بکەن، نەک مێژووناسان بێن بە عەقڵیەتێکی سەلەفی وشکەوە زۆربەی مێژووی کورد بشەیتانێنن.

ئەگەر کورد لەوەتی هەیە ئاهەنگ بگێڕێت بەو بۆنەیە، کەوابوو ئەگەر کورد بۆچوون و چیرۆکی خۆسی نەنوسیبێتەوە دەربارەی هۆکاری ئاهەنگ گێڕانی بە نەورۆز بەڵام چیرۆکی پشتاو پشتی زۆرمان هەیە دەربارەی نەورۆز، دەکرێت بڵێین مەسەلەی کاوە وزوحاك وکردنەوەی ئاگری ئازادی هەمووی لە بنەڕەتدا داستانێکی یان ئەفسانەیەکی کوردی نە نوسراو بێت وکورد لە بەدبەختی خۆی تۆماری نەکردبێت لەلایەن زانایانی لەوانەیە لەبەر هۆی ئایینیەوە یان لە نەزانییەوە، فارسەکان هەرزوو دەستی خۆیان وەشاند وزۆربەی ئەفسانە وداستانی ئارياییە کۆنەکانیان بۆخۆیان تۆمار کرد وبە هەوەستی خۆشیان دەسکاریان کردوە .

فیردەوسی داستانی شاهنامە دەنوسێت لە جەوێکی ئەفسانەیی، تێیدا بە کەیفی خۆی کەسەکان وڕوداوەکان ئاڵ وگۆڕ دەکات هەتا زوحاکیش بەعەرەب لەقەڵەم دەدات وبەشێوەیەکی ئەفسانەئامێزانەش ئاماژە بە بوونی کورد دەکات، گوایە لەو منداڵە رزگاربوانە لە سەربڕینی زوحاک کورد دروست بوە

]کنون کرد از این تخمه دارد نژاد کز یّباد ناید بدل برش یاد[

[جا کوردەکان لە تۆرەمەی ئەو لاوانەن کە نەیاندەزانی ئاوادانی چیە][٢] دەیەوێت بڵێت کە کورد لە فارسەوە وەپاش کەوتوە پاش هەڵاتنیان بۆ کێوەکان! لە بنەڕەتدا فارسن ولەدەست زوڵمی پاشای عەرەب ڕایان کردوە،

کەوابوو ڕاست ناکەن کە دەڵێن زوحاك پاشای میدی کوردە لە شاهنامە، بەڵکو لە شاهنامە زوحاک بە عەرەب دانراوە!

شاهنامە نەورۆز ناگێرێتەوە بۆ شەری کاوە وفەرەیدون لە دژی زوحاك، یان کودەتای کۆڕوشی مەزن بەسەر ئەستیاگی پاشای میدیەکان، کە سەرلەبەری ئەفسانەیە، بەڵکو بەو جۆرە ئەفسانەیەوە باسی دەکات :

"ئینجا جەمشید هات سەر تەختی فەرمانڕەوایی لە پاش باوكی تەهمورت كە ئەویش وەك ئەو سەركەوتو بوو بەسەر دێو ودرەنجەكانیش وتوانی لەسەر قەروێڵە ڕازاوەكەی بفڕێت بەسەر هەموو مەملەكەتەكانی بە هۆی جنۆكەكانیەوە!! جنۆكەكان لەو رۆژە هەڵیان گرت كاتێ خۆر كەوتە قولـلەی حەملەوە، وزۆر دلخۆش بوو ومەی دەبەخشرایەوە وئەو رۆژە ناونرا بە رۆژی نەورۆز كە بوە عورفێكی پیرۆز لای فارسەكان[٣]" .

شاهنامە لە ڕووی ڕاستیەوە ناكرێت پشتی پێ ببەسترێت زۆر لە رەخنەگران پێیان وایە كە قۆناغی یەكەمی شاهنامە: سەردەمی ئەفسانەییە كەباسی گیومیرت وجەمشید وزوحاك وفەرەیدون وكاوە دەكات، كە ئەو قۆناغە هیچ نرخێكی مێژوویی نییە ورەنگی ئەفسانەیی زاڵە بەسەریدا.

لە كۆتاییدا ئەو بەشەی نوسینێكم لەسەر نەورۆز دووبارە دەكەمەوە :

"ئەو دژە نەورۆزانەی چیرۆكی كاوە وزوحاكیان هێندە بە جدی وەرگرتوە دەڵێی باسی كەسانێكی سەدەی بیست ویەكەم دەكەن، وكاوەی داماو دەكەنە خاین وخۆفرۆش، كە ئەمڕۆ هەزاران كورد ناوی كاوەیە! وزوحاك دەكەنە دوا پاشای میدیەكان [ئەشتیاگ] نازانم بە چ پێودانگێك كە تۆ نەتوانی هیچ مێژویەكی كۆن بە وردی دیاری بكەیت؟! پێم وایە مێژووی نەورۆز دەگەڕێتەوە بۆ زۆر كۆنتر لە مێژووی ڕوخانی دەوڵەتی مادەكان یان دامەزراندنی دەوڵەتی ئەخمینیەكان، نهورۆز كۆنترین داستان یان ئهفسانهی ئارياییە، ئەفسانە بەرهەمێكی گرنگی عەقڵی مرۆڤە بە گشتی. هەرچۆنێكی بێت چیرۆكی كاوە وزوحاك دەبێت لە چوارچێوەی داستانێك یان ئەفسانەیەكی نیشتیمانی بخوێندرێتەوە نەك وەك مێژوویەكی واقیعی، خوێندنەوەی بەو شێوەیە داستانێكی بەسوود دەبێت بۆ پتەوكردنی هەستی ئینتیما بوونی پوكاوەمان.." ئینجا ئەگەر بەدوای ڕاستی وناڕاستی ئەفسانەی نەتەوەیی بگەڕێیت دەبێت گریكەكان هەموو ئەفسانەكانی خۆیان گڕ تێ بەردەن!

**کورد نەورۆزیشی نەمێنێ کە ملیۆنەها کورد دەهێنیتە سەر جادە و کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکان وەك لە باکوور دەیبینین، چی دەمێنێتەوە لەو ئەمجادانەی کە باسی دەکەیت؟! مەگەر ئاهەنگ بە لە دایکبوونی سەلاحەدینی ئەیوبی بکەین، کە لەبەر خراپی عەرەبە هاودینەکانمان، خەڵکێکی زۆر ڕقی لە سەلاحەدینیش بۆتەوە!**

**کەوابوو شانامەش پشتگیری ئەو چەواشەکاریانەتان ناکات، و پاڵنەری دینی سەلەفیانەتانە وا هانتان دەدات لە دژی جەژنێکی کۆنی کورد، ئەوەش ڤایرۆسێکی دینداریە ئەوەی گرتی بەلایەنی کەم پازدە ساڵی دەوێت تا بەریدات یان خراپتر ڕۆ بچێت!**

# *وەڵامێك بۆ وڕێنە تورکیەکانی پیاوێکی میتی ئەردۆگان

## - ١ -

جارێکیان لە وتارێکمدا لەمەر ئەو بەکرێگیراوەی ئەردۆگان گووتم: ئەو ئەردۆگانیە بناسن، عەلی قەرەداغی لەچاو ئەو شێخ سەعیدی پیرانە! بەڕاستیش وا دەرکەوت، ئەوەتا لە کاتێکدا عەلی قەرەداغی بە پایەکی گەورەتر و ناوداریەکی زۆرتر، هێشتا لە ترسی کاردانەوەی شەقامی کوردی، ئەوجارەیان بێدەنگییەکی ترسنۆکانەی هەڵبژارد، هەرچەندە بێ دەنگیش ئەوپەڕی عەیب وعار و هەڵوێستێکی نائەخلاقییە لەکاتی ئەو کارەساتانە، بەڵام هێشتا عەلی قەرەداغی چاکتر دەرچوو لەو بەکرێگیراوەی دەزگای سیخوڕی میتی ئەردۆگانی لە پاڵ دەسەڵاتی بارزانی.

دکتۆر عوسمان عەلی، ناسراو ئیسلامیەن بە ئازاد گەرمیانی، وەك بەکرێگیراوەکانی عەرەبی سوری سوونی لە تورکیا دەژێت، کراوە بە مامۆستای زانکۆش لەبەرامبەر خزمەتە زۆرەکانی بە ئەردۆگانی و تورکی فاشیست. کاری میدیایی ئەو سیخوڕە برەودانە بە تۆمەتەکانی میتی تورکی لە دژی خەباتی کورد و پەکەکە بە تایبەتی، هەر کە ئەردۆگان و تورك دڕندەییەک دەکەن لە دژی کورد، زۆری نابات کەتیبەی جاشقەڵەمە کوردەکانی دەجوڵێنێت لە ئەمسالی ئەو عوسمان عەلی، و قەرەداغی و هەندێ قیاداتی ئیخوان، ئیتر دێنە سەر میدیاکان و زیاتر خوێ بەزامی کورد دادەکەن، بە جۆرێک بەرگری لە ئەردۆگان و تورکی فاشیست دەکەن، کە من دڵنیام لەناو نەتەوەیەکیتر وایان کردبا، هەر خودی جەماوەر لەسەر شەقام هێرشیان دەکردە سەریان ودەمکوتیان دەکردن، نەك بەوپەڕی گێلاتیەوە دەستخۆشی لە وتاری میتی تورك بکەیت بەناوی ئیسلامەتی!

ئەو بەکرێگیراوە لە کۆبانێ هەر وایکرد، لە عەفرینیش هەروای کرد، ئێستاش لەو جینۆسایدەی ئەردۆگان بۆ سەر ڕۆژئاوا هەروا دەکات، تەلەفزیۆنی هیچ وپوچی ئیسلامییەکان نەماوە مێوانداری ئەو جاشەی ئەردۆگان نەکات، لەبەر بێ بەهرەیی خۆیان کەسیان دەست ناکەوێت بە ویژدانەوە دوو قسەیان بۆ بکات، تەنها ئەو نیمچە تورکمانە، کوردی نەزانە، و دەروون تەتریکراوە نەبێت. من بیست ساڵ زیاتر لە نزیکەوە ناسیومە دەزانم نازانێ کوردی بنووسێ، ئیسلامیە ملشۆڕە کوردەکان نووسینەکانی وەردەگێڕن خۆبەخشانە، هەرچەندە خۆی نرخی لە میت وەردەگرێت! ودەزانم ئەو عوسمان عەلییە ڕادی دژایەتی کردنی هەر ئامانج و ئاواتێکی کوردی، لە تورکێک وعەرەبێکی شۆڤێنی زیاترە، هەتا جارێکیان نامەیەکی بۆ ناردم گووتی بۆ ئەردۆگان و عەبدوڵلا گولی دەنێرم ڕات چییە؟ ئەو کاتەش گووتم ئەو نامەیە بە لۆژیکی موستەشارێکی جاشی سەدام نووسراوە! بۆ ماوەیەکیش پەیوەندیمان سارد بوو لەسەر ئەو ڕایەم، دەمزانی ناتوانم هەتا سەر لەو پەیوەندییە بەردەوام بم لەگەل کەسێك تا سەرئێسقان دژی کورد بێت لە پەنا ئیسلامی سیاسییەوە، زۆریش هەوڵمدا ئاگاداری کەمەوە وبیهێنمەوە هۆشی خۆی، کە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە ئیسلامییە خەسێنەری ڕوحی کوردایەتی و ئینسانیەتە لە مرۆڤ، بەڵام دیاربوو بڕیاری خۆی دابوو، ئەهلی فیکر جیایە لە ئەهلی بەرژەوەندی وپارە.

ئەوجارەش لەکاتی ڕوانینە هەڵوێستی هەندێ لەو ئیسلامیانەی کە دەیانناسم، دەگەرام بۆ دیتنی هەڵوێستەکانیان، هەرچەندە لە باوەڕی تەواودام کە ئیسلامی بوون نەك هەر کوردبوونت بەڵکو ئینسانی بوونیشت دەخەسێنێ، دەرکەوت بەشی هەرە زۆریان دنیا شامی شەریفە لایان، بە قەد تویتەرێکی بێگانە گرنگی بەو پرسە تراژیدیایەی ڕۆژئاوا نەداوە! ئەوەشی بایەخی داوە، لە ئیسلامییە ئاساییەکان، تەنها ئەو هەواڵ و لێدوانانەیان گواستۆتەوە کە لە دژی کوردی ڕۆژئاوایە، لە نەوعیەتی بابەتەکانی دەزانیت، بەو وەزعەی بەسەر پەیەدە وپەکەکەی [مولحید وکافر] هاتووە بە دەستی [برا موجاهیدە تورك وعەرەبە ئەردۆگانیەکان] دڵخۆشە.

ئەوانەشی لە ئاستی نووسەر و خوێنەوارەکانیان دایە، زۆربەیان بێ دەنگن هەر خەریکی ورێنە پۆستن، ئەوەشی شتێکی نووسی بێ، وەك ئەو عوسمان عەلییەی نووسیوە. نووسینێك ڕێك گوزارش دەکات لە ڕوانگەی دەزگای سیخوڕی میت، پڕ لە دژایەتی کورد، و تۆمەتبارکردنی کورد لە بری تورك، پڕ لە بەرگری لە ئەردۆگا و تورك! سەدان گەمژە و ئیسلامییە نەخوێندەوارە فاشیستەکانی کوردیش دەستخۆشیان لێکردوە، بە بیانووی ئەوەی وتارەکەی واقیعییە و دوورە لە عاتیفیەت! وەك لە ناونیشانی وتارەکەشی هاتووە: "خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی دوور لە هاوسۆزی بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژئاوا"

هەر لە سەرەتای وتارەکەوە وەك تورکێك و عەرەبێکی شۆڤێنی وەک فەیسەڵ قاسم و وەفیق سامڕایی خۆشحاڵی دەردەبڕێت کە هەموو وڵاتانی زلهێز و هەرێمی بە ناتۆ و نەتەوە یەکگرتووەکانیش دژی کوردن! دەڵێت: "لە ڕۆژی ١٠ مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ نوێنەری هەر یەك لە ئەمریکا و ڕوسیا لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە واشنتون، هێرشەکانی تورکیایان بۆ سەر ڕۆژئاوا سەرزەنشت نەکرد

دوایی دەڵێ هەتا "هەروەها لە هەمان ڕۆژدا وەزیری بەرگری فرانسا و بەریتانیا پەیوەندی تەلەفۆنیان لەگەڵ وەزیری بەرگری تورکیا ئەنجامداوە، ئەم پەیوەندیکردنەی وڵاتانی ناوبراو لە مامەڵەی دبلۆماسی نێودەوڵەتیدا بە شێوەك لە شێوەکان مانای ڕەزامەند بوون دەگەینێت... هەر لەو بارەیەوە سکرتێری گشتی ناتۆ ئەوەی ڕاگەیاند کە ڕێکخراوی ناتۆ زۆر بە گرنگیەوە سەیری ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دەکات، لە لایەکی دیکەوە هەر ئەمڕۆ مایك پۆمپیۆ وەزیرەی دەرەوەی ئەمریکا بەرگری لە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کرد و جموجۆڵەکانی ڕۆژئاوای بە مەترسی سەر تورکیا ناوبرد"

ئەگەر مرۆڤ سیخوڕی میت نەبێ دەزانێ هەموو جیهانی ئازاد بە سیاسییەکان وپەرلەمانتارەکانەوەش لەگەڵ کوردن دژی تورکیای فاشیستی ئیسلامی کەمالین، دەیتوانی ئاماژەیەکیش بەوە بکات، بەڵام حیقدی ئیسلامیەتی سیاسی وەك مریشك دزەکانی بەکریگیراوانی سوری چاوی کوێر کردوە.

ئینجا دەیەوێت خۆی وەك خەمخۆری کورد نیشان بدات وکورد دەتۆقێنێ بەڵکو تەسلیم بن بە ئەردۆگان ودەڵێت: "ئەم هەڵوێستانەی ئەمریکا، ڕوسیا و وڵاتە هەرێمییەکان و ناتۆ زەنگێکی مەترسیدارە بۆ کورد، ڕۆژئاوا پێویستی بە هەڵوێستێکی ژیرانەیە نەوەك هاوسۆزی شۆڕشگێری و جوڵاندنی هەستی جەماوەری بە وتاردان و بەرزکردنەوەی دروشمەکانی پۆپۆلیزمی." باشە با بە هاوسۆزی و پۆپۆلیزمی قسە نەکەین، دەبێت ئەو هەڵوێستە ژیرانەیە چی بێت، تا ئەردۆگانی و تورکی فاشیست لە کورد ڕازی بن؟!

ئینجا مژدەی کەنارخستنی کورد وپەیەدە لێ دەدات، و ڕەخنە لە میدیای کوردی دەگرێت کە "وا نیشان دەدەن کە دواڕۆژی کورد بە چارەنووسی پەکەکە بەستراوەتەوە، ئەم جۆرە لێکدانەوەیە چەواشەکردن و مەترسیدارە" ئەوە خەمی میتی تورکییە، عوسمان عەلی گوزارشی لێدەکات، چونکە ئەو ئیسلامییەکی قین لە دڵ و ئایدیۆلۆژی، خۆشی خستۆتە باوەشی ئەردۆگان و میتی تورکی، لەلای پارتیش خۆی باش گونجاندوە، لەپەنا میت و دەسەڵاتی تۆقیو لە میتی ئەردۆگانیش ڕەشترین ڕقی ئیسلامیزمی خۆی بەناوی لێکۆڵەر و ئەکادیمیەت دەردەبڕێت!

ئینجا لە ئەساسیشدا ئەو قسەیە هەر ڕاست نییە ئەو خۆفرۆشە دەزانێ وانییە و میدیای پارتی بە تەواوی دژی پەکەکەیە، و بە دەگمەنیش قسەی خێر بۆ پەیەدەش ناکات، هەموو خەمی پارتی بەژدارییپێکردنی ئەنەکەسەیە وهیچیتر. ئەو پیاوی میتە سەرەڕای هەڵوێستی ناجوامێرانەی گشتی ئیسلامییەکان لە کارەساتی ڕۆژئاوا، دەیەوێت ئیسلامییەکانیش وانیشان دات کە پێیان وایە چارەنووسی کورد پەیوەستە بە پەکەکە! و دەڵێت: " ئەم بۆچوونە هێندە بەهێزە کاریگەری لەسەر پارتە ئیسلامییەکانیش دروستکردووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕوانگەی فکری پارتە ئیسلامەکان و (پە یە دە / پەکەکە) جیاوازە و پەکەکە ئیسلامییەکان بە نەیاری سەرسەختی خۆیان دەزانن، کەچی ئسلامییەکانی باشوور ئێستا بە لۆژیکی شەقام و پەکەکە بیر دەکەنەوە." دەیەوێت ئەو ژمارە کەمە ئیسلامیەی کە ویژدانی ئەو ستەمەی ئەردۆگانی خوداوەندی ئەویان قبوڵ نەبووە بە بیریان بهێنێتەوە کە ڕوانگەی فکری پارتە ئیسلامەکان و (پە یە دە / پەکەکە)

جیاوازە و پەکەکە ئیسلامییەکان بە نەیاری سەرسەختی خۆیان دەزانن! ئەوە قسەی کوردێکی شەریفە یان تەرەسێکی خۆفرۆشی میت و ئەردۆگانە؟!

ئینجا ئەو کارمەندەی میتە، هیچ لاریەك لە دژایەتی نەخۆشانەی تورک و ئەردۆگانی فاشیست نابینێ و دەیەوێت هەموو تاوانەکەی ئەو پەلاماردانەی ڕۆژئاوا بخاتە ئەستۆی پەکەکە! بۆ گوتنی ئەو چیرۆکەی میت بەسەری زارەکی دەڵێت:" ئێمە بە هیچ جۆرێك ناڵێین بڕیارەکانی حکومەتی تورکیا ڕاستن، دیدار و چاوپێکەوتنەکانی ئەم یەك دوو ڕۆژەی ئۆپەراسیۆنەکەدا زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی ئەوەم ڕاگەیاندووە، بەڵام هەڵوێستە هەڵەکانی پەکەکە لە سوریا تا ڕادەیەکی زۆر ئەم بارودۆخەی لە ڕۆژئاوا دروستکردووە."

## - ٢ -

ئەو پیاوەی ئەردۆگان بە بۆنە وبێ بۆنە باسی هاوڕێیەتی خۆی بۆ داود ئۆغلۆ دەکات کاتێ پێکەوە لە مالیزیا مامۆستا بوون لە زانکۆیەکی ئیسلامی، خۆزگە کەمێك لە داود ئۆغلۆ فێری خۆشەویستی نەتەوەکەت دەبوویت، سوکێکی وەك تۆ چۆن بەراورد دەکرێت بە داود ئۆغلۆ؟! ئەو داود ئۆغلۆیەی سەرەڕای ڕەخنەی توندی لە ئەردۆگان، و دامەزراندنی حزبێکی نوێ، و دژایەت سەختی دەزگا ئەمنیەکانی ئەردۆگان بۆ داود ئۆغلۆ، داخستنی بارەگاکەی، هێشتا پشتگیری ئەو دوژمنکاریەی سوپای فاشیستی تورکی کرد، چونکە ئاکەپە وئیسلامییەکانی تورك تەنها فۆرمێکی دینی کەمالیزمن، هیچ جیاوازیەکیان نییە لەگەڵ پیسترین تورکی تۆڕانی!

دەڵێت: " لە زمانی دکتور ئەحمەد داود ئۆغلوی سەرۆك وەزیرانی پێشووی تورکیام بیست گوتی: بە سالح موسلیمم گوت: ئێمە هیچ لاریمان نیە کە کورد مافە نەتەوەییەکانی خۆی لە سوریایەکی یەکگرتوو دیموکراتی وەربگرێت، بەڵام ئەم دوو مەرجەمان هەیە :

١- ئێوە لە دژی ڕژێمی بەشار ئەسەد یارمەتی سوپای ئازاد بدەن .

٢- پەیوەندیتان لەگەڵ پەکەکە ببڕن."

ئەو پیاوی میتە لە خۆی ناپرسێ، تورك بە دەوی خۆیان دەڵێن لە ئەفریقیاش دژی هەر مافێکی کوردن، وتەبێژی سەرۆکایەتی تۆرکیا ابراهیم کالن ئەوێ ڕۆژێ گووتی هیچ کیانێکی کوردیمان قبوڵ نییە لەهیچ شوێنێکدا، چۆن لە سوریا پشتگیری لە مافی کورد دەکەن؟! دوایێ تورکیا دەخلی چییە بە باری ناوخۆی سوریا، تا فەرمان بە کورد بکەن دژی کێ بن و یارمەتی کێ بدەن؟! ئەو پیاوی میتە دەیەوێ کورد وەك ئەو سوپایە بێ ڕەوشت وتاوانبار ودز و تالانچییە تیرۆریستەی کە بە خوێنی سەری کورد تێنوون، ببنە بەکرێگیراوی تورکیا؟! دەیانەوێ پەیوەندی لەگەڵ ئەو تیرۆرستانە ببەستن ولەگەڵ پەکەکە بیبڕن، ئەوە ئەگەر پەیوەندیان هەبێ؟! ئەوەش قسەی میتی تورکیایە، دەنا ئەگەر

پەیەدە پەیوەندیشی هەبێت بە پەکەکە، زیانی ئەو پەیوەندییە چییە کە ڕۆژێ پەیەدە فیشەکێکی دژی سنوری تورکیا نەتەقاندوە؟! ئەوە هەر تورکیایە سنووری سوریا پێشێل دەکات و هێرش دەکاتە سەر کورد وپەیەدە و بە هەزاران داعشی دەنێرێتە ناو سوریا، عەفرینی داگیرکرد و لە کوردی بەتاڵ کرد، و دەیەوێت تەواوی دیموگرافیەتی کوردی ناوچەکە بگۆڕێت و دوو ملیۆن ئاوارەی عەرەبی سوری دەروون نزم وخۆفرۆش لەوناوچە کوردیانە نیشتەجێ بکات.

ئەو نیمچە تورکمانە شەرمیش ناکات لەلایەك پەیەدە بە بەکرێگیراوی ئەسەد دەزانێت ولەلایەکیتر خۆشی دەلێت: " حکومەتی سوریا ڕەتیکردەوە لەگەڵ پەیەدە دانوستان بکات و لە هەمان هەڵوێستدا بە خائینی ناوبردن." ئەگەر پەیەدە وەک چۆن تۆ بەکرێگیراوی ئەردۆگان وتورکیایت، وا بەکرێگیراوی ئەسەد با، بۆچی حکومەتی سوریا بە خاینیان لە قەڵەم دەدا؟!

پەیەدە چونکە خاوەنی ئیرادەیەکی سەربەخۆ بوون لە ڕژێمی سوریا و تورکیا، بەو شێوەیەش توانیان لەو وێرانەخانەیەی بەسەر شارەکانی سوریا هات، شارە کوردییەکانی لێ بپارێزن.

ئینجا بە هەمان شیوازی پڕوپاگەندەیی میتی تورکی، ڕوحی تایفیەتی سوونی بڵاودەکاتەوە، هەر پەکەکە نا پەیەدەش بە عەلەوی بوون و دژە ئیسلام و مارکسیەتی سەرسەخت و زەردەشتیەت تۆمەتبار دەکات! دەڵێت: " هۆکارێکی دیکەی هەڵوێستەکانی (پەکەکە و پە یە دە) کە وایکردووە دژ بە حکومەتی تورکیا و سوپای ئازادن بن، بۆ کادیرە بەرزەکانییان دەگەڕێتەوە، چونکە بەشێکی زۆریان عەلەوی سوری یاخود لە چەپ و مارکسییە سەر سەختەکانی دژ بە ئیسلامن، لە ئەدەبیانی ناوخۆی پەکەکە زۆر بە زەقی و ڕوون و ئاشکرایی پابەندی خۆیان بۆ زەردەشتییەت وەك جێگرەوەی ئاینی ئیسلام و بزووتنەوەی فێمنستی ڕۆژئاوایی و مارکسیست دەردەخات."

من تێناگەم ئەو پیاوەی میتە تورکیای قەحپەخانە ئاشکراکان، و تورکیای یانەکانی هۆمۆسێکچواڵەکان، وتورکیای فاشیستە تورکەکان و مریشك دزەکانی سوپای ئازاد هێندە موسڵمانن، تا کورد وپەیەدە تۆمەتبار کەیت بەو تۆمەتە دینیانە؟!

ئەو میتە داعشبیرە بە ڕاستەوخۆ پەژارەی حالی داعشیەتی کاتێ دەڵێت: " لە کاتی شەڕەکانی دژ بە داعشی گۆڕ بە گۆڕ، (٣٧٠) چەکداری بیانی کە زۆربەیان مەسیحی توندڕەو بوون و بەشێکیانیش کۆمنیست بوون شان بەشانی (پە یە دە) جەنگیان لە دژی داعش دا دەکرد." وەك بڵێی پێی ناخۆش بێ کەسانێك هەبن لە خۆرئاوا پشتگیری لە کورد بکەن کە هەمووی نابنە ٥٠٠ سەد کەس، بەڵام لای ئاساییە ئەردۆگان دەیان هەزار داعشی کۆکاتەوە لە هەر چوار پارچەی جیهان بۆ شەڕی کورد! درۆشە ئەو شەڕڤانانە هیچیان مەسیحی توندڕەو نین، زۆربەیان لە باوەڕبوونیان بە ترسناکی داعش و لەسەرهەڤبوونی کوردەوە یان وەك چەپڕەوێکی ئینسانی هاتوون، هەموو ناز ونیعمەتی ئەوروپا وئەمریکایان جێهێشتووە بۆ بەرگری لە گەلێکی ستەملێکراوی جوان، کە دەڵێیت خوا بە هەڵە لەناو ئەو دڕندانەی خەڵق کردوە!

دیارە عوسمان عەلی یان ئازاد گەرمیانی میتێکی پلە نزمیشە، بە بەڵگەی ئەوەی کە جارێکیان خۆی پێی گووتم داود ئۆغلۆ و ئەردۆگان داوایان لە نێچیرڤان بارزانی کردبوو بتبینێ ویارمەتی مادیت بدات بۆ کردنەوەی لانەی سیخوڕیەکەت بەناوی سەنتەری توێژینەوەی تورکی و کوردی! بەڵام لەبەر سووکیت نێچیر هەرخۆی نیشان نەدایت، چونکە ئەوان تەنها ڕیز لەو سیخوڕانە دەگرن کە خۆیان دەیانێرنە ناو میت، نەك لە تورکیاوە لەسەریان بسەپینرێ.

تۆ ئەگەر جاشێکی میت نەبیت دەرسێکت لە داگیرکردنی عەفرین وەردەگرت کە ئەو کاتەش پشتگیری داگیرکەری ئەردۆغانت کرد! حالی عەفرینی ژێرداگیرکەری تورکت پێ باشترە لەوەی کاتێ لە ژێر کۆنترۆڵی کورد بوو! تۆ ئەگەر خۆفرۆش نەبیت یەك دەماری کوردیت مابا تەتریك نەکرابا، لە کاتی ڕیفراندۆمەکە ئەردۆگان و تورکیات دەناسی، کە بارزانی وپارتی دۆستی نزیکی ئەردۆگان پێی هەڵسا، نەك پەیەدە و پەکەکە؟!

ئەگەر سیخوڕێکی قەڵەم بەدەست نیت لەو کاتە هەستیارەی هەموو کورد هەژاوە بۆ ڕۆژئاوا، یەک دەنگیەک لەناو کورد دژی تورکی فاشیست دروست بووە، ناچیت هانی بارزانی و ئیسلامیەکانی کورد زیاتر بدەیت لە دژی ڕۆژئاوا کە دەڵێیت: " ئەو سەرۆك بارزانییەی ئێستا کە بە توندی دژ بە هێرشی تورکیا وەستاوەتەوە و وەڵامێکی توندی

ترامپی دایەوە، بە سەرۆك خێڵ و پیاوی تورکیای دەزانن، هەروەها هەموو ئیسلامییەکانی کوردستان بە کۆنەپەرست و دوژمن و ئەردۆگانیست ناو دەبات." ئەخر تەرەس جەنەڕال مەزڵوم کۆبانێ بەخۆی سوپاسی هەڵوێستەکانی بارزانی کرد. یانی تۆ هێندە ڕێز لەبارزانی دەگریت؟! سەدان جار گوێم لێتبووە بارزانیت بە دوژمنی ئیسلام و خاین وخۆفرۆشت لە قەڵەم داوە. لەبیرتە لەنامەکەی بۆ ئەردۆگانت نووسیبوو، کە هێشتا لە کەنەدا بووی، چۆن پلانت پێشنیار دەکرد بۆ ئەردۆگان تا دەسەڵاتی کوردستان یان کوزەی ئێڕاق لەناو ببەن، ئیسلامییە بەکرێگیراوەکانی خۆی بهێنێتە سەر دەسەڵات؟!

لە کۆتاییدا دیسان باسی هەڵەی پەیەدە و پەکەکە دەکات، کە ئێستاش نەمانزانی هەڵەکەیان چی بووە لە سوریا؟! بە ڕوانگەیەکی میتانە دەڵێت: " زۆر مخابن بۆ خوێنی هەزاران لاوی کورد کە بوونە قوربانی سیاسەتە هەڵەکانی پەکەکە و پە یە دە لە لایەك بەرژەوندی و ئەجێندای ئەمریکا، ئێران و سوریا و تورکیا." ئەگەر پەیەدە نەبووایە ئێستا شارەکانی کوردی لە حەلەب و حەما و ئیدلیب وێرانەتر دەبوون، تەنها هەڵەی پەیەدە ئەوبوو کە نەبوونە بەکرێگیراوی تورکیا وەك سوونە مریشکدزەکانی نوسرە وباقی تیرۆرستان.

ئینجا بە پێخۆشبوونەوە باسی خیانەتی ترامپ دەکات لە کورد: " دوای ئەو هەموو قوربانیدانە دۆناڵد ترامپی سەرۆکی ئەمریکا دەڵێت: با کورد نازمان بەسەردا نەکات، ئێمە پارەیەکی زۆرمان بەوان داوە و بەرگرییان لە خاکی خۆیان کردووە. ئەمەش ئەوە دەگەینێت، کە دۆناڵد ترامپ هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای بە بە کرێ گیراو تەماشا کردووە." پەیەدە بە ڕای دوو فەیلەسوفی گەورەی جیهان نعوم چومسکی و سلاڤۆ ژیژك، لەناو ئەو پاشاگەردانیە و گۆرەپانی شەڕەی سوریا، تەنها بژاردەیەکیان لە دەست بوو بێت هاوپەیمانیەتی بووە لەگەڵ ئەمریکا، ئەگەر ترامپ خیانەتی لێکردن، کورد ڕاستە ترامپی دۆڕاند، بەڵام تەواوی شەقامی ئەمریکی بە کۆنگرێسیشەوەی بردەوە، نزیکترین ڕاوێژکارەکانی ترامپیش دژی خیانەتەکەی بوون. ئینجا خەمێکی گەورەیە ڕوسیا و ترامپی ئەمریکا و تورکیا وئێران وسوریا و مریشک دزەکانی ئۆپۆزسیۆنیش دژی کورد بوون، بەڵام ئێمەی کورد زۆر خیانەتی وامان دیووە لەوانە، بەڵام ئەو خەمەی لەوە گەورەتر ئەوەیە،

کەسێکی کەرکوکی داگیرکراو، هەڵگری دکتۆرا لە مێژوو، تلیاکی ئیسلامیزم هێندە بێ یادەوەری کات، نەزانێ کە تورك چییە وچی کردووە دژی کورد بە گشتی، ودژی هەتا سیخوڕە کوردەکانیشی، بێ ویژدانانە سەرەڕای ئاوارەکردنی ٣٠٠ هەزار کەس کوشتنی سەدان مەدەنی بە چەکی فسفۆری قەدەغەکراو، هێشتا ببێتە زوڕنایەکی سووك وڕەخیسی میتی تورکیای ئەردۆگان ...

٢٠١٩/١١/٥

هاوپێچ وێنەی پۆستەکانیەتی کە هەمووی دژی پەیەدە وپەکەکەیە، ئینجا نووسینە کوردیەکەی ببینن کە کوردیش نازانێ...

# *خۆفرۆشی لە چڵەپۆپە دا!

ئەو سەید ئەحمەددەی یەکگرتوو ڕۆژ بە ڕۆژ دەیسەلمێنێت کە چەندە کەسێکی خۆفرۆش و حزبی و ئایدیۆلۆژیە... ببینە چۆن مەدح وسەنای ئەردۆگانی دیکتاتۆری خوێن ڕێژ دەکات، کە بۆتە قەشمەرجاری هەموو دنیا، ماعەدا ئەو خۆفرۆشانە نەبێت، کە بە پاڵنەری ئیسلامیزمی سیاسی پێ دەنینە سەر هەموو کورد[16].

ئەو بە نەیارانی ئەردۆگان دەڵێت ئەگەر کارمان بکەوێتە دەستی ئەوانە سەرمان دەبرن! بەڵام سوڵتانەکەی تۆ، هەی لە شێخ عەبدوللەتیف مێبازتر، و خاوەنی فەزیحەیەکی گەورەتر، هەر ئێستا کورد لە باکوور و ڕۆژئاوا دەکوژێت و سەردەبڕێت!

دیارە هێشتا هەواڵت نییە؟! ئاگاداری ئەو هەموو کوشتارەی خواکەت ئەردۆگان نیت؟! ئەو هەموو ژن و منداڵ و پیرە ئاگادار نیت، چۆنیان دەکوژێت ئەو ئەردۆگانە تەرەسە، هەی لەو بێ ویژدانتر و نامرۆڤتر؟!

باشە تورکێك ئاساییە ئیسلامی بێت و دڵی بەو ڕەفاهیەتە خۆش بێت کە ئەردۆگان بۆی فەراهەم کردوە، هەرچەندە درۆشە، ئێستا تورکیا لە پاشەکشەیەکی گەورەی ئابووری دایە، بەڵام بابڵێین ڕاستە ئەردۆگان تورکیای کردۆتە بەهەشت. ئەی بە تۆی کورد چی، و بۆ دڵت هێندە پێی خۆشە؟! بەوەی مافی بە میللەتەکەتی داوە، ئەوانیش لە خێروبێردا نوقم بوون یان بە هۆی کوشتارەکانی لە کورد؟!

یان بەوەی ئەردۆگان بە پێی واقیع و ویکلیکس هەموو نەوتی کوردستانی باشوور بە هاوبەشی دزەکانی کوردستان بەتاڵان دەبات، و هەتا دڵی بە مووچەی کەمی ئەو میللەتەش ناسوتێت؟! ئەگەر بۆ کوردی باکووریش مێشێکت مێوان نییە، کەمەك ئەمەکی کوردانی باشوورت هەبێت کە دەیان مەلای بێ کەڵکی وەك تۆ لەسەروگوێلاکی بە

[16] لینکی ڤیدیۆکە: https://www.youtube.com/watch?v=NlH٦ftVNYSM

مفتەخۆری دەژین! قوڕ بەسەر کورد کە ملی دەکەوێتە دەست خۆفرۆشانێکی وەك ئێوە، کە ئامادەن هەموو کورد شاباشی پێڵاوی ئەردۆگان بکەن.

ساویلکەییت لەوە دەردەکەوێت کە هێندە باوەڕت بەو سیناریۆیە سەخیفەی کودەتا کردبێت، کە ئێستا هەموو جیهان گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی، کە تەنها سیناریۆیەك بوو، بۆ لێدانی دیموکراتیەت و هێزە نەیارەکانی لە تورکیا! ئێستا باسی سەفەوی و مەجوسی شیعە دەکەیت، ئەی کە ئەندام پەرلەمان بوویت، لە حکومەتە مەجوسیە سەفەوییەکە بۆ هەتا هاتیەوەش کەس گوێی لە موداخەلەیەکت نەبوو؟! بێگومان لەبەر خاتری ئەو هەموو ملیۆنە مفتە بوو، کە وەك مووچەی پەرلەمانتار وەرت دەگرت، یان ئازان وەک چەندین مەلای تر، لە بەغدا نەعامە و ترسنۆك بن، لەگەڵ شیعە باسی تەقریب بکەن، کە گەڕانەوە هەولێریش ببنە شێری مەیدان، وەك شوشکەیی و کەسانی تریش؟!

ئەخر پاش ویکلیکسیش ئێستا هیچ گومانێك نەماوە لەوەی کە ئەردۆگان خاوەنی داعشە و بەڕێوەبەریانە، تۆ باسی مەترسی داعش دەکەیت بۆسەر ئەردۆگان؟!

بۆ ناڵێیت ئێستا ئەوەی نەیارانی ئەردۆگان دەکوژێت داعشی ئەردۆگانن؟!

قوڕ بەسەر ئەو میللەتەی کە مەلای خۆفرۆشی وەك تۆی هەیە، کە هەزاران قوربانی میللەتەکەی فەرامۆش دەکات، بۆ ستایشی دیکتاتۆرێکی خوێنڕێژی میللەتەکەی! لەبەر تۆ و ئەمسالی تۆیە، شەپۆلی لادینیەت بەڕێوەیە، چونکە ئێوەی پیاوانی دینی لە دزێوی و دژە میللەتی زیاتر هیچتان نییە پێشکەشی لاوانی گەلەکەمان کەن.

٢٠١٦/٧/١٦

## * قەرەداغی وسەید ئەحمەد لێدوانی بێویژدانانە!

لە باری ڕەخنەوە، ئێمەش ڕەخنەمان هەیە لە هەندێ شتی پەکەکە و پەیەدە، بەڵام بۆ ئەوەی چاکی بکەن نەک بۆ ئەوەی دڵخۆش بین بە دەستدرێژی ئەردۆگانی خوێنڕێژ بۆ سەر براکانمان.
ئەوە لۆژیکی خۆفرۆشییە ئەو مەلایە سیاسیە قسەی پێ دەکات، وەک مەلایەکی تورکی تۆڕانی ئیسلامی قسە دەکات، فێری کوردی بوو بێت!
سوێند بەخوا وەزیریش بام لەگەڵ سەید ئەحمەد و علی قەرەداغی لە کابینەیەک، ئیستیقالەم دەدا ئەگەر دەرنەکرابان. شەرمە لەگەڵ ئەوانە لە شوێنێک بیت!
داوا دەکەم دڵسۆزانی یەکگرتوو هیچیتر ڕێگا بەو تورکچیاتیە خۆفرۆشییەی سەید ئەحمەد و عەلی قەرەداغی نەدەن!
بەڕاستی شورەییە کەسانێک پاش قسەکانی عەلە قەتەری وسەید ئەحمەدی زمانلووس، هێشتا لەبەر جووتبوونی دەماری حزبی بەرگریان لێدەکەن!!
ئەو برادەرانە یان وادەزانن ئێمە تێناگەین لە کوردی و عەرەبی، یانیش خۆیان لە گێلی دەدەن و تێناگەن !
عەلە قەتەری بە ئاشکرا جاڕی دوژمنایەتی خۆی بۆ پەیەدە و پەکەکە دەدات وداوا دەکات سوپای بێ ڕەوشتی ئەردۆگان مولحید وبێ باوەڕەکان لەناو بەرن، کە مەبەستی پەیەدە و پەکەکەیە !

ودەڵێت: من لەگەڵ یەکێتی ئومەتی ئیسلامم و دژی بیری ئیلحادی و تیرۆرستیم لە هەر نەتەوەیەک بێت!

**" :أنا مع وحدة الأمة الإسلامية، وضد الأفكار الإلحادية والإرهابية، من أي قوم كانت."**

**ئەوە ئەگەر تورکیا دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی با و شەریعەتی جێبەجێ کردبا، خۆ عەلە قەتەری و سەید دەسباز فەتوای قەتڵوعامی کوردانیان بە ڕاشکاوی دەردەکرد!**

**وەک بڵێی تورکیا دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامییە، سەدان هەزار مەلها و نایت کڵەب و یانەی ڕووتی سەر دەریا و گەورەترین پایتەختی هۆمۆسیکچواڵیتی نییە؟!!**
**عەلە نازانێ دوور نییە ئەو پارەیەی لە تورکیا وەریدەگرێ و ئەو نانەی لەوێ دەیخوا ڕەنجی دامێنی سۆزانیەکانی ئەستاتبۆڵ و قەرەکۆی و ئەنقەرە بێت!**

**ئەوانەی بەرگری لەو دوو ڕوو ڕەشە دەکەن، دەسەلمێنن تەنها کەسانێکی حزبین وبەس، ئیرادەی ئەوەیان نییە بە هەڵە بڵێن هەڵە و بە ڕاست بڵێن ڕاست.**

**٢٠١٨/١/٢٩**

# *بەرگری لە ئەردۆگان فیتی جاشزادەیە!

ئێستا دەزانم ئەو منداڵ وتاڵانەی ئیسلامی لە کێ فێربوون پێغەمبەر وئیسلام بەراوردکەن بە هیتلەر و ستالین! زۆرجار کە باسی ڕوداوێکی مێژوویی ئیسلام دەکەیت، کە تیایدا ژمارەیەکی زۆر کوژراون بە دەستی موسڵمانان، دەڵێن ئەی بۆ باسی هیتلەر وستالین و ماوتسی تۆنگ و کێ وکێ ناکەن چەند ملیۆن کەسیان کوشتووە!
یانی پێیان ئاساییە بەراوردی پێغەمبەرێکی ئاسمانی بکەن بە دیکتاتۆرێکی ئەرزی! بۆیە شتێکی نامۆ نییە مەلای ئیخوانی عەیار ٢١ سەید ئەحمەد دەڵێت بۆ باسی ئەو عەلمانیانەی پێش ئەردۆگان ناکەن چیان لە کورد کردوە! باشە مەلایەکی ئایدیۆلۆژیستی وەک تۆ ئەوانەی پێش ئەردۆگانت پێ موسڵمانە؟! دڵنیام وەڵامت نەخێرە وخیلافی ئەوە بڵێی بەڵێ نیفاقی ئیسلامی سیاسی دەکەیت.
دوایی کێ بێ دەنگ بووە لەوانەی پێش ئەردۆگانت، تا باسکردنی ئەردۆگان فیتی حەڕامزادە بێت؟! ئەوانەی پێش ئەردۆگان زۆر ئاسانتر و ڕوونتر دوژمنی کورد دەردەکەوتن، چونکە کەسانێکی کەمالیستی تۆرانی نەژاد پەرستی تورک بوون و بچوکترین حیسابیشیان بۆ دینی هاوبەشی کورد و تورک نەدەکرد، بۆیە لەو سەردەمانەی حوکمی ئەوانە هەزاران ئیخوانی دڵڕەشی وەک تۆ وقەرەداغی و گەرمیانی وبازیانی لەژێر پەردەی دین فریویان پێیان نەدەخوارد، وەک ئێستا ڕۆژانە فریو دەخۆن بە ئەردۆگان و بە هەموو شێوەیەک خەڵک چەواشە دەکەن بە فیتی جاشزادەتان.
سەرۆکەکان لە تڕامپ وبۆتین و ماکرۆن و هەموو جیهان شاهێدی نەخۆشی ڕقی تورکی ئەردۆگانن لە دژی کورد، هەموویان لەبەر قەبارەی ڕقی ئەو نامرۆڤە گاڵتەیان بەو حالەتە نەخۆشیەی دێت، پیاوێک ئامادەیە هەموو تەنازولێک بکات بۆ لێدانی کورد، بە لێدانی کوردی تورکیا بەس ناکات، دەپەڕێتەوە هەموو بەشەکانیتری کوردستان بۆ لێدانیان، هێشتا دەڵێی ئەو خەڵکە لە خۆڕایی لە ئەردۆگان دەترسێن؟!!! دەشڵێیت تۆ پەیوەندیت

بە تورکیا وکەس نییە؟! بەخوا جاشە قورەچێیەکانی تورکیا بەقەد تۆ پیاو وخزمەتکاری ئەردۆگان نییە.

نازانم ئەو دینەتان بۆ وا بە خواریش وەرگرتووە، لە سیرەدا هاتووە کاتێ پێغەمبەر غەنیمە و دەسکەوتی شەڕ لە شەڕەکانی حنین دەداتە قورەیش ودڵنەرمبووەکان وهیچی ناداتە ئەنسار، ئەنسارڕ تووڕە دەبن وبە ناعەدالەتی دەزانن سەعدی کوڕی عیبادە ئەو هەڵوێستەی تورەیی ئەنسارڕ بە پێغەمبەر ڕادەگەینێ، وپێغەمبەر دەڵێ ئەی تۆ هەڵوێستت چییە وەک سەرداری ئەنسارڕ؟! دەڵێ منیش یەکێکم لەوان!!!

یانی ڕووبەڕوو بە پێغەمبەری گووت منیش وەک ئەوان تورەم لێت لەبەر ئەو دابەشکردنەی غەنیمەت بەسەر کافر و موسڵمانی قورەیش وبێ بەشکردنی ئەنسارڕ لێی!

ئەوە سەحابییە بەرامبەر پێغەمبەر هەڵوێستی نواندوە بۆ ماڵی دنیا و غەنیمەت، ئەردۆگان خەریکە کورد قەلاچۆ دەکات، هێشتا هێندە نامەردن ناوێرن بچوکترین هەڵوێستان هەبێت بەرامبەر تورکێکی شۆڤێنی بێ ڕەوشت ودڕندە تەنها لەبەر ئەوەی ئیخوانی جیهانی لێی ڕازییە!

دەک داوەشێن بۆخۆتان و دینداری سیاسیشتان، سەیرم بە یەک دوو قیاداتی یەکگرتوو وئیخوان دێ، کە ڕۆژانە کوردایەتی دەفرۆشنەوە، بەڵام بەرامبەر کەسانی وەک سەید ئەحمەد وعلی قەرەداغی نقەیان نایێ، نە بە لێدوانێ، نە بە ڕەخنەیێ، ئەوە باسی دەستکێشانەوە لەو حزبە هەر مەکە، چونکە زۆر لەوە ترسنۆکترن بیری لێبکەنەوە! ئەوانە دەبوایە لەو هەڵوێستە ڕەخنەییەی سەعدی کوڕی عیبادە لە خودی پێغەمبەر، کە هێندە پیرۆزە لە ئیسلامدا لە خوا زیاتر ناوی دێت، وا بوێری فێرببان هەزاری وەک ئەردۆگانیان بەپێڵاوێک بزانیبا، بەڵام هەڵوێستی بەرز لە مرۆڤانێکی بەرز وباڵا دەوەشێتەوە!

# *مەلا مەزهەری جاشی ئەردۆگانی دەیسەلمێنێ هەموو ئیسلامێك سیاسییە!

ئەو مەلایە دەم هەراشە، بێ کۆنترۆڵە، کۆمێدییە تا حەدی قەشمەرجاری، گوایە کەسێکی عیرفانی و دوورە لە ئیسلامی سیاسی، خۆی لە ژێر پەردەی شێخ و مەشایخ و تەسەوف شاردۆتەوە! کاتێ دەڕوانیتە ڕەخنە سادە وساویلکەکانی لە عەلمانیەت بەو خەستییەی تووندڕەوترین ئیسلامی، کاتێ گوزارش لە هەموو توراسی ئیسلامی دەکات لە سوکایەتیەکانی بە ئافرەت، کاتێ دەیبینی وەک ئیخوانییەک تەسبیحات دەکات بە دیداری ئەردۆگان، کاتێ دەبینیت هەتا پۆستی سووکترین ئیخوانی ئەردۆگان شێر دەکات لەسەر فتح المبینی ئایاسۆفیا، کاتێ وەک ئیسلامییە بێ هەستەکانی کورد دەبینیت دەماری کوردبوونی خەسێنراوە، ئەو هەموو کوشتار و دوژمنایەتیەی ئەردۆگان لە دژی کوردان نابینێ !

کاتێ وێرانکردنی هەزاران ماڵی کورد نابینێ، بەڵام ئاوەدانکردنەوەی کەنیسەیەکی مێژوویی بۆ مزگەوت لە نومایشێکی سیاسی دەبینێت، ئەو کاتە دەگەیتە ئەو قەناعەتەی، کە من زۆر هەوڵ دەدەم پێی نەگەم، ئەویش ئەوەیە هەموو جۆرە ئیسلامێک وڕەوتێکی ئیسلامی گوزارش دەکات لە ئیسلامی سیاسی!

وەک کاتی خۆی مەلا عەلی عبدالعزیزی ڕابەری بزوتنەوەی ئیسلامی دەیگووت: ئەوەی یەک ڕکەعات نوێژ بکات بزوتنەوەیە!

ئەو مەلا مەزهەرە جاشەی ئەردۆگان، زۆر لە حزبەکانی ئیسلامی سیاسی، سیاسیترە، ئەگەر ئەوان ناوێرن هەموو قسەیەک بکەن دژی عەلمانیەت ودیموکراتیەت، مەلا مەزهەر بەناوی سەربەخۆیی دەیکات! ئەگەر حزبە ئیسلامییەکان ناوێرن وا بە ئاشکرا جاشایەتی نیشان بدەن بۆ ئەردۆگان، مەلا مەزهەر بە هێزێ سەت جاش وات، جاشایەتی نیشانی ئەردۆگان دەدات لە مێژەوە!

ئەگەر حزبە ئیسلامییەکان ناوێرن ستایشی تیرۆرستان و پشتگیری کەرانی داعش بکەن، بەڵام مەلا مەزهەر لە چەندین بۆنەدا شیعر وشانامە بەسەر کرێکاردا دەخوێنێتەوە!
ئەگەر مەلا مەزهەر ئیسلامێکی ناسیاسی بێت، ئەوە من لەمەودوا دڵنیام کە هەموو ئیسلامی بوونێک سیاسییە!

# *بۆمبا دەنگییەکانی ئەبوبەکر هەڵەدنی!

من زۆر دەمێکە دەم نادەم لێرە و لەوێ، لێدوانی نایەکگرتووانەی، بۆمبئاسای، پڕ لە هەستی کوردایەتی و نەتەوەیی لە ئەبوبەکر هەڵەدنی دەبیستم. نایشارمەوە لە سەرەتادا دڵم پێی خۆش دەبوو، دەمگووت ئەو مرۆڤە حزبییە توانیویەتی لەناو قەفەسی بیرکردنەوەی حزب دەرچێت، ئەوەش سەرەتایەکە یان کۆتایی دێت بە فشارکردن لەسەر هەڵوێستە دژە بەرژەوەندییەکانی کورد ی حزب، یانیش کۆتایی دێت بە دەرچوونی ئەبوبەکر هەڵەدنی و ئەوانەشی لەناو یەکگرتوو وەک ئەو دژی ئەو خۆفرۆشیەی سەرانی یەکگرتوو وئیخوانن بە تورکیا.

ڕۆژ هات و ڕۆژ تێپەڕی، ساڵ هات وساڵ تێپەڕی ئەبوبەکر دەمنادەم بەڵکو ئێستا بۆتە ڕۆژانە بۆمبی کوردایەتی دەتەقاندەوە، لە بۆنەی جیاواز و مەوسمی بەرژەوەندی حزبی و هەڵبژاردن، تا هێندەی کێشا، زانیم من لە چاوەڕوانی گۆدۆ دام، قەت نایەت وقەت هیچ جگە لە قسە ولێداون ڕوو نادات.

لەمەودوا کە هەر بۆمبێکی نوێی کوردایەتی دەتەقاندەوە، زۆر بە گومان و بێ بایەخ لێیم دەڕوانی، زگیشم بەو خەڵکە دەسووتاوە کە تەپڵی ستایش وپیاهەڵدانیان بۆی لێدەدا، کە ئەوەش ئامانجی سەرەکی ئەبوبەکر هەڵەدنییە!

چەند کۆمێنتێکم لێرە ولەوێ لەسەر ئەو لێدوانە کوردانەیەی هەڵەدنی نووسی، بەڵام سەرەڕای هەر شتێک، نەمویست بابەتێکی سەربەخۆ لەسەر ئەو بۆمبایانەی بنووسم و گووتم لێیگەڕێ بەڵکو ڕۆژێ ئەو لێدوانانە ببنە هەڵوێست!

بەڵام ئەوەی سەیر بوو ڕۆژێ لە مانگی هەشتی ساڵی ڕابردوو، ئەبوبەکر هەڵەدنی ئادێکی بۆ ناردم، منیش بە خۆشحاڵیەوە وەرمگرت، گووتم باش بوو بە خۆت هاتی، سەرەتا زۆر بە نەرمی کۆمێنتم لەسەر هەندێ بابەتی دا، ئەویش چەند جارێک بە حەزەرەوە کۆمێنتی بۆ دەنووسیم، ڕۆژێکیان بۆمبێکی پڕ لە تیشکی کوردایەتی تەقاندەوە.

زۆر بەڕێزەوە بۆیم نووسی کاک ئەبوبەکر من دەمێکە ئاگاداری ئەو لێدوانە کوردیانەی تۆ و زۆرێک لە یەکگرتووە ئاساییەکانم، بەڵام تەنها قسە ولێدوانە، هیچ ڕۆژێ ئەو لێدوانانە نەبۆتە هۆی وەرگرتنی هەڵوێستێک لە هەڵوێستە دژە کوردەکانی سەرانی یەکگرتووی وەک عەلی قەرەداغی و سەلاحەدین و سەید ئەحمەد. تۆ چۆن دەتوانی وابیرکەیتەوە ولەناو حزبێکی واش درێژە بە ژیانی سیاسیت بدەیت؟! من بمکەنە سەرۆک وەزیرانیش ناتوانم لەناو ئەو حزبە بمێنم بۆ ڕۆژێکیش! وەڵامی نەدایەوە!

جارێکیتریش بۆیم نووسی:

"ناکرێ لە ئاوازیک بخوینیت، حزبە کە شت لە ئاوازیکی پیچەوانە، قیاداتی یەکگرتوو هەلویستی وا خراپیان نیشان داوە بەشی دە ئیستیقالە دانت دە کات"

لە وەڵامدا گووتی:

"بە ریزان کاک فە همی کاک موحە مە د هە ریری لە نوان ئە وهی مروف لە ناو حزب دا بوون، پانتاییە ک لە ئازادی هە یە،،والە حزبایە تی گە یشتووم کە لە سیانزە سالیە وە ممارسە ی دە کە م".

منیش گووتم: ئەگەر تۆ و هاوهەڵوێستانت نەتوانن فشار بکەن و هەڵوێستی حزب بگۆڕن، دەبێ ئێوە جیابنەوە و ئیستیقالە بدەن! نەک لەبەر ئەندام پەرلەمانی ومووچە بەردەوام بن لەگەڵیان، خۆ من وابیرم کردبایەوە ئێستا بەلایەنی کەم لە بەغدا ئەندام پەرلەمان بووم نەک بە کرێکاری نانم پەیدا بکەم!

پاش کەمێک زۆر بە توندی وەڵامی دامەوە، کە ئەو لەبەر مووچە و وەزیفە لەناو یەکگرتوو نییە، دەتوانێ خۆی دەنگی پێویست بهێنێ وچەندین قسەی تر. ئەوەی زۆر سەیر بوو ستایشێکی زۆر عەلی قەرەداغی کرد، و بە منی گووت تۆ لەو ئاستە نیت ڕەخنە لە پیاوێکی وا گەورە بگریت، هێندە خزمەتی بە هەژار و کێ وکێ کردوە! بەداخەوە دەقی وەڵامەکانیم نەدۆزیەوە، خۆشی لەوەدەچێ سڕیبێتیەوە! لەبیرمە گووتم من یەک هەڵوێستی خۆم بە هەزارەها خۆفرۆشی وەک قەرەداغی ناگۆڕمەوە، تۆش باشبوو پەردەکەت لادا لەسەر خۆت!

یانی هەمان قسەی یەکگرتووە ئاساییەکان، کە پێیانوایە ئەو خێرات وگۆشت دابەشکردنەی دەزگاکانی ئیخوانی عەلی قەرەداغی پاکانەی هەموو هەڵوێستە خیانەتکارەکانیەتی!

دوا بۆمبیشی دژی دەولەت بەخچەلی تەقاندەوە، کە گووتی نەخشەی کوردستان لە ژێر پێمانە!

هەڵەدنی بابڵێین جارانی پێشوو لێدوانەکانی بێ کاردانەوەی حزبی بوو، بۆیە هەڵوێستی نەبوو، بەڵام خۆ ئێستا حزب بە ڕەسمی دەڵێ ئەبوبەکر هەڵەدنی گوزارش لە هەڵوێستی یەکگرتوو ناکات؟ !

هەڵوێستی چاوەڕوانکراوی هەر کەسێ ڕێز لە لێدوانەکانی خۆی بگرێت، تەنها بۆمبی هەوایی میدیایی نەبێت، دەبێ دەست لە یەکگرتوو بکێشێتەوە، کرێکاری بکات بەو هەڵوێستەوە ئاسودەتر وباشترە لەوەی ئەندام پەرلەمانی بکات بۆ حزبێکی وا دژ بە میللەتەکەی و بێ هەڵوێست بەرامبەر هەمەجیەتی تورک وئەردۆگان.

٢٠٢١/٣/١٣

# *ئەبوبەکریکی تریش دیاردەیەکی دەنگەوەر!
# ئەو شینە بۆ ئەردۆگانە نەك کورد!

کاک ئەبوبەکر عەلی لەو بابەتە دەیەوێت بڵێ کە ئەو لە خەمخۆری بۆ کورد داوا لە هەدەپە دەکات کە هیچیتر تا کۆتایی پشتگیری لە جەهەپە نەکەن، چونکە جەهەپە کەمالیستن و هەمیشە دوژمنی دۆزی کورد بوون، کورد لە هیچ کاتێک بە قەد سەردەمی ئەردۆگان و ئاک پارتی ماف ودیموکراتیەتی بۆ دەستەبەر نەبووە!
بۆیە دەبێت هەمیشە بەردەوام بن لە پشتگیری ئەردۆگان، چونکە لیس في الامکان احسن مما کان! لەوەی هەیە چاتر نابێت !
من پێم سەیرە کە جەریئترین ژمارە لەناو یەکگرتوو وا ئیسلامیانە بیربکاتەوە لە جیاتی ڕەخنەیەکی توووند لە خیانەتی ئەردۆگان بگرێ بە دۆزی کورد، کە کورد بوون لە قۆناغی فریوخواردن بە ئەردۆگان، پێگەی ئەردۆگانیان پتەو کرد، دوایی گەورەترین زەبری لە کورد دا، ولە جیاتی کورد چووە هاوپەیمانیەوە لەگەڵ مەهەپەی گورگە بۆرەی ڕەگەزپەرست، هێشتا کاک ئەبوبەکر کاروانی داوای بەردەوامبوون لە فریوخواردن لە کورد بکات.!!!
کورد هێندە لە ئەردۆگان پەستە وهێندە ڕوخساری دزێوی وحیقدی ڕەشی بەرامبەر کورد ئاشکرا بووە، هەتا ئامادەنەبوون بە قسەی ئۆجەلانیش بکەن لە هەڵبژاردنی دووبارەی ئەستەنبۆڵ، هەرچەندە من دڵنیا نیم لەوەی ئۆجەلان ئەو لێدوانانەی دابێت لە بەرژەوەندی ئەردوگان و حزبەکەی!
منیش دەزانم جەهەپەی کۆن لە ئەردۆگانیش خراپتر بوونبەرامبەر کورد، هەتا ئیمام ئۆغلۆ سوپاسی دەمیرتاشیشی نەکرد لە سەرکەوتنەکەی، بەڵام ئەگەر جەهەپە هیچ گۆڕانێک بە سەر وتاری سیاسی نەهێنێ، لە حالەتێکدا یەکسان بوون لەگەڵ ئەردۆگان لە خراپیدا، یان بابڵێین خراپتریش بوون، هەر لە بەرژەوەندی کورد دایە هێزێکی شۆڤێنستی

نەتەوەپەرست بیچەوسێنێتەوە، تا هێزێکی ئیسلامی شۆڤێنێستی هاوپەیمان لەگەڵ شۆڤێنیترین حزبی تورکی، کە حزبەکەی دەوڵەت باخچەلییە !

ئەگەر کورد لەلایەن ئەو تورکەی جەهەپە ستەمیان لێبکرێت، هەرنەبێ ملیۆنەها عەرەب و پاکستانی وهیندی و مالیزی و موسڵمانی تورکی چین و ئەندەنووسی و سۆماڵی و وڵاتی واق واق پشتگیری لە ئەردۆگان ناکەن لە ستەمەکەی وەک ئێستا دەیکەن؟! تا ئێستا دەیان جار لەگەڵ ئەو موسڵمانە بێ مێشکانە تووشی دەمەقاڵێ بووم، تورک توانیویانە مێشکی زۆربەیان بشۆردنەوە، ئێمەی کورد نەک هەر بە ستەملێکراو نابینن، بەڵکو بە ستەمکار و دوژمنی حوکمی ئیسلامی ئەردۆگانمان دەبینن، چونکە ئێمە کافر و عەلمانی وبەکرێگیراوی سەلیبیەت وزایۆنیزمی جیهانین!!!

خۆزگە خەمەکە هەر لەگەڵ موسڵمانانی غەیرە کورد با، ئەمڕۆ سەدان هەزار کوردی ئیسلامی بەوپەڕی بێ هەستیەوە، وەک موسڵمانانی سۆماڵ و پاکستان و تورکستانی چین وکێوکوێ، پشتگیری لە ستەمی ئەردۆگان دەکەن لە دژی کورد، سەرەڕای ئەوەی ئاگادارن بە هەموو ورد و درشتی ستەمەکانی ئەردۆگان لە کوشتن وبڕین و ڕووخان و وێران!

ئەگەر جەهەپەش حوکم بکات دڵنیام، لە هەموو کوردستان دە کەسی خۆبەخشی وەک کاک ئەبوبەکر کاروانی نادۆزینەوە، بەو دڵسۆزیەوەی بەرگری لە ئەردۆگان و ڕژێمەکەی دەکات، بەرگری لە جەهەپە بکەن!

بۆیە کورد نابێ دڵ لە دڵ بدات لە ئەنجامدانی هەر کارێک ببێتە هۆی نەمانی هەژموونی ئەردۆگان و ئیسلامی سیاسی لە تورکیا چونکە ڕەهەندی گۆڕەپانی جەنگەکە تا بچووک بێتەوە چاکترە بۆ کورد.

# *ئیسلامی و مەترسی سەر ناسنامەی کوردی! مستەفا موسلم و ساڵح موسلم!

ئیسلام تەنها دەتوانێ کەسایەتی فەرهەنگی و شارستانی عەرەب بپارێزێت. دینێک هەموو کتێب وسەرچاوە ودەقەکانی عەرەبی بێت، هەتا پاش مردنیش لە مەحشەر و بەهەشت بە عەرەبی بشتەغلی واتە قسە بکەیت بە کورمانجی، چۆن نابێتە پارێزەری عەرەب و عروبەت؟!

ئەو دینەیە زیاتر لە ٢٠ دەوڵەتی تەعریب کردوە، دەیەها گەلانی گەورەی خاوەن مێژووی وەک شام ومیسر و باکووری ئەفریقیای کردۆتە عەرەب بێ ئەوەی ڕۆژێکیش عەرەب بووبن!

لەبەر ئەو وەلائە عەرەبیەی لەو دینە دایە، ئەوانەی موسڵمانی ساویلکە وسافیلکەی وەک کوردن، هەر زوو لە قوڵایی ناخیان هیچ بایەخێکیان نامێنێ بۆ دۆزی نەتەوەکەیان، لەبەر دروشمی برایەتی ئیسلامی و نەبوونی فەرق وجیاوازی و ئەو شتانە!

ئەوانەشی موسڵمانیەتی بە وریاییەکی نەتەوەییەوە دەکەن وەک تورک و فارسەکان سەرەڕای وشیاریشیان هەر دەکەونە ژێر کاریگەری عروبەتی دینی، بێ ئەوەی هەست پێبکەن خزمەتی عروبەت دەکەن لە چەند لایەنێکەوە بەناوی دین. بڕوانە تورکیای ئەردۆگان و ئێرانی شۆڕشی خومەینی ئیسلامی چ بایەخێک بە زمانی عەرەبی دەدەن و چۆن سەدان هەزار سەرلەنوێ بە شەوقەوە خۆیان فێری عەرەبی دەکەنەوە، چۆن لەگەڵ ئەو پرۆسێسە دەیان وسەدان بیر و چەمکی عەرەبی بڵاودەبێتەوە بەناو کۆمەڵگاکانیان!

بەڵام تورک وفارس هێشتا ناگەنە ئەو ڕادەیەی وەک کورد، مەترسی لە دەستدانی ناسنامەی نەتەوەییان لێ بکرێت لەبەرامبەر خودی ئیسلامیش، چونکە توانیتیان چەند سنورێکی توند بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان دابنێن. ئەوەی لە ژێر مەترسییە کوردی

موسڵمانی ئیسلامییە، کە نەک بۆ عەرەب و عروبەت هەڵدەخەڵەتێ، بەڵکو بۆ تورک وفارسیش بەناوی ئیسلام ئامادەی فریو خواردنە!

زۆر لە تورکە ئیسلامییەکان لەبەرزترین ئاستەوە سوکایەتی بە سەلاحەدین ئەیوبی دەکەن، چونکە میرنشین ودەوڵەتۆچکە تورکەکانی نورەدین زەنکی تورکی شامی ڕوخاند، و یەک دەوڵەتی بەهێزی یەکگرتووی ئیسلامی لێ دروست کرد، بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسی خاچپەرەستەکان. سەرەڕای ئەو کارە مەزنەی کە دەبێت ئەوەی یەک گەرد باوەڕی بە ئیسلام هەبێت پێی دڵخۆش بێت، بەڵام تورکەکان پێی دڵخۆش نین کوردێک سەرکردایەتی سیاسی و عەسکەری لە تورکێک وەرگرێت با لە پێناو خواش بێت!
ئەوان حەزیان بە چارەی سەلاحەدینیش نییە، بەو هەموو کاریزما مێژووییە ئیسلامیەوە، بەو هەموو سەرسامی موسڵمانانی جیهان پێیەوە، چونکە کورد بوو، کەچی ئیسلامی کورد فریو دەخوات بە ئیسلامیبوونی ئەردۆگانێک، کە هەموو جیهان دەزانێ نەخۆشی کوردۆفۆبیای هەیە، بەو بێ هەموو کورد لەناو ببات بە دۆست و دوژمن و کۆیلەکانیشیەوە، وەک جۆن بۆڵتۆن لە کتێبە نوێیەکەی دەڵێت: پێموایە کوردی چاک لای ئەردۆگان تەنها کوردێکی مردوە !

ئەردۆگانێک ئێستا سەرچۆپی ئەو هەوڵانە دەکات لەگەڵ ئێران وعێراق بۆ لەناوبردنی قەوارەیەکی لاوازی ملشۆڕی ژێر ئەمرو فەرمانی خۆی، کە قەوارەی هەرێمی کوردستانە!
ئەگەر موسڵمانی سادەی تورک وفارس فریو نەخۆن بە ناوی ئیسلام زیان بە خۆیان بگەینن، کەچی کورد لەسەر ئاستی نوخبەی دینداری و دەیان دکتۆر و زانای دینی وەک عەلی قەرەداغی و عوسمان عەلی و مستەفا موسلم، دەیان خاوەن دکتۆرای دینیتر خۆبەخشانە خزمەتی دوژمنێکی گەورەی کورد ئەردۆگان دەکەن لە ژێر ناوی دین!

گوێبگرە بۆ ڤیدیۆی هاوپێچی مصطفی مسلم، کە دەیان بڕوانامەی هێناوەتەوە لە زانستە ئیسلامیەکان و دکتۆرای لە زانکۆی ئەزهەری ئیسلامی هێناوەتەوە، یەکێکە لە ناودارترین

زانای تەفسیری قورئان و دەیان کتێب و سیمناری دینی هەیە، هێمایەکی گەورەی ئیخوانە، لە جیاتی ئەو زانستە دینیەی ببێتە چەکێک بۆ کورد وناسینی هەقیقەتی ئەرددۆگان، بە پێچەوانەوە داوا لە هەموو کوردی جیهان دەکات پشتگیری ئەردۆگان بکەن، چونکە سەرۆکێکی موئمن و بسڵمانە، و کورد دەبێ مەمنون بێت کە ئێستا دەتوانێ بڵێ کوردم و یەک دوو سەعات تەلەفزیۆنی کوردی هەیە، چونکە پێش ٢٠ ساڵ نەیدەتوانی بڵێ کوردیشم!

ئەو خۆفرۆشە ئێستا لە تورکیا سەرۆکی زانکۆی زەهرای ئیسلامییە، بۆتە زوڕنایەکی دەوڵەتی تورک و پڕۆژەی ئیخوانی ئەردۆگانی، هەر لەپاش داگیرکردنی عەفرین بە تەکلیفی دەزگای دیانەتی تورکی سەردانی عەفرینی داگیرکراوی کرد، تیایدا وەک مورتەزیقەکانی سوپای ئازاد و تورک کە بە کورد دەڵێن کافر و مولحید، وەک قەرەداغی گووتی: خەڵکی عەفرین هەڵەن ٥٠ ساڵە خزمەتی بیری کۆمەنستی دەکەن، دەبێ ڕێگای ئێمەی زانایانی موسڵمان بدەن تا ڕێگایان نیشان دەین و بیانگەڕێینەوە سەر ڕێگای هیدایەت! لە لێدوانیتر دەڵێ پەیەدە نوێنەرایەتی دە لە سەتا کوردیش ناکەن، خاوەن بیرێکی شەڕانگێز و خراپن !

هیدایەتی مستەفا موسلیم بەوە دەستی پێکرد، گروپێکی تیرۆرستی چەکدار بەناوی بزوتنەوەی سەلاحەدینی کوردی، چڵکاوخۆری تورکیای لە سێپتەمبەری ٢٠١٨ دروست بوو، کە وێنەی مستەفا موسلیم هەڵدەگرن!

من پێمباشترە سەد ساڵ کۆمەنست و مولحید بم لەگەڵ کورد وبەرژەوەندی کوردستان بم، نەک موسڵمان و ئیخوان بم بۆ ساتێک دژی کورد و کوردستان بم.

ماویەتی بڵێین ئەو زڕتە زەلامە زلە بەو بیرە دژە کوردەوە، بەداخەوە برای سەرکردەیەکی خەباتگێڕ و گەورەی پەیەدە، ساڵح موسلیمە.

چی ساڵح موسلیمی کردە خزمەتکاری میللەتەکەی، وچی مستەفا موسلمی کردە خزمەتکاری تورک و ئەردۆگان؟!

٢٠٢٠/٧/١

## *بازیانی: ئەردۆگانەکەی کورد لە نوسخە سەلەفیەکەیدا

ماوەیەکە ئەوەی ناوی خۆی ناوە دکتۆر بازیانی، ئەردۆگانیە سەلەفیەکە، کە دکتۆرایەکی موزەیەفی لە دوکانێکی شیعی عیراقی وەرگرتوە بە ناوی الجامعة الاسلامیة العالمیة کە بارەگاکەیان لە لەندەنە کاتی خۆی جارێك سەردانم کردن، ولە یەکەم دیتنمدا زانیم چەند دکتۆرێکی فاشیل وبێ مستەوای شیعەی عێراق کۆبوونەتەوە بەس خەریکی دکتۆرا و ماستەر بەخشینەوەن بەسەر تایفەکەیان، وسەدان وهەزاران دکتۆرای تەپوتۆزیان دروستکردوە، لەسەر شێوازی کۆمەنستەکانی سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت، کە بەردەوام دکتۆرایان دەبەخشیەوە بۆ کۆمەنستەکانی وڵاتانی عەرەبی وئیسلامی بۆ بەهێزکردنی پایەی کۆمەڵایەتی و ئەکادیمیان لە ناو کۆمەڵگاکانیاندا، تا لەو ڕێگاوە کۆمۆنیزم بڵاوببێتەوە.

چونکە دەزانن گەلانی ساویلکەی جیهانی ئیسلام وعەرەب چەندە لاوازن بەرامبەر ئەو نازناوانە جا با هیچ ناواخنێکیشی نەبێت. هەر بۆیەش ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامدا لەشکرێك لە خاوەن دکتۆرای بێ ئەرزش بونەتە ماڵ بەسەر کۆمەڵگاکان وکۆی کایەکانی ئەکادیمی وسیاسی وکۆمەڵایەتیشیان گەندەڵ کردوە، گرنگ ئەوەیە پێت بڵێن دکتۆر، جا لە مۆزەمبیق هێناوتە یان لە سێبریا یان بە موراسەلە یان ئۆن لاین یان کڕیوتە لە مافیاکانی فرۆشتنی بڕوانامە، گرنگ نیە وەك عەرەب دەڵێت: الامارة ولو علی الحجارة! ئەمێرێتی با لەسەر بەردیش بێت!!

چەند ساڵێکە بازیانی بە کۆمەڵێك ئیدیعایەوە گوایە کتێبەکانی لە زانکۆکانی سعودیە مەنهەجە، کە ئەوە ڕاست نیە وڕاستیش بێت، زیاتر ئیدانەیە بۆ خودی سەلەفیزمی بازیانی نەك ستایشی ئەو بێت. لە هەموو ئیدیعاکانی گاڵتەجارتر خۆلێچواندنیەتی بە ئەردۆگان، وموژدە دەدات بە لە دایکبوونی ئەردۆگانێکی کوردی لە خودی شەخسی خۆیدا!

بەڕاستی نوکتەیەکی بێتام وبۆیە، من لە یەکەم ساتی زانینم بەو هەوڵە نەزۆکانە خەریك بوو توشی گەشکەبم لە پای ئەو ئیدیعایە. من لە بیرمە کاتی خۆی کە تەکلیفی نوسینی لێدەکردم بۆ گۆڤاری الهدی، چەندین وتارم بۆ گۆڤارەکە نووسی خۆی لەو پەڕی میانڕەوی نیشان دەدا، پاش ڕاوەستانی گۆڤارەکەی، چەند بابەتێکم بڵاوکردەوە لە ڕەخنەی فیکری سەلەفیدا، کە زۆرێك لە مەشرەب سەلەفیەکانی تورە کردبوو.

لە سەردانێکمدا بۆ کوردستان، بازیانی هاتە سەردانم هێندە تورەبوونی خۆی دەربڕی دەربارەی ڕەخنەکانم لە سەلەفیەت وبەتایبەتی لە ئیبن تەیمیە، هەتا توشی سەرسوڕمانی کردم کە ئەو ماسکە سەلەفیەی نیشانی دام، هەربۆیە من لە ناسینم بۆ ئەو کەسە دەزانم چ گاڵتەجاریەکە کەسێکی سەلەفی لەناخەوە تا سەرئێسقان خۆی بە ئەردۆگان بشوبهێنێت! کێشەکە لەوەدایە خۆ کۆڵیش نادەن ئەو جۆرە کەسانە، پاش ئەو فەشەلە گەورەیەی هێنای لە هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستانی ٢٠١٣ ، چاوەڕوان دەکرا جارێکی تر باسی سیاسەت نەکات، بەو هەموو سەرقاڵیەوەی بە چەندین خێزان ومنداڵێکی زۆرەوە، خەریکی ماڵ وحاڵی خۆی بێت، بەڵام چونکە ماوەیەك وەزیر بوە وخانەنشینی چاکی دەستکەوتوە، دەزانێت سیاسەت ئەگەر گرتی لە هەموویان ئاسانترە بۆ ژیان، بۆیە هەڵپەی سیاسەت و تەشکیلی جەماعەت وحزبیەتی، بەڵکو یەکێك لەو هەوڵانە سەردەگرێت.

بازیانی ئەردۆگانەکەی کورد، دەبوایە بەلایەنی کەم ژیانی ئەردۆگانی خوێندبایەوە تا بزانێت ئەردۆگان لە چ کێشمەکێشێك بوە لەگەڵ سەلەفیە توندڕەوەکانی ناو حزبەکەی ئەربەکان ودواتریش ناو ئاک پارتی، کە توندترین توندڕەوانیان ناگەنە ئاستی ئەوەی بەرگری لە ابن تیمیە بکەن یان دەستخۆشی لە عەقیدێکی گەندەڵی خانەنشینکراوی وەك سەرباز محەمەدی سەلەفی بکەیت لە هێرشکردنی بۆ سەر عەقڵیەتێکی بلیمەتی وەك دکتۆر عەدنان ئیبراهیم.

کە بێگومان گەورەترین عەقڵیەتی نوێخوازی ئیسلامیە لەو سەردەمەدا، دەیانی وەك سەرباز بە شاگردیشی ناشێن، کەچی هاتوە ئۆخەی دڵانێکی نوسیوە بە پێخواسی بەناو بیروڕا جوان ودەگمەنەکانی دکتۆر عدنان دەکەوێت، بازیانیش یان ئەردۆگانەکەی کورد لە نوسخە سەلەفیەکەیدا لە ژێر هەواڵی بە خۆرایی بڵاوکردنەوەی ئەڵقەکانی ئۆخەی دڵان وەك هەر سەلەفیەکی نەیار بە عەقڵ و بە ئازادی وبە نوێخوازی دەنووسێت: " پیرۆزە خوا گەورە بیکاتە زەخیرەی قیامەت"

یانی ڕەتدانەوەی وتە وبیروڕایە جوان و ئاشتیخواز و نوێخوازەکانی د.عدنان کە تەنها دەیەوێت ئیسلام وموسڵمانان دووربن لە تەکفیر و تیرۆر و کوشتنی خەڵك و شەڕی تایفی و دزێوکردنی ئیسلام و دوور خستنەوەی شوبهات وگومان لە پێغەمبەر و زاتی خوا، لەلایەن کەسێکی بێ مستەوای کۆنەپەرستی دەقپەرستی وەك سەرباز سەلەفی، لای دختۆر بازیانی کارێکی هێندە گەورە و پیرۆزە ودوعای بۆ دەکات کە خوای گەورە بیکاتە زەخیرەی قیامەت!!! دەبێت ئەردۆگانی تورکی کە لە وڵاتێکدا حوکم دەکات تا سەر ئێسقان کراوەیە بەڕووی دیموکراسیەت ومەدەنیەت وئازادیەکان ڕەئی چۆن بێت دەربارەی د. عدنان، بڵێی ئاگاداری ڕای ئەردۆگانەکەی کورد لە نوسخە سەلەفیەکەیدا بیت؟! تۆ بڵێی ئەگەر پێی بزانێت، لە ڕقی بازیانی واز لە ناوی ئەردۆگانیش نەهێنێت، کە بە زۆر خۆی بەو هەڵواسیوە؟!

٢٠١٤/٦/٨

# *چیرۆکی ئەو پەنجا لاپەڕەی ئەحمەد داود ئۆغلۆ لە ماستەرنامەکەی بازیانی وەریگرتبوو؟

لە چاوپێکەوتنێکدا کە فرێندێکی فەیسبوکم کاک رزگار رەزا چوچانی لەگەڵیدا کردوە لە ژێر ناونیشانی : [د. محەمەد بازیانی: لەکاتی شەڕی یەکێتی و بزووتنەوە ئەربەکان بە تاڵەبانی گوت بزووتنەوەی ئیسلامی بێکەس نییە] لە ٢٠١٤/٠٢/٢٤ بڵاوکراوەتەوە لە گۆڤاری سڤیل.

باسی ئەو هەموو خۆهەڵکێشانەی ناکەم کە زۆربەی شایەدەکانی مردوون، چونکە خەڵکێك مردووە هەزار ڕیوایاتیان بە دەمی دروست کردوە، بۆیە شایەتدانی مردوو هیچ ئیعتبارێکی نەبووە و نیە.

بەڵام ئەوەی کە کاک ڕزگاری توشی جۆرێك لە سەرسوڕمان کردوە ئەوەیە کە بازیانی کێرقی خۆهەڵکێشانی هێندە بەرزبۆتەوە ئیدیعای ئەوەی دەکات کە بیرمەندێک و وەزیرێکی چالاکی دەرەوەی تورکیا هاتووە گەڕاوە بەناو ئەرشیفی کوردیدا وبەدوای بابەتەکانی بازیانی تا ماستەرنامە چاپ نەکراوەکەی کە من لە چەندین نووسەرم پرسی هەر ناویشیان نەدەزانی، داود ئۆغڵو بە بلیمەتی خۆی گەیشتە ئەو گەنجینەیە فیکریەی بازیانی و پەنجا لاپەڕی لەو ماستەرنامە وەرگرتوە کە ئەوەش بەڕاستی وەك بازیانی دەڵێت درۆیەکی مەحظە!

کاک رزگار رەزا چوچانی لە هایلاتی چاوپێکەوتنەکە ئەو ڕستەیەی هایلایت کردوە:
زیاتر لە ٥٠ لاپەڕەی کتێبەکەی داود ئۆغلۆ لەسەر کورد زۆری هزری بەندەیە!!!
لە پێشەکی چاوپێکەوتنەکەش هەمان شت دووپات دەکاتەوە و دەڵێت:

**"د. محمەد بازیانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامی، باس لەپەیوەندی نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی و نەجمەدین ئەربەکان و پادشای سعودیە دەکات، هەروەها باس لەوە دەکات کە لەسەردەمی شەڕی یەکێتی لەگەڵ بزووتنەوەدا نەجمەدین ئەربەکان پەیامێکی بۆ تاڵەبانی ناردووەو پێی گوتوە کە "بزووتنەوە بێ کەس نییەو شەڕکردن لەگەڵیان شەڕکردنە لەگەڵ ئێمە". هەروەها باس لەوەش دەکات کە بەشێك لەکتێبە بەناوبانگەکەی ئۆغلۆ بیرۆکەی ئەوە."**

**لەناوەوە پرسیارەکەی لێدەکات لەسەر پەیوەندی دادوگەشەپێدان، لە وەڵامەکەیدا خۆی دەکاتە ئەندازیاری ئەو چاکسازیەی لە هەڵوێستی تورکیا ڕویداوە دەرهەق بە دۆزی کورد، بزانە لە خۆگۆڕان مرۆڤ بەرەو چ هەڵدێرێك دەبات، دەڵێت:**

**"د. محەمەد بازیانی: دادو گەشە ئەمڕۆ لەگەڵ هەموو لایەنەکانی کوردستان، پارتی، یەکێتی، یەکگرتووی ئیسلامی، تەنانەت لەگەڵ لایەنە عیراقیە جوداکان پەیوەندی باشی هەیە. پەیوەندی ئەوان ئیستا سیاسی و ئابووری یە زیاتر، ئێمەش بە حوکمی ئەو پەیوەندییە پێشینییەی ساڵەکانی ١٩٩٢ و پاشتر پەیوەندی عەلاقەیەکی برایانەمان هەیە، کە لە بەرژەوەندی هەردوو لا تەواو بووە، وەك ئەو کرانەوەیەی کە دەرهەق هەرێمی کوردستان هەیە لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەختەوەرم کە لەو ڕێگایەوە خزمەتی باشم بە کۆمەڵگەی کوردستانی کردبێت، ئەم پەیوەندی و کرانەوەی ئیستا دەیبینم بەدووری نازانم هەندێك لە بیرو هزرەکانی بەندەی تێدایە، وەك ئەوەی لە "العمق الاستراتیجی لترکیا"ی دکتۆر ئەحمەد داود ئۆغلو، بەئاشکرا زیاتر لە ٥٠ لاپەڕەی لەسەر کرانەوە بەرەو کوردستان نوسیوە، زۆری هزری بەندەیە.**

دیمانەکارەکە پرسیاری لێدەکاتەوە دیارە بە عەقڵی دانەچوە:
سڤیل: لەوەی کە داود ئۆغلۆ سودی لەهزرەکانی تۆ بینیوە. لەنوسینەوەی ستراتیژییەکەی بەئاراستەی کوردستان، پرسی بەبەڕێزتان کردووە؟، یان تەنها وەکو سەرچاوە وەریگرتووە؟
"د. محەمەدبازیانی: بەڕێز دکتۆر داود ئۆغڵو سوودی بینیوە لەنوسینەکانی بەندە لەڕۆژنامە وگۆڤارەکان و تەنانەت ماستەرنامەکەم، هەروەها لەڕێگای ئەو ئەندام پەرلەمان و ئەندامانەی حیزبی دادو گەشە، کە دۆستی ئێمەن و پرسیاریان لێکردوینە چی بکەین، تاکو پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێم چاك بێت و بەسوود و قازانجی هەردوولا تەواو بێت، بەندەش وەك دڵسۆزییەك بۆ گەل و نیشتمانەکەم و کرانەوەیەك، هەرچی بە باشم زانیبێت، پێم گوتونە، زۆر جاریش لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەواندا یەك نەبووە، بەڵام پاشان وتویانە قسەی بەڕێزتان و دیدتان چاکتر و واقیعی تر بووە. تەنانەت پێم ووتونە ئەگەر کورد ببێتە دەوڵەتیش، کە مافی خۆیەتی، دەبێت ئیوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن."

یانی ئەحمەد داود ئۆغڵۆ بەرلە نوسینی کتێبەکەیدا بەدوای گۆڤاڕ وڕۆژنامەکان گەڕاوە کە بابەتی بەندەی گەندەی تێدا بووە تا خوا و ڕاستان ماستەرنامەکەی بازیانی یان نیشان داوە، وپەنجا لاپەڕەی سافی وعافی لە هزری بازیانی وەرگرتوە وخزاندویەتە ناو کتێبەکەی : العمق الاستراتیجي: موقع ترکیا ودورها في الساحة الدولیة!

ئەو داود ئۆغلۆیەی کە بە ئەندازیاری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا دەناسرێت، دەیان کتێبی بە تورکی و ئینگلیزی هەیە، جگە لە سەدان وتاری ئەکادیمی لە گۆڤارە بەناوبانگەکانی جیهانی، سەرەرای ئەوەش تورکیا چەندین قات لە تێکرای وڵاتانی عەرەبی بە کوردستانیشەوە کتێب بەرهەم دەهێنێت، فەقیرەی هیچی دەست نەکەوتوە لە ماستەرنامەکەی بازیانی نەبێت؟!!

ماستەرنامەش ساڵی ٢٠٠٤ وەرگیراوە لە هەمان ئەو دووکانە شیعیەی کە ناویان ناوە زانکۆ، لە هەمووشی سەیرتر، کتێبەکەی داود ئۆغلۆ یەکەم چاپی تورکی لە ساڵی ٢٠٠١ دوو هەزار و یەك دەرچوە، وەك لە پێشەکی کتێبە عەرەبیە وەرگێڕاوەکەدا هاتوە! یانی هێشتا بازیانی ماستەرەکەشی وەرنەگرتوە، ئەی چۆن سوودی لێ وەرگرتوە؟! لەوانەیە بەوە سەری لێشێوابێت کە چاپە عەرەبیەکە لە ساڵی ٢٠١٠ دەرجوە!

سەرەڕای ئەو فەقیرحاڵیەش بازیانی بەمن دەڵێت حەسوودی پێدەبەم و چاوم پێی هەڵنایەت!! ئەخر حەسودی بە چ ببەم بە فەشەلی هەڵبژاردنت، یان بە بلیمەتیت، یان بەو فشە بێ سەروبەرانەت؟! بەخوای عەرەب ڕاستی گوتوە کە دەڵێن: انت في موقف لا تحسد عليه! ئێوە لە هەڵوێستێکدان ئێرەییتان پێ نابردرێت.

٢٠١٤/٦/١١

سەرچاوەی چاوپێکەوتنەکە:

&http://gasha.co/Detail.aspx?id=١٧٠٨
LinkID=١#sthash.GC٦L٩٥Me.Cw٢XznXo.dpbs
کتێبەکەی داود ئۆغلۆ، لاپەڕە ١١
http://www.islamstory.com/uploads/multimedia/books/ketab٠٦٥٣.pdf

# وێنە و دۆکیومێنتەکان



Muhammad Salh
4 februari om 20:39 ·

خوایە گیان گەر تورک و داعش و ئێران و عەرەب بە ڕۆژێک
هەموو کوردی سوریاو
کوردی تورکیاو کوردی ئێران و هەموو پێشمەرگە و عەلمانییەکانی
کورد لەناو بەرن سوێند بەناوە پیرۆزەکانت
تەنها بۆ یەک خولەک خەفەتی لێ نەخۆم



4G .ıl 83% 6:18 am
ڕەوەندی کورد لە بیرمینگهام

ڕەوەندی کورد لە بیرمینگهام
25 Jul at 1:51 pm ·

مێژوو خۆی دوبارە ئەکاتەوە !

پێش هەرەس پێهێنانی خەلافەتی عوسمانی، پارێزگاری ئەستەنبوڵ کورد بوو بەڵام خیانەتی لە خەلیفە کردوو ئەستەنبوڵی ڕادەستی ئەتاتورکەکان کرد، ( زۆر جیاواز نیە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی تورکیا و بەتایبەت شاری ئەستەنبوڵ کە کورد دژی ئەردۆغان دەنگیاندا بە ئەتاتورکیەکان )

بەڵێ کە کوردەکانی ئەستەنبوڵ خیانەتیان لەخەلیفە ئەوشارەیان ڕادەستی ئەتاتورک کرد بەمەش خەلیفە هیچی بە دەستەوە نەما چونکە ئەو کاتە لەهەموو لایەکەوە تەنگیان بە خەلیفە هەڵچنیبوو لەکاتێکدا خەلیفە لە ئەستەنبوڵ دائەنیشت ئەتاتورکیش لە ئەنقەرە.

ئەوکات چەند سەرکردەیەکی عەلمانی کورد کە دەستیان لەگەڵ ئەتاتورکدا تێکەڵ کردبوو دژی خەلیفەی عوسمانی وەستابونەوە لەوانە: حەسەن خەیری و برنجی زادە بڕیاریان دابوو کە دژی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بوەستنەوە چونکە ئەتاتورک بەڵێنی پێدابوون لەناو دەوڵەتی تورکیادا کورد مافی هەبێ،

Write a comment...
GIF


Dr. Ali Al Qaradaghi (د. علي القره داغي)
20 h
حقيقة تاريخية
اشترى السلطان محمد الفاتح جامع #آيا_صوفيا بماله الخاص من البطاركة ثم أوقفه
فتحويله لجامع هو عودة لأصله الذي أوقِف من أجله
4.7K
280 comments • 887 shares
Like
Comment
Share


Aliqaradaghi د. عەلی قەرەداغی
3 hrs
زانای ئاینیی خواناس بە زانست و بە کردەوە، بۆی نیەو ناتوانێت ستەم پەسەند بکات ئیتر لە هەر لایەنێکەوە بێت، چونکە ستەمکردن بە حەتمی تاریکایی و شەوەزەنگە، لەناوچوون و فەوتانە، سوتێنگەو سوتێنەرە، خوای باڵادەست لەناوچوونی گەلانی وابەستەکردووە بە ستەمکردن و ملهوڕییەوە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ هَلْ يُهْلَكُ إِلَّا الْقَوْمُ الظَّالِمُونَ﴾ واتە: بە حەتمی کە خەڵکانی ستەمکار لەناودەچن، پێغەمبەری (د.خ) دەفەرموێ: (( خۆتان بپارێزن لە نزاو دۆعای ستەملێکراو ، چونکە هیچ بەربەستێك نیە لە نێوان ئەو و پەروەردگاریدا)).


Othman Ali
18 Oct at 9:01 pm
https://orient-news.net/ar/news_show/173055/0/%D8%A8%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%AB%D8%A7%D8%A6%D9%82-%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%B4%D9%81-%D8%B9%D9%86-%D8%B3%D8%B1-%D9%85%D8%B3%D8%A7%D8%B1%D8%B9%D8%A9-%D9%82%D8%B3%D8%AF-%D9%84%D9%84%D8%AA%D9%81%D8%A7%D9%87%D9%85-%D9%85%D8%B9-%D9%86%D8%B8%D8%A7%D9%85-%D8%A3%D8%B3%D8%AF-%D8%B4%D8%B1%D9%82-%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%B... See more
ORIENT-NEWS.NET
بالوثائق.. الكشف عن سر مسارعة قسد للتفاهم مع نظام أسد شرق الف...
بالوثائق.. الكشف عن سر مسارعة قسد للتفاهم مع نظام أسد شرق الفرات (فيديو)

**Othman Ali**
11 Oct at 8:40 am •

https://www.aljazeera.net/news/politics/2019/10/11/%D8%AF%D9%85%D8%B4%D9%82-%D8%AA%D9%87%D8%A7%D8%AC%D9%85-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%83%D8%B1%D8%A7%D8%AF-%D9%88%D8%AA%D8%AA%D9%87%D9%85%D9%87%D9%85-%D8%A8%D8%A7%D8%B1%D8%AA%D9%83%D8%A7%D8%A8-%D8%AC%D8%B1%D8%A7%D8%A6%D9%85



AL JAZEERA CHANNEL - قناة الجزيرة
"خونة ولن نتحاور معهم".. دمشق تهاجم الأكراد وتتهمهم بارتكاب جرائم

**Othman Ali**
11 Oct at 9:13 pm •

خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی دوور لە هاوسۆزی بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژئاوا

لە ڕۆژی 10 مانگی ئۆکتۆبەری 2019 نوێنەری هەر یەك لە ئەمریکا و ڕوسیا لە کۆ... See more



619 152 comments • 62 shares

Like Share

بەڵام شەری براکوژی وبرێنی موچەی خەڵکی وبردنی داهات
وسامانی میللەت کارێکی قێزەونە دەبێ سەرکونەی بکەین
ئەبێ بەڕەش بڵێین ڕەش شپیش بەسپی بناسێنین
خۆزگا هەمومان ئەوەندەی گەلی تورک نیشتمانی خۆمان
خۆش دەویست ئەوەندەی ئۆردووگانیش میللەت ونیشتمانی
خۆمان بەخێودەکرد وخزمەت دەکرد
سلاو لەڕۆحی ئەو بەدبەختانەی کەلەشەری ناخۆدا تیاچون
ئەوانەشی لەداخی نادادی خۆیان خنکاندوو خۆیان کوشت
نەفرەت لەخراپە ڕەحمەت لە کردەوەی چاکە
ئیترسوپاس
براتان دکتۆرمەزهەرخۆراسانی



ئەوانیش فیری خزمەتکردنی گەل ونەتەوەو وڵات
ونیشتمانی خۆیان ببن هیچ نەبت
ئیترسوپاس
براتان دکتۆرمەزهەرخۆراسانی





Mala Mazhar Xorasani - مەلا مەزهەر خۆراسانی

1 d ·

لەدوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی ئەتاتورک و دوبارە کردنەوەی #ئەیا_سۆفیا، #ئەردۆگان تەلەفۆن بۆ قوتابیانی نور ئەکا و مژدەکەیان بە شەخسی پێ ئەدا. هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە کردنەوەی ئەیاسۆفیا یەکێ لە سێ خەونەکەی بەدیعولزەمان سەعیدی نورسی بو. نورسی سێ خەونی هەبوو، یەکەم بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی لەلایەن دیانەتی تورکیاوە -کە ئەوە هەر لە سەردەمی ئەردۆگان هاتە دی- دوەم دروستکردنی زانکۆی ئەلزاهرا و سێیەمیش کردنەوەی ئەیاسۆفیا بە مزگەوت

یەکێ لە قوتابییەکانی دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێکیان لە ئاوی بۆسفرسدا بوون، نورسی بە چاوەکانی لە ئەیاسۆفیای دەڕوانی. کە لێی دەپرسن هۆکاری ئەو نیگایەی چیە، دەڵێ ڕۆژێ دێ ئەیاسۆفیا دەکرێتەوە و سەردەمێکی تازە بۆ موسوڵمانان دەست پێدەکات

ئاوێنە



ئایا لە بەرژەوەندی کوردە تا سەر هەدەپە پشتیوانی لەجەهەپە بکات؟

ئەبوبەکر عەلی

334 2019-07-01

دیدێکی ستراتیژیی ئایندەخواز

ڕاستی و زانیارییەکان پێمان دەڵێن دەنگی کورد لە دیاریکردنی سەرۆکی شارەوانی نوێی ئەستەمبوڵدا یەکلاکەرەوە بوو، زۆرینەی کوردەکان و هەدەپەش بەلای کاندیدی جەهەپە ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ دا دایانشکاندو یەڵدرمیان بە دۆڕاندن داو


Mala Mazhar Xorasani - مەلا مەزهەر خۆراسانی

1 d ·

لەدوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی ئەتاتورک و دوبارە کردنەوەی #ئەیا_سۆفیا، #ئەردۆگان تەلەفۆن بۆ قوتابیانی نور ئەکا و مژدەکەیان بە شەخسی پێ ئەدا. هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە کردنەوەی ئەیاسۆفیا یەکێ لە سێ خەونەکەی بەدیعولزەمان سەعیدی نورسی بو. نورسی سێ خەونی هەبوو، یەکەم بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی لەلایەن دیانەتی تورکیاوە -کە ئەوە هەر لە سەردەمی ئەردۆگان هاتە دی- دوەم دروستکردنی زانکۆی ئەلزاهرا و سێیەمیش کردنەوەی ئەیاسۆفیا بە مزگەوت

یەکێ لە قوتابییەکانی دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێکیان لە ئاوی بۆسفرسدا بوون، نورسی بە چاوەکانی لە ئەیاسۆفیای دەڕوانی. کە لێی دەپرسن هۆکاری ئەو نیگایەی چیە، دەڵێ ڕۆژێ دێ ئەیاسۆفیا دەکرێتەوە و سەردەمێکی تازە بۆ موسوڵمانان دەست پێدەکات

Contact Us


Dana Nawzar Jaf @DanaNawzar · 5/4/21
Erdogan is once in a century kind of leader. He doesn't have an alternative inside his party or country. I don't think man's character and legacy has been studied well enough. But there is no need to worry. The ummah which gave birth to Erdogan will give birth to more.
15 19 119


Dana Nawzar Jaf @DanaNawzar · 5/4/21
Recep Tayyip Erdogan is the most hated Muslim leader in the non-Muslim world because he's the most confident Muslim man on the planet. They are used to dealing with puppets and low self esteem petrosheikhs. Erdogan is a different type. The type which makes them nervous.
19 50 283




Dr. Ali Al Qaradaghi (د. علي القره داغي) added 4 new photos.
Sep 4 at 1:25pm •

وما زال البحر يلفظ جثثاً لأطفالٍ أبرياء هربوا من براميل بشار
على أمل حياةٍ أفضل لكنهم ماتوا على شواطئ الخذلان العربي!


د. علي القره داغي
@aliqaradaghi
التدخل التركي في شمال سوريا يستهدف إقامة منطقة عازلة وآمنة لمنع دخول الإرهابيين إلى داخل تركيا ولتأمين دخول اللاجئين خطوة بالاتجاه الصحيح
Translate from Arabic


Dr. Ali Al Qaradaghi (...د. عل
Home
About
Photos
Videos
Posts
Grou
أ.د.علي محي الدين القره داغي
الأمين العام للاتحاد العالمي لعلماء المسلمين.
Joe Biden
1
Dr Ali Al Qaradaghi
فخامة الرئيس جو بايدن رئيس الولايات المتحدة الأمريكية المحترم، تحية طيبة وبعد..
فيسعدني أن أهنئكم على نيل ثقة الشعب الأمريكي، وعلى خطابكم الذي تضمن مجموعة من المبادئ المهمة، مثل نبذ العنصرية والتمييز العرقي، متمنياً لكم النجاح في إعادة القيم الأخلاقية والإنسانية إلى العلاقات بين الدول والشعوب.
فخامة الرئيس:أعتقد أن من واجبي – كعالم من علماء المسلمين- أن أذكر فخامتكم بالحديث النبوي في تغيير المنكر الذي استشهدتم به في حملتكم الانتخابية.
2
3
4


Dr. Ali Al Qaradaghi (د. علي القره داغي)
Yesterday at 5:35 pm

لا يمكن للعالم الرباني القبول بالظلم من أي طرف، فالظلم ظلمات، ومهلكة، ومحرقة، وقد حصر الله تعالى هلاك الأمم في الظلم والطغيان، فقال تعالى:{هَلْ يُهْلَكُ إِلَّا الْقَوْمُ الظَّالِمُونَ}، وقال صلى الله عليه وسلم:" اتَّقُوا دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ وَإِنْ كَانَ كَافِرًا فَإِنَّهُ لَيْسَ دُونَهَا حِجَابٌ"، وفي رواية بلفظ:" وَإِنْ كَانَ فَاجِرًا فَفُجُورُهُ عَلَى نَفْسِهِ ".

See translation

182 · 15 comments • 18 shares

Like Comment Share

Dr. Ali Al Qaradaghi (د. علي القره داغي)

Send Message


Dr. Ali Al Qaradaghi (د. علي القره داغي)
20 h

حقيقة تاريخية
اشترى السلطان محمد الفاتح جامع #آيا_صوفيا بماله الخاص من البطاركة ثم أوقفه
فتحويله لجامع هو عودة لأصله الذي أوقِف من أجله

4.7K · 280 comments • 887 shares

Like Comment Share


89% 10:27 am

AA

# القره داغي: نؤيد حق تركيا في الدفاع عن حدودها بكل الوسائل المشروعة

الأمين العام للاتحاد العالمي لعلماء المسلمين، شدد على وقوفه ضد الأفكار "الإلحادية والإرهابية".

25.01.2018

Istanbul


92% 11:44 am

وتەبێژی یەکگرتو: لێدوانەکەی ئەبوبەکر هەڵەدنی ڕا...
awene.com

وتەبێژی یەکگرتو: لێدوانەکەی ئەبوبەکر هەڵەدنی ڕای کەسیی خۆیەتیو گوزارشت نیە لەڕای یەکگرتوی ئیسلامی

2 566 2021-03-12



وتەبێژی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان ڕایگەیاند، لێدوانەکەی چەند ڕۆژی ڕابردوی ئەبوبەکر هەڵەدنی ڕای کەسیی خۆیەتیو گوزارشت نیە لەڕای یەکگرتوی ئیسلامی کوردستانو فراکسیۆنەکەی.

ئاوێنە: سەبارەت بەلێدوانی پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتو ئەبوبەکر هەڵەدنی، وتەبێژی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان ڕونکردنەوەیەکی بڵاوکردۆتەوەو ڕایگەیاندووە "لێدوانەکانی


هەواڵی کوردستان

ئەمینداری یەکگرتوو بۆ ئەردۆغان: هیوای تەوفیق و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین لە سەرکردایەتیکردنی کاروانی هەستانەوەی ئوممەتەکەمان

1 ڕۆژ پێش ئێستا

میللەت

**Abubakr Haladny**
26 Jul 2020 ·

بەڵێ بۆ ئیسلامێکی کوردیانە !؟

نەخێر بۆ برا بچوکی وخۆبەکەم زانین وخزمەتکردنی بێ بەرامبەرا!؟

عەرەب وتورک و فارس و مالیزی وئەندۆنیزی لەپاڵ ئیسلامەوە خۆیان گەورە کرد و قەوارە و دەوڵەتیان بۆ خۆیان بنیات نا.
کاتی ئەوەیە موسوڵمانی کورد زوبانیش لەپەنای ئیسلامەوە خەمێکی خۆی بخوات،ئەوە ئەرکی لەپێشینەی زانایان وبیرمەندانی ئیسلامە.
کورد بێبەرامبەر خزمەتی ئیسلامی کردوە وگیانفیدایی نواندووە بەشداری شارستانیەتی وزانست وژیارەکەی ئیسلامی کردوە.
هەر کات ڕێبەرانی کورد هەوڵی بەدیهێنانی خواستەکانی گەلی کوردیان دابێت ،سێ نەتەوە سەردەستەکەی کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە،ئێمەیان بەشۆڤێنی ونەتەوە پەرستی ودژایەتی برایەتی ئیسلامی لەقەڵەم داوە.

Send Message ···

**Abubakr Haladny**
1 h ·

ئەمڕۆ پۆلێک پێشمەرگەی پاسەوانی سنوور شەهید وبریندار بوون،،ئەوەی داگیرکەرانی کوردستان کۆکن لەسەری قەڵاچۆ وکوشتنی کوردە.
فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بەووردی ئامانجی خۆی دەپێکێت وهەڵە قەبوڵ ناکات،گرنگ ئەوەیە ژمارەی کوردە مردووەکان زیاد بکرێت وەک خۆیان دەڵێن.

ڕوحی شەهیدەکان شاد بێت وهیوای چاک بوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین،ئەو وانەش کە دەبێت وەری بگرین لەم کۆستەدا ئەوەیە تەواوی ووزەو تواناکانمان ولولەی چەکەکانمان تەنها دەبێت ڕووی لەداگیرکەرانی کوردستان بێت.



Replies to Fahmi's comment on **Abubakr Haladny**'s **post**

**Fahmi Nakhshin**
مامۆستا هیچ هیچ گومانم لە دڵسۆزی و پاکی و ڕاستگۆیی جانابت نیە،بەڵام ئەوەی بۆمن جێگای سەرنجە ئەو شەپۆلە هاوسۆزیەی ئەندامانی یەکگرتو بۆ دەسەڵاتی ئەردۆگان تەنها لەبەر ئەوەی لەسەر ڕێچکەی ئیخوانە،خۆزی وەک کەسێکی سەربەخۆ دەمانبینی نەک لەنێو حزبێکی هاوسۆزی دەسەڵاتی تورکیا.
1 h Love Reply 1

**Mohammed Hariri**
**Fahmi Nakhshin** ئەوە ڕای منیشە، ناکرێ لە ئاوازێک بخوێنیت، حزبەکەشت لە ئاوازێکی پێچەوانە، قیاداتی یەکگرتوو هەڵوێستی وا خراپیان نیشان داوە بەشی دە ئیستیقالەدان دەکات
3 m Like Reply 1

**Abubakr Haladny**

Replies

ئیخوانە،خۆزی وەک کەسێکی سەربەخۆ دەمانبینی نەک لەنێو حزبێکی هاوسۆزی دەسەڵاتی تورکیا.
1 h Love Reply 1

**Mohammed Hariri**
**Fahmi Nakhshin** ئەوە ڕای منیشە، ناکرێ لە ئاوازێک بخوێنیت، حزبەکەشت لە ئاوازێکی پێچەوانە، قیاداتی یەکگرتوو هەڵوێستی وا خراپیان نیشان داوە بەشی دە ئیستیقالەدان دەکات
3 m Like Reply 1

**Abubakr Haladny**
بەڕێزان کاک فەهمی
کاک موحەممەد هەریری
لەنێوان ئەوەی مرۆڤ لەناو حزب دا لەنێوان ڕۆبۆت بوون وسەربەخۆ بوون،پانتاییەک لەئازادی هەیە،،والەحزبایەتی گەیشتووم کەلە سیانزە ساڵیەوە ممارسەی دەکەم
2 m Like Reply

Write a reply...



Barzan Ayub Namiq
Yesterday at 2:25 pm ·

عەلی قەراخی لەنێو بەرداشی یارو نەیارەکانیا ...
حەوت قریشکەو یەک فرمێسک .

قریشکەی یەکەم .
لەگەرمەی شەڕی ناوخۆی پارتی و یەکێتیا عەلی قەراخی
لەیەکێک لەو... See more

1.2K 759 comments · 57 shares



Replies to Fahmi's comment on Abubakr Haladny's post

**Fahmi Nakhshin**
مامۆستا هیچ هیچ گومانم لە دڵسۆزی و پاکی و
راستگۆیی جانابت نیە،بەڵام ئەوەی بۆمن
جێگای سەرنجە ئەو شەپۆڵە هاوسۆزیەی
ئەندامانی یەکگرتوە بۆ دەسەڵاتی ئەردۆگان
تەنها لەبەر ئەوەی لەسەر رێچکەی
ئیخوانە،خۆزی وەک کەسێکی سەربەخۆ
دەمانبینی نەک لەنێو حزبێکی هاوسۆزی
دەسەڵاتی تورکیا.

1 h Love Reply 1

**Mohammed Hariri**
**Fahmi Nakhshin** ئەوە ڕای منیشە،
ناکرێ لە ئاوازێک بخوێنیت،
حزبەکەشت لە ئاوازێکی پێچەوانە،
قیاداتی یەکگرتوو هەڵوێستی وا
خراپیان نیشان داوە بەشی دە
ئیستیقالەدان دەکات

3 m Like Reply 1

**Abubakr Haladny**




**Othman Ali**
18 Sep at 11:33 am ·

https://thenewturkey.org/give-me-my-son-or-i-will-burn-this-place-down-a-kurdish-mothers-fight-against-the-pkk

THENEWTURKEY.ORG
**'Give me my son or I will burn this place down!': A Kurdish Mother's Fight against the ...**


58% 9:06 am
سەدامیش هێندە کاسەلێسەی عەرەب نەبوون. هێندە ناخیان تەعریب نەکرابوو، هێندە خەمی عەرەبیان نەبوو.
پیاو چاکترە نانی گەوادی بخوات لەوەی نانی دینفرۆشی.
محەمەد هەریری
د. علي القره داغي
@aliqaradaghi
ويستمر مسلسل تهجير أهل السُنة وتدمير مدنهم بذريعة داعش وبيد الحشد الشعبي الطائفي ! الموصل على وشك أن تتحول لفلوجة وحلب جديدة ! فهل سنتعظ ؟!
Translate from Arabic
16/10/2016, 20:31
Like
Comment
Share
Shexa Cardiff and 1 other
Write a comment...


Othman Ali
7 Oct at 9:57 am
https://www.aljazeera.net/news/politics/2019/10/7/%D8%A3%D9%85%D9%8A%D8%B1%D9%83%D8%A7-%D8%AA%D8%B1%D9%83%D9%8A%D8%A7-%D8%A3%D9%86%D9%82%D8%B1%D8%A9-%D8%B4%D9%85%D8%A7%D9%84-%D8%B3%D9%88%D8%B1%D9%8A%D8%A7-%D9%85%D9%86%D8%B7%D9%82%D8%A9-%D8%A2%D9%85%D9%86%D8%A9-%D8%A5%D8%B1%D9%87%D8%A7%D8%A8
AL JAZEERA CHANNEL - قناة الجزيرة
عقب ضوء أخضر أميركي.. أنقرة: المنطقة الآمنة لمحاربة الإرهاب وعودة اللاجئين

لماذا هذه الحملة العالمية ع...
www.turkpress.co

ترك برس عين على تركيا

## لماذا هذه الحملة العالمية على تركيا اليوم؟

2015-05-14 | علي محيي الدين القره داغي | مقالات

علي محيي الدين القره داغي - الشرق

أثيرت منذ السنوات الأخيرة حملة تحت عنوان (إبادة الأرمن) تكاد تكون عالمية ضد تركيا اليوم التي تتقدم يوماً بعد يوم بقيادة حزب العدالة والتنمية ورئيسه الأستاذ رجب طيب أردوغان، ورفاقه الأستاذ عبدالله كل، والأستاذ أحمد داود أوغلو وغيرهما، فقد تحقق للشعب التركي خلال السنوات (12) السابقة ما يأتي - بإيجاز شديد :-

- العناية بالتعليم، وبخاصة التعليم الجامعي، حيث جعلت الدراسة في جميع الجامعات

ترك برس عين على تركيا

Türk Telekom
Meet Turk Telekom's advantageous chanes.
Discover now




## تعرف على أخ صالح مسلم.. الأكاديمي السوري الذي حاربه النظام و"ب ي د"

2018-03-06 | منوعات

ترك برس

هو الدكتور مصطفى مسلم،حصل على بكالوريوس الشريعة الإسلامية من جامعة دمشق عام 1965، وعلى الماجستير والدكتوراة في التفسير وعلوم القرآن من جامعة الأزهر في الفترة ما بين 1969 و 1974.

**Yahya Nawzar Ali**
٢٤ يونيو، الساعة ١:١٤م •

شەڕی ئەمرۆی تورکیا شەڕی نێوان ئەتاتورک و ئەردۆگانە حیسابات و تەحلیلاتە بچوکەکانی دیکە کە لە هەناوی مرۆڤی بچوکی کوردستانی عێراقەوە هەڵقوڵی وازلێبهێنن، ئەوانەی بە بچوکی لەدایک بون و حاکمی بچوکیان دیوە و تا ئەو رۆژەیشی ئەمرن لەناو خەون و دونیای شتە بچوکەکاندا ئەژین



هاوڵاتی

حاجی کاروان سەبارەت بە هێرشەکانی تورکیا: من قسە لەسەر سیاسەت ناکەم

13:20:28 2019-10-21



Dana Nawzar Ali

1 hr •

گەورەترین بێ ئەخلاقی ئەوەیە کە ئێستا هەدەپە لە تورکیا دەیکات. نوێنەری ئەو حیزبەی خاوەنی لەناوبردنی نزیکەی ٢٠٠ هەزار کورد و قەتڵ و عامی دەرسیم و ئەسیمیلاسیۆن و بەتورککردنی کورد و ئیعدامی شێخی پیران و دژایەتی ٩٠ساڵەی سیستماتیکی کوردە وەک فریشتە پیشانی خەڵک دەدات. من خۆم وەک ئەوان سووک و نەوی ناکەم کە موقارەنەی کوردکوژ و دوژمنی کورد بە یەکتر بکەم، بەڵام هەر ئەم بێ شەرەفانە و هاوکارەکانیان بوون کە ئەو کاتەی ئەمانوت کاکە ئەردۆگان هەرچی بێ دەرفەتێکە بۆ کوردی تورکیا بیقۆزنەوە ئەیانوت نا ئەردۆگان ئەو رۆژە ٤٠ کوردی کوشتوە ئێمە چۆن لەگەڵ قاتڵی کورد دائەنەیشین! بەڵام ئەمرۆ بە شانازیەوە دەست لە دەستی قەتڵ و عامچی کورد ئەکەن کە ١٠٠ هەزار ساڵی تریش ئەردۆگان لە تاوان و جەریمەدا ناگاتەوە پێیان. رووتان رەش بێ و کوردایەتی درۆینەتان هێندەی تر مەکشوف و بێ دەرپێ بێ.



Dana Nawzar Jaf

@DanaNawzar

A triumph for the non-binaries in Turkey lol

T24 @t24comtr · 2d

Erdoğan'dan art arda gaflar: "Bay Meral, Bayan Kemal"

youtube.com/watch?v=4ko5zy...

t24.com.tr/video/erdogan-...

0:08

12:43 pm · 26 May 21 · Twitter Web App


9:31 95%
Dana Nawzar Jaf
6,811 Tweets
Tweets
Tweets & replies
Media
Likes
Taksim'e AVM yapacaklar.
1 4 51
Dana Nawzar Jaf @DanaNawzar · 22h
This man can proudly sing Sinatra's 'My way' to its last syllable. He did everything his way. In this video from 1994, he is pointing with his fingers to a spot in Taksim at the heart of Istanbul, promises to build a mosque there. Today, he fulfilled the promise.
ENSONHABER @ensonhaber · 23h
#TaksimCamii'nde açılış günü: Cumhurbaşkanı Erdoğan'ın 27 yıl önce işaret ettiği noktada temeli 2017 yılında atılan Taksim Camii; ibatede açılıyor ensonhaber.com/gundem/taksim-...
Arşiv
Yalçın Özer
19 1 94
7 11 85
Dana Nawzar Jaf @DanaNawzar · 22h
Middle East secularism are coup plot
when not in power. Killing dissidents
power. Fighting family structure when have


9:21 95%
Dana Nawzar Jaf
6,811 Tweets
Tweets
Tweets & replies
Media
Likes
کاتێ لە ژن دوورەکەوێتەوە کەژێر سایەی پیاوێکی م...
9 76
Dana Nawzar Jaf @DanaNawzar · 15h
The beauty of a pious Muslim president of a powerful Muslim country not ashamed of his religiosity.
May the Almighty grant every nation a Tayyip man.
Diyanet TV @DiyanetTV · 18h
Cumhurbaşkanı Recep Tayyip Erdoğan, Hafızlık İcazet Merasiminde Kuran'ı Kerim Okudu
ÖZEL YAYIN
CUMHURBAŞKANI RECEP TAYYİP ERDOĞAN HAFIZLIK İCAZET MERASİMİNDE KUR'AN TİLAVETİ GERÇEKLEŞTİRİYOR
46 50 119
Dana Nawzar Jaf @DanaNawzar · 15h
There are two kinds of people. Those who see the photo and have a smile. Those who see the photo and get heart ache.
atlas de rêve @ruyaatlasi · 15h

# پێڕستی بابەتەکان

## بەشی یەکەم


| | |
|---|---|
| ئەردۆگانی ئیسلامی عەلمانی ئەتاتۆرکی، دۆستی جوو وئیسرائیل! | ٧ |
| ئێمە ڕۆڵەی ئەتاتۆرکین | ٨ |
| هیتلەر: ئەتاتۆرک مامۆستای من و مۆسۆلینی بوو! مامۆستای ئەردۆگانیشە! | ١٢ |
| تورکیا وئیسرائیل دوو نەتەوەی چۆن یەک! | ١٤ |
| من دڵنیام یاریەک دەگوزەرێ لە نێوان ئەردۆگان و ئیسرائیل! | ١٧ |
| ئەردۆگان وغەزەلی سەریح لەگەڵ ئیسرائیل! | ١٩ |
| ئێوەش وەستان لە کوشتندا جەنابی ئەردۆگان! | ٢٢ |
| دەبێ ئسسرائیل گەورەترین پەیکەر بۆ ئەردۆگان بکات! | ٢٦ |
| ئەردۆگان و ئازەربایجانی ئیسرائیلی! | ٢٨ |


## بەشی دووەم


| | |
|---|---|
| ئەردۆگان و ئەوانەی دەیناسن! | ٣٠ |
| ئەو پیاوە زۆر زوو پێشبینی دیکتاتۆریەتی ئەردۆگانی کرد ! | ٣١ |
| گوڵەنیش جاروبار ڕاست دەکات! | ٣٣ |
| محەمەد عەلی کلایی بە مردوویش زەربە قازی خۆی لە ئەردۆگان دا! | ٣٥ |
| ترامپ بۆ ئەردۆگان: پیاوێکی کەللەڕەق و دەبەنگ مەبە! | ٣٦ |
| زۆرانبازێی ماکرۆن و ئەردۆگان جیۆسیاسیە نەک دینی! | ٣٨ |
| عەبدوڵلا گول هەڵوێستی ئازاد و هەڵوێستی کۆیلە | ٤٠ |

## بەشی سێیەم

ئەردۆگان دیموکراتێکی دوو ڕووی چەواشەکار ٤١
ئەردۆگان و حزبی دادو گەشەپێدان لە سێکیولاریزمی بۆ ئیسلامیزم! ٤٢
ئێرە سەڵتەنەتی ئەردۆگانە دەوڵەتی داعش نییە! ٥٣
کێ یەکەم کەس بوو هەوڵی چارەسەری دیموکراتیانەی کێشەی کوردی دا لە تورکیا؟! ٥٥
ئەردۆگان یەکەمی سەرەتایی لە دیموکراسیدا! ٥٧
ئەردوگان و کەوتن لە دەرسی کوردی ٥٩
هاوڕەگەزبازەکانی سەڵتەنەتی ئەردۆگان! ٦٢
مافی سۆزانی کرداری ئەردۆگان و مافی گەی تیۆری دەمیرتاش! ٦٥
پەتی کورتی درۆی ئەردۆگان! ٦٧
بەراوردێکی پێشێلیەکانی سێکیولارە کەمالیستەکان و ئیسلامییە ئەردۆگانیەکان لە تورکیا! ٦٩
ئەردۆگان و هیستریای حیجاب لە نێوان سیاسی وئاینیدا ٧٥
لە قەدەغەی حیجابەوە بۆ بەرتەسککردنی جلی سفور! ٧٩
ئەردۆگان تورکیای کردۆتە زیندانێکی کراوە! ٨١
ئەردۆگانی بەڵتەچی خەڵک دەڕفێنێت و لە ڕێگای سیاسەتەکانی لە دەرەوە! ٨٤
وەستای گەورە ئەردۆگان سەلاحیەتی کۆتاییهاتووە ٨٨
ئەردۆگان و شانۆگەری کودەتا و کورد ٩٠
لە ساڵوەگەڕی کودەتا شانۆگەریەکەی سەر ئەردۆگان! ٩٩

## بەشی چوارەم

کەسایەتی تورك و کورد لە نێوان گرێی ڕق و بێ ئاگاییدا! ١٠٣
ڕقی نەخۆشانەی تورك لە کورد ١٠٤
پێغەمبەریش کورد با تورك باوەڕی پێ نەدەهێنا! ١٠٧
تورکمان لە نێوان ستەمی زۆربە، وخۆ بەشێر کردنی کەمایەتی ١١٣
کورد وەک میللەتێکی دوژمن دۆست! ١١٦
پارتی بۆ دوژمن و براکانی! ١٢٠
پارتی و گێلفرۆشی کورد و کوردستان ١٢٢
تورک وچینی و کورد! ١٢٣
مرۆڤ پەروەری گێلانەی کوردانە! ١٢٥
بۆ دەبێت مافیای تورکی سیاسیتر و نیشتیمان پەروەرتر بێت لە سیاسییە مافیاکانی کورد؟! ١٢٧
جەنابی ئەردۆگان ڕاست دەکات کەرکوک شارێکی کوردی نییە! ١٣٠
کێشەی تورک تەنها کوردە نەک پەکەکە! ١٣١
سوڵتانی سێبەر هاکان فیدان ئیبداع لە خۆفرۆشی و زەبوونی ماڵەخۆ! ١٣٣
بەس ئیسلامی بە هەرچی دەبی ببە! ١٣٦
پەروەردەی یەکگرتوو لەوانیتر ترسناکترە! ١٣٨
نەزانی و خۆفرۆشیش تا ئەو ڕادەیە ئیخوانچیەکان؟! ١٣٩
قریشکە یان نزا و کڕوزانەوەی پیرێژنانە بۆ بەرگری لە عەلی قەرەدەغی؟! ١٤١
دەی ئیسلامییەکان خۆ ئەردۆگانەکەی تۆ لە پێغەمبەر بە هەیبەت تر نییە؟! ١٤٦
ترسم لە تلیاکی دواوەی عەقڵیەتی بایکۆتە! ١٤٩
کێ زیاتر شایانی داوای لێبوردنە ئەمریکاییەکان یان تورکەکان؟! ١٥١

## بەشی پێنجەم

ئەردۆگانچیەتی ئیسلامییەکان ١٥٤
یەکێتی زانایانی قەرزاوی ـ قەرەداغی یان بوکەڵەی قەتەر و ئەردۆگان؟! ١٥٥
لە ٢٠٠٤ وە قەرەزاوی فەتوای تیرۆر و خۆتەقاندنەوە دەدات! ١٥٨
ئیسلامیەکان شێخە سەلەفیەکانیش درۆ بۆ ئەردۆگان دەکەن!!! ١٦١
قەرەزاوی لە وەسیەتیشدا هەر نەیتوانی دوو قسە بۆ خوا بکات نەك ئەردۆگان! ١٦٢
یوسف ئیسلام خۆزگە هەر گۆرانیبێژەکەی پێشوو بایت نەک ڤایرۆسی دینی سیاسی لێتبدات! ١٦٥
نەفرەت لە دۆز و حەماس و قودسیشت! ١٦٧

## بەشی شەشەم

ئەردۆگان و ئیسلامییە کەواسوورەکانی کورد ١٦٨
کورد جوجکە ڕەشەکەی ئیسلام! ١٦٩
سوارەکانی حەمیدیە زۆر شەرافەتمەندتر بوون لە ئەردۆگانیەکان! ١٧٢
قەرەداغی: سەرکەوتنی تورکیا سەرکەوتنە بۆ ئومەتەکەمان! ١٧٤
چەواشەکاری عەلی قەرەدەغی لە نێوان عەرەبی وتورکی و کوردی فەقیردا! ١٧٩
خۆفرۆشەکەش بە دەنگ هات ١٨١
قامچی زمانت ئاڕاستەی ئەردۆگان بکە لە جیاتی بایدن شێخی مەهزەلە! ١٨٣
شورەییە بەرگریکردن لە عەلە قەتەری و سەید ئەحمەد! ١٨٦
دەی تۆش قسەیەک لەسەر پولەکە بۆ خوا بکە خوانەناس! ١٨٧
مەوعیزەکەی قەرەداغی بە ڕەسمی بەیانامە! ١٨٩
ئەردۆگان و قەرەداغی کەرەنایەکەشی دەڵێن ئەیاسۆفیا کراوە! ١٩٢
قەرەداغی پیاوی ئیخوانی جیهانی داوای سەربڕینی مەزنی جووەکان دەکات! ١٩٦

دووانەی خیانەت قەرەداغی و گەرمیانی! ۱۹۷
ئەو ئەردۆگانیە بناسن، عەلی قەرەداغی لە چاو ئەودا شێخ سەعیدی پیرانە! ۲۰۳
نووسین بە ڕوحیەتی ئیسلامی تورکی! ۲۰۵
ئەگەر بەڵگە لەسەر خیانەتی مەلای خەتێش نەبێ خۆ ئێستا دەیان مەلای خەتێ هەن! ۲۱۳
ئەردۆگانیەکان وەك ئەردۆگان قەڵسن بە نەورۆز! ۲۲۵
وەڵامێك بۆ وڕێنە تورکیەکانی پیاوێکی میتی ئەردۆگان ۲۳۱
خۆفرۆشی لە چڵەپۆپە دا! ۲٤۱
قەرەداغی وسەید ئەحمەد لێدوانی بێویژدانانە! ۲٤۳
بەرگری لە ئەردۆگان فیتی جاشزادەیە! ۲٤٥
مەلا مەزهەری جاشی ئەردۆگانی دەیسەلمێنێ هەموو ئیسلامێک سیاسییە! ۲٤۷
بۆمبا دەنگییەکانی ئەبوبەکر هەڵدەنی! ۲٤۹
ئەبوبەکرێکی تریش دیاردەیەکی دەنگەوەر! ۲٥۲
ئەو شینە بۆ ئەردۆگانە نەک کورد! ۲٥۲
ئیسلامی و مەترسی سەر ناسنامەی کوردی! ۲٥٤
مستەفا موسلم و ساڵح موسلم! ۲٥٤
بازیانی: ئەردۆگانەکەی کورد لە نوسخە سەلەفیەکەیدا ۲٥۷
چیرۆکی ئەو پەنجا لاپەڕەی ئەحمەد داود ئۆغڵو ۲٦۰
لە ماستەرنامەکەی بازیانی وەریگرتبوو؟ ۲٦۰
وێنە و دۆکیومێنتەکان ۲٦٤

**ئەو بەرهەمانەی نووسەر بڵاوکراوەتەوە:**

- داعش کێیە و مەشروعیەتی لە کام سەرچاوە وەردەگرێت.
- نەورۆز و توندڕەوی سەلەفیەت
- ئەدیب و گزیری پۆلیس کێشەی ئەدەب وسیاسەت لە وڵاتە سۆشیالیستەکان .. وەرگێران.
- خوێندنەوەیەک: لە کتێبی ئەو (حەسەن البنا)یەی کە کەس نایناسێت
- ئافرەت لە نێوان سەرەڕۆیی فێمینیزم و توندڕەوی ئاینیدا.
- ئافرەتی کورد لەژێر هەژموونی گوتاری فیمینیزمی دا
- ئیسلامی سیاسی و فیگەرەکانی لە کوردستان و ئیسلامستان
- کوردستان لە پەنجەرەی غوربەتەوە
- دواهەمین داوای شەیتان...کۆمەڵە چیرۆک
- باوکانی سەلەفیەت دەروازەیەك بۆ سەلەفیناسی
- پەیوەندی شیعە و کورد لە ڕۆشنایی عروبەت و میللەتگەرایی
- مۆتەکەی تورکی لە ئەتاتۆرکەوە تا ئەردۆگان
- چەند باسێکی ئیسلامی سیاسی و کلتوری لە چەند دیمانەیەکدا
- میحنەتی خەلقی بوهتان سکانداڵەکەی عەبدوللەتیف سەلەفی
- گەندەڵستان؛ چیرۆکی ئەزمونێکی تێکشکاو لە باشووری کوردستان
- ڕابوونی مەرگ
- کوشتنی فەرەج فۆدە هەڵوەشانەوەی ئەفسانەی میانڕەوی ئیسلامی
- نەوەیەکی زێڕینی شۆڕش

## هەموو کتێبەکان دەتوانیت لە سایتی کوردپیدیا دابەزێنیت لەو لینکە:

http://kurdipedia.org/default.aspx?lng=٨&main=٢٠١٥٠٦٣٠٢٢٥٢٠٣١٢٤٦٥٩&qr=true&report=relateditems

## بەرهەمەکانی تری نووسەر:

تا ئێستا ئەو ژمارانە دەرچوون لە زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان:

### ژمارەی دۆسێکان:

ئەندەلوس لە نێوان داگیرکردن و لێبوردەییدا ( ١ )
ئەزموونی سێکیولاریزم لە ئیسلامدا! جەلالەدینی ئەکبەر دامەزرێنەری یەکەم حوکمی سێکیولاری لە ئیسلامدا! ( ٢ )
ئەفسانەی مەسیحی دەجال و مەهدی ( ٣ )
پزیشکی پێغەمبەرایەتی و مەلا عەلی کەڵەك ( ٤ )
ئیبن تەیمیە سەلەفیەت و تەعریب ( ٥ )
ئیمام نەجمەدین تۆفی، هەوڵێکی تری سێکیولاری لە ئیسلامدا ( ٦ )
فەرهاد پیرباڵ: بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی! ( ٧ )
کورد لە نێوان دۆزی فەڵەستین و ئیسرائیل دا! ( ٨ )
خەلافەتی عوسمانی لە شەریعەتەوە بۆ عەلمانیەت (٩)
عەبدلواحید خولانەوە لە بازنەی چەمکە سواوەکانی ڕابوونی سەلەفی ( ١٠ )
عەبدولڕەحمان سدیق ڕیفۆرم یان یاریکردن بە وشە؟! (١١)

## دەتوانی هەموویان لە پێگەی کوردپیدیا دابەزێنیت لەگەڵ هەموو کتێبەکانی نووسەر لەو لینکەی خوارەوە:

https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=٢٠١٥٠٦٣٠٢٢٥٢٠٣١٢٤٦٥٩&lng=١



## محەمەد هەریری

لە ساڵی ١٩٦٦ لە هەولێر لە دایکبووە. لە بواری نوسیندا بە "محەمەد هەریری" ناودێر کراوە. کۆلیژی ئادابی بەشی ئینگلیزی لەزانکوی سەلاحەدین تەواو کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٦ لە وڵاتی بەریتانیا ماستەری لە لە وەرگێڕانی زمانی ئینگلیزی بەدەست هێناوە.

★ لە کۆتایی هەشتاکانەوە دەنوسێت لەسەر بابەتی سیاسی و دینی و فیکری و کۆمەڵایەتی.

★ لەساڵی ١٩٩٥ کۆچی هەندەرانی کردووەو لە بەریتانیا نیشتەجێ بووە. سەرنوسەری رۆژنامەیەکی کوردی و گوڤارێکی عەرەبی بووە، بە کوردی و عەرەبی و جاروبار ئینگلیزیش دەنووسێت.

بە بەردەوامە لەنوسین لە رۆژنامەو ماڵپەرە کوردی و عەرەبیەکان، وەك نوسەرێکی کوردی سەربەخۆ خاوەن رای تایبەتی خۆیەتی لەسەر زۆربەی ئەو کێشانەی لە گۆڕەپانی کوردستان و جیهانی ئیسلامیدا روو دەدات.

★ سەرەکیترین بواری نووسینی دەربارەی تووندڕەوی دینییە لە کوردستان و جیهانی ئیسلامیدا بە گشتی، لەو بوارەدا سەدان وتاری بڵاوکراوەی هەیە. توندڕەوی دیینی بە

تایبەتی سەلەفیزم بە هەموو فۆرمەکانیەوە. بەڕای نووسەر خوێندنەوەیەك و فکرێکی نامۆیە بە سروشتی دینداری کوردی.

نووسەر گرنگیەکی تایبەت دەدات بە دۆزی ئافرەت لە ئیسلام و کۆمەڵگای کوردیدا، تا ئێستا سەدان وتار و چەند کتێبێکیشی تایبەت کردوە بە دۆزی ئافرەتی کورد، کە پێی وایە کەوتۆتە نێوان بەرداشی توندڕەوی دینی و توندڕەوی هەندێ لە فێمنستەکان.

★ هەروەها لە بواری ڕەخنەی سیاسیش دەنووسێت، بە تایبەتی لەسەر ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی. نوسەر خەبات لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان، و بەرقەرابوونی دیموکراتیەت، و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی گەورە بە گشتی، و کوردستانی باشوور بە تایبەتی دا دەکات.

# Erdogan & his Agents in Kurdistan & the World



ئەگەر بێ ترس وبێ موجامەلە بڕوانیتە بوونی ئیسلامییەکان و حزبە ئیسلامییەکان، لە هەر بوارێک لە بوارەکان، تەنها زەرەر و زیانەکانیان دەبینیت.

تۆ بڕوانە سەرەڕای ئەوەی دەزانن کە کورد چەندە ستەمی لێ دەکرێت بە دەستی دوژمنانی، بە تایبەتی ئەردۆگانی تورک، کە هەتا خەڵکی بێگانە ترامپ و زۆر لە سیاسەتمەدارانی جیهان، هەستیان پێکردووە وبە نوکتە باسی ڕقی ئەردۆگان لە کورد دەکەن، هەتا بەو دوایە دیتتان کوڕی نەتانیاهۆی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، بۆ وەڵامدانەوەی لێدوانە عەنتەریە بێ کردەوەکانی ئەردۆگان، تەنها ئاڵایەکی کوردی لە ئەکاونتەکەی بڵاوکردبوەوە، و ئەردۆگانیشی تاگ کردبوو! کەچی هێشتا ئیسلامییەکان بەوپەڕی بێ شعورییەوە پشتگیری ئەردۆگان و سیاسەتە دوژمنکارەکانی دەکەن، تەنها لەبەرئەوەی ئیسلامییەکان ختوکە دەدات بە قسە و هەندێ کردەوەی دۆنکیشۆتی بێ ناوەرۆک.

سەدان وتار بە هەموو زمانەکانی دنیا و هەزارەها بەڵگە هەیە لەسەر پەیوەندی پتەوی ئەردۆگان و ئیسرائیل وزایۆنیزم، کە بەشێکی لەو کتێبەش باسکراوە، کەچی هیچ کار لە وەلائی ئیسلامییەکان ناکات بۆ ئەردۆگان!

وڵاتەکەی لە بازرگانی لەشفرۆشی پێش هەموو ئەوروپاش کەوتۆتەوە، کەچی مێشێک مێوانی ئیسلامییەکان نییە!

بە ئاشکرا هاوپەیمانی لەگەڵ حزبێکی گڵاوی فاشیستی وەک حزبەکەی باخچەلی دەکات، کەچی موێک لە سمێڵی ئیسلامی سیاسی ناجوڵێنێ!

دڵسۆزانی نیشتیمان وگەل پێکەوە، توانیمان تا ڕادەیەکی باش ئارەقەی شەرمەزاری بە خۆفرۆشە زلەکانیان بکەین، بڕوبیانوو بهێننەوە بۆ خۆسوک کردنیان و خۆفرۆشیان، کەچی ئێستاش بەردەوامن لەسەر بەرهەمهێنانی ڤێرژنی نوێ لەو خۆفرۆشانەی بە تایبەتی ناو ئیخوانیە کوردییەکان، تازە بەو درەنگانە ڕۆژانە بە شان و باڵی ئەردۆگان هەڵدەدەن!

ئەوە چ نەگبەتیەکە بۆ کورد، کە هەتا مافیا و پیاوکوژ وموجریمەکانی تورک نیشتیمان وگەل پەروەرتر بن، لە کوردە ئیسلامییەکان!

ئەو کتێبە زۆربەی ئەو بابەتانە بەخۆ دەگرێت، کە لە دژی ئەو خۆکردنە بە کەوا سووری بەر لەشکری ئەردۆگان نووسراوە. ئەوانە هێشتا نمونەن، دەنا ئەگەر لەسەر هەموو خۆفرۆشییەکانیان بوەستاباین، بە چەندین موجەلەد تەواو نەدەبوون.

Written by: Mohammed Hariri

First Electronic Edition: June 2021